# سێ وێستگەی ئەدەبی

نووسین و وەرگێڕان
ئـــاری عوسمان خەیــات

سلێمانی
٢٠١١

* ناوی کتێب: سێ وێستگەی ئەدەبی
*بابەت: نووسین و وەرگێڕان
* ئامادەکردنی: ئـاری عوسمان خەیـات
* تایپ و هەڵەبڕی: ئامادەکار
*نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم
* تیـراژ: ٥٠٠ دانە
* چاپ: چاپی یەکەم (٢٠١١)
*

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی پەرلەمانتاری کوردستان
(سالار مەحمود) چاپکراوە

**وەك هەمیشە پێشكەشە بە**
**یــاسەمیــن**

# پێڕست


**وێستگەی یەکەم/ وتار و لێکۆڵینەوە:**

١. ڕێبازەکانی خوێندنەوەی دەق

٢. ماهییەتی ڕەخنە و ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی

٣. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەبەردەم پرسیارێکی قورسدا

٤. شیعر، ئەو بوونەی لە هیچ بوونێکی تر ناچێ

٥. کرۆکی پێوەندی نێوان شیعر و مۆسیقا

٦. لە بارەی پێکەنین و شیعر و ترسەوە

٧. شیعر و تەسەوف

٨. ئەدەبی ژن و ژنانەنووسین

**وێستگەی دووەم/ خوێندنەوەو ڕەخنە:**

١. خەنجەرەکەی پێشینان لە حەمە ڕەشید ئاغاوە بۆ شێرزاد، تا سەر سنگی هەلالە

٢. ژیان بەبێ مۆسیقا بێکەڵکترین داهێنانەکانی خودا دەبوو (خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی)

٣. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان و چەند سەرنجێك

٤. جەمشید خانی مامی بەختیار عەلی یان گێلە پیاوی عەزیز نەسین

٥. مەملەکەتی گورگەکان دەقێکی هەمیشە کراوە، سەفەرێکی بەردەوام

٦. گەڕانەوەی یادەوەری لە شیعری (بۆ ئەبو سەباح)ی فەرهاد پیربالـدا

**وێستگەی سێیەم/ ژیان و ئەزموون:**

١. کافکا و ژن (هەموو شتێك سەخت و پڕوپووچە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە)

٢. شاعیر و ئەشکەنجە (یەکێك لە دوانامەکانی ڕامبۆی شاعیر)

٣. خۆرخێ لویس بۆرخێس (پیاوێك لە ئەزموون و گەڕان)

٤. ڕۆبرت گریفز.. (شەڕ ئاراستەی بیر و بۆچوونەکانمی سەبارەت بە ژیان گۆڕی)

٥. ئارسەر میلەر (ئێمە وڵاتێکی هەژارین لە ڕووی ڕۆشنبیری شانۆییەوە)

٦. یەلماز گۆنای (بەندیخانە ئەو نیشتمانەیە، کە بە خاڵی سەر سنوورەکان و دەریاکان تەوندراوە)

٧. نەجیب مەحفوز (دەردی ڕاستەقینە ترسە لە ژیان، نەك لە مردن)

# وێستگەی یەکەم:
# وتار و لێکۆڵینەوە

## ڕێبازەکانی خوێندنەوەی دەق

*** بەرایی:**

خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی،چەندین ڕێبازی جۆراوجۆری هەیە، ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەهەمبەرئەو ڕێبازانە، کە پرسێکی گرنگ لە دونیای داهێنان و نووسین پێکدەهێنن و پانتاییەکی فراوانیشیان بۆخۆیان داگیر کردووە، بەوپێیەی هەر لە بنەڕەتەوە هیچ دەقێك سەد دەر سەد، دروست و تەواو نییە، هەتا نەخوێندرێتەوەو نەخرێتە ژێر هاوێنەی ڕەخنەو شرۆڤەکارییەوە. بە واتای ئەوەی دەق بریتییە لەو پانتاییەی نێوان نووسەر (خاوەنی دەق)و خوێنەر (وەرگری دەق)، کە تێدا پێکدەگەن و لەوێوە پێوەندیی لەنێوانیاندا دەست پێدەکات. بۆیە لەوەها بارێکدا پرۆسەی خوێندنەوە دەبێتە ئەو ئامرازەی لە فەزا بەرهەمهێنراوەکەی دەقدا، ئەرکی تەواوکردنی ئەو پەیوەندییەی دەکەوێتە سەرو بەرەو وێستگەی چێژە ئیستاتیکییەکانی دەبات، بەڵام هەمیشە و لەهەر بارێکدا، پرسیارە





سەرەکییەکە خۆی لە وەڵامی ماهییەتی دەقدا دەبینێتەوە، بۆیە باشترە وەك دەسپێك شتێك لەو بارەیەوە مشتوماڵ بکەین، کەواتا دەپرسین: دەق چییە؟

*** ماهییەتی دەق:**

لە پێناسەکردنی دەقدا، بۆچوونگەلێکی زۆر و هەمەجۆر لەبەردەستدان، کە هەریەك لەو پێناسانەش لە ڕوانگەی تێگەیشتن و دنیابینی جۆراوجۆرو ئاستی مەعریفی و فیکری خاوەنەکانیانەوە، بارگاویین بە بیروبۆچوون و ڕای لەیەکدیجوایەز، کە لەکۆی گشتیدا، مەبەست و ئامانج لەو جیاوازییانەدا، ناساندنی دەق و چەمکی دەق و ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەکانی ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی دەقە. "دەق هیچ کات بۆچوون و پەیامی خۆی بە سانایی نادا بەدەستەوە، بەڵکو دەکرێت بەشێوازی جۆراوجۆر لە دەق تێبگەین، شێوەی تێگەیشتنی دەق دەبێتە چەشنی ڕوانگەو تێڕوانینی خوێنەر بۆ دەق. کاتێك لە تێگەیشتنی تایبەت بۆ دەق دێینە گۆ، لەڕاستیدا ڕوانگەی خوێنەرێکی تایبەت لەم داهاتەدا دێتە ئاراوە[١]".

یەکێك لە پێناسە گشتییەکانی دەق، ئەوەی (هیلمسلاف)ە، کە لەڕاستیدا تێگەیشتنێکی تایبەتییەو توانیویەتی تارادەیەکی باش سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەو پێیوایە: "دەق (گۆکراوێکە) ئیدی بەهەرچەشنێك بێت: زارەکی یان نووسینەکی، درێژ یان کورت، کۆن یان نوێ". بەوەشدا ئەکرێ بڵێین: "وشەی (ڕاوەستە)بۆخۆی بەتەنها دەقێکەو چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆمانێکدا نییە، چونکە لەڕوانگەی ناوبراوەوە، هەموو بەرهەمهێنراوێکی زمانی، بۆخۆی بریتییە لە دەقێکی تەواو، ئەمەش

---

[١] دوو شێوە بۆ شیتەڵکاری دەق لە گۆشەنیگای شلایر ماخێر، عەلی ڕەزا قایمی نیا، وەرگێڕانی: عادل محەمەد پور، چاپی یەکەم، ١٣٨٠ی هەتاویی، تاران، ل٢١

بەوپێیەی یەکێك لە خەسڵەتەکانی هەر دەقێك، توانایەتی لەسەر شیکارکردن و ڕاڤەکاری و لێکدانەوەو دابەشکردن، بۆ چەندین پارچەو بەشی بچوك بچوك، تا ڕادەی ئەوەی چیدی تواناکانی پارچەکردن و بەشکردن دەگاتە بنبەست[٢].

کەواتا دەق یەکەیەکی گشتی گەورەیەو لە چەندین گشتی بچوك پێکهاتووە، کە دواجار هەر گشتێك لەوانە توانای دابەشبوون و پارچەبوونیان هەیە، بەسەر چەندنی گشتی لە خۆیان گچکەتر.ئەم تایبەتمەندییەش وائەکات، کە دەقە ڕاستەقینەکان دەرنگتر لەناوبچن و وێڕای تێپەڕبوونی کاتیش گەرموگوڕی خۆیان لەدەست نەدەن.کەواتا لەمەوە ئەگەینە ئەو باوەڕەی بڵێین: بەش و پارچە بچوکەکانی دەق، میکانیزمی کارکردنی ئەلەکترۆن و نیۆترۆمی نێو ئەتۆمەکانمان بیر ئەخەنەوە، کە تا بەسەر یەکدا دابەش بکرێن و تا پارچەپارچە بکرێن، هێندەی تر زیندوو دەبنەوە.

سەبارەت بە پێناسە تایبەتییەکانی دەقیش، بەهەمانشێوە بەقەد زۆری سەرچاوە جیاجیاکان، پێناسەو لێکدانەوەی جیاجیامان لەبەردەستە.

(رشید بن حدو) دەڵێ:"دەق بریتییە لە پرۆسەیەك، کە نووسینەوەی تێدا دەخوێندرێتەوەو خوێندنەوەی تێدا دەنووسرێتەوە". هەروەها (جولیا کریستیڤا J.Krisieva) دەڵێ:" دەق ئامرازێکی زمانەوانییە، لەڕێگەی بەستنەوەی بە پرۆسەی ئاخاوتنەوە، دووبارە دابەشکردنەوەی سیستمی زمانەوانی بەڕێوە دەچێت. مەبەستیش لەمە هەواڵەکردن و گەیاندنێکی ڕاستەوخۆیە، بەهاوکاری سەرجەم چەشنەکانی گۆکردن، بە ڕابردوو و ئێستاشیەوە". ئەمەو (پۆل ڕیکۆر P.Recourd)یش

[٢] نظريات قراءة النص، د. لمياء باعشن، موقع الجزيرة الثقافية، فضاءات، العدد (٢٢٨)، ٢٠٠٨/١/٧





دەڵێ:"دەق گوتارێکە لەڕێگەی نووسینەوە، دەچەسپێ[٣]".

لەم ڕوانگەیەوەو لەلێکدانەوەی ئەو سێ پێناسەی سەرەوەدا، دەبینین، پێناسەی یەکەم لە جوغزی نووسینەوەو تۆمارکردن دەرنەچووە، بەوپێیەی هەردوو پرۆسەی خوێندنەوەو نووسینەوەی تێهەڵکێش کردووەو لە یەك مەودادا مامەڵەی لەگەڵ کردوون. ئەوەی (کریستیفا)یش، وەك بەرهەمهێنراوێك لە دەق دەڕوانێ و پەیوەستی دەکات بە سیستمێکی دیاریکراوی زمانەوانییەوە. پێناسەی سێیەمیش کە ئەوەی (ڕیکۆر)ە، جەخت دەکاتەوە لەسەر پرۆسەی نووسینەوە، بە واتای ئەوەی دەق دیاردەو حاڵەتێکی تۆمارکراوەو (نووسین)یش، کەرەستەکەیەتی.

بۆ ئەوەی هەنگاوێك زیاتر لە ناوەڕۆکی سەرەکی بابەتەکەمان نزیك بینەوە بۆچوونێکی (بەشیر ئیبریر)، کە لە وتاری (النص الادبی و تعدد القراوات)دا، ئاماژەی پێداوەو نووسیویەتی، دەخەینەڕوو. ئەو پێیوایە:" دەقی ئەدەبی بریتییە لە دەقێکی مەعریفی (زانستەکی)، بەواتای ئەوەی ڕستێك لە بیروبۆچوونی مەعریفەی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێ،کە گرنگترینیان مەعریفەی ئەدەبییە، بەڵام ئەو جۆرە مەعریفەیە بەتەنها بەس نییە بۆ تەواوکردنی دەقێکی ئەدەبی، هەربۆیە تێگەیشتن لە دەقێکی وا، بۆ خوێنەرێك، کە تەنها شارەزایی لە مەعریفەی ئەدەبیدا هەبێ، کارێکی ئاسان نییە، بۆیە دەبێ پەنا بەرێتە بەر مەعریفەگەلێکی تر، چونکە دەقی ئەدەبی، مەعریفەگەلی هەمەجۆر لەخۆدەگرێ: مێژوویی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت مەعریفەی ئابوریی و زانستیشی تێدایەو هەروەها سەرجەم مەعریفە مرۆڤایەتییەکانی تر، هەر ئەوەشە، کە

[٣] النص الادبي و تعدد القراءات، بشير ئيبرير، www.google.com

بەرپرسیارەتییەکی تر ئەخاتە ئەستۆی ئەوانەی لە بواری ئەدەب و نووسین و خوێندنەوەدا خۆیان قاڵ کردووەو دەستیان داوەتێ،کە ئەویش بریتییە لە زانینی زۆرترین بڕی مەعریفەو زانیاری، تا لە ڕاڤەکاری و خوێندنەوەی دەقەکاندا پشتیان پێببەستن.

*** ڕێبازەکانی خوێندنەوەی دەق:**

هیچ دەقێك نییە بتوانین بە یەکجار خوێندنەوە،لە ڕوخسارو ناوەڕۆکی تێبگەین و بچینە دیوی دووەمی دەقەوەو تخوبەکانی تێپەڕێنین.دیارە هەر ئەو حاڵەتەش کۆمەکمان ئەکات بەوەی دەقی سەرکەوتوو لە دەقی سەرپێیی و بازاڕی لێکجیابکەینەوە. هاوکات ئەو حاڵەتە، دەبێتە ڕێگەو ڕایەڵێکی باش لەنێوان خاوەن دەق و وەرگردا (واتا لەنێوان نووسەر و خوێنەردا)، بۆ دروستبوونی پردی پەیوەندیی لەنێوان هەردوو لایاندا، هەروەك ئەو پردی پەیوەندییەی نێوانیشیان، بۆخۆی دەبێتە ئەرخەی گەیاندنی (پەیامی دەق)، کە دواجار ئەمەش مەبەست و ئامانجی هەموو دەقێکی سەرکەوتووە.

ڕێبازەکانی دەقیش وەك زۆر لایەنی تری ژیانی مرۆڤایەتی، بەپێی سەردەم گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو گەشەیان کردووە، ئەوەبوو لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆرەکەی (چارلس داروین)دا، بە ناونیشانی (بنەچەی ڕەگەزەکان) لە بواری ئەدەبیشدا تاقیکرایەوەو سوودی لێبینرا، بەتایبەتیش لەساڵی ١٩٥٧دا (سپینسەر) کتێبێکی بەناونیشانی (پێشکەوتن و یاساو هۆیەکانی) نووسی و ئەوەی ڕوونکردەوە، کە لەنێوانی مێژووی هونەرو ئەدەبیاتدا هەروەکو زانستەکانی تر گەشەکردن بەدی دەکرێت.

دکتۆر (هیمدادی حوسێن) درێژە بەو ڕایەی سەرەوە ئەدات و دەڵێ:"ئەمەش ڕۆڵی باشی گێڕا لە ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی کاریگەریی کۆمەڵگەو





دابونەریت و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوریدا دێن و لەسەر بۆچوون و ڕامانی نووسەرو لە پێکهێنانی دەقێکی ئەدەبیدا بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی خۆیان دەبینن، وەکو ئەوەی ڕەخنەگری فەرەنسی (تین ***Tain***) بەکاریگەریی ژینگەو ڕەگەزو دەوروبەر ناوی دەنێت، ئەم کێشەیە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەستی پێدەکرێت[٤]..

ئەو حاڵەتی گەشەکردن و پێشکەوتن و گۆڕانکارییە لە دونیای دەقدا، وایکردووە هەر کەسەو بەشێوەیەك ڕێبازەکانی دەق دیاری بکەن و قسەی خۆیانی لەسەر بکەن، هەروەك (چارلز برێسلێر) بەمشێوەیە قسەی لەسەر کردووەو وتوویەتی:"ئێمە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان، کورتەچیرۆك، شیعر یان هەر چەشنە دەقێکی ئەدەبی تر چوارچێوەیەکی زەینیمان هەیە، کە بەشێوەی خودئاگا یان ناخودئاگا، چاوەڕوانییەکانمانی تێدا گونجاوە، هەروەها ئەو شتەی کە لە دەقێکدا هەڵیدەبژێرین و دەینرخێنین و وەك دوو لایەنی چاك یان خراپ، ئەخلاقی یان نائەخلاقی و جوان یان ناحەز دەیسەلمێنین، ئەوەی ڕاستییێ، دەبەسترێتەوە بەو چوارچێوە زەینییەی کە بەردەوام لەحاڵی بەرفراوانبووندایە[٥]".

کەواتا خەسڵەتی گۆڕانکاریی و پەرەسەندن لە شێوەو شێوازەکانی دەقدا، وایکردووە، کە بۆچوونگەلی زۆر و لێکجیاواز لەو بارەدا بێتە کایەوە، بۆیە خراپمان نەکردووە، ئەگەر لێرەدا جارێکی تر پاڵپشتی لە بۆچوونێکی

[٤] دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٥-٢٦

[٥] ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، چارلز برێسلێر، وەرگێڕانی: عەبدولخالیق یەعقووبی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٤

(برێسلێر) بکەین، کە دەڵێ:" تیۆریمان هەیە لەسەر خودی بەرهەمی ئەدەبی سوورەو پێیوایە دەق هەڵگری سەرلەبەری ئەو زانیارییە پێویستانەیە، کە دەمانگەیەننە دەڤەری ڕاڤەکردن. تیۆرییەکی لەم دەستە دەق لەچوارچێوەو زەمینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دادەبڕێ و سەرنج دەداتە فۆرمە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانی دەق، وەك زاراوە، وشەبژێر و شێواز، تیۆرییەکی تر دێت و هەوڵدەدا دەق بەپێی زەمینە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابورییەکان بخوێنێتەوە[٦]".

بەهەرحاڵ، ئێمە دەگەڕێینەوە سەر ئەو حاڵەتەی کە بەشێوەیەك دیار و بەرچاو لەلایەن زانایانەوە قسەی لەسەر کراوە، ئەویش دیاریکردمی دوو ڕێگەیە، یان دوو ڕێبازیان دەستنیشان کردووە بۆ خوێندنەوەی دەق، کە بریتین لە: ڕێبازی دەرەکی و ڕێبازی ناوەکی.لێرە بەدوا زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەو دوو ڕێبازە.

## یەکەم/ ڕێبازی خوێندنەوە دەرەکی دەق

ئەم ڕێبازە، لەڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ دال و مەدلولەکانی نێو دەقدا ،دێت و گرنگی بە نووسەر (خاوەنی دەق) دەدات و کار دەکات لەسەر ڕاڤەکردنی ماهییەتی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی نووسەر. دواجاریش هەر بەهەمان کەرەستەوە، بڕیار لەسەر دەقەکە ئەدات.

ئەگەرچی "ناتوانین پاش ناسینی ڕوانگەی نووسەر، خۆمان بخەینە جێگای ئەوەوە، بۆیە شیکار بۆ ئەنجامی ئەم کارەی دەبێ توێژینەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبارەی نووسەرەوە فەراهەم کات. بەشوێن ئەوەشدا دووبارە نابێت

[٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨





متمانەیەکی ئەوتۆمان لە بواری زانستی چۆنییەتی بارودۆخی ژیانی نووسەرەوە ببێت، چونکە ئەگەر تابوشت و هەتوانی ئەوەمان بووایە، کە دووبارە ڕوانگەی ماکیی نووسەر بخولقێنینەوە، ئیتر پێشگۆیی نە مانای ئەبو و نە پێویستی. جا بەناچاری هەرکات ئەم ڕەوشتە دەگرینە بەر بە تەواوی نابێت بە تەمای ناسینی بیروبۆچوونی نووسەر (دانەر)بین و هەروەها دەستمان بگاتە ناسینی پلەی هەرەمەزنی ئەو..[٧]".

(د.لەمیا باعیشن) لە (نڤریات قراوە النص)دا، ئەو لایەنانە ئەخاتەڕوو، کە ڕێبازی دەرەکی گرنگیان پێدەدات، بۆ ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی دەق،کە ئەویش بریتین لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١. ژیانی تایبەتی و ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر.

٢. کەسایەتی و سایکۆلۆژییەتی نووسەر.

٣. ئاستی ڕۆشنبیری و ڕادەی موتالاّکردنی نووسەر.

٤. کارو بەرهەمەکانی پێشووی نووسەر.

٥. چۆنێتی دنیابینی و هەڵوێستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نووسەر.

٦. ئەو زەمینەو بارودۆخە سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەرییەی لە سەردەمی ئەودا بەرقەرا بووە.

٧. دابونەریتی کۆمەڵگەکەی و چۆنێتی و چەندێتی ڕەنگدانەوەو کاریگەربوونی لەسەر نووسەر.

٨. شێوازو ستایلەکانی نووسین و ئاخاوتن و دەربڕین، لەو سەردەمەی تێدا ژیاوە[٨]..

[٧] دوو شێوە بۆ شیتەڵکاری دەق لە گۆشەنیگای شلایر ماخێر، ل١٤

[٨] نظریات قراءة النص..

ئەمانەو دەیان شتی تریش هەن، کە دەوریان هەیە لە چۆنێتی بەرهەمهێنانی دەقدا، بەوپێیەی نووسەری دەق بەجۆرێك لەجۆرەکان دەچێتە نێو هاوکۆڵکەیەکی ئاوێزان بە کۆمەڵێك لایەنی ژیان، کە لە زەین و نەستیدا ڕەگ دائەکوتن و دواتریش لە سیاقی دەقێکدا بەرکەڵك (تەوزیف)یان، دەکات. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ، ئەم ڕێبازە زیاتر گرنگی بەو لێکۆڵینەوانە دەدات، کە پەیوەندییان بە لایەنی ڕوخسارەوە هەیە، هەروەك (ڕیینی وێلك) لەیەکێ لە کتێبەکانیدا، ئاماژەی پێکردووە.

کەواتا پاساوی لایەنگرانی ئەم ڕێبازەو سووربوونیان لەسەری، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە پێیانوایە "دەق دیاردەیەکی شارستانییەو لەگەڵ کۆمەڵگەدا ئاوێتەی یەکتر بوونە، بۆیە لێکدابڕانیان ئاستەمە.هەر بۆنمونە ئەوان دەڵێن: "ئەدەب و ژیان یان ئەدەب و کۆمەڵگا، بەهیچ شێوەیەك ناکرێ لەیەکیان جیا بکەینەوە[٩]".

کەواتا ئەم ڕێبازە هەوڵی ئەوەمان بۆ دەدات،ئەو بارودۆخەی نووسەر پیاتێپەڕیوەو کاریگەریی لەسەر داناوەو لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، بخاتە ڕوو و شرۆڤەی بکات. بۆنمونە لەوانەیە نووسەریك بەهۆی ئەوەی لە بارودۆخێکی سەقەت و ناهەمواری کۆمەڵایەتی و خێزانی پڕ زەبرو زەنگدا ژیاوە، دەقێکی تراژیدی بەرهەم بهێنێت، کە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە. هەڵبەت ئەم حاڵەتەش لە مێژووی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکاندا، بەدیار دەکەوێت، بۆ نمونە: لە ئەنجامی جەنگی جیهانی و شەڕە ماڵوێرانکەرەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا، چەندنی بەرهەمی تراژیدی لە قاڵبی

---

[٩] وانەبێژییەکانی دکتۆر ئیبراهیم عەبدولڕەحمان، بابەتی تێکستی ئەدەبی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار، بەشی زمانی کوردی، قۆناغی یەکەم، کۆرسی یەکەم، ٢٠٠٩/٢٠١٠زاینی.





مەسخەرەپێکردن و گاڵتەجاڕیدا لەلایەن دادایی و سوریالییەکانەوە نووسران و بڵاوکرانەوە.

سارتەر کە بە خاوەنی فەلسەفەی بوونگەرایی دەناسرێ، یەکێك بووە لەوانەی بڕوای بەم ڕێبازەی دەق هەبووەو قسەی خۆی لەسەر کردووە. "سارتەر جگە لە زمان بڕوای بە ژیانی نووسەریش هەبووە (بیۆگرافی)، کە ئەم بۆچوونەش گرنگە، واتا سارتەر لای وابووە چۆنیەتی ژیانی نووسەرو ئەو سەردەمەی نووسەری تێدا ژیاوە، لەسەر پێکهاتەی دەق و ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی نێو دەق بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو پێویستە سەرنجی بدرێتێ، چونکە هێندێ دەق لێڵی و پرسیارو..تێدایە، کە زۆرجار خوێنەر تاك ڕەهەندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکاو بەم ئاکامە دەگات، کە دەقەکە فرەلایەن نییەو حوکمی یەك لایەنی بەسەر دەقدا دەسەپێنێ، بەڵام ئەگەر لە هێندێ دەقدا بەم بۆچوونەی سارتەرەوە بچینە ناو دەقەکەوە، نەك هەر بیری تاك ڕەهەندانەو ڕەشبینی سەبارەت بە دەق دەگۆڕدرێ، بەڵکو دەق لەباری زمان و ئیماژو ماناشەوە چێژی تایبەت بەخۆی دەبەخشێ[١٠]".

ئەوەی جێی سەرنجە بۆ ئێمە، ئەوەیە کە دوای وردبوونەوە لەم ڕێبازە، بۆمان دەرئەکەوێ، لەوەی نووسەر وەك کۆیلەی دەق تەماشا کراوەو هەربەو شێوەیەش لێیدەڕوانرێ. نووسەر دەخرێتە ژێر کاریگەریی بونیادی دەقەوە، نەك دەسەڵاتی ڕەهاو دادوەری دەق، بەومانایەی ئەم ڕێبازە زیاتر جەخت لەسەر ناوەوەو نهێنییەکانی دەق دەکات و بە بەشێکی گرنگی دادەنێت."مەبەستی ئەم ڕێبازە، گەیشتنە بە دیوی ناوەوەی دەق و پەیامی

---

[١٠] دەق خوێنەری چەند ڕەهەندی دەوێ، کەریم حیکمەتی، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٥٠)، ٢٠٠٩/١١/٥، ل١٣٢

دەق لە ڕێگەی هۆکارە دەرەکییەکانەوە، چونکە بۆچوونی لایەنگرانی ئەم ڕێبازە ئەوەیە، کە دەق لە کۆشی کۆمەڵگەدایە، بۆیە لەڕێگەی ئەمجۆرە لێکۆڵینەوەیەوە گرنگی بە ژیاننامەی نووسەر دەدرێت و ڕینی ویلك دەڵێت: ئەمجۆرە لێکۆڵینەوەیە تا ڕادەیەك هۆ و گرنگی ئەدەب ڕوون دەکاتەوە، بەڵام ناتوانێت دەقێکی ئەدەبی بەشێوەیەکی تەواوەتی شی بکاتەوە[11]".

لەبارەی ڕۆڵ و ئەرکی خوێنەر یان ڕەخنەگر و ئەوانەی بەپێی ئەم ڕێبازە دەق دەخوێننەوەو هەڵیدەسەنگێنن، ئەوا بۆ ئەوەی وزە بدرێتە دەقەکە، دەبێ ڕووبکرێتە لایەنە جیاجیاکانی دەروونزانی، زمانناسی، مێژووناسی و.. "ڕاڤەکار لەم بوارە جۆراوجۆرانەدا، ئەرکێکی دژواری هەیە. ئەویش ئەوەیە، کە ئەو دەبێت تایبەتمەندییەکانی دەروونی، بیروڕاکان، زمانی دەق و بەستێنی سوسیایی نووسەر بە جوانی پێناسە بکات، بەڵام هیچ کات ئەم هەڵە بەتەواوی بۆی ناڕەخسێت و ناتوانێت بەسەر تایبەتمەندییەکان و کەوشەنەکانی ناوبراودا، زانستییەکی تەواو بەدەست بهێنێت، لەئاکامدا کاری ڕاڤەی دەق ناتەواو دەمێنێتەوەو..[12]".

### * خاڵە لاوازەکانی ڕێبازی دەرەکی

هیچ شتێك نییە لە جیهاندا ڕەها بێت و بواری ڕەخنەلێگرتن و گومانی تێدا نەبێ. بەو پێیەی ڕێژەییبوونی دیاردەو حاڵەکاتەکان زیاتر بەسەر ئەو ڕاستییەدا زاڵن، کەواتا ڕێبازی دەرەکی دەقیش، بەدەر نییە لەو یاسایە. بۆیە پێمباشە لێرەدا، ئەو تێبینی و سەرنجانەی(د.لەمیا باعیشن)

(11) وانەبێژییەکانی دکتۆر ئیبراهیم عەبدولڕەحمان...
(12) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، ل18





بخەمەپێش چاو، کە ناوبراو وەك لایەنی لاوازی ئەم ڕێبازە دیاری کردوون:

١. ئەگەری ئەوە هەیە پرۆسەی نووسین، خاوەنی دەق ناچار بکات بەوەی بەشێوەیەکی خودئاگایی بنووسێ، واتا کارەکەی لە جوغزی پلاندانەوە ئەچێتەوە سەر جۆرێك لە (عەفەوییەت)، کە لەوانەیە خودی نووسەریش نەتوانێ سەرجەم ڕەهەندەکانی بدۆزێتەوە.

٢. ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە هێماییانە، لە دەقدا بەرجەستە دەبن، کە نووسەر توانای ڕوونکردنەوەیانی نییە، مەگەر لە سیاقێکی مێژوویی ڕۆشنبیری ئایندەگەردا نەبێ، چونکە ئەوجۆرە دیاردانە نهێنی و ئاڵۆزن.

٣. پێدەچێ هەندێ بیرۆکەی تایبەت لە ئەنجامی بێئاگایی (عدم الوعی)نووسەرەوە، بچەسپن بەسەر دەقدا، بێئەوەی مەبەست و سەرچاوە دەروونییەکانیان دیار بن.

٤. دیاریکردنی ئەو بارودۆخە مێژووییەی نووسەر دەقەکەی تێدا نووسیوەو بەرهەمیهێناوە، دەبێتە هۆی بەندکردنی بینین و ڕوانینی خوێنەر لە مەودایەکی کۆن و ڕابردوودا.

٥. هەموو دەقێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە زۆرجار بۆی هەیە لەسەر ڕێڕەوی دیاریکراو لابدات و دۆخی کات و شوێنی واقیعی خۆی تێپەڕێنێ و توانای ئەوەی هەبێ دیالۆگ لەگەڵ کەسانی ڕۆشنبیری جیاوازدا دابمەزرێنێ[13].

### دووەم/ ڕێبازی خوێندنەوەی ناوەکی دەق

ئەم ڕێبازە، زیاتر لەلایەن بونیادگەرە ئەمریکییەکان و فۆرمالیستە

(13) نظریات قراءة النص..

ڕووسەکانەوە بایەخی پێدراوە. بەپێچەوانەی ڕێبازی دەرەکی دەق، گرنگی بە دەقەکە ئەدات و نووسەرەکەی فەرامۆش دەکات. بەجۆرێك لە جۆرەکان نووسەر و دەق لێکدائەبڕن،بەوەش وتە بەناوبانگەکەی (ڕۆلان بارت)مان دێتەوە یاد، کە وتوویەتی:"لەدایکبوونی دەق پابەندە بە مردنی نووسەرەوە". ئەوە مانای وایە: دەق بونیادێکی داخراوی هەیەو واتای بەخۆی تەواو دەبێت و پێویستی بە سەرچاوەی مێژوویی و سیاقی دەرەکی نییە.

بەپێی بۆچوونی لایەنگرانی ئەم ڕێبازە، دەقی ئەدەبی، جیهانێکی سەیرەو هیچ پەیوەندییەکی بە جیهانی دەرەکییەوە نییە. ئەم قوتابخانەیە گرنگی بە چەمکی ناوەوەی دەق ئەدات و دەق لەهەموو ڕەهەندەکانی نووسەرو مێژوو گرنگترە. "واتا ڕەهەندو مێژووی لەیەکتر دابڕیوە، بەڵکو دەبێت دەق وەکو بنیاتێکی زۆر گرنگ لەهەموو هۆکارێك شی بکرێتەوە.لەبارەی ئەم بیرۆکەیەشەوە (ڕینی ویلك) دەڵێ:دەق بنیاتێکی زمانەوانییەو سیستمێکە لە هێما. ناتوانم بڵێم ئەدەب تەنها زمانەو هیچی تر. ئەمەش مانای هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی داهێنانی نووسەر دەگەیەنێ و لەهەمانکاتیشدا فەرامۆشکردنی ڕۆڵی خودی مرۆڤە لەمێژوودا، چونکە ئەوەی ڕۆلان بارت دەیڵێ، جەختکردنە لەسەر دەسەڵاتی تاك، هەروەك (فازڵ سامر)ی ڕەخنەگر وتویەتی:بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بەرهەم لە نووسەر دابماڵین..ئاماژەیش بە گوتەکەی ڕۆلان بارت دەکات، کە ویستویەتی دەق بگەڕێنێتەوە بۆ ناو خودی دەق، نەك گرێدانی بە سەرچاوەی دەرەکییەوە. هەروەها فازڵ سامر وتویەتی:نەخوێندنەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژی و مێژوویی و تەنها جەختکردنەوە لەسەر ناوەوەی دەق، یەکێکە





لە هەڵەکانی بونیادگەرییە توندڕەوەکان[١٤]". تیۆری ئەم ڕێبازە وای بۆدەچێ، کە واتای دەق لای نووسەری دەق نییە، بەڵکو واتا لەنێو خودی تایبەتمەندییە شێوەیی و بونیادییەکاندایە، کە ئەو تایبەتمەندیی و بونیادانەش، لەناوەوەی دەقدا، وەك کلیلگەلێکی نەگۆڕ کار دەکەن لەپێناو یەکە ئیستاتیکییە بەسەرخۆ داخراوەکاندا. "لێرەشدا پرۆسەی خوێندنەوەی داخراو Close Reading دێتە گۆڕێ، کە دەق وەك یەکەیەکی سەنترالیزمی تەواوکار لە پێشینەکانی خۆی دابڕ دەکات بۆ ئەوەی بگاتە وەلامدانەوەی جفرە سەربەخۆکانی زمانی دەقەکەو شێوازەکانی پێکهاتنی و ئاشکراکردنی چنینە ناوەکییەکانی دەقەکە[١٥]". لەخاسییەتەکانی ئەم ڕێبازە ئەوەیە، کە سەرجەم ئەو ئامرازانەی بۆ خوێندنەوەی دەق، پشتیان پێدەبەستێ،ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی دەقدا دەردەکەوێت، وەك بنیاتی گێڕانەوەو هونەرەکانی ڕەوانبێژی، یان ئەو بابەتەی بریتییە لە دیالۆگێك لەنێوان خاوەن دەق و مەبەستی دەق.

### * خاڵە لاوازەکانی ڕێبازی ناوەکی:

هەروەك (چارلز بڕیسلێر) دەڵێ:"هیچ تیۆرییەکی تەواوەن دروست و پڕ بەپێست شك نابەین، چونکە هەر تیۆرییەکی ئەدەبی خۆی لە خۆیدا و سەبارەت بەخۆیشی پرسیارگەلێکی بەنرخ لە دەق و لە بابەت دەق دێننە ئاراوە، هیچ تیۆرییەکی ئەدەبییش وانییە ئەو توانایییە لەخۆیدا بەدی بکا، کە سەرپاکی ئەو پرسیارە ڕەوایانەی کە دەبێ لە دەقێك بکرێ، بێنێتە

[١٤] ڕەخنەی بونیادگەریی لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دکتۆر عەلی تاهیر حسێن، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٦٦

[١٥] نظريات قراءة النص..

ئاراوە[١٦]"، بەو مانایەش بێ، ئەوا ڕێبازی ناوەکییش بەدەر نییە لە کەموکورتی و بەهەمانشێوە شایستەی ئەوەیە ڕەخنەی لێبگیردرێ و لایەنە لاوازەکانی دەربخرێن.لە خاڵە لاوازەکانی ئەم ڕێبازەش:

١. هەڵوەشاندنەوەو کردنەوەی هێماکانی دەق، پێویستی بە لێزانین و کارامەییەکی زۆرە، تا بتوانرێ شیبکرێنەوەو ستراتیژییەتیان بدۆزرێتەوە، چونکە دەق بەپێی هەندێ نەریتی بنەمادار دەنووسرێ، کە ڕیشەیان لەنێو حەقیقەتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و بابەتییەکاندایە، کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتووین.

٢. زانینی واتاکان، پێویستیان بە لێهاتوویی و وریایی هەیە،چونکە وەڵامدانەوەو وەرگرتنی بنەماکانی دەق، بەشێوەیەکی ناوەکی کار دەکەن و دەبزوێن، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی دیاریکراوی نەگۆڕ دەردەکەون.

٣. توانستی دەق بۆ شرۆڤەکاری بەپێی یاساوڕێسا دیاریکراوەکان، یەکلایەنە دەبێت،لەکاتێکدا فرە شرۆڤەکاریی، یەکێکە لە پێوانەسازەکانی سەرکەوتوویی دەق.

٤. یاساکانی خوێندنەوەو نەریتەکانی شیکاری ئەدەبی بۆماوەییەو لەڕووی زانستی و ئەکادیمی و کۆمەڵایەتییەوە، لەسەری ڕێکەوتوون، بۆیە لەگەڵ هەر گۆڕانێکدا لە پێوانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا ،لەهەر سەدەمێکدا ، ئەوا یەکاویەك واتاکانیش گۆڕانیان بەسەرا دێت.بۆیە لە دەقدا واتاکان چەسپاو نیین، بەڵکو لەو ئاوێزانبوونەی زمان و ڕۆشنبیریدایە، کە خوێنەریش تێدا پشکدارە[١٧].

---

[١٦] ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، ل٢٨

[١٧] نظريات قراءة النص...





## * پوختە و ئەنجامەکان:

١. بۆ تێگەیشتن لە دەق وەك چەمك، پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە سەر ئەو هەوڵە زۆر و جۆراوجۆرانەی لەلایەن پسپۆڕان و زانایانەوە خراونەتە ڕوو و قسەیان لێکردووە.

٢. دەق یەکەیەکی تۆکمەو یەکگرتووە، توانای پارچەکردن و دابەشبوونی هەیە، بۆیە دەقە ڕاستەقینەکان هەمیشە نەمر و زیندوون.

٣. دەق هەڵگری پەیامێکە، واتا هەڵگری بابەت و باسێکە، ئیتر ئەو پەیامە ئاینی، ئەدەبی، زانستی..یان هەر باسێکی لەخۆگرتبێ گرفتێك نییە.

٤. خاوەنی دەق (نووسەر) لەڕێگەی دەقەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێتە وەرگر (خوێنەری دەق). لەنێوان خاوەنی دەق و خوێنەری دەقدا ، پەیوەندییەك لەسەر بنەمای بیر یان ئایدیا و هزرێك دێتە کایەوە، کە پێشوەخت هیچ کام لایەك لەسەری ڕێنەکەوتوون.

٥. هەموو دەقێك خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندییە، کە وائەکات بەئاسانیی و بەیەکجار خوێندنەوە لێی تێنەگەین.

٦. بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی هەر دەقێك، پێویستمان بە لێزانین و تواناو کارامەییەکی باش هەیە، هاوکات ئارەزوو و سەلیقەش لە پرۆسەی تێگەیشتنی دەقدا ، ڕۆڵ خۆیان دەگێڕن.

٧. بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە لەبارەی هەر دەقێك،ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوانیش بریتین لە: ڕێبازی دەرەکی دەق و ڕێبازی ناوەکی دەق.

٨. ڕێبازی دەرەکی دەق گرنگی بە نووسەر ئەدات و لەژێر ڕۆشنایی ژیانی تایبەتی نووسەردا لێکدانەوە بۆ دەقەکەی دەکات، بەڵام ڕێبازی ناوەکی دەق

بەپێچەوانەوەیە، چونکە گرنگی بە دەق دەدات و نووسەر فەرامۆش دەکات.

٩. هیچ کام لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی دەق، سەد دەر سەد لەویتریان باشتر و بێکەموکوڕی تر نییە.

١٠. بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی زانستی ڕۆچێنە نێو نهێنی و وردەکارییەکانی هەر دەقێکەوە، پێویستە بەسوود وەرگرتن لە هەردوو ڕێبازی دەرەکی و ناوەکی ئەو پرۆسەیە بەئەنجام بگەیەنین.





## * سەرچاوەکان:

- بە زمانی کوردی:

(١) دوو شێوە بۆ شیتەڵکاری دەق لە گۆشەنیگای شلایر ماخێر، عەلی ڕەزا قایمی نیا، وەرگێڕانی: عادل محەمەد پور، چاپی یەکەم، تاران، ١٣٨٠ی هەتاوی.

(٢) دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

(٣) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، چارلز برێسلێر، وەرگێڕانی: عەبدولخالیق یەعقووبی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

(٤) ڕەخنەی بونیادگەریی لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دکتۆر عەلی تاهیر حسێن، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

(٥) دەق خوێنەری چەند ڕەهەندی دەوێ، کەریم حیکمەتی، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٥٠)، ٥/١١/٢٠٠٩.

(٦) وانەبێژییەکانی دکتۆر ئیبراهیم عەبدولڕەحمان، بابەتی تێکستی ئەدەبی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار، بەشی زمانی کوردی، قۆناغی یەکەم، کۆرسی یەکەم، ٢٠٠٩/٢٠١٠زایینی.

- بە زمانی عەرەبی:

(١) نظریات قراوه النص، د. لیاو باعشن، موقع الجزیره الثقافیه، فچاوات، العدد (٢٢٨)، ٧/١/٢٠٠٨

(٢) النص الادبي و تعدد القراءات، بشیر ابریر، www.google.com

## ماهییەتی ڕەخنە و ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی

ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە هونەری لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی تێکستە ئەدەبییەکان. لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنێك لەسەر بنەمای شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە، ئەمەش لە پێناوی چێژلێوەرگرتنی ڕاستەقینەو دواتریش بڕیارلەسەردانێکی بابەتییانە، لەهەمبەر چییەتی و کاریگەرێتی تێکستەکە. تێڕوانینی ئەوانەی چێژ لە کارە ئەدەبییەکان وەردەگرن، لە کەسێکەوە بۆ یەکی دیکە، لە بڕیاردانیاندا بەسەر تێکستەکانەوە جیاوازە، ئەو جیاوازییەش پابەندی شێوازی ئەو بنەمایانەیە کە ئەوان لە ڕەخنەکانیاندا کاری لەسەر دەکەن و پشتی پێدەبەستن، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئێمە دەکەوینە سەر کۆمەڵێك جۆری جیاجیای ڕەخنەدا، کە لێرەدا بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشیان دەکەین، کە ئەوانەش بریتین لە: ڕەخنەی کاریگەریی و ڕەخنەی بابەتی.

### ١.ڕەخنەی کاریگەریی:

بریتییە لەجۆرێك ڕەخنە بە کاریگەریی گشت ئەو دنیابینیانە هاتۆتە بەرهەم، کە بەشێوەیەکی سەرەتایی و خێرا هاتوونەتە کایەوە، یان بە کاریگەریی ئارەزوو و میزاجی لایەنگرانەی تایبەتی و تاکەکەسی، کە ئەنجامی هیچ جۆرە ڕامان و لێکۆڵینەوەیەکی ورد و درشت نییە. ئەم جۆرە





ڕەخنەیە زیاتر کار لەسەر کۆمەڵێك بنەماو پرەنسیپ دەکات، کە لەوەوپێش بڕیاریان لەسەردراوە و یەکلاییکراونەتەوە.

زۆرجار ئەم جۆرە ڕەخنەیە پابەندی حوکمە گشتییە لەپێشینەکانە، ئەو حوکمانەی کە هیچ بەڵگەکارییەکیان لەپشتەوە نییە، بەو پێیەش ڕەخنەگر بەشێوەیەکی وا کار لەسەر کارەکە دەکات، کە هیچ جیاکارییەکی بۆ ناکا و ئەو خاڵانە دەرناخات، کە بە هۆیانەوە دەڵێت (بۆ نمونە): ئەمە مەزنترین چیرۆك، وتار، شیعرە و داهێنراوترینیانە.. خۆ ئەگەر هەر هۆکارێکیش بخاتە ڕوو، بێگومان سەرجەمیان هۆکارگەلی ڕووکەشن و باوەڕپێهێنەر نین، بەچەشنێك ناکرێ بەوەها شێوەیەك بڕیار لەسەر هیچ تێکست و کارێکی ئەدەبی بدرێت. زۆرجاری تریش، شێوەی بڕیاری ئەو جۆرە ڕەخنەگرانە لە ڕەخنەگرتنەکانیاندا، لەسەر بنەمای دۆزینەوەی تەنیا لایەنێك، یان خاڵێکی جوانی تێکستەکەیەو بۆخۆی ئیتر ئەو تەنیا لایەن و خاڵە، بەسەر هەموو دیوەکانی تێکستەکەدا ئەگشتێنن.

ئەم جۆرە ڕەخنەیە، بەوە ناسراوە کە سادە و زیادەڕەوە، چونکە ڕەخنەگرەکە لە ئەنجامی هەڵچوونە ڕاستەوخۆکانییەوە بڕیار دەدات، نەك لە ئەنجامی تێڕوانین و لێکدانەوەی سەرجەم لایەن و دیوە نادیارەکانی تێکستەکەوە.

ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مێژووی ڕەخنەدا بە زۆری بەرچاو دەکەوێت، واتا پێش ئەوەی ڕەخنە ببێتە زانستێکی گەورە و بەرفراوان، لە ئێستاشدا بەلای زۆرێك لە ڕەخنەگرانەوە بەرچاو دەکەوێت، لەوانەش:

-تازەپێگەیشتووان: ئەوانەی کە ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە دونیای ئەدەبیاتدا نییە.

- دەمارگیرەکان: ئەوانەی کە حەماسەتیان بۆ ئەدیبێك (نووسەرێك، شاعیرێك، ڕۆماننووسێك..) هەیە دێن و لەو ڕێگەیەوە خۆشەویستی خۆیانی

بۆ دەردەبڕن و خۆیان لە کەموکورتییەکانی تێکستەکەی گێل دەکەن.
- میزاجییەکان: ئەوانەی کە لادانێکی کەسیی و تایبەتییان هەیە و سەرسامن بەو جۆرە کارانەی لەگەڵ ئارەزوو و هەوەسەکانیاندا وێکدێتەوە، بەو پێیەش هەڵسەنگاندنەکانیان دەخەنە ڕوو.
بێگومان دڵنیاین لەو ڕاستییەی کەوا ئەم جۆرە ڕەخنانە هیچ سوودێکیان بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نییە، چونکە لە ئاستی چێژوەرگرتنی خوێنەراندا نییە، هەروەك یارمەتی ئەدیبەکانیش نادات، بۆ باشترکردنی بەرهەمەکانیان، چونکە پێودانگەکانی جوانی و ناشیرینی تێیاندا، زاتی و ناسەقامگیرن.

## ٢.ڕەخنەی بابەتییانە:

ئەو جۆرە ڕەخنەیە کە لە ئەنجامی تاوتوێکردن و لێوردبوونەوە دێتە ئاراوە. ڕەخنەگر پشت بە پرۆگرامێکی دیاریکراو دەبەستێ و ئەو یاسایانە پراکتیك دەکات، کە کۆمەڵێك ڕەخنەگر لەسەری ڕێککەوتوون و لە هەمانکاتدا عەقڵ و چێژ و ڕۆشنبیریی هونەریی و گشتیی خۆی دەکاتە پێوانە بۆ بڕیاردانەکانی و تەسلیمی ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی نابێ و لایەنگیری ناکا و هەموو بڕیارەکانی بە بەڵگە و سەلماندن تۆکمە ئەکات. ئەم جۆرە ڕەخنەیە ڕونکراوەوە و شیکارکراوە، ڕەخنەگر تێکستە ئەدەبییەکە شیکار دەکات و دەڕوانێتە سەرجەم بەشەکانی، شوێنگەی داهێنان و لاوازییەکانی دیاری دەکات، هۆکاری هەرجۆرە بڕیاردانێکیشی ئاشکرا دەکات، هەروەك لە ڕێگەی حوکمدانە بەشەکییەکانەوە پێداگریی لەسەر حوکمە گشتییەکانیشی دەکات و دەیانسەلمێنێ. ڕەخنەی بابەتییانە پێویستی بەوەیە کە ڕەخنەگر شارەزایی و کارامەییەکی گەورەی هەبێ، کە توانای شیکاری ورد و درشت و گفتوگۆی لەسەر بابەتەکە بداتێ، هەروەك پێویستی بە زەوقێکی ڕاهێنراو هەیە لە جیاکردنەوەی ئاستەکانی جوانی و





ناشیرینی، هەروەها ڕۆشنبیرییەکی گشتیشی پێویستە بۆ دروستکردنی جۆرێك لە هاوسەنگی و پراکتیککردنی یاسا ڕەخنەییەکان.
زۆرجار بڕیاری ڕەخنەگران لە بارەی بابەتەکانەوە چوونیەکن یان نزیکن لەیەکەوە. بۆ نموونە ئەگەر کارێکی ئەدەبی بدەینە کۆمەڵێك ڕەخنەگری بابەتی بۆ ئەوەی بیخەنە ژێر ڕەخنەی خۆیانەوە، دەبینین کە ڕەخنەکانیان وێکدەچن و جیاوازییەکانیان لەبارەی بەرهەمە ئەدەبییەکەوە زۆر کەمە، هۆکاری ئەو جیاوازییە کەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییە بچوکەکانیان لە ڕووی چێژی ئەدەبی هەریەکەیانەوە. پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین کە ڕەخنەی ئەدەبی جیاوازە لە زانستە ئەزموونگەراکانی وەك: (بیرکاری و فیزیا و کیمیا)، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە یاساکانی ڕەخنە حەقیقەتی زانستی و نەگۆڕ نین، بەڵکو بریتین لە حەقیقەتی ویژدانی و بگۆڕ، ئەو جۆرە حەقیقەتەش ڕێگە بە بوونی جیاوازیگەلی بچوك ئەدا، لە نێوان ڕەخنەگرێك و ئەویتردا.
گومانی تێدا نییە کە ڕەخنەی بابەتی یەکێکە لە دەرەنجامەکانی گەشەکردنی ڕەخنە و بەڵگەیەکیشە لەسەر پێشکەوتنی ئەدەبی و کەلتوری، چونکە ڕەخنەی بابەتی پشت بە توێژینەوە و شیکردنەوە دەبەستێ و ڕێگەی گفتوگۆ و لێوردبوونەوە دەگرێتەبەر، بۆ ئەوەی ڕازیمان بکات بە حوکمەکانی خۆی. هەروەك هاوکاری ئەدیبان ئەکات بۆ باشترکردنی داهێنانەکانیان و پشکداریش دەکات لە پێشخستنی ئەدەب و زەوقی خوێندەوەش بەلای خوێنەرانەوە گەشەپێدەدات.

## سیفەتەکانی ڕەخنەگری سەرکەوتوو:

پێویستە ڕەخنەگری جیدی و دڵسۆز بە کارە ئەدەبییەکان، خاوەنی کۆمەڵێك سیفەتی تایبەتی بێت، کە ئەو خاوەنی ئەو سیفەتانە نیشانەگەلی سەرکەوتووین. گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

**یەکەم: سیفەتی کارامەیی ڕەخنەیی:**

یەکەمین سیفەتێك کە پێویستە ڕەخنەگر خاوەنی بێت، کارامەیی و چێژە لە ڕەخنەگرتندا. هەندێجار کارامەیی لە ڕەخنەگرتندا توانایەکە خوای گەورە بە خەڵکانێکی دەبەخشێ بۆ شیکارکردن و وردبوونەوە لە شتەکان، بەشێوەیەکی وا کە کەموکورتییە نادیارەکان دەردەخەن و لەهەمانکاتیشدا هەست بە جوانییە دیار و نادیارەکانیش دەکەن، هەروەها بەراوردی نێوان لێکچووەکانی دەکەن و پەی بەو جیاوازییانەش دەبەن، کە ئێمە بە ئاسانی هەستیان پێناکەین.

ڕاستە کە هەموو خەڵکی یەکسانن و توانای شیکارکردن و جیاکردنەوە و بەراوردکردنیان هەیە، بەڵام ئەوانەی کە خاوەنی کارامەیین توانایەکی باڵاتریان هەیە لەو بوارانەدا، بەجۆرێك ئەگەر بێتو دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنرێ تا ئەو توانایانەیان گەشەپێبدەن و سوودیان لێوەربگرن، ئەوا دەبنە ڕەخنەگرگەلێکی دیار و بەسەلیقە. هەرچی مەسەلەی چێژ-یشە ئەوا بریتییە لە خەسڵەت و موڵکێکی تایبەتی کەسەکە خۆی کە وایلێدەکات بە جوانی مامەڵە لەگەڵ دیاردەکاندا بکات و هاوسەنگی درشتی نێوان ڕەنگ و دەنگ و شێوەکان بپارێزێ و هەست بە هەر جۆرە لێکترازانێکی نێوانیان بکات.

لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبیدا سیفەتی چێژ تەواوکەری سیفەتی کارامەییە و زۆرجاریش پێوەستە پێیەوە، هەرکەس سەلیقەی هەستکردنی بە کەموکورتی یان جوانییە نادیارەکان تێدابێ، ئەوا ئەتوانێ لە هەڵبژاردنێکی باش و مامەڵەیەکی تەندروستدا بەکاریان بەرێ، ئەوکاتەش کە ڕەخنەگر کارێکی ئەدەبی دەپشکنێ ئەوا توانای کارامەیی و چێژەی تایبەتی خۆی پشکدار دەبن لە پەیبردنی جیاوازییە بچوکەکان لەنێوان مانایەك و مانایەکی دیکە و وێنەیەك و وێنەیەکی تردا، هەروەها لە





درککردنی جیاوازیی نێوان گۆکراوەکان لەکاتی بەرگوێ کەوتنیاندا، ئەمەو درککردنی وێکچوون و لێکترازان لە ڕێکخستنی وشەی نێو ڕستەکاندا. کەواتا چێژ سیفەتێکی پێویستە بۆ ڕەخنەگر، چونکە پێوەندی بە کارامەییە ڕەخنەییەکەیەوە هەیە و تەواوکەرێتی، بۆ ئەوەی بتوانێ لە ڕێگەی هەردووکیانەوە چێژ وەرگرێ لە کارە ئەدەبییەکان و هاوکاری خوێنەرانیش بکات بۆ چێژ وەرگرتنێکی ڕاست و تەندروستانە.

دووەم: سیفەتی ڕۆشنبیری و شارەزایی:

لە سیفەتە گرنگەکانی تری ڕەخنەگر، ڕۆشنبیری و شارەزاییە. ڕۆشنبیری واتا دەبێ ڕەخنەگر خاوەن ڕۆشنبیرییەکی گشتی و بەرفراوان و فرەلایەنە بێت.. ئەمەش دەبێتە چەند بەشێکەوە:

**١. ڕۆشنبیری ڕەخنەیی پرۆفیشناڵ:**

واتا ئاگاداری ڕێسا و ڕێگاکانی ڕەخنە بێت و بزانێ چۆن تێکستێکی ئەدەبی شیکار دەکات و سیفەت و خەسڵەتەکانی دیار دەکات و حوکمیان بەسەرا ئەدات. هەروەك پێویستە ئاگاداری کەلتور و بزاوتە ئەدەبی و ڕەخنەییە جیاوازەکانی جیهانی ئەدەب و هونەر بێت، چ ئەوانەی پیوەندییان بە کەلتوور و شارستانییەتی میللەتی خۆیەوە هەیە و چ ئەوانەشی لەسەر ئاستی جیهان کاریگەرن.

**٢. ڕۆشنبیری ئەدەبی گشتی:**

پێویستە ڕەخنەگر زانیاری هەبێت لەهەمبەر مەیدانە جیاوازەکانی ئەدەب و ڕەخنە و بابەتە هەمەجۆرەکانیان و شارەزایشی هەبێت لە هونەرەکانی ئەدەب و یاسای هەر یەکێکیاندا بەجیا. واتا ئەگەر هاتوو ویستی ڕەخنە لە قەسیدەیەك بگرێت پێویستە شارەزایی هەبێت دەربارەی شعیر و یاساکانی عەرووز و ئارەزوویەکی باشیشی هەبێ لە کەلەپووری شیعری میللەتەکەی

خۆی و ئەو بەها و نۆرمانەی کە تێدا باڵادەست بوونە چ لە ڕابردووی و چ لە ئێستەشدا، هەروەك ئەگەر بیەوێ ڕەخنە لە چیرۆکێك بگرێت بەهەمان شێوە پێویستە شارەزای یاسا و بنەما هونەرییەکانی چیرۆکنووسی بێت و زانیاریشی هەبێت لەهەمبەر ئاراستە و قوتابخانە نوێکانیدا.. بەمشێوەیە بۆ هەر هونەرێکی تریش لە هونەرەکانی تری ئەدەب، ئەو حاڵەتە بە هەند لەبەرچاو دەگیردرێ لە کاری ڕەخنەگراندا.

**٣. ڕۆشنبیری ڕەوانبێژی:**

ڕەوانبێژی هونەرێکە یارمەتی ئەدیب و نووسەران ئەدات بۆ دەرککردنی جوانی و پاراوی کۆژ و گۆکراو و شێوازە مانیڤێستییە بەکارهێنراوەکان لە تێکستەکانیاندا، بۆیە ڕەوانبێژی بەشێکی سەرەکییە لە ئەدەبدا، لێرەشەوە گرنگی ئەوە دەردەکەوێ کە پێویستە ڕەخنەگریش شارەزایی و زانیاری وەك پێویستی هەبێت لەو بارەیەوە.

**٤. ڕۆشنبیری زمانەوانی:**

لە ڕێگەی ئەمجۆرە ڕۆشنبیرییەوە ڕەخنەگر ئەتوانێ لە ڕاستی و دروستی ڕستە و کۆژەکان بکۆڵێتەوە و هەموو جۆرە جیاوازییەکی نێوانیان ڕێکبخاتەوە، چونکە دەرچوون لە یاساکانی زمان دەبێتە هۆکاری تێکدانی جوانی کارە ئەدەبییەکە. بۆ ئەو مەبەستەش ئەکرێ ڕەخنەگران سوود لە ئەزموونەکانی خوێندنەوەی خۆیان وەربگرن، چونکە کتێبەکانی ڕەوانبێژی و ئەدەب ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوان بە ڕەخنەگر دەبەخشن بۆ دەرککردنی ڕێساکانی دەربڕینی ڕاست و دروست.

## * ڕاڤەکردنی تێکستی ئەدەبی:

ڕاڤەکردنی تێکستی ئەدەبی بریتییە لە لێکۆڵینەوەو تێڕامان لە سەرجەم





پێکهاتەکانی تێکستەکە و کەشفکردنی جوانی و کەموکورتییەکانی، ئەمەش لەپێناو چێژلێوەرگرتنی بەباشترین شێوەو پێکهێنانی باشترین شێوەکانی داوەریکردن لە بارەیەوە. ئەو چەشنە ڕاڤەکردن و چێژلێوەرگرتنەش نایەتەبەرهەم ئەگەر هاوڕێ نەبێ لەگەڵ خوێندنەوەیەکی هۆشیارانە و سەلیقەمەندانە لەڕێگەی و پێڕەویکردنی ڕێگایەکی ڕێکخراو بە تێڕوانین بەم خاڵانەی لای خوارەوە:

**- کەشی تێکستەکە:**

ئەمە هەنگاوێکی بەراییە، دەکەوێتە پێش هەنگاوی چوونە نێو جیهانی گشتی تێکستەکەوە. لێرەدا بەدوای ئەو سەردەمەدا دەگەڕێین کە تێکستەکەی تێدا گوتراوە (نووسراوە)، ئەنجا بەدوای خاوەنی تێکستەکەدا دەگەڕێین، دواتر بە شێوەیەکی کورت پێناسێکی دەکەین و ئەو خاڵانە دەستنیشان دەکەین، کە پێوەندییان بە هۆکاری بەرهەمهێنانی تێکستەکەوە هەیە، لەوەی ئاخۆ خاوەنەکەی بە پاڵنەرێکی دیاریکراوەوە بەرهەمیهێناوە؟ یان بە کاریگەریی ڕووداوێکی دیاریکراو بووە؟ لەوانەیە نووسەر هەر لە سەرەتای تێکستەکەیەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرکێنێ، یان لە ناوەڕۆکی تێکستەکەیدا ئەو کارەی کردبێ، هەروەك پێشدەچێ بە ئاماژەیەکی پەنهانەوە باسێکی لێوە بکات، بەڵام لەوانەیە ڕووبەڕووی تێکستێك ببینەوە، کە خاوەنەکەی ناناسین!! یان ڕەنگە تێکستەکە بریتی بێت لە وتارێك یان چیرۆکێك، کە پێوەندییان بە موناسەبەتێکی دیاریکراوەوە نییە، هەڵبەت ئەم حاڵەتانەش کاریگەرییان نابێ بەسەر بەڕێوەچوونی کارەکەمانەوە، بەڵکو دەچینە هەنگاوی دووەمەوە:

**- بەڕووخستنێکی گشتی تێکستەکە:**

لەم هەنگاوەیاندا بەشێوەیەکی زنجیرەیی و پۆلێنبەند، هەروەك ئەوەی خاوەن

(نووسەر)ەکەی ئیشی لەسەر کردووە، ئەو پرسانە دەخەینە ڕوو کە تێکستەکەی پێبارگاوی کراوە، بێئەوەی هیچ زیادەیەکی بخەینەسەر کە خاوەنەکەی نەیگوتبێ. ئەگەر هاتوو تێکستەکە شیعرێك بێت، ئەوا دێڕدێر یان کۆپلەکۆپلە یا بەشبەش، لە شێوەی پەخشانێکدا دەخرێتە ڕوو، تا بەتەواوەتی بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە، لە ڕێگەی ئەوە هەوڵەشەوە کۆژ و دەربڕینە ئاڵۆزەکان شیدەکرێنەوە و ئاماژە و دەلالەتەکان دیاری دەکرێن.

- **بیرۆکە:** لێرەدا هەڵدەستین بەخستنەڕووی بیرۆکە گشتییەکانی تێکستەکە و بە وردی دەستنیشانیان دەکەین و ڕادەی زنجیرەبەندییان پێکەوە دەردەخەین و ئاستی پێوەندییان بە بابەتە سەرەکییەوە دیاری دەکەین. هەروەها کار لەسەر ئەوەش دەکەین کە ئاخۆ تێکستەکە تا چ ئاستێك باڵایی و داهێنانی تێدایە و تا چەندیش لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوە و لاوازی بەخۆوە گرتووە.

- **شێواز:** بریتییە لە کۆمەڵێك هەست و هەڵچوون، کە بەدرێژایی ڕووداوەکانی نێو تێکستەکە دەردەکەوێت، ئیتر ئاخۆ لە یەك جۆر و قاوخدا بن، وەك: خۆشی، ناخۆشی، تووڕەیی، هێمنی.. یان کۆمەڵێکی جۆراوجۆر بن و نووسەر بەپێی مەبەستەکانی خۆی، لەمیانەوە بۆ ئەویتریان بیگوازێتەوە یان بەشێوەیەکی دیارکراو بەسەر پاڵەوان و کەسایەتییەکانیدا دابەشیکردبن. بێگومان پێویستە ئەم جۆرە هەستانە دەرك بکەین و جۆرەکانیان و چۆنێتی دەرکەوتنیان لە تێکستەکەدا دیاری بکەین. بە کورتی شێواز، واتا داڕشتنەوەی دەرەکی تێکستەکە. ئەوەش بریتییە لە: گۆکراوەکان، پێکهاتەکان، ڕیتمی گشتی و..

- **خەیاڵ:** پێویستە لەم هەنگاوەدا بە دووای وێنە مانیڤێستکراوەکاندا بگەڕێین، کە نووسەر لە تێکستەکەیدا ئیشی لەسەر کردوون، هەورەوەك دەبێ هەوڵی کەشفکردنی داهێنان و لاساییکردنەوەو سەرچاوەکانی





سەقامگیربوونی خەیاڵ و فەنتازیاکانی بدەین. هەڵبەت بەدواگەڕانی خەیاڵ تەنها لە تێکستی شیعریدا نییە، بەڵکو لە پەخشانیشدا خۆی دەسەپێنێ و ڕەنگە بەجۆرێك لە جۆرەکانیش فرە لایەنی پێوەدیاربێ.

*** سەرچاوە: ماڵپەڕی (وێکیپێدیا)**

# ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەبەردەم پرسیارێکی قورسدا

لەپاڵ ئەوەیدا، کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هێشتا نەکەوتووەتە سەر پێی خۆی و زۆربەی هەوڵەکانیش لەو بوارەدا پابەندی کۆمەڵێك بنەمای نائەدەبی و نا ڕەخنەیی وەك هاوڕێیەتی و یەکدی ناسین و خۆلای یەکتر خۆشەویستکردنە، هاوکات یەکێك لەو گرفتە گەورانەی کە ڕەخنەی ئەدەبی ئێمەی تێدایە، یان ڕاستتر بڵێین: هەر لە سەرەتای سەرەتاوە تێیکەوتوو، ئەوەیە کە هێشتا لەسەر ئەو بنەمایە خوێندنەوە بۆ دەق ئەدەبییەکان دەکات، کە زیاتر چوون بنەماگەلی نەگۆڕ و چەسپاو بەرچاو دەکەون و لەڕێگەی پراکتیزەکردنی تیۆرییەکی دەرەکیی و خوازراوە لە زانستگەلی وەك: مێژوو و کۆمەڵناسی و شیکاری دەروونی و هتدەوە، بەرهەمدێن، کە لەڕاستیدا ئەم جۆرە بنەمایەش، زیاتر کار لەسەر بەتەسککردنەوەی دەقی ئەدەبی و هەمیش پرۆسەی ڕەخنەگرتن دەکات، چونکە ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە ئەدەب زۆر لەپێشتر و لە مێژینەترە، لەچاو ئەو زانستانەی کە لە ئەمڕۆدا بۆ خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان پەنایا وەبەر دەبەین. دواجار ئەوە ئەدەبە، کە هەوڵیداوەو قسەی هەبووە لەسەر کۆی ئەو پێدراوانەی بەلای مرۆڤەوە جێی مشتومڕ و قسان بووە.





هەڵبەت ئەو حاڵەتەی سەرەوە، کە ئێمە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، بە چەقبەستوویی تێدا دەبینین، دەمێکە لەنێو ڕەخنەی ئەدەبی گەلانی پێشکەوتوودا تێپەڕێنراوەو کاری زۆری پێناکرێت، نەك بەیەکجاری پشتگوێ خرابێت. هەنووکە لەبری ئەوە، تێڕوانینی ڕەخنەی نوێ، بەو ئاقارەدا دەڕوات، کە سوود لە ئەدەب وەر بگیردرێت، بۆ دۆزینەوەی پنتی تازە لەهەمبەر زانستەکانی دی. وردتر بڵێین: لە ئێستادا ئەوە قبوڵ نییە، کە ئێمە بێین ئەدەب بکەینە زەمینەیەك بۆ پشتڕاستکردنەوەی تیۆرییەکانی بواری دەروونزانی، بەڵکو دەبێ تیۆرییەکان لەنێو هەناوی دەقە ئەدەبییەکانەوە هەڵبهینجرێ، چونکە هەموو ئێمە دەزانین، ە ئەدەب بنچەی تیۆرییە دەروونییەکانە، ئەگەر ئەدەب نەبووایە، بێگومان ئاستەم بوو (نەك مەحاڵ)، کە (سیگمۆند فرۆید) توانیبای (شیکاری دەروونی) دامەزراندبایە. ئاخر ئەوە کاریگەرییەکانی تراژیدیای گریکی و مەیلی خوێندنەوەی ئەدەبی ئەڵمانی بوو، کاریگەرییان لەسەر فرۆید دانا و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بیرکردنەوەکانی دروست کرد، هەربۆیە ئەویش توانی تیۆرییەکی گەورەی وەك شیکاری دەروونی دابهێنێ، چما ئیدی ئەوە سەیر نییە، تازە بە تازە ئێمە بێین لەو ڕێگەیەوە خوێندنەوە بۆ دەقی ئەدەبی بکەین؟

لەلایەکی ترەوە، ئێمە دەزانین، کە ئەو تیۆرییانەی لە شیکاری دەروونیدا، بۆ خوێندنەوەو شرۆڤەکردنی دەقەکان پشتیان پێدەبەسترێت، لە ڕوانگە و گۆشەنیگایەکی پیاوانەوەو داڕێژراون، لەکاتێکدا ئەوە وون و ئاشکرایە، کە لەم سەردەمی ئێستاماندا، چەندین دەقی ئەدەبیمان لەبەردەستدان، کە بەرهەمی قەڵەمی نووسەرگەلی ژنە، بۆیە پرسیاری هەنووکە ئەمەیە: ئایا لە توانای تیۆرییەکدا هەیە، کە لە دیدگایەکی پیاوانەوە بەرهەم هاتبێ،

خوێندنەوە بۆ بەهەمی نووسراوەی ژنان بکات؟
بێگومان نا.. چونکە ئەو بارە دەروونییەی نووسەرێکی ژنی تێدایە، تەواو جیاوازە لەوەی نووسەرێکی پیاوی تێدا دەژی. دیارە باری دەروونی مرۆڤیش بە گشتی، پابەندە بەو کەشوهەوا سروشتی و کۆمەلآیەتییەی بۆ ڕەخساوە، ئینجا ئەوەش دیارە، کە ژنان و پیاوان لەنێو کۆمەڵگەدا، لە چ بارودۆخێکی جیاوازدا دەژین، ئەمەش بەهۆی چەندین فاکتەرەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەکۆی گشتیدا، وایان کردووە، تێڕوانین و بینینی ئەو دوو ڕەگەزە، کە لەڕاستیدا تەواوکەری یەکترن، لەهەمبەر ژیان و ڕووداو و دیاردەکانی ناوی، جیاوازییەکی گەورەی تێبکەوێت، بۆیە مەحاڵە ئەو دەقەی کە ژنێك دەینووسێت، لەسەر هەمان هێڵی بیرکردنەوەو تێفکرینی نووسەرێکی پیاو جێگەی بێتەوە، ئەم بۆچوونەش بەڵگەی ناوێ، چونکە ئەوەمان لەیادە، کە لەنێو دە نووسەری پیاودا، مەحاڵە ڕێکەوتنی هێڵی تێفکرین و دنیابینیان وەکی یەك بێت، ئاخۆ ئیدی بە چ شێوەیەك ئەوەی نووسەرێکی ژن لەگەلی هی پیاوێکدا وێکدێتەوە؟
کەواتا هەقی خۆیەتی بڵێین: پێویستە سوود لە دەقە ئەدەبییەکان وەربگیردرێت، بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی تیۆرییە دەروونییەکان، نەك وا بکەین، کە دەقی ئەدەبی بکەینە کۆیلەی کۆمەلێك تیۆری و بڕیاری دەروونی، کە پێشوەختە هەموولایەك لەسەری ڕێکەوتووین.
دواجاریش دەپرسین: لەکاتێکدا باری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تەواو خوارە، ئایا ڕەخنەگری کورد ئەمەی لە دەست دێ؟ وابزانم هەڵە نیم، ئەگەر لە وەلآمدا بڵێم: بەداخەوە.. نەخێر.





## شیعر، ئەو بوونەی لە هیچ بوونێکی تر ناچێ

شیعر پێویستییەکە, ئاخ خۆزگە ئەمزانی بۆ؟
"ژان کۆکتۆ"

### * تەوەری یەکەم: پرسیارە سەرەکییەکە، کامەیە؟

ئێمە لێرەدا زیاتر پێداگری لەوە دەکەین و بە دووی ئەو باسەدا دەگەڕێین، کە بەوە ئاشنامان دەکات, ئاخۆ شیعر چییەو ئافرێنراوی چ بارێکە و لە چۆن کەشێکدا بەرهەمدێ, بەو ڕێگەیەش ئەتوانین لە دەرگای ئەو باسە بدەین، کە پێماندەلێ: بچنە نیوە شەوێکی ئەنگوستەچاوی پاش تەڕبوونی سینگی سپی پەڕەو لە پەیکەری شیعرێکی تازە لەدایکبوو بپرسن, ئەوسا تێدەگەن، کە شاعیر چۆن دایکێکە، ئەگینا ئەگەر ئێمە بمانەوێت گورج خۆ تێهەڵقورتێنینە نێو خواستێکی ئاوا چەشنەوە, ئەوا یەکاویەك مایە پووچ دەمێنینەوە, چونکی بەوە دەکەوینە نێو قاوخی دونیایەکی پڕ لە جەنجاڵی گەلەپێناسێکەوە, کە هەریەکیان لە لایەن کەسێك و بە چەشنێکی جوودا لەیەکتر, خراونەتە عەماری شیعرەوە.
دایکێتی شاعیر وەکی هیچ دایکێتییەکی دی نییە, چونکی ئەو لە هەندێ

باردا زاڵمێکی غەددارە بە جەستەی خۆی و دەرك بەوە ناکا، کە دواتر کۆرپەلەی شیعری تیا زەحمەتبار ئەبێ, لە هەندێ حاڵەتی تریشدا بەڕوونی زەنگوڵی گریانی شاعیر دەبیستین چۆنچۆنی جۆگەلە ئەبەستێ و بەنێو ڕەشماڵی خەیاڵدا تروەتروە ئەتکێتەوە سەر مێشك و دڵ و دەروونیدا, بۆیە هەمیشە شاعیر دایکێکی شێتۆلکەی هەواییە (ئەگەر ئەم دەربڕینە پەسەند بێ).. هەر ساتەو دەیەوێ بە شیعرەکانی نەوەیەك لە جوانی, نەسرەوتن لەپێناو گەیشتن بە لوتکە وەبەربێنێ و بخاتەوە, کە ئەمەشیان دەرەنجامی هەڵچوون و توڕەبوونە، جاریکی تریش ئەمە پێوەندی بە شێتی شاعیرەوە هەیە.

باڵندەیی پاش لەدایکبوونی شیعریش, وەکی هیچ کام لەو باڵدارانە نییە، کە ئێمە دەیانبینین, ئەو بە ئەسپایی بە نێو ڕۆحماندا گوزەر دەکاو کەسێکیشمان تا هەنووکە نەمانتوانیوە پەی بەو ڕێگایە بەرین, کە پێیدا دێت و دەڕوا. شیعر لەزۆر کاتدا دزە, دێ و لە باخاتی نێو سینەماندا هێلانەی موحیببەت دەچنێ و لە تاڵە دەزووەکانی هەست و نەستی هەر یەکێکمان, مەملەکەتێك لە جوانی, قەوارەیەك لە هەنسك بنیاد ئەنێ. ئەو لەهەر یەك لەو کارو فەرمانانەی خۆیدا, دەچێتە نێو پێستی بوونێکی جیاوازەوەو خۆیمان لێدەشارێتەوە, هەر ئەمانەیە وادەکەن, ئێمە نەتوانین لەسەر تاقە پێناسێك کۆکبین بۆی, چونکە شیعر لە هەمان یەك کاتدا چەندین سیفەتی وەکی: (باڵندە, دز, ڕۆحێکی عاشق, دەمامکباز, نەوەیەکی زوو بەرهەمهاتوو, چەتوون و.. تاد)، خۆی دەنوێنێت و لە هەر شێوەیەکیش لەو شێوانەدا, مەبەستی شیعر یەکە و لە تاقە سەرچاوەیەکەوە ڕێڕەوی گرتۆتە بەر, ئەویش دامرکاندنەوەی ئەو هەستە پڕ لە ئازارەیە, کە





لە نیوە شەوێکا یان لە ڕۆژێکی ڕووناکا, لە نێو قەرباڵغییەکدا یان لەوپەڕی کپی و هێمنیدا, لە هەر جێگەیەکدا، کە خۆی بیەوێ و ئارەزوو بکا, تەنگ بە شاعیر هەڵدەچنێ و بۆ تەمەنێ لە ژیانێکی دوور لێرە, دەبێتە هاوەڵێکی لێجیانەبۆوەی شاعیرو دواتریش لەوێندەرێوە بە پەیامێکی مەزنەوە, خۆی دەکاتە ماڵی هەر یەك لە ئێمەیا و ئەو کارەی خۆی ئادا ئەکا. شیعر دەیەوێ لەڕێگەی ئەو کەسەوەی کە ناوی شاعیرە, دڵی ئێمە بکاتە مەنزڵگەی لێبووردن و جەنجاڵی تفتوتاڵی ناهەمواریبەکانمانی لێوەدەربنێ.

ئێمە زۆر بە چاکی شیعرمان نەناسیوە، واپێدەچێ مەحاڵیش بێ بیناسینەوە, چونکی دوابەدوای ناسینەوەی شیعر, هەموو ئەرك و ڕاسپاردەیەکی ئەو کۆتای پێدێ و لە ڕاستە شەقام و کوچەکانی هەر شارێك, هەر گوندێك و هەر پنتێکدا بە (هی های) خەڵکی وەدەری ئەنێن, ئاخر بۆ ناپرسن, لەوەتەی شیعر هەیە, بەو نەناسیاوییەشی ئێمە شەڕی لەگەڵ دەکەین, نەخوازەڵلا بێت و بە ڕوخسارە دیارەکەیەوە خۆیمان پیشانبدا, دەبێ چ بەسەر بێنین..؟

سەرەڕای ئەو تێنەگەیشتن و بەدحاڵیبوونەی ئێمە لە شیعر, کەچی ئەو هەمیشە وەك هاوڕێیەکی بە سۆزو خوایەکی زۆر میهرەبان, دێت و سەرمان لە کۆش دەگرێ و بە دەسەواژە سەیرەکانی خۆی, سروودی بەرخودانیمان بۆ دەچڕێ، کەوابێ, دەبێت دوایین وێستگەیەکی ئەم لێدوانە خێرایە, چیمان پێببەخشێ، لەوەی کە ئاخۆ دەبێ شیعر چی بێ؟

* * *

زۆرن ئەوانەی بە دیوێکی تردا باس لە شاعیر دەکەن, خۆ ئەگەر ئەو کەسانە

بە درێژەپێدەری ڕەوتی فیکری یۆنانی کۆن بدەینە خامە، سەبارەت بە هزرکردنیان، ئەوا دەخزێینە سەر خواستێکی تر، لەوانەش: (ڕاکان)، کە پێیوایە هەموو تەمەنی بە فیڕۆ چووە، چونکە بە کارێکی بێهوودەی وەك شیعرەوە بەسەری بردووە. هەروەك مامۆستاکەشی، کە (مالیێرب)ە، دەڵێت: "شاعیر هیچ شتێك نییە، پێش هەموو شتێك دروستکەری شیعرەو هیچی تر..". هەر لەم بارەیەوە ئەوەتا ( پلەیتۆ) بڕوای وایە، کە شیعر شتێکی خراپە، چونکە شاعیر کەسێکی بێتوانایە و دەبێ (میوس)ی خواوەندی سروش (وەحی)، سروشی پێببەخشێ، ئەوسا شیعر لە دایکدەبێ. ئەوەتا زۆرجاریش بیرو بۆچوونی وا هەیە، کە ساتەوەختی لەدایکبوونی هەر شیعرێك سات و کاتی بێدەسەڵاتی و زەلیلی شاعیرە، بەڵام ئەمە تەواو پێچەوانەیە بەڕاستییەکان، چونکە ئەگەر شاعیر بێدەسەڵاتیش بێ و تەنانەت گریانیش تەنگی تێهەڵپێچێ، ئەوا مانای کەمتوانایی و بێدەسەڵاتی نییە، بەڵکو ئەو لە دەرەنجامی دۆڕاندنی باوەڕ و متمانەوەیە بە بوونێك، کە ئەو دەیەوێ لە پاڵیدا بە بەنازترین چەشن بژێت. (ڕێبوار سیوەیلی) دەڵێ: "شیعر شایەتمان هێنانە بە ژیان لە پرۆسەی ئیمانداریی متمانەمادا بە بوون"، ڕەنگە ئەمەیان بەهەمان ئەو دیدەی (هایدگەر) بێت، کە پێیوایە: "پێوەندی مرۆڤ بە بوونەوە، هەمیشە پێوەندییەکی شاعیرانەیە".

* * *

بەردەوام دەوترێ و هەمیشەیش وتراوە، لەوەی (سۆز، بیر، ئەندێشە، شێوە..) پێکهێنەری ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەدەبن بە گشتی، واتە ئەکرێ ئەو ڕەگەزانە لە چیرۆکێکدا بەدی بکرێن، وەکی ئەوەی لە شیعرێکیشدا هەن، بەهەمان چەشن بۆ ئەوانیتری ژانر و بەشە جیاوازەکانی دیکەی ئەدەب و لق





و ڕەگەزەکانی، کەواتە شتێکی ئاساییە گەر شیعر وەك ئەوەی یەکێکە لە هەرە کاریگەرترینی بەشەکانی ئەدەب، (ئەمەش بە پێی ئەو جەماوەریەتییەی هەیەتی لە نێو ئەوانیتردا) بە ڕێژەیەکی گەورەتر ئەو ڕەگەزانە لە خۆیدا کۆبکاتەوە، بەڵام ئەو پرسیارەی کە دەکرێ ئێمە زیندووی بکەینەوە، ئەوەیە ئاخۆ شیعر لە هەموو کات و ساتێکدا پێوەستە بەو چوارەوە؟

ئێمە بێگومانین لەوەی کە هەموو شتێك، بەبێ کایەیەك، کە لەسەری بنیاد بنرێ، ناکرێ بوونێکی شەرعی پێببەخشرێ، ئەم ڕێسایە شیعریشی دەچێتە پاڵ، ڕوونتر بڵێین: ئێمە کۆکین لەسەر ئەوەی هەریەك لە (سۆز، بیر، ئەندێشە، شێوە..) کاریگەریی و ڕۆڵی زۆر ئەکتیڤی خۆیان دەگێڕن بەسەر پرۆسەی وەبەرهێنانی تێکستێکی ئەدەبییەوە، کە دواتر ناوی شیعر، چیرۆك، پەخشان.. تد.. بە باڵادا دەبڕێ، بەڵام لە هەمان ئەو کاتەدا ئەمە مانای وەنییە ئەم چوارینەیە بە شێوەیەکی ڕەها پێکەوە بەستراو بن و دەگمەن بێ، کە شیعرێك بەبێ بوونی ئەوان بەرهەم نەهێنرێت، هەروا ئەم یدەش ڕەهایی پێوە نالکێ.

ڕەنگە پرسیار بکرێ لەوەی چۆن ڕەوایە کەسێك، کە خاوەنی هۆش و بیر نەبێ، بتوانێ شیعر یان هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بنووسێ؟ ڕاستە مرۆڤێك، کە خاوەنی هیچ لێکدانەوەیەك نەبێ، ئەوا خاوەنی هیچ بیرێکیش نییە، تا بتوانێ لە ڕێگەی ئەو بیرەوە شێوەیەك بەرهەمبهێنێ و تێدا نیگای سۆزی خۆی لەمەڕ هەر ڕووداوێ بکێشێ، بۆیە وا باوە، کە بگوترێ شێت ناتوانێ فلانە کار ڕاپەڕێنێت، یان قسە لە شێت ناگیرێ (ئەگەر ئەتەوێ بکەوتە لێکدانەوەی باشتر بۆ ئەم کێشەیە، بڕوانە پێشینان چییان وتووە: قسە یا لە شێت یان لە مناڵ)، ئیتر چۆن ئەتوانێ شیعر بنووسێ (قسانی ئێمە لەمەڕ

ئەوە نییە بزانین شێت چۆن دەنووسێ یان بۆ نانووسێ..) ، کەچی ئێمە دەبینین ئەو حاڵەتەی کە تێدا شاعیر دەست ئەداتە خامەو کاری وێناکردنی هەڵچوونێك ئەنجامدەدا, زۆرینەی جارەکان ئەو شاعیرە هیچ نییە, پتر لەوەی شێتێکی لە پێش ئەو حاڵەتە عاقڵ، واتە ئەوەی کە نێوان شاعیر و شێتێکی ڕەسمی دیوار هەڵچن دەکات, تەنها ساتەکانی پێش دەسگەیشتنی شاعیرەکەیە بە خامە، ئەگینا بەبێ شێتبوون مەحاڵە شاعیر بتوانێ ئەوەی دەیوروژێنێ بیخاتە سەر پەڕە, نمونەش لەو بارەیەوە گەلێکن, بڕوانە ئەو ژیانەی کە (وەلی دێوانە) لە عەزرەتی (شەم)داو لە دوادوایی ساتەکانی ژیانیدا دەیگوزەرێنێت, ئایا ئەوە شاعیرێکی شێتە, یان شێتێکی شاعیرە؟ هەڵبەت ئەم پرسیارە گوتەیەکی (سوکرات)مان وەبیردێنێتەوە, کە پێیوایە، "شیعر شتێك نییە جێی بڕوابێت و لە واقیعدا جێی خۆی بکاتەوە, چونکە شاعیر کاتێك ئەو سۆزە دەردەبڕێت, لە بارێکی مەستی و بێ ئاگاییدایە"، هەربۆیە سوکرات دەیوت: شاعیر جگە لە شێتێك بەدەر, هیچی تر نییە..! ئەو حاڵەتەی کە تێدا شاعیر ژان دەیگرێ، خاوەنی هێزێکی گەورەی بیرکردنەوەو خەیاڵە و ئەوەش لە ئەنجامی هەڵچوونێکی شێتانەوە پەی پێدەبا, کە دەرەنجامەکەشی توانا بەخشینە بە شاعیر لەوەی چۆن نەوتراو و نەبینراوەکانی لەوەو پێش بە زمان و دیدێکی جوودای هەبوونەوە پێیبگا.. تۆ تەماشای ئەو ڕایەی (عەبدولوتەلیب عەبدوڵلا) بکە، کە پێیوایە: "حاڵەتی نووسین هەرگیز سروشتی نییە, بەڵکو بەلای ئەوەوە چرکەساتی نووسین بریتییە لە چرکەساتی تەقاندنەوەی خەیاڵی وشە و شێتبوونی نووسەر..".

* * *

شاعیر پەیوەست نییە بە زەمەنی تایبەتی نووسینەوە, بۆ نمونە وتویانە:





شاعیر ناتوانێ شت بنووسێ ئەگەر لە بەرەبەیاندا نەبێ, یان لە نیوە شەوێکی تاریکدا.. ئەمانە ئەکرێ بە مانای بابەتی وەریانبگرین, دەنا ناکرێ بۆ ڕۆحێکی وەك هی شاعیر بە شێوازی لۆژیك, گرێدراوبێ بە کاتەوە, چونکە هەموو کاتێ بۆ شاعیر یەکە و ئەو توانامەندە لەوەی چۆنچۆنی ژانێك لە پەیکەری شیعرێکدا دابڕێژێ. ڕێبوار سیوەیلی لەمبارەیەوە ئەڵێ: "دەبێ شیعر وەك هەر ڕووداوێکی دیکە تەماشا بکەین, کە چرکەی ڕوودانەکەی نازانین و ناتوانین بیزانین و بۆمان نییە بیزانین"، ئەمەش ئەوەمان بیردەخاتەوە، کە نێوانی شیعر و کات پرسێکی تایبەتییە، هەربۆیە تێگەیشتنمان لە کات، وەك مێژوو ئەوەمان پێدەگەیەنێ، کە شیعر ڕووداوێکی غەیرە مێژووییە, بۆیە ناکرێ و مەحاڵە شیعر لە نێو قاوخەکانی کات و مێژوودا ڕاگیر بکرێت, ئەمەش مانای ڕەتکردنەوەی بوونی مێژوو نییە لە بۆتەی دەقی شیعریدا, چونکە (بەختیار عەلی) گوتەنی: "شاعیر ناتوانێت مێژوو بکوژێت, بەڵام مێژوو ناچار دەکات بە زمانی ئەو قسە بکات, بە جۆرێك بدوێت تەواو دوور لە نیازی مێژوو".

* * *

ئەگەر ئێمە بە دووی ئەوەدا بگەڕێین, ئاخۆ ئەوە چییە وادەکا، شاعیر شیعرێك بنووسێ, یان باشتر بڵێین: ئەو ڕەگەزانە چیین، کە دەبنە بنەمایەی بنیادنانی تێکستێکی شیعریی, دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو پێناسانەی کە لەبارەی شیعرەو وتراون, ئەوکات ئەکرێ بکەوینە سەر ڕێڕەوێك و تێیدا قسان لەبارەی بابەتێکی ئاوا ئاڵۆزەوە بکەین, ئاڵۆزییەکەی بەو مانایەی کە ئێمە دەمانەوێ باسی شتێك بکەین، کە سەردەمانێك بە شێوەی سروش ناوبراوەو زۆرجاریش پێوەندبارکراوە بە (دێو و درنج و جنۆکە)و شتی

لەوجۆرە.. بەهەرحاڵ دەبینین لە هەریەك لەو چەشنە بیرکردنەوانەدا دواتر سیفەتی پیٚغەمبەریٚتی دراوەتە پاڵ شاعیرو ئەوەتا (موتەنەبی) باوەڕی بە پیٚغەمبەریٚتی خۆی هیٚناوەو کەسانیٚکی زۆریش لەدوای خۆی باوەڕیان بە پیٚغەمبەریٚتییەکەی ئەو هەبووە, بۆیە ئیٚمە، کە دەمانەویٚت بلیٚین شیعر (وا دەنووسریٚت), ئەوا دەبیٚ بچین لە دەرگای هەرچی ژانوژووی ناخەوەی مرۆڤیٚك هەیە، کە خودی شاعیرە بکوتین و لە بەر سیٚبەری هەتاوی وشە و کۆمەلیٚك حالەتی سایکۆلۆژی نادیاردا تاوتویێ بکەین. ئەو پیٚناسانەش، کە بۆ شیعر کراون عەیامیٚك پیٚشتر لە ئیٚمە پەیانبردۆتە ئەو شویٚنگەیە, کە هەنووکە ئیٚمە دەمانەویٚت بیدۆزینەوە, بیٚگومان ئەوانەش هەرچەنیٚك لیٚکەوە دووربن, چ لە ڕووی زەمەن و چ لە ڕووی ئاستی بیرکردنەوەی خاوەنەکانیان, تەماشا دەکەین حالەکاتی ویٚکچوون و لیٚکتەرییی و زۆر لیٚکنزیکی زەق هەیە لە نیٚوانیاندا, تۆ بڕوانە (ئەفلاٚتۆن) لە سەردەمیٚکی زۆر دیٚرینەوە دیٚت و لە کۆمارەکەی خۆیدا, تەنها شیٚوە شیعریٚك پەسەند دەکا، کە تیٚدا عەقڵ تیٚدا زاڵ بیٚ، یان بلیٚین بالاٚدەست بیٚ، ڕاستە ئەو دیدەی ئەفلاٚتۆن بۆ ئەو سەردەمی خۆی لە قەرەی باسی وا نەئەدا, کە ئیٚستە من دواتر دیٚمە سەری, چونکە ئەو هیچ پانتاییەك بۆ شیعر بەجیٚ ناهیٚلیٚ لە قاوخی مەعریفەدا و نەش بۆ شاعیر ئەو چەشنە کەسایەتییە دەسەبەر دەکا, چونکە گەرەکی بوو کۆماریٚکی دەولەمەند و دەسڕۆ بنیاد بنیٚ و تیٚدا عەقڵ بەرقەرار بیٚت, کە دەرەنجام وابکا مرۆڤ هەمیشە خاوەنی توانا و هیٚزی خۆی بیٚ نەك لە ساتەکانی لیٚکەوتن و دەسنەڕۆشتندا دەس بە نووزانەوەو پاڕانەوە بکا, کەچی کەسیٚکی وەك (ساندپیٚڤ) لە کاتیٚکی پاشتردا دەیەویٚت شیعر پەیوەندبار بکا بە هەلچوونە بچوکەکانەوەو ئەو ویٚنە





بچوکانەی کە دروستی دەکا, ئەگەر بە مانای بەرتەسککردنەوەی مەودا بەرفراوانەکانی شیعر نەشکیٚتەوە, ئەوا لیٚرەدا دەکریٚ ئیٚمە بە وەرگرتنی دیدی ئەفلاٚتۆن و ساندپیٚڤ لەمەڕ شیعرەوە, ئەو ڕەگەزانە دیاری بکەین کە بە ڕای من بە هەرچی لایەك و هەرچی چۆنیٚك بیسوڕیٚنینەوە خۆی لە وەلاٚمدانەوەی شاعیردا دەبینیٚتەوە بەرامبەر بە هەلچوونە هەمەشیٚوەکان, کە سەرچاوەیەکی سایکۆلۆژییانەی هەیە و ئەنجاش وەلاٚمدانەوەیەکی فەلسەفییانەیە, کە ئەمەی دواییان سەرچاوەکەی دەگەڕیٚتەوە سەر مەنزڵ و ڕیٚگەی عەقڵ، کەواتا شیعر پەیوەستی دوو حالەتی هەمیشە زیندوو و ئامادەیە لە کەسیٚتی شاعیردا, ئەویش: (سۆز و هۆش)ە. دواتر ئەوکاتەی کە شاعیر ویٚنە و نیگاری خەمیٚك, لە قەوارەی شیعریٚکدا دیاردەکا بۆ خویٚنەر, دەگەڕیٚتەوە لای شیٚوەو ئەندیٚشەکەی و ئەو لە هەمان یەککاتدا بریتییە لە خوودی خۆی و کەسی بەرامبەریش, بۆیە ئەتوانیٚ کاربکاتە سەر ناوەوەی خویٚنەر و لەوە تیٚیبگەیەنیٚ، کە چۆن پەتایەك یان جوانییەك, هیوایەك, خەمیٚك.. نازانم چییەك هەیە و پەستانی گەورە و گران دەخاتە سەر دەروونی ئەو, ئەکریٚ بلیٚین هەر ئەم کایەیە وادەکا شیعر یەکیٚك بیٚت لە هەرە گەورەترین پیٚویستییەکانی ژیان, بڕوانە (ژان کۆکتۆ) دەلیٚ چی:
"شیعر پیٚویستییەکە, ئاخ خۆزگە گەر ئەمزانی بۆ؟".

* تەوەری دووەم/ شیعری نویٚ و تیٚکهەلچرژاوی

شیعر هەر چۆنیٚك بیٚت ئەکریٚ ناوی شیعری لیٚبنریٚ, بەلاٚم ئایا ئەو شیعرە تاچەند ڕەوایەتی بەو ناوە داوە, ئەوە دەبیٚتە مایەی ئەوەی کە ئایا ئەو شیعرە زیندووە یان بە پیٚچەوانەوە؟ زیندویٚتی دەچیٚتە خانەی ئەوەی کە ئەو بەرهەمە شیعرییە تا زەمەنیٚکی دواتریش هەر بەرامە و بۆنی ئەو کاتەی لیٚییٚ، کە

تێدا بەرهەمهاتووە، ئەمەش ئەوەمان بیر دەخاتەوە، کە دەبێ شاعیری نوێخواز لە نووسیندا پێش زەمەنی تیا نووسینی بەرهەمەکەی بکەوێ, ئەگینا بە پێچەوانەوە ئەو شاعیرە سەرکەوتوو نابێت لە مەرامەکەیدا.. واتە شیعری نوێ چەندێك پێویستی بە گۆڕان هەیە لە شێوەو ناوەڕۆکدا, ئەوەندە و بگرە زیاتریش پێویستی بەوەیە، کە شاعیر ڕادە و ئاستی داهێنان لەبەر چاوبگرێ لە هەر کارێکی شیعریدا.

ڕاستە لە ڕۆژانی ئەمڕۆماندا کۆمەڵێکی زۆرو زەوەند دەبینین لە بەرهەمی شیعری شاعیرە لاوەکان, بەڵام ئەکرێ هەموو ئەوانە مافی ئەوەیان پێنەدرێ، کە بە بەرهەمی داهێنەر و زیندوو ناوببرێن, چونکە بە داخەوە بە بڵاوبوونەوەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا, ناوی شیعریان بە باڵادا دەبڕێ، ئەمەش شتێکی سروشتییە, چونکە هەر لە سەردەمە زۆر دێرینەکانەوە, شیعر وەك کۆرپەلەیەك لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا گەشەی کردووەو لە زۆربەی شارستانێتەکانی دوورو نزیکی مێژووشدا گرنگی زۆری پێدراوە, بۆیە ڕەوایە لە حاڵەکاتێکی ئاوادا، کە کەسانێکی زۆر هەبن دەستیان دابێتە شیعر و شیعرنووسی, بەڵام ئاخۆ لە دواییدا چەند لەو هەوڵانە بە زیندوویی و نەمریی ماونەتەوە؟ ئەوە هەمیشە دەبێتە سەنگی مەحەك، ئەمە بۆتە یاسایەك، کە ئەکرێ گشتاندن بکرێ بەسەر سەرجەم ئاست و پلە و لقەکانی ئەدەبدا و لە نێو هەموویشیاندا شیعر بە شێوەیەکی تایبەتی.

❋ ❋ ❋

بەختیار عەلی دەڵێ: "پێوەندی نیوان شیعر و مۆدێرنە پێوەندییەکی قوڵترە لەوەی بیگێڕیتەوە بۆ تەنیا زەمەنێك یان بۆ کاریگەریی ڕۆحی





قۆناغێك لەسەر جۆرێك لە جۆرەکانی شیعر", بەواتای ئەوەی سەرچاوەو چاوگەی تیا بەرهەمهاتنی شیعری نوێ خودی بەرەو پێشەوەچوونی کاروانی پیشەسازی و تەکنەلۆژی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە, کە لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم و جیهانگیریدا, هەموو شتێك وا لە پێشڤەچوون و تەکاندایە, بۆیە ئەم حاڵەکاتەش وا ئەکا، کە فۆرمی نوێ لە هەموو بارێکەوە بێتە ناو بەشە جیاجیاکانی ئەدەبەوە, بەڵام لەهەمانکاتدا من ڕاموایە، کە شاعیری ڕاستەقینەی نوێخواز دەتوانێ پرۆسەی نوێکردنەوەی خۆی و ئەوەی کە بەرهەمی دێنێت بە پرۆسەی نوێکردنەوەی جیهانەوە نەبەستێتەوە, بە مانایەکی تر ئەتوانێ پرۆژەی نوێکردنەوەی خۆی لە پرۆژەی خۆنوێکردنەوەی جیهان جیابکاتەوە.

بەهەرحاڵ کە لە سەرەتادا ئەو حاڵەتانەم کردە چاوگەی تیا بەرهەم هاتنی شیعری نوێ, دەبێ لێرەشدا لە پێشەوەی هەموو شتێك ئاماژە بەوە بدەین، کە گۆڕانی گەورەو گرنگ بەسەر (زمانی شیعر)دا هاتووە, ئەمە بەدەر لەوەی کە هەمان حاڵەکات پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کەسێتی شاعیرەوە هەیە, لە ڕووی بەرزبوونەوە ئاستی ڕۆشنبیری شاعیرەوە, چونکە ناکرێ ئێمە ئەوە لە یاد بکەین, کە هەموو شاعیرێك پێش ئەوەی شاعیر بێت, مرۆڤە و وەکی هەموو کەسێکی تر پێویستی بە ژێرخانێکی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری و مەعریفەی هەیە، تا بتوانی بێتە نێو جیهانی شیعرو ئەدەبیاتەوە. کەسانێك هەن وا تێگەیشتوون لە پرۆسەی نوێیەتی و شیعری نوێ, کە گوایە دەسبەردار بوونە لە هەموو کایە و دەسکەوتێکی کۆن, ڕاستە نوێخوازی بەرپەرچدانەوەی هەموو شتێکی کۆن و بەسەرچووە, بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بکەین, کە هەموو نوێیەك (کولاّو و برژاوی) نێو عەماری کۆنە

و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە, هەر ئەم دیدە پۆزەتیڤەیە لەمەڕ شیعری نوێی کوردییەوە هاتۆتە پێشێ, کەچی ئەگەر ئێمە وردتر بڕوانینە ئەو هاوکێشەیە دەبینین شیعری نوێی کوردی, زیاتر مێژوو, ئەفسانە, فەنتازیا.. و هتدی کردۆتە پایەوانەی خۆی، بۆیە شاعیر بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمێکی نوێ هەمیشە پەنا ئەداتە بەر ئەو توخم و ڕەگەزانە.

بۆ ئەوەی بزانین چی وائەکا شیعری نوێ تێکهەڵچرژاو بێ, دەبێ ئێمە ئەوە بزانین، کە (زمان) کاریگەرترینی ئامرازەکانە بۆ هێنانە کایەی هەر دەقێکی شیعری, جا بە بۆنەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و هاتنە کایەی وشە و دەستەواژەی پێوەندبار بەو بوارەوەو زۆرینەی بوارەکانی تریش, بۆیە هەمیشە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە شیعرەکانی دەبێتە بارگەی تەم و لێلایی، ئەمەش شتێکی ڕەوایە و مافی هەموو شاعیرێکە، بۆیە قسەکردنی ئێمە لە بارەی زمانی شیعرەوە, لەیەکوەختا دوو ئاراستەی جیا لەخۆ دەگرێ، یەکیان قسەکردنە لە بارەی شیعری نوێ و ئەوی دیکەیان ئەو تێکهەڵچرژاوییەیە، کە ئەم جۆرە شیعرەی پێدەناسرێتەوە.

* * *

بە ڕای (ئەدۆنیس) شیعری نوێ زمانی دەربڕین و گوزارشتکردن بە زمانی داهێنان دەگۆڕێ, واتە شاعیری نوێخواز ئەو کەسە نییە، کە شتێکی بۆ تەعبیرکرن لایە, بەڵکو ئەو کەسەیە کە شتەکان بە شێوازێکی جیاواز دادەهێنێ و دەیدا لە قاڵب. ئەمەش تەواو لەگەڵ ئەو دیدەی (عەتا قەرەداغی)یدا وێکدێتەوە، کە پێیوایە "لە شیعری نوێدا زمانێك بەکاردەبرێت جیاوازە لە هی کۆن, لێرە دوو ئاستی زمان لە ئارادان، کە مەرجی سەرەکین بۆ بەرهەمهێنانی دەقی زیندوو, یەکەمیان زمانی دەقە و





دووەمیان زمانی ئەودیوی دەقە, کە کۆڵەکەی سەرەکییە بۆ دروستکردنی دەقی زیندوو", ئا لێرەوە شاعیر دەتوانێ هەموو شتێکی نەزانراو (غیر مألوف) بکات بە زانراو (مألوف), ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە وشە بۆ خۆی مانای ڕاستەوخۆی هەیە, بەڵام لە شیعردا ئەو مانایە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و قوڵتر خوی دەنوێنێ, باشترە بڵێین, واتا وشەی شیعری و نا شیعریمان هەیە, کە لە یەکەمیاندا ئەکرێ هەموو وشە ئاساییەکان لە هەمان یەککاتدا بە دوو دیواد بەکارببرێن, چونکە وشە لە ناو ئەو زمانەدا تەنها بریتی نییە لە پیت و مۆسیقای پیتەکان, بەڵکو لەودیوی ئەوانەوە, خوێنی تایبەت و سوڕی خوێنی ژیانی تایبەتی خۆی هەیە..".

مەعلومە لەوەی زمان هەر تەنیا بریتیی نییە لە وشە, (ڕامبۆ)ی شاعیر دەڵێ: "من خۆم لە پشت پیتەکاندا, ڕۆحی پیتەکاندا ئەدۆزمەوە, نەك مانای وشەکان.." تائەوەی تەواوی دەکا و دەڵێ: "توخوا دڵەکەی من, بەم پیتانەی کە وەکو بزمار ئەیانچەقێنمە سەر کاغەز شیعرەکانی خۆت مەنووسەوە..", بەمەش دەر دەکەوێ، کە نەك هەر وشە، بەڵکە پیتیش بۆ خۆی بەهایەکی گەورەی شیعرە. هەر پێوەند بەم پرسەوە، (وتفرید ناوتنی) ڕای خۆی بەمشێوەیە بەیان دەکا لەوەی: "جیاوازییەکی سەرەکی هەیە لە نێوان زمانی هۆنراوەو ئەو زمانەی کە لە دەرەوەی هۆنراوە بەکاردێت, ئەویش ئەوەیە: یەکەمیان (زمانی شیعر) زیاتر بونیاد ئامێزییە و دووەمیان بەدەرە لەو حوکمە..).

بەشێوەیەکی گشتییش وەك (ڕۆلان بارت) وتوێتی: "ئەدەب جگە لە زمان هیچی تر نییە". دیارە لێرەدا واژەی ئەدەب سەرانسەر جۆر و ژانرەکانی

دەگرێتەوە, لەو نێوەندەشدا شیعر بەتایبەتی, چونکە ناکرێ ئەوە لە یاد بکەین، کە ژانری شیعر بەبێ زمان پووچ دەبێتەوە, هەروەکی ئەو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین، کە لە هەمانکاتدا زمانیش بەبێ خەیاڵکردن هیچی تر نییە, بۆیە حەرام نییە گەر ناواقعییەت بەدیوی ئەودیودا بسەپێنین بەسەر بوونی هەر شیعرێکدا, چونکە هەموو شیعرێك لە منداڵدانی زمانەوە دێتە بوون, ئەو زمانەش، کە وتمان ناکرێ بێ خەیاڵ بێت, زمانی شیعریی ناوە, جا زمانی شیعری هەروەك (ئەدۆنیس)یش ڕایوایە واقیع وەك خۆی ناڵێتەوە, بەڵکو گەردوونییەت و بەردەوامی گۆڕانە, لەوە زیاتر، کە تەنها ئامرازێك بێت بۆ گواستنەوە و تێگەیشتن, بەڵکو ئامرازێکە بۆ جێنیشتەبوون و دۆزینەوە, یەکەمین ئامانجی وروژاندن و خستنە دڵە و هەژاندنی ناخە, (زمانی شیعر بەردەوام ڕاکردنە لە جۆرێك لە زمان, هەمیشە ڕاکردنە لە سیستەمە دیاریکراوەکان, هەمیشە لە چوارچێوەکان ڕادەکات, زمانی شیعر هەمیشە سنوور بەزێنە, زمانێکە هەرگیز بەرە و میتافیزیکا ناچێ, زمانێکە جگە لە ونبوون هیچی تر نابڕێ, زمانێکە هەرگیز ناکەوێتە حاڵەتی دەس بەسەرا گرتن, بەڵکو هەمیشە لە وەهمی دەس بەسەراگرتندایە, وەهمی دەس بەسەراگرتنیش جگە لەو تەمەی کە پێیدەڵێن فێڵی زمان شتێکی دیکە نییە) ئەمە تەواوی بۆچوونی عەبدولموتەلیب عەبدوڵلایە، کە ئەوەی لێوەهەڵدەگۆزین، کە زمانی شیعر لە ئاستی شتەکاندا خۆی دەنوێنێ, نرخەکەی لە نێو جوداخوازیدایە و هەرچی پێیدەوترێ ئامانج و خواست لە قەوارەی بوون و شوێنی بوونی زمانی شیعردا خۆی مەڵاس دەدا، بڕوانە (بەختیار عەلی)یش دەڵێ: "من باوەڕێکی تەواوم هەیە، کە شیعر لە قوڵاییدا





گەمەیە، کە دەڵێم شیعر گەمەیە بەو مانایە گەمەیە کە کار لەسەر واقیعێکی ئیفترازی دەکا, بەو مانایەی کە جیهان وەك خۆی تێدا دەرناکەوێت، ئەمەش بە واتای ئەوەی کارکردی تێکستی شیعری، بریتییە لە خولقاندنی بوون یان شتێکی گریمانکراو، کە لەنێو سنووری زماندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، چونکە دواجار شاعیر مافی یاریکردنی هەیە لەنێو ئەو سنوورەی زماندا، بۆ ئەوەی بینای ئەو شتە گریمانکراوەی خۆی تەواو بکات، بێگومان ئەم گەمە و یارییەی کە لێرەدا بە باڵای شیعریدا دەبڕین و دەیکەینە مافێکیش بۆ شاعیر, ئەوەمان بۆ دیاری دەکا، کە پانتایی زمانی شیعریی تا ئەوپەڕی هەستکردن بە بوون، بڕ دەکا و دەڕوا, بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە، کە شیعر بە تەنیاهەر گەمەکردن بێت لەناو زماندا, هەر تەنیا بازبازێن بێت لەناو تەکنیکەکان و فۆرمەکانی نووسیندا، بەڵکو ئەوەی بۆ ئەم گەمەیە دەلوێ ئەوەیە، کە ئازادە لە هەڵبژاردنی فۆرمە تایبەتمەندەکانی لە ڕێگای بەکارهێنانی زاراوەکانی تایبەت بە شیعرو دەرچوون لە سەنتەری دەسەڵاتی ڕێزمانی و بنەما باوەکان. هەروەك (پیکاسۆ) دەڵێت: "هونەر حەقیقەت نییە, بەڵکو درۆیەکە لەنێوان ڕاستیدا دەیبینین", کەواتا چۆن ئەو درۆیە وەك ڕاستییەك دەرخەیت و قەناعەتیش بە بەرامبەرکەت بکەی لەوەی کە ئەمە حەقیقەتە.

* * *

بێگومان ئەو توانا و هێزەی کە زمانی شیعر هەیەتی وادەکا، هەمیشە دەقی شیعری خاوەنی چەندین ڕەهەندی لێکجیاواز بێت, مەبەست لە فرە ڕەهەندی دەقی شیعری بۆ لای خوێنەری دەق دەگەڕێنمەوە , (ئەدۆنیس) کە باس لە زمانی شیعر دەکات دەڵێ: "ئەو زمانەی لە شیعردا بەکاردەبرێت, خاوەنی هێزێکی گەورەی بنیادنان و سەرلەنوێ تێکشکان و جارێکی تر

دروستکردنەوەیە, ئەمەش وا لە شیعری نوێ دەکا، کە خاوەنی چەندین ڕووی لێکجیاواز بێت, کە دواتر سەرجەمیان وێنای فۆرمی گشتی دەقەکە دەکێشن, ئەو چەندین ڕووەش بەو مانایە دێت کە شیعری نوێ (مجسم)ە" هەروەك (دریدا)ش پێیوایە، کە "چەندجار بیخوێنیتەوە, خوێندنەوەی تری بەدوادا دێت". لێرەشەوە تێدەگەین، کە تێکستی شیعری تا ئەو چرکەساتە زیندووەو ژیاوە، کە هێندەی خوێندنەوەکانی و هێندەی دۆزینەوەو کردنەوەی کۆدەکانی، شرۆڤە و لێکدانەوەی بەدوایدا بێت، واتا "شیعر لە هەر خوێندنەوەیەکدا شتی نوێ و جیاواز بە دەستەوە دەدات, لەهەر خوێندنەوەیەکدا بەپێی ئامادەگی خوێنەر و فەزای خوێندنەوە و ئاراستەکانی خوێنەر دنیای خۆی دادەمەزرێنی..", کەواتە مەرج نییە ئێمە هەموو دەقێکیش بە زیندوو بزانین, چونکە شاعیری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە، کە توانای بەکارهێنانی کەرەستەکانی نووسینی شیعری هەیە, بۆ ئەوەی تێکستەکە نەمری و بەرگی زیندوێتی هەمیشەیی بپۆشێ و دواجار نەبێتە ڕیزکردنی وشە و هیچی تر, چونکە دەبێت لە نێو خودی ئەو وشەیەدا هەزاران سیناریۆ و ئەفسانە و نیاز و مەبەست خۆی حەشار دابێت و بە ڕاستی ڕۆڵی کارا بگێڕێ لە جولانەوە و بزواندنی هەست و سۆزی خوێنەردا, کە دواتر ئەزموونەکانی شاعیری ڕاستەقینەی پێدەردەکەوێت و ئەوجایش زمان و ژیان لە یەك سنووردا ئەبن بە یەك ڕەنگودەنگ. جا ئالۆزی شیعری نوێ لەوەدایە, کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە ململانێدایە، بەر لەهەر شتێکیش ململانێکە لەنێو پێکهاتەکانی خۆیدایە، بەو مانایەی شیعری زیندوو و داهێنەرانە ئەوەیە، کە هەمیشە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە و بەرگی تر لەبەر دەکاتەوە, ئەم داوەریکردنەش بۆ ئەوە نییە، کە ڕەوایەتی بە لێڵی و ئالۆزی لە شیعردا





بدەین، چونکە وێڕای هەر لێڵی و ئالۆزییەکیش دەبێ نووسینی داهێنەرانە و دەقی زیندوو، بە خوێندنەوەی جار لەدوای جار ڕوونبوونەوەو ڕۆشنبوونەوەی هەبێ، "یەکەمجار دەقی ئیبداعی تەمێکە, ئاوێنەیەکی لێڵە, پاشان لە ساتەوەختی دەسلێدان و خوێندنەوەوە گیانی وەبەردێت, هەر لەو گیانەشەوە نەمری بۆخۆی وەدەست دەێنێ..", کەواتە شیعر هەمیشەیی بە خۆی دەبەخشێت لە نێوان گونجان و نەگونجاندا، لەنێوان ئالۆزبوون و سادەییدا، چونکە "شیعر تەنیا دۆزینەوەی تازە نییە, بەڵکو بەکارهێنانی کۆنە دژ بە خۆی, بەکارهێنانی هێزەکانی ئێستای ناومانە دژی خۆیان". ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە دوور دەکەوینەوە لەو یاسایانەی کە ئەکرێ بۆ دیاریکردنی شیعری سەرکەوتوو ناوببرێن.. نەخێر، چونکە ئێمە بەو گوتارەمان نامانەوێ بچینە دەرەوەی تخوبەکانی خەیالەو جارێ بۆ نووسینی شیعر بدەین، کە واشیێ، ئەوا ناشچینە دەرەوەی زمان بۆ ئەوەی شیعر بنووسین, تەواوی ئەمانەش وا دەکەن، نەویستانە نەچینە دەرەوەی کولتورو مێژوو و تەنانەت واقیعیش، بەڵکو بۆ هەمیشە لە ئێستە و لێرە و بە تەواوی کەرەستە و ئەگەر و هەلە جیاجیاکانەوە هەوڵدەین، شیعر بەرهەم بهێنین، بەڵام دواجار سەرجەم ئەوانە بەشێوەیەکی پێچەوانەیی، واتا دژ بە خۆیان و دژ بەو ترادسیۆنەی کە خودی پرۆسەی بەرهەمهێنان دەخاتە گەڕ.. لێرەوەیە دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ سەر پرسیارە سەرەکییەکە و لەخۆمان بپرسین: چۆن و بەچ شێوەیەك دەتوانین شیعر بە بوونێکی سانا بدەینە ئەژمار و داوای سادەیی لێبکەین, لەکاتێکا ئەو بوونێکە لە هیچ بوونێکی تر ناچێ؟

*** سەرچاوەکان:**


١. خەیاڵی زمان (خوێندنەوەو ڕەخنە)، عەبدولوتەلیب عەبدوڵلا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢. گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا (خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە شیعری کوردی)، عەتا قەرەداخی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٣. شیعرییەتی بوون، ڕێبوار سیوەیلی، گۆڤاری شیعرستان، ژمارە (٨)، خوولی دووەم.
٤. گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر (بەشی یەکەم)، بەختیار عەلی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٧١)، ٥ی مایسی ٢٠٠٢.
٥. سروشتی شیعر، جاکۆب کۆرج، وەرگێڕانی: تاهیر عوسمان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٣٣)، ٥ی ئازار ١٩٩٩.
٦. لەژێر ساباتی شیعردا، موحسین ئاوارە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٦٦)، کانوونی یەکەم، ٢٠٠١.






## کرۆکی پێوەندی نێوان شیعر و مۆسیقا

لە پێناسەکردنی شیعردا (کۆڵن وێڵسن) دەڵێ: شیعر هەوڵدانێکە بۆ هەڵگەڕاندنەوەی ئامانجەکان و ئاراستەکردنیان، بەڵام ئاخۆ، ئەوە چ جۆرە ئامانجێکە کە ئەو قسانی لەبارەوە دەکاتن؟ شیعر کە لە بنەمادا هەوڵدانی مرۆڤە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی ناوەکی خۆی، لەبری دەستلێهەڵگرتنی بەرامبەر پاڵنەرە دەرەکییەکان، ئامانجەکانی لەگەڵ ئاستی هۆشیاریدا یەکانگیر دەبن، وێڵسنیش مەبەستی ئەمەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە سەرنجی ئەو بەهایانە بدەین، کە پرۆسەی ڕێکخستنی شیعریان لەسەر بنیاد دەنرێ و لەگەڵ زەمەندا کەڵەکەبوونە و دواتر دەرچوون لێیان وەك جۆرێك لە موائەمەرەی دەکەوێتەوە دەرهەق بە شعر و ڕێکخستنەکانی، هەروەك ئەو دەرچوونە بەلای کەسانی پابەند و وریاوە تەنها خۆی لەشێوەی بەهەدەردانێکدا دەبینێتەوە، کە بانگەشە بۆ ڕوخاندنی سەرجەم بانگەشەکانی تری بنیادنانەوە دەکات، یەك لەو بەهایانەش کە جێگەی مشتومڕ و جیاواز بووە، کێش و سەروایە، کە بەلای زۆربەوە بە یەکێك لە بنەما ستاتیکییەکانی شیعر ڕێکسختن دەدرێتە خامە و پێیانوایە کە بە بێبوونی کێش و سەروا ناتوانین شیعرێکی پێگەیشتوو و تۆکمە و تەواو

دابنرێ.
هەموو ئەوانەی پێداگری لەسەر زەرورەتی کێش و سەروا دەکەن لە شیعردا و خۆیانی پێوە دەبەستنەوە، هەمیشە ئاماژە بەو جۆرە ڕێکخستنە دەکەن، کە شەپۆلێك لە مۆسیقا لەگەڵ خۆیدا کێش دەکات و بەنەبوونی ئەو مۆسیقایە، هەموو قەسیدەیەك -هەر قەسیدەیەك بێت- تایبەتمەندی و ناوەڕۆکیی بزۆنی (مەعنەوی) خۆی لە دەست دەدا.
کەواتا چەمکی "مۆسیقای شیعری" لەسەر بنەمای پۆلێنبەندی هەردوو وشەی کێش و سەروا خۆی بنیاد دەنێ، بەمەش ئەتوانین بڵێین: بە ئامادەبوونی هەرسێ ئەو وشەیە دەروازەیەك، لە پێشدەماندا، بۆ قسەکردن لەسەر بونیادی شیعری دەکرێتەوە، نەك بەتەنها لەسەر پێکهاتەیەك یان تەنیا یەکەیەکی تایبەت.
بەلای ئەوانەوەی کە بەرگریی لە زەرورەتی کێش و سەروا دەکەن، لە ڕووی بایەخەوە لە ئاستی بایەخی ئامێرێکی مۆسیقیدا دایدەنێن، چوون ئەوەی ژەنیارێك (مۆسیقاژەن) ناتوانێ بەبێبوونی ئامێرەکەی هیچ بکات، بەهەمانشێوە شیعریش بەبێبوونی کێش و سەروا لەهەمان حاڵی ئەو مۆسیقاژەنەدایە، ئەمەش مانای ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بەرگریکردن لە کێش و سەروا، بەرگریکردنە لە دۆزێکی قووڵ و ڕەوا، کە لە چێژ و هەستەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەك بەرگریکردنێکە تەواو بنجی و جەوهەرییە.
با ئێمە بە نمونە، لە شیعری سەردەمی (جاهیلی) بڕوانین. ئەوەی کە لەو جۆرە شیعرانەدا، سەرنجی دەدەین ئەوەیە، ئەوەندەی لەسەر بنەمای نازین و





بەڵگەنەویستی کاریان تیاکراوە، ئەوەندە فیکر و لۆژیك تێدا بالاّکار نین، لێرەشەوە ئێمە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئەوانەی کە دەڵێن: ئەوەی کە لە ئەنجامی خوڕسکی و لە سەرچاوەی بەڵگەنەویستییەوە دێتە ئاراوە، زۆر لەوە ڕەسەنترە، کە پابەندی لۆژیکە و شارستانییەت وەسپی دەکات، هەروەك ئاساییە ئەگەر بڵێین: ئەوەی کە بە شێوەیەکی بێئاگا دێتە ئاراوە، زۆر لەوە باشترە کە بە کاریگەریی زۆرلەخۆکردن دادەنرێ.
مادامەکێ شیعر پێوەندییەکی قووڵ و مێژوویی بە مۆسیقاوە هەیە، ئەوا بوونی مۆسیقا زێتر لە خوڕسکییەوە نزیکە —نزیکە لە خوڕسکی شاعیرەوە تا لە زۆرلەخۆکردنەوە- هەر نزیك لەوەش، دەبینین لە پێناسەی زانایانی زانستی عەرووزدا، بەهای مۆسیقا بە شێوەیەکی بەرچاوە بایەخی پێدراوە، لەو ڕوانگەیەوە کە پێوەندییەکی تەواوی بە خوڕسکی مرۆڤەوە هەیە، هەروەك پێوەندی بە هەست و وێناکردنەکانییەوە هەیە، بگرە تێگەیشتنی عەرەب، لە شیعر، هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەتا عەرەب دەڵێت: شیعر قسەیەکی کێش و سەروا دارە، کە ئیقاعێکی مۆسیقی دیاریکراوی هەیە.
لە سوودەکانی هەستکردن بە مۆسیقای شیعری، توانای ئەوە دەدات بە خوێنەر کە دەستنیشانی کەموزیادەکان لە دێڕە شیعرەکاندا بکات، هەروەها زیادکردنی توانای شاعیر بە گەیاندنی تێکستە شیعرییەکە بە ئاستێکی بەرز و جوانی داهێنان. ئەوەش دوو پرسی بەهادارن، کە ئەکرێ لە ڕێگەیانەوە سەرنجی گوێگر ڕابکێشین لە هەردوو پرۆسەی نووسین و خوێندنەوەدا، هەروەها بۆ مەسەلەی ڕێکخستنی کێشی شعرییش، زۆر

بەکەڵکە.

لە ڕوانگەی ئەوا بۆچوونانەوە خرانە ڕوو، ئەوا هەرکەس دیەوێ لە پرۆسەی ڕێکخستنی شیعردا سەرکەوتوو بێت، یانژی ئەوەی (د.جەمیل عەللوش) دەڵێ: "بۆ ئەوانەی کە خەونی ئەوەیان هەیە لە ڕیزی شاعیرە داهێنەرەکاندا ناویان تۆمار بکرێ، دەبێ کار لەسەر کۆنترۆڵی مۆسیقای شیعری بکەن و بتوانن نهێنییەکانی ئاوازی شیعری بدۆزنەوە، بەشێوەیەکی وا کە هەست بە هەموو کەموکورتییەکانی بکات..".

لەکۆتاییدا دەڵێم: ئەبێ هەمیشە ئەوشمان بیرنەچێتەوە، کە ئارەزوو و بەهرە و چێژ، شاعیر پێدەگەیەنن، نەك کتێبەکانی کێشی عەرزوو.

★ سەرچاوە: ماڵپەڕی (الادب)،

★ نووسینی: یوسف یوسف





## لە بارەی پێکەنین و شیعر و ترسەوە

سینەماکاری ئیتاڵی (ئۆمبراتۆ ئیکۆ) لەسەر زمانی ئەرستۆوە لە شاکارەکەیدا (ناوی گوڵ) دەڵێ:"تەنیا پێکەنین ئەتوانێ بەرگەی ترس بگرێت". پێکەنین بەمانا ئاساییەکەی گاڵتەجاڕی و سوکایەتیکردن نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەرگەگرتنی ترس و خراپەکاری، یان ترساندن و تۆقاندن.

کاتێك (گۆلیلمۆ) پاڵەوانی ڕۆمانی ناوبراو، لەبارەی هۆکاری شاردنەوەی کتێبی (پێکەنین)ەکەی ئەرستۆ، لە کەشە توندڕەوەکە (جۆرج) دەپرسێ، کەشەکە پێیدەڵێ:"هەر کتێبێکی ئەو فەیلەسوفە زانستێکی لە زانستەکانی مەسیحییەتی وێرانکردووە، ئەگەر مرۆڤ بتوانێ پێکەنین بکاتە چەکێکی کاریگەر ئەوا ئەتوانێ ڕەوانبێژی لە باوەڕپێکردنیشدا بگۆڕێتە سوکایەتیپێکردن و گاڵتەجاڕی، بەوەش هەموو زانستە ئاینییەکان دادەڕمێن، ئاخۆ کاتێك کە ترس ئاوا دەبێ، چارەنووسی ئێمەی مەخلوقاتی گوناهبار و لادەر لەڕێ، چی بەسەردێ؟". هەروەك شانۆکاری فەرەنسی (ساشا گیتری) دەڵێ:"ترس لە گاڵتەجاڕی، لەڕاستیدا ترسیشە لە عەقڵ".

پێدەچێ هەر ئەوە هۆکاری دژایەتیکردنی پێکەنین بێت لەلایەن سەرجەم ئایدۆلۆژیاکانەوە، ترسناکترین تاوانێك کە ئەدرێتە پاڵ ئەوانەی بزە لەسەر

لێویان نابڕێ، لەلایەن پیاوانێك کە بەناوی ئاینەکانەوە قسان دەکەن، ئەوەیە کە گاڵتە بە ئاین دەکەن. با بیربکەینەوە لەوەی بزانین هەڵوێستی (حزبی نەهزەی ئیسلامی تونسی) چۆن بوو، لەسەر بڕیاری گۆڕینی پرۆگرانی ئاینی ساڵی ١٩٩٩ لە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەدا. ئەوەبوو کەسایەتی دووەمی حیزبی ناوبراو (عەبدولفەتتاح مورو) بەیاننامەیەکی دەرکرد بەناوی (نا بۆ سوکایەتیکردن بە ئسیلام)ەوە ئیمزای لەسەر کرد و هەموو ئیسلامییەکانی ئەوکاتیش پێیانوابوو، کە لابردنی ئەو دەقانەی هانی منالان و نەوجەوانان ئەدەن بۆ توندوتیژی، یان بەپێی تێگەیشتنی ئەهلی زیمە ئەو دەقانەی کە بانگەشەی دامەزراندنی سیستمی خەلافەت و جیهاد دەکەن و بڕیار لە بڕینی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ ئەدەن، هەروا هەموو ئەوانەی کە وادەکەن هەستی گاڵتەجاریمان تێدا بخولقێنن لەبارەی بڕوامان بە کەموکورتی لە عەقڵی ژن و قسەکردن لەبارەی فریشتەکانەوە، هەموو ئەوانە ڕێگایەکن بەرەو سوکایەتیکردن بە ئیسلام، چوون ئەوانەی کە لە ئایۆلۆژیاکاندا چەقیون زۆرجار توندوتیژترن بەرامبەر بەو تیکستە گاڵتەجارانەی کە ڕەخنەیان لێدەگرێ، بەڵام بەپێچەوانەی تێکستە ئاساییەکانەوە، بەڵام بەهەمان ڕاوبۆچوونەوە، چونکە ئەوانە دەزانن کە گاڵتەجاری بەشێوەی کاریکاتێر و ئاوێنە لێڵەکانەوە شێوەی سیماکانیان پێچەوانەی ڕاستییەکان دەکاتەوە، بەڵام لەڕێگەی زەقکردنەوەی کەموکورتی و تۆخکردنەوە گۆشە نادیارەکانەوە. هەڵبەت سوودی کاریکاتێر، چ بە وێنە بێت یان بە قسە بێت، لەوەدایە کە توانای پێشکەشکردنی پەیامێکی کورت و ڕوونی هەیە، کە ئەوەش سەرکەوتووترین ڕێگایە بۆ گەیاندنی هەواڵ، چونکە ناهێڵێ بیری خوێنەر پەرتوبڵاوبێتەوەو سەرقاڵبێت بە





وردەکارییە زیادەکانەوە، بێجگە لەوەی دەیخاتە ساتێك لە هەستکردن بە خۆشی و شادییەوە.

شێوازی گاڵتەجاڕ و پێکەنین ئامێز ئاڵۆزترین و گرانترین شێوازە، ئەگەرچی بە ڕواڵەتیدا ئاسان دەرەکەوێ، بۆیە دەبینین شێوازی گاڵتەجاڕی و پێکەنین ئامێز بە شێوازی ژیرانە وەسپدەکرێ. مرۆڤی گاڵتەجاڕ هەروەك سارتەر ئەڵێ:"بەڕادەیەك بانگەشەی ڕاستگۆیی دەکات، کە بڕوای پێناکرێ، هەوڵی سەلماندن ئەدات تا ئەوەی نەسەلمێ و هیچیش ناسەلمێنێ بۆ ئەوەی بسەلمێنێ". بۆیە هەمیشە ڕاگەیاندنە گاڵتەجاڕەکان سەردەکەون بەسەر یاسا یاساغکەرەکاندا و بەسەر کۆسپی ڕەقیباندا تێدەپەڕن، هەروەك لە ڕابردوودا (دانتی) لە (کۆمیدیای ئیلاهی)دا سەرکەوت، کە لەشێوەی نامەیەکی لێبوردندا دایڕشتووە و کەنیسەی پێفەنگ (مراوەغە) کرد و ئەوەی نەدەبوو بگوترابایە ئەو بەشێوازێکی پەخشانئامێزی وشك تێدا وتبووی.

هەڵبەت ئێمە دان ئەنێین بە توانای گەورەی گاڵتەجاڕی برایانماندا لە میسر. جارێکیان گوێمان لە سیمینارێکی ئارەزووپروکێن دەگرت لەبارەی مافەکانی ژنانەوە، ئەوەبوو یەکێك لە شێخەکان هەستا و کۆڕگێڕەکەی بە نەزان لەقەڵەم دا. یەکێکیش لە ئامادەبووان پێیوت:"شێخی بەڕێزمان، کۆڕگێڕەکە ڕاستی فەرموو، چونکە ئەو داکۆکی لە مافەکانی پیاوان ئەکرد بەوەی داوای شکاندنی کۆتی (قیوامە)ی دەکرد، کە وایکردووە پیاوان بەهۆیەوە ملکەچی ژنان بن، چونکە وەك دەزانین کارکردن و ماندووبوون ئەو سزایەکە دراوەتە سەر ئادەم و کوڕەکانیدا، بەهۆی سەرپێچیکردنیانەوە لە فەرمانی خوای گەورە، بەڵام ئەوەتا مێوینەکانی ئادەم لەو سزایە بووراون" ئەوکاتیش شێخی بەڕێزمان شێتبوونەکەی زیاتر هەڵچوو و

بڕیاری بایکۆتکردنی سیمینارەکەی دا و پێیوابوو، کە هەرچۆنێك بێت کۆڕگێڕەکە بە ئەدەبتر بوو هەتا ئەو (دەم ڕووتە)ی کە بە کافر و گەمژەی ناوبرد.

پێدەچێ شێوازی گاڵتەجاڕانە بەڕاستی شێوازێکی خەتەرناك بێت، بەهۆی توانای گۆڕینی ئاخاوتن لە پێگەکەی خۆیەوە بۆ پێگەیەکی تر، بەڵام دوای ئەوەی مانایەکی تری بەبەردا ئەکرێ، هەروەك ئەوەی شیعر پێیهەڵدەستێ. بۆیە هەموو ئایدۆلۆژیاکان، هەر لە ئاینی و لائیکییەکانەوە تا بێباوەڕەکان، دژایەتی شیعریان کردووە. چۆن پێکەنین توانای بەرگەکرتنی ترسی هەیە، ئاوا شیعریش توانای گۆڕینی سیمای وشەکانی هەیە بێئەوەی گوتەی خۆیان لەدەست بدەن. شیعر ئەتوانێ وشە ساکار و سادەکان بگۆڕێتە سەر وشەگەلی بەهێز و مانایەکی ئەوتۆیان پێببەخشێ، کە لەڕاستیدا ناکرێ ئەو مانایەیان هەبێت، تەواو وەك ئەوەی لە کتێبە پیرۆزەکاندا ڕەچاو ئەکرێ.

بەدیوێکی تریشدا شیعر ئەتوانێ دەلالەتی مرۆڤانە بە وشەکان ببەخشێ، سەرەڕای ئەوەی هەموو کتێبە پیرۆزەکان پێداگرییان کردووە لەسەر سروشتی ئیلاهی وشە، بەڵام لە ڕاستیدا شیعر و پێکەنین پێکەوە قەرزدەرن بەو جۆرە نووسینانە (کتێبانە)ی کە بەرهەمهێنەری ترسێکی قوڵن و دواجاریش هیچ نین بەدەر لە کۆمەڵێك وشە.

توانامەندی لەمەڕ گۆڕینی پێوەندی نێوان سیمبۆلەکان، توانامەندی گۆڕینی دنیابینی و شێوازەکانم بیر دەخاتەوە، هەروەك (ئۆمبرتۆ ئیکۆ) دەڵێ:"هەرگیز گومانم لە ڕاستی سیمبۆلەکان نەبووە، چونکە تەنیا شتێکە بوار بە مرۆڤ ئەبەخشێ بۆ بەڵگەکاری، بەڵام ئەوەی بەلامەوە ئاستەم بووە





تێگەیشتنی پێوەندی نێوان سیمبۆلەکان بووە".

ئەوەی من تێبیناگەم ئەو ڕێزلێنانەی خەڵکییە کە لە وتەزای (مرۆڤ گیانەوەرێکی قسەکەرە)ی دەگرن و لە پەندی (مرۆڤ گیانەوەرێکە توانای پێکەنینی هەیە)ی بە باشتر دەزانن. ڕوون و ئاشکرایە و یان هیچ نەبێ بەلای منەوە وادیارە، کە (گۆکردن) مەرجی یەکەمی مرۆڤبوون مرۆڤەکان نییە، چونکە ئەگەر وابێ ئاخۆ چی لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا بکەین، کە ژمارەی سیمبۆلەکانی زمان بەلایانەوە یەکسانە بە ژمارەی بیرکردنەوەکانیان و هەروەها هەموو ئەوانەش کە بڕوایان بە بوونی هەموو ئەو شتانە هەیە کە ناویان هەیە و بڕواشیان بە شتگەلێك نییە کە بێناون؟

بیرمدێتەوە ئەو دەمانەی مارکسی بووم، پێمناخۆش بوو (مەحمود دەروێش)ی شاعیر جەماوەرێکی ئاوا زۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەوەش تەنها بەهۆی قسەیەکییەوە بوو:"کۆتر دەنیشێتەوە، کۆتر دەفرێ" لەکاتێکدا دەبوو ئێمە گوتارێکی بەهێزمان هەبووایە بۆ ئەوەی هەڤاڵانی خۆمان کۆبکەینەوە. ئاخۆ بەهۆی ئەوەی کە مەحمود دەرویش جوڵەی کۆتری بە دێڕێکەوە بەستبوو:"زەمینم بۆ بگێڕەوە تا بحەوێمەوە، چونکە خۆشمەوێ تا ماندووبوون"؟

ئێمەش ئەوکات، چوون شۆڕشگێڕەکانی بزووتنەوەی تالیبانی ئەفغانی، ڕاوی شاعیرە عاشقەکان و ئارەزوومەندانی گۆرانییەکانی عەبدولحەلیم حافیز و خەڵکانی دڵخۆشمان ئەکرد، بە بیانووی وشەی (یان گەمژە، یان بۆژوازی)یەوە. هەروەك سەروەختی ڕوخانی دیواری بەرلین، ئێمە ڕاوی خۆشی و ژیری و شیعر و پێکەنینمان ئەکرد، هەروەها لەوە تێنەدەگەیشتین کە چۆن ئەبێ وشە و بیرگەلێکی تر هەبن لە دەرەوەی کتێبی

(سەرمایەداری) و تێکستە شیعرییەکانی تری مارکسیزم. ئێمە ئەوکات، شای بەکارهێنانی ئاماژە و سیمبۆلەکان بەلامانەوە لەوەدا کورت دەبووەوە، کە بە تەنیا حەقیقەتی ڕێگەپێدراومان دەزانی.

کاتێك قەشە توندڕەوەکە لە ڕۆمانی (ناوی گوڵ)دا، دەیەوێ جەستەی ژەهرخوارد بکات لەڕێگەی خواردنی کتێبەکەی ئەرستۆوە، بۆ ئەوەی نەگاتە دەستی خەڵکی تا بەهۆیەوە عەقڵیان ژەهرڕێژنەبێ، قەشە (گۆلیلمۆ)ی عەقڵانی بە یاوەرە گەنجەکەی دەڵێ:"ئەوە گەورەترین کتێبخانەی مەسیحی بوو، پێموایە کاتی دەرکەوتنی دەجاڵەکوێر هاتووە، چونکە تەنیا زانست ئەیتوانی لەڕوویدا بووەستێتەوە.. ئاخر کوڕی من، دەجاڵەکوێر لە جیهانێکی ترەوە نایەت، بەڵکو لە جیهانی خودی (تەقوا)یشەوە دێ، دەجاڵەکوێر لە زێدەڕۆییکردنمانەوە بۆ خۆشەویستی خوا یان حەقیقەتیشەوە دێ، بۆیە کوڕی خۆم.. لەو پێغەمبەر کەسانەش بترسە، کە ئامادەن لەپێناوی حەقیقەتێکدا بمرن". ئەدی ئێمە چەن گەمژە بووین.. چەن گەمژە.. لە ڕۆمانی (کتێبی پێکەنین و بیرچوونەوە)دا کۆندێرا دەڵێ:"ناکرێ گاڵتە بە خۆشەویستی بکەین، چونکە خۆشەویستی پێوەندی بە پێکەنینەوە نییە"، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دووانە پێوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە، چونکە پێکەنینیش چوون خۆشەویستی وەهایە، ناکرێ گاڵتەی پێبکەین.

**★ سەرچاوە: ماڵپەڕی (ئەل-ئیمپراتۆر) ★ نووسینی: د. سلوی ئەلشرفی**





## شیعر و تەسەوف

تەسەوف و شیعر زیاد لە پێوەندییەکیان لە نێواندایە، کە ناکرێ دیاریی و دەستنیشان بکرێن. توێژینەوە هاوچەرخەکانیش دووپاتیان کردۆتەوە، کە پێوەندی توندوتۆڵی نێوان شیعر و تەسەوف زۆر قووڵە و ئەوەشیان بۆ کۆمەڵێك هۆکار گەڕاندۆتەوە، لەوانەش:

١.لێکچوونی ئەزموونی شاعیری هاوچەرخ بە ئەزموونی سۆفی، کە هەردووکیان پێکەوە پێوەندییان بە بوون (وجود)ەوە هەیە.

٢.شاعیری هاوچەرخ لە شێوازی ئەزموونکردنی دەربڕیندا، تەواو چوونیەکی شێوازی سۆفییەك لە دەربڕیندا، کار دەکات، هەردووکیان ئارەزووی زمانێك دەکەن، کە ئیحایەکی ئەوتۆی تێدا بێت، دوور بێت لە ڕوونی و ئاشکراییەوە.

بەمشێوەیەش شیعر و تەسەوف لە ڕستێك شتدا یەك دەگرنەوە، وەك: پشتبەستن بە خەیاڵ و چێژ و حەدس و خەون بۆ بەدەستهێنانی ستایلێکی جیاواز لەو مەعریفەیەی کە عەقڵ بەدەستیهێناوە، هەروەها نزیك کەوتنەوە لە بوون، نەك وەك ئەوەی کە بابەتێکی سەربەخۆی مەعریفە بێت، بەڵکو وەك ئەوەی ئەزموونێکە دەیژێین و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. بۆ گەیشتن بە

هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکەوە دەبێ، کە لەسەر بنەمای ڕەمز و هێما و چڕبوونەو و ئیحا.. وهتد، دروستبووبێ. بەمشێوەیەش ئێستا کار لەسەر دۆزینەوەی هەندێك خاڵی پێکگەیشتنی نێوان شیعر و تەسەوف دەکەین، لە ڕێگەی: ئەو مەعریفەیەی کە بەرهەمیدەهێنێ و هەروەها لە ڕێگەی ئەو زمانەی کە تەوزیفی دەکات.

یەکەم: مەعریفە: میکانیزمەکانی مەعریفەی ئینسانی بە پێی خودی مەعریفە خۆی جیاوازە و گۆڕانیشی بەسەردا دێت. مەعریفەیش بریتییە لە بەدەستهێنانی هەر شتێك، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە بوارێك لە بوارەکانی ژیاندا درکی پێدەکرێ، ئەوەش هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە، کە یان بە عەقڵ درکیان پێدەکرێت، وەك: بیرکاری و لۆژیکناسی، یان ئەوانەی بە هەست و ئەزموون درکیان پێدەکرێت، وەك: پزیشکی و فیزیا و کیمیا و ئەوانەیشی کە بە چێژ و خەیاڵ درکیان پێدەکرێت وەك: جوانی.. بەمپێیەش ئەتوانین مەعریفەی ئینسانی بگەڕێنینەوە بۆ دوو سەرچاوەی سەرەکی: ئەو مەعریفەیەی کە لە عەقڵ و فیکرەوە سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ ئەو مەعریفەیەی کە لە بەهرە و خەون و خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێت.. ئەگەر بێتو مەعریفەی یەکەمیان دیار و ئاشکراو بەرکەڵکخراو بێت، ئەوا مەعریفەی دووەمیان بە پەنهانی و پەرشوبڵاوی دەمێنێتەوە. ڕێگەیەکی دیکەیش هەیە بەرەو مەعریفە، کە بە هەستەکان پێیناگەین، هەروەك لە بەردەستی عەقڵیشدا نییە بە تەنها، ئەوش ئەو سرووش (وحی)یە کە بارگاوییە بەوەی کە ناتوانین درکی پێبەرین.

ئەگەر بێتو تەماشای بیریارێکی هاوچەرخی گەورەی وەك (ئارنۆڵد توینبی) بکەین، دەبینین بە شێوەیەکی تایبەتی تیشك دەخاتە سەر ئەو دیاردەیە





بۆمان، بۆ نمونەی مەعریفە و سەرچاوەکانیشی بە گشتی دەڵێت:"دوو شێواز بۆ درککردنی حەقیقەت لە ئارادایە، یەکەمیان شێوازی زانستییە، کە پشتدەبەستێ بە ئەزموون و بینین، ئەویتریشیان ئەو شێوازەیە کە لە ناوەوە هەڵدەچێ. ئەو حەقیقەتەی کە لە ڕێگەی شێوازی یەکەمەوە دەیگەینێ، پێیدەگوترێ حەقیقەتی زانستی، بەڵام ئەو حەقیقەتەی کە بە شێوازی دووەم دەیگەینێ ئەوا حەقیقەتی (شیعری)یە.." هەروا دەڵێت:"ئەو بینینەی کە قابیلی تێگەیشتنە لە سەر سەکۆی شعریی لە نەستدا، پێیدەگوترێ پێغەمبەرایەتی" کەواتە مەعریفەی عەقلی، مەعریفەیەکی بابەتییانە و لەسەر ئاستی دەرەکی و بینراو دەیژێین، بەڵام مەعریفەی شیعری یان سۆفیگەریی مەعریفەیەکی چێژبەخشی بەهرەدار و زاتییە و لەسەر ئاستی ناوەکی دەیژێین، بەمپێیەش سۆفیگەریی جیاوازییەکانی نێوان زانستی بینین و زانستی بارەکان و زانستی نهێنییەکانی دەرخستووە و سنووردارێتی یەکەمیانی ئاشکرا کردووە، بەڵام هەردوو زانستی بارەکان و نهێنییەکانی پیرۆز ڕاگرتووە، چونکە ئەو دووانە لەسەر بنەمای چێژ و ئەزموون بنیادنراون و قۆناغی عەقڵیان تێپەڕاندووە".

عەقڵ بەلای سۆفییەوە سەرزەنشتکراوە و بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە و گەیشتن بە حەقیقەت پەنای نابرێتێ، بۆیە بوون (وجود) لە ڕوانگەی سۆفیگەرییەوە بابەتێکی دەرەکی نییە تا بە ئامرازێك لە دەرەوەی عەقڵ و لۆژیکەوە پەی پێببرێ، چونکە نزیکبوونەوەی بوون بە ئەرخەی عەقڵی شیکاری و لۆژیکی هیچ بە مرۆڤ نابەخشێ بەدەر لە سەرسوڕمان و گێژدەبوون، چونکە لەهەمانکاتدا لە خودی خۆی و لە وجودیش دووری دەخاتەوە. بەمشێوەیەش کەسی سۆفی بە پشتبەستن بە خەیاڵ و چێژ و

ژیانکردنی بارەکان و خۆپێوەقاڵکردنیان، لە نێو خودی خۆیدا کەوتۆتە مەلەکردن.

عەقڵ سەر لە زانستی نهێنییەکان دەرناکا، چونکە هیچ دەروازەیەکی نییە تا بەسەریدا بکرێتەوە، زانستی بارەکانیش هیچ ڕێگایەکی نییە بەسەریدا بێت، چێژوەرگرتن نەبێت، چونکە عاقڵێك ناتوانێ پەی پێبەرێت و هەستی پێبکات، وەکچۆن هەست بە شیرینی هەنگوین و تاڵی چاوەڕوانی و چێژی جووتبوون و عەشق و وەجد و شەوق و.. ئەمانە زانستگەلێکن مەحاڵە، کەسێك بتوانێ فێریان ببێ، تا ئەو کاتەی کە پێیانەوە پەسنداردەبێ و دەیانچێژێت. ئەمەش لە ڕێگەی شیعرەوە پەخش دەکرێ، بەو پێیەی کە هەوڵدانێکی زمانە لە بارێکی ناوەکیدا، بۆیە شیعر و تەسەوف بەسەر فرەیی و جیاوازی، ناکۆتا و ئەگەرەکاندا دەکرێنەوە، بە واتای ئازادبوونی ڕەها لە دەسەڵاتی سنوردار و کۆتا و نمونەگەرا و تاکگەرای عەقڵ، لێرەشەوە شیعر لە تەماسە لەگەڵ ئەزموونی سۆفیگەریدا، ئەوەی کە من ئازاد دەکات لە کۆتوبەندەکانی کۆتاهاتنی هەست و عەقڵ و پاڵی پێوەدەنێ بەرەو ئاراستەی ماجەراکردنی بوونێکی خاوەن فرە ڕەهەندی ناکۆتای کراوە بەسەر ئەگەرەگەلێکدا، کە وزەی شاراوەی خەڵق تاقی دەکاتەوە، کە ئەوەیش وزەی هەوەسکردنە، لە ڕێگەی لابردنی شوێنەکان و گۆڕینیان بە زیندوێتی، کە بەوەش کائینەکە دەووری خۆی دەبینێ لە بەزاندنی جەوهەری بونیادە جیهانییەکان، لە پێناوی دۆزینەوەی تیشکەکانی کەینونەدا.

دووەم: زمان: شیعر و تەسەوف لە خەسڵەتێکی دیکەشدا یەکدەگرنەوە، ئەویش (زمان)ە. بەشێوەیەك کە ئەمەی دوایینیان کۆمەڵێك هێما و ڕەمزی





ئیحابەخشی هەیە، لە ڕوانگەی ئەزموونە ویژدانی و زەوقی و ڕاستییە ناوەکی و خودییەکانەوە، بەدوور لە واقیعی هەستپێکراو و ڕاستەوخۆ. لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەدەبی سۆفیگەریی هەندێك دیاردە و واقیعی دەرەکی فەرامۆش دەکات، بە مەرامی گەڕان لەو دیویانەوە واتا دیوە نەبینراوەکەی، ئەم ئەدەبە شێوازی ڕەمزیی و خەیاڵگەی شیعری سەیر و دەربڕینی ڕەمزی ئاڵۆزی بەکارهێناوە، بەمەش ئەو زمانە دوورکەوتۆتەوە و جیاواز هاتۆتەوە لەو زمانە ئاساییەی کە بە گواستنەوەی پیتەنی (حرفی) دیاردە دەرەکییەکانی جیهان دەربەست دێ. زمانی تەسەوف بە هۆی کاریگەریی چەمکی خودی تەسەوفەوە، بۆتە زمانی کەشفکردن، بە پێچەوانەی زمانی وەسپ و هەواڵ گەیاندنەوە.

زمانی وەسپ و هەواڵگەیاندن شتێکی زانراو پێشکەش دەکات و لە بەردەم زاکیرەدا ڕادیەگرێ، یان زاکیرەی پێئاگادار دەکاتەوە، بۆیە بە ئاسانی و ئاشکرایی وەری دەگرین، بەڵام زمانی کەشفکردن ئەوا ئەندێشەکانی گەڕان و پرسیارکردن هەڵدەگرێ و لە واقیعدا کار دەکات بۆ پێناوی دۆزینەوەی یان درککردنی پێوەندییەکانی. هەڵبژاردنی زمانی کەشفکردن بەلای سۆفی و شاعیرەکانەوە و دوورکەوتنەوەیان لە زمانی وەسپ، هۆکاری ئەوەیە، کە ئەمەی دوایینیان نەتوانێ مەعریفە بەرجەستە بکات و بەرەو شاراوەکانی خود و گەردوون هەنگاو بنێت. زمانی وەسپ زمانێکە جیهانی دابڕاو لە خود بە شێوەیەکی وەسفی و وێناکراو دەگوازێتەوە و ئەزموونی داهێنانی سۆفی پابەندە بە پێوەندیکردن بە جەوهەر و ناوەڕۆکی بوونەوە و ئەنجایش خودی ئازارچەشە و ماندوو بەرهەمدەهێنێتەوە، لەو ئاستەشدا زمان دەبێتە زمانی (تەعبیری و ئیحائی)، چونکە بابەتەکانی بە کەڵکی

وەسپ و پیاهەڵدان نایەن. ئەمەش بووە هۆی بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی تایبەتی، کە لەگەڵیدا دەلالەتی وشە بەکارهاتووەکان فراوان بوونەوە، بەمەش دەبینین وشەگەلی وەك (نزیکی/ تکا، ئینسان، خۆشەویستی، کۆگەلی/ وەجد/ سەرخۆشی/ ئاگاداری/ بێئاگایی..و هتد) کە لە زاراوە بەکارهاتووەکانی سۆفیگەرییەتە دەلالەتەکانیان بەرفراوانترن، تا ئەو ڕادەیەی کە توانای لەخۆگرتنی مانای نوێتریان هەیە و چەشنێکی نوێی پێوەندی لە نێوان گۆکروەکان و پێکهاتە زمانەوانی و وێنەییەکان، لە سیاقی بەرکەڵکخستنە شیعرییەکاندا دروست دەکات، بەشێوەیەکی وا، کە پێشتر نامەئلوف بوون و لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئاوێتەبوونیان دەدات لەگەڵ ئاسۆکانی ئەو بیرکردنەوانە و دانەکانیدا.

بەوەش وشەکان لە مانای ڕاستی خۆیان دەرچوون و ئیتر نەتوانرا لە ئاستی (حەرفی) و ئاسۆی یەکەمییاندا وەربگیردرێن.. تا ئەو ڕادەیەی دەبینین زمان و وشەکانی بۆ دەلالەتی جیاواز و مانای ڕەها و بێسنوور دەردەکرێ، شاعیرە سۆفییەکان بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و عەشق و وەجدی ئیلاهی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر تەعبیری هەستی و ئەوانەشیان لە وەسفەکانی شەراب و کاسەکانی و دانیشتنەکانیدا بینیوەتەوە، وەك ئەوەی (ئیبنولفاریز) دەڵێ: (شربنا على ژكر الحبیب مدامه سكرنا بها من قبل أن يخلق الكرم) یان ( صد حمى ڤمئی لماك لماژا و هواك قلبی صار منه جژاژا )

هەڵبەت ئەو (الحبیب)ە مرۆڤ نییە و (مدامە)ەکەش شەراب نییە و نە (اللمی)یش هی (حەبیبە)یە و نە ڕابواردن و کەیفکردنەکەش هی مرۆڤە بە مرۆڤ، بەڵکو ئەوانە وشەگەلێکن لە دلالەتەکانی خۆیان دەرچوونە بۆ





دەلالەتی ڕەمزی بەلای سۆفییەتەوە، پێدەچێ ئەمەش ئەوە بێت کە شاعیرانی نوێخوازی عەرەب پێڕەوی دەکەن و وشەکان لە دەلالەتەکانی خۆیان دەردەکەن و مانای نوێ و جیاوازیان پێدەبەخشن. لەلایەکی ترەوە ئێمە لێرەدا دەتوانین لە دیوی دەرەوەو ناوەوەی وشەکان بدوێین هەروەك مەعریفە، ئێمە لێرەدا واین لە بەردەم حاڵەتێکدا، کە وشەی عەشق مانایەکی فەلسەفی وەردەگرێ، کە لێیەوە چەشنی ڕەفتارێکی تەواوکراو و چەشنی تێفکرینێك دێتە بەرهەم، کە لە ڕاستیدا ناسراوترە لەو مانایەی کە چەمکی خۆشەویستی دنیایی دەیبەخشێ، بۆیە زمان یەکاویەك پلەیەکی ئاوێتەبوو بەخۆوە دەگرێ، دەرەکی و ناوەکی، بە مانای ئەوەی ئێمە بە دوو ئاست لە گۆکراو و کۆژ و بیرۆکەکان تێدەگەین: دیوێکی ڕووکەشانە، کە کار لەسەر دوورخستنەوە دەکات بە گشت هێماکانییەوە لە سیاقی دەربڕیندا و دیوێکی ناوەکی قووڵیش، کە لە ڕاستیدا ئەمەیان مەبەستەکەیە. زۆربەی ئەو جارانەی کە ئەو بەکارهێنانە ئاوێتەیەی گۆکراو و وشەکان بەکارماندێت، کاتی (غەزەل)کردنە، بەڵام ئەوەی سەرنج دەدرێت، ئەوەی کە قەسیدەکانی (دیوان) بە ڕووکەش تەنیا وەك کۆمەڵێك تێکستی غەزەلی هەستئامێز دەردەکەون، کە زمانی باوی غەزەلکردن دەستی بەسەردا کێشاوە، بەڵام ڕاڤەکردن ئاشکرایی ئەو قەسیدانە دەگۆڕێتە ئاڵۆزییەکی شیعری ڕەمزئامێزی سۆفیگەرێتی و شیعرەکەش دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوە و پاڵپێوەنەرەکانی.

بەڵام ئاخۆ بۆچی سۆفییەك لە دەربڕینەکانیدا، دێت و ملکەچ دەکات بۆ ڕەمز و هێماکان؟ ئاخۆ پێویستییەکی هونەرییە یان بۆ مەبەستی دیکەیە؟ پەنابردنی سۆفی بۆ ڕەمز و هێماکان، بەهۆی دەستەوسانی زمان و

کەموکورتییەکانیەوەیەتی لە ئاست گواستنەوەی ئەزموونە هونەریی و زەوقییەکانی و هەروا بەهۆی گیرۆدەبوون و بەرتەسکبوونەوەی زمانە لەهەمبەر فراوانبوونی جیهان و دنیابینییەکانی سۆفییەوە، هەروەك ئەوەی کە (النفری) دەڵێ:"چەندێك دنیابینی بەرفراوان بێت، ئەوەندە دەربڕین بەرتەسك دەبێتەوە". ئەم کرانەوەیەش بەسەر زماندا لە ئاستی ڕەمزیی و هێماگەرییەکەیدا، دواجار زمانی خستە نێو جۆرێك لە ئاڵۆزییەوە، چونکە ئاڵۆزی گوتاری سۆفیزم و داخستنی بە ڕووی ئەهلی دەرەوە و ئەهلی بینەندەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەکانی سۆفی لەگەڵ زمان و تەقینەوەی بە سنووردارییەکەیدا و بۆ شکستی زمان لە ئاست وەڵامدانەوەی سەفەرەکەی وی بەرەو ڕەهاگەریی.

شکاندنی سیستمی زمان و بەزاندنی سەرچاوە ناوەکییەکەی، وایکرد کە سۆفی ئەو پەنابردنە بە پێویست و بە بایەخ تەماشا بکات. شاعیری سۆفی زۆرجار هەست دەکات زمان بێتوانایە بەرامبەر گواستنەوەی ئەوەی کە دەیەوێ بیگوازێتەوە، یان ڕاستر بڵێین خودی سۆفی بێتوانایە لە دروستکردنی شێوازێك بۆ گواستنەوەی (وەجد)ەکانی خۆی، بۆیە دەبینین وشەگەلێکی سەیر بەکاردەهێنێت، کە لە شێوازەکانی سۆفیزمدا بە (الشگح) ناسراوە.

(شەتح)یش بریتییە لە کۆژێکی سەرسوڕماو لە وەسپکردنی (وەجد)ێکدا، کە بە هێزی خۆیەوە هەڵیکردووە و بە کەفوکوڵەوە سەرچاوەی بەستووە، بەمەش ئەوا فراوانبوون و تەقینەوەی ئەزموون پێویستی بە فراوانبوون و تەقینەوەی زمانە، لە ڕێگەی (شەتح) و (ڕەمز) و (خواستن-استعارە)و.. ئەوانیتری ئەو تەکنیکانەی کە شاعیر و سۆفی پەنای دەبەنێ، تا ئەوەی





ئەزموون و زمان دەبنە جمگێك و بەوەش لە ئەزموونددا بە جوڵە و کارلێکەکان و درێژبوونەوەکانی لە نێو زماندا دەژین و بەمەش ئەمیان وەك ئەو و ئەویان وەك ئەم بۆخۆیان دەمێننەوە، بۆیە هەر یەك لە شاعیر و سۆفی لە تێڕوانینیاندا بۆ زمان و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا یەکدەگرنەوە.

ئەم هاوکۆڵکەیەش لە نێوان ئەزموون و زماندا، بەلای شاعیر و سۆفییەوە، وادەکات کە هەمیشە وەرگر زەینی خۆی بەکار بخات و لەسەر بنەمای بیرکردنەوە کار بکات و لە ڕۆحی خۆی بخاتە حاڵەتی سەرفکردنەوە، بۆ پێناوی هەڵهێنجاندنی مانا و دەرکردنی ناوەڕۆك و جەوهەرەکەی، چونکە ئەوە زمانێکی ئاڵۆزەو مانا ناداتە هەموو کەسێك ئەوانە نەبێت، کە تێکەڵ دەبێت بە هاوکۆڵکە ڕۆحییەکەی ئەزموونی ڕۆحییەوە، چونکە زمان لەوەها حاڵەتێکدا لە پێوەندییەکی ئەندامەکیدایە بە پێکهاتەکانی ئەزموونی زەوقییەوە و هەرکەسێکیش نەگاتە ئەوەی کە قسەکەر بەو زمانە پێیگەیشتووە، هیچی وەدەسناکەوێ بەدەر لە مانا دەرەکییەکانی.

لە کۆتاییدا بە کورتی دەڵێین: زمانی شیعری زمانی سۆفیزمە و زمانی سۆفیزمیش زمانی شعرییە، ئەم یەکانگیری و لێکچوونە تا ڕادەی تەماهیبوونەش لە نێوان هەردوو زمانەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ لێکچوونی سروشت و ئەرك و کاریگەرییان بەسەر وەرگرەوە.

ئەم هاوکۆڵکەیەش لە نێوان ئەزموون و زماندا، بەلای شاعیر و سۆفییەوە، وادەکات کە هەمیشە وەرگر زەینی خۆی بەکاربخات و لەسەر بنەمای بیرکردنەوە کار بکات و ڕۆحی خۆی بخاتە حاڵەتی سەرفکردنەوە، بۆ پێناوی هەڵهێنجاندنی مانا و دەرکردنی ناوەڕۆك و جەوهەرەکەی، چونکە ئەوە زمانێکی ئاڵۆزەو مانا ناداتە هەموو کەسێك ئەوانە نەبێت، کە تێکەڵ

دەبێت بە هاوکۆڵکە ڕۆحییەکەی ئەزموونی ڕۆحییەوە، چونکە زمان لەوەها حاڵەتێکدا لە پێوەندییەکی ئەندامەکیدایە بە پێکهاتەکانی ئەزموونی زەوقییەوە و هەرکەسێکیش نەگاتە ئەوەی کە قسەکەر بەو زمانە پێیگەیشتووە، هیچی وەدەسناکەوێ بەدەر لە مانا دەرەکییەکانی.
لە کۆتاییدا بە کورتی دەڵێین: زمانی شیعری زمانی سۆفیزمە و زمانی سۆفیزمیش زمانی شعرییە، ئەم یەکانگیری و لێکچوونە تا ڕادەی تەماهیبوونەش لە نێوان هەردوو زمانەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ لێکچوونی سروشت و ئەرکیان و کاریگەرییان بەسەر وەرگرەوە.
بەمەش ئەوا سۆفیزم و شیعر دوو نهێنی مەزن و تێکەڵن و ناکرێ بە سنوورێك دەوریان بدرێ بەهۆی ئەوەی کە لەو ئاستە نهێنی و قووڵەیاندا لە نێو زاتی مرۆڤایەتیدا، کە ئەویش ڕۆحە یەکدەگرنەوە، شیعریش وەك سۆفیزم ئەزموونێکە لە پەڕەکانەوە وەرناگیردرێ، بەڵکو پێویستە بە هەستەوە ژیان بکرێ، واتا ڕێگای لە ئامێزگرتنی جەوهەرەکەی لە ژیانکردنی ئەزموونی ناوەکییەوە دێتە دەست.

* سەرچاوە: ماڵپەڕی (ئەل ئیمپراتۆر)
* نووسینی: فوئاد ئەفراس





## ئەدەبی ژن و ژنانەنووسین

کە باسی ئەدەب دەکرێت، هەمیشە پرسیارێك ئامادەیە، وەکی ئەوەی یەکەمیجاری بێت خۆی نمایندە بکات، ئاوا تازەو تەڕ دیارە، ئەویش: ئایا شتێك هەیە بە ناوی (ئەدەبی ژن)؟
لەبەرامبەریشدا وەڵامگەلێك هەن، کە دواجار لەنێو دنیایەك پرسیاری سەرکراوەی دیکەدا بەرهەڵدامان دەکەن، بەڵام ئەوەی کە ناشاردرێتەوە، هەبوونی ئەو جیاوازییەیە، کە لەنێوان بەرهەمی دوو قەڵەمدا، کە یەکیان هی نووسەرێکی پیاوەو ئەویدیان هی نووسەرێکی ژنە، بەدی دەکرێت. جیاوازییەکی ئەوتۆ، کە ناگاتە ئەو ئاستەی دوورکەوتنەوەی نێوان ئەو دوو ڕەگەزەی مرۆڤی لێبکەوێتەوە، بەڵکو جیاوازییە لەسەر بنەمای دنیابینی و شێوازی تێفکرین و ڕامانی هەریەك لەوان دیاری دەکات، ئەو جیاوازییەی کە لەکۆی گشتیدا، وا دەکات ئێمە بتوانین دەقێکی ژنانە، کە باس لە ژنبوون و ئازارەکانی ژنێتی دەکات، لەوەکی دەقی پیاوێك جوودا بکەینەوە، کە دیسانەوە دەیەوێت، باس لە هەمان ئەو پرسە بکات.. ڕاستە هەردوو دەق، هەڵگری هەمان بابەتن و یەك مژاریان لەناودایە، ڕاستە هەردووکیان وەك یەك، دەیانەوێ پەیامێك ئاراستەی خوێنەر بکەن، بەڵام هەرگیز ئێمە

ناتوانین خۆمان لەوە نەبان بکەین، کە ئەوەی ژنێك دەیەوێ لەهەمبەر ژنێتی خۆی و عەزابەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵگەی باوکسالارییدا بدوێ، هەمان ئەو گۆشەنیگا و تێڕوانینە نییە، کە پیاوێك دێت و دەست دەداتە خامە و دەیەوێ قسانی لەبارەوە بکات، ئەمە لەکاتێکدایە، کە ئێمە دەزانین زۆرترین لەپێش چەندین سەدەوە ژنانەنووسین بوونی هەبووە، بەڵام زیاتر لە بەرهەمەکانی پیاواندا ڕەنگی داوەتەوە، هەربۆیە گەورەترین شاکارەکانی ژنانەنووسین لەبەرهەکانی (تۆڵستۆی، گۆستاڤ، فلۆبێر، بەلزاك ..هتد)دا بەدیهاتوون، تەنانەت هەندێك لەو باوەڕەدان، کە تا هەنووکەش شاکارەکانی ژنانەنووسین لەلایەن پیاوانەوە دێنە بەرهەم تا وەکی لەلایەن ژنان خۆیانەوە، بەڵام دیارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیەو پێموایە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژنان نەیانتوانیوە لە کەشوهەوایەکی ئازاد و سەربەستدا بنووسن، ئەوەی کە بۆ پیاوێك دەلوێ لەبارەی ڕەوتارەکانی خۆی و بۆ نمونە پێوەندیی جنسی و کردارە حەرامەکانی خۆیەوە بدوێ و لە دەقێکدا تۆماریان بکات، بەبێ ئەوەی بەر تانەو تەشەر بکەوێت، هەڵبەت ئەگەر بەر تانەو شەریش کەوت، باجێکی ئەوتۆی نییە، کە ژیانی لەسەر دابنێ و کەسایەتی خۆی پێبدۆڕێنێ، تەواو جوایەزە لەوەی ئەگەر ژنێك بیەوێت وا بکات، چونکە دواجار سەرانسەر کۆمەڵگەو یەك بە یەکی تاکەکانی، چاودێر و ڕەقیبن بەسەر هەموو جوڵەو بزاوتنێکی ژنانەوە، بەڵام بێگومان ئەم ڕەوتارەی کۆمەڵگە نەبۆتە ڕێگرێکی وا، کە بەهیچ شێوەیەك ژنان نەوێرن بنووسن، بەڵام وایکردووە، کە کاریگەریی هەبێت بەسەر لایەنی دەروونی نەستی ژنەوە، بۆیە ئەم حاڵەتەش تەواو ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئەو شێوازی





نووسین و گوزارشتکردن و دەربڕینەوە، چ لە ڕووی تەکنیکەوەو چ لە ڕووی زمانەوە بێت، کەواتا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوەی پیاو لەبارەی ژنەوە دەینووسێت و ئەوەی ژن لە بارەی خۆیەوە دەینووسێت، دوو شتی لێکجیان، چونکە ئەوەی یەکەمیان تەنها ئیمەیژی پێچەوانەکراوی ناو خەیاڵی خودی پیاو خۆیەتی، کە بەهەموو شێوەیەك لە غیابی وێنەی ڕاستەقینەی ژندا بەرهەم هاتووە، بەڵام ئەوی دووەمیان نەریتێکە لە نووسینی ژنانە، کە گوزراشت لەجۆرێك پەراوێزکەوتەیی و پەنهانی دەلالەت و مەغزاکانی پشتەوەی دەق دەکات، کە تەنها بە گەڕان و بەدواداچوون ئەوانە کەشف دەکرێن.

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگە جیاجیاکانی مرۆڤایەتی بەپێی باری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری خۆی، هەڵدەستێ بە وێنەکێشانی سیمای دەرەکی و ناوەکی تاکەکانی خۆی، واتا بەپێی ئەو پێدراوە جیاوازانە، پایەی ئەندامەکانی خۆی دیاری دەکات، بۆیە یەکێك لەو دابەشکردن و دیاریکردنانە، پابەندە لەسەر لایەنی جێندەریی (ڕەگەزێتی)، کە بەوپێیەش هەموو شتەکان بەسەر دوو ڕەگەزی جیاوازی نێر و مێ (ژن و پیاو)دا، دابەش دەکرێت و هەر بەوشێوەیەش سەیر دەکرێت. بێگومان کۆمەڵگای کوردییش یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی، کە بەشێوەیەکی تەواو تۆخ، کار لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکات و پارێزگاری سەرسەختانەشیان لێدەکات، هەربۆیە سەرنج دەدەین، لە دواجاردا دوو پێگەی جیاواز بۆ هەریەك لە ژن و پیاو دیاری کراوە، لێرەشەوە ئەم کارلێکە هێزی خۆی لەنێو دەقەکاندا دەنوێنی و بەهەمان هەناسەوە، جیاوازییەکان دەر

دەکەونەوە، واتا فەزایەك بەرهەمدێت، کە لەنێو ئـەو فەزایـەدا ئامرازەکـانی گوزارشـتکردن و خـۆدەربڕین، لـە گەمەیـەکی تایبەتیـدان و خەسـڵەتێکی تایبەتیش بە دەق دەبەخشن.

## وێستگەی دووەم:
## خوێندنەوەو ڕەخنە

### خەنجەرەکەی پێشینان
### لە حەمە ڕەشید ئاغاوە بۆ شێرزاد، تا سەرسنگی هەلالە

*** ناسنامەی کتێب:**

- ناوی کتێب: گرەوی بەختی هەلالە (دوا ڕۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر)
- بابەت: ڕۆمان
- نووسەر: عەتا نەهایی
- چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠٧
- چاپ و بلاوکردنەوە: چاپخانەی ڕەنج

ئەو ستایلەی گرەوی بەختی هەلالەی پێنووسراوەتەوە، وایکرد لە ماوەی دوو هەفتەدا دووجار ڕۆمانەکە بخوێنمەوە. عەتا نەهایی هێندە بە سەلیقەوە مامەڵەی لەنێز بابەتەکە کردووە، کە ئاستەمە بە جارێك خوێندنەوە،





لێگەڕێی ئەو ڕۆمانە بخەیتەوە سەر ڕەفەی کتێبخانەکەت، هەڵبەت ئەگەر لەماڵەوە کتێبخانەت هەبێ..

ئەو توانایەی نەهایی لە بەکارهێنانی فلاش باککردن و گۆڕانی شوێنەکاندا لە هەوڵی گێڕانەوەی حیکایەتی دواڕۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەردا نوواندوویەتی، زۆر جوان لەگەڵ فرە ڕەو و کۆچکردنی هەلالە و خانەوادەکەی لە نێو سیاقی گشتی ڕۆمانەکەدا ئاوێتەی کردووە و بەچەشنێك لەگەڵ ترس و هەلاتنەکانیدا وێکیخستۆتەوە، کە خوێنەر هەست دەکات سەرجەم ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە وەك یەکەیەکی کەینونەیی لە بازنەی ڕەو و کۆچکردندا بەردەوامی بە پێکگەیشتنەوەو سەرلەنوێ دەستکردنەوە بە جێهێشتنی شوێنەکان لە زەمەنی جیاوازدا خۆیان بەیان دەکەن. ئەم حاڵەتەش وایکردووە نەتوانین سەرەتایەك بۆ ڕۆمانەکە دیاری بکەین، هەڵبەت مەبەستمان لەو جۆرە سەرەتا تەقلیدییانەیە کە لە خوێندنەوەی زۆر ڕۆمانی تردا پێیان ئاشناین.

تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە ئیشکردنە لەسەر دەرخستنی ئەو عەقڵییەتە نێرسالارییەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە و هەمیشە ژنان قوربانیدەری ئەو عەقڵییەتەن، بەلام نەهایی زۆر زیرەکانە تەوەرەکە لەگەڵ حاڵەتە دەروونییەکانی مرۆڤ و ڕۆڵی قەدەر و چارەنووسیدا و باری سیاسی کوردستان ئاوێتە دەکات، کە خوێنەر دەباتە نێو فەزایەکی ئەوتۆوە لەپاش لێبوونەوە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، دنیایەك پرسیاری بەلاوە دەوروژێ..

بڕوانە ئەو ترسەی هەلالە لە سێبەرەکەی عوسە بۆر، کە سیمبۆلی پیاوسالارییە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، چۆن وەك مۆتەکەیەك هەر لە گوندەکەی خۆیانەوە دوای دەکەوێ هەتا لە ستۆکهۆڵم و خۆی لە

دیارییەکەی پێشیناندا پیشان ئەداتەوە و شێرزادی مێردیشی وەك دەمڕاست و نوێنەری ئەو عەقڵییەتە ئەرکی سەرشانی خۆی بە لەسنگ هەڵاڵەدا چەقانی خەنجەرەکە کۆتایی پێدێنێت.. خەنجەرێك کە شارەو شار و وڵاتەو وڵات دوای دەکەوێت.. لەو وێنەیەدا ئێمە چەندین دیمەنی جیاجیا دەخوێنینەوە.. لەلایەك ئەو چارەنووسەی کە لە ئێخەی مرۆڤ نابێتەوە و توانای گۆڕینیشمان نییە، هەروەك ئەوەی ڕەعنا خانمی باوەژنی هەڵاڵە دەڵێ: (من چارەنووسی خۆمم پێناگۆڕدرێ/ هەڵاڵە دەپرسێ: تۆ دەزانی چارەنووس چییە؟ -ئەرێ دەزانم.. چاڵێکە لەسەر ڕێم هەڵکەندراوە و دەبێ بکەومە ناوی، تەڵەیەکە لەبەر پێم داندراوە و دەبێ پێوەی ببم..) ڕەعنا خانم ئەو ژنەی کە جارەکیان هەڵاڵە سەیری هاتێ لەوەی ژنێکی وەك ئەو شوو بە پیاوێکی پیری بەساڵاچووی چوون حەمەڕەشد ئاغای باوکی بکات.. هەڵاڵە دەیپرسی بۆچی دەبێ کچێکی سی ساڵە دڵی لە پیاوێکی پەنجا شەست ساڵە بچێ؟ بۆ نا؟ ئەوە نەبوو وەختانێك ڕێك وەك ئەوەی دڵی لە برایمۆك چوو، دڵی لە دکتۆر سەعیدی ڕەحمانیش چوو، دکتۆر سەعید ئەو پیاوەی کە شێرزاد لەپاڵ حەزی گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان، غیرەی لێدەکرد و وەك بیانووی نارەزایی دەربڕین لە هەڵاڵە و بۆ پەردەپۆشکردنی هەستە دەروونییەکانی خۆی ناوی دەبرد و دەیگوت، کە هەڵاڵە بۆ عەجەمێکی کرماشانی خۆشەویستی ئەو فرۆشتووە..

ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە شێرزادی تێکەوتووە و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بۆمان دەردەکەوێ، کەسایەتییەکی ترسنۆکی غیرەکەر و شەرمۆکێکی دڵکرمن و گومانناوییە، بەچەشنێك کاتێك هەڵاڵە لەسەر پێشنیاری باوکی لەگەڵ چەند کەسێکی تری خانەوادەکەیدا بەرەو هەندەران وڵات جێدێڵن،





ئەو لای خۆیەوە عاشقی هەڵاڵە دەبێت و درەنگانێ نەبێ ناتوانێ ئەو هەستەی خۆی بۆ هەڵاڵە ئاشکرا بکات و بەودیوی هەمووشیاندا پاراستنی ئەو دیارییەی کە لە باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، (شێرزاد دەڵێ: دوای هەڵاڵە ئەمە پڕ بەهاترین دیارییەکە، کە خەزوورەم بەمنی بەخشیبێت، هەر خۆم دەزانم بە چ مەینەتییەك لە کوردستانەوە لەگەڵ خۆم هێناومە) و دەستاودەست ئێمەی پیاوان چوون خەنجەرە لە چەتە بەجێماوەکان دەیکەینە دیاری بۆ یەکتر و بەوپەڕی نێرایەتیشمانەوە پارێزگاری لێدەکەین و لە نەهامەتییەکانیشماندا لە خۆمانی دانامالێن و ئامادە نین بە خۆماندا بچینەوە، ئەو خەنجەرەی کە ئەگەر لەنێو ئەو هەموو زێڕ و سامانەدا بە کەڵك هاتبا هەڵبەت چەتەکان ئەویشیان بۆ خۆیان دەبرد!!

لایەنێکی تری ئەو عەقڵییەتە پیاوسالارییەی کۆمەڵگەی ئێمە، ئەوەیە کە هەمیشە باوکان دەیانەوێ کوڕەکانیان کۆپییەك بن لەسەر چەشنی خۆیان، ئەوەتا کاتێك مەجیدی کوڕی حەمە ڕەشید ئاغا ڕێبازێکی سیاسی جیا لەوەی باوکی هەڵدەبژێرێ، حەمە ڕەشید لە وەڵامی سەعادەتی خێزانیدا، کە جارێکیان پێیوتبوو: "من هیچ باوکێکم نەدیوە، کە ڕقی لە کوڕی خۆی بێت" ئەڵێ:"منیش هیچ کوڕێکم نەدیوە کە لەبری ئەوەی پشتی باوکی بگرێ، لەبری ئەوەی لە سەنگەری باوکیدا بجەنگێ، بچێ لە سەنگەری ئەو عەجەمە شێعە و کۆمۆنیستانەدا.." هەر کاریگەریی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەلای باوکی هەڵاڵە و باوکانی ترەوە، کە دواجار وادەکات لە نێو دەروونی سەعادەت خانم و ژنانی تری کورددا ببێتە جۆرێك لە فۆبیا و ترس و تۆقین و ئیتر هەموو توانایەکی ژن لە گریانێکدا بچوك بکاتەوە، کە ئەویش زۆرجار بەلای پیاوانەوە هیچ نییە بەدەر لە مەکر و حیلە.. مەکر و حیلەیەك

کە ژنەکانیان بۆ سەرنجڕاکیٚشانی ئەوان بەرکەڵکی دەخەن..!! ها ئەوەتا سەعادەت خانم بە هەموو شتیٚك هۆ و بیٚهۆ دەگریٚ، تا هەلاڵەش ڕۆژیٚك لە ڕۆژان و دوای سالاٚنیٚك دووری و کاتیٚك شیٚرزاد ئارەزووی کچی لیٚدەدزیٚ و بەوەش کاریان دەگاتە مەحکەمە و لەویٚ بڕیاری جیابوونەوە لە شیٚرزدا داوا دەکات، لە شویٚنیٚکدا، ڕەنگە ئەو کاتە بیٚت، کە دەگەڕیٚتەوە مالیٚ و پیٚش ئەوەی بچیٚتە بالکۆنەکە، دەلیٚ: "سەیرە ماوەیەکە وەك دایکمم لیٚهاتووە، وەخت و بیٚوەخت بە هەر بیانوویەکەوە کوڵی گریانم دەپڕژیٚت" ئەوسا پیٚش ئەوەی جگەرەکەی ئاگر بدات، قسەکەی تەواو دەکات: "چارەنووسیٚکی سەیرە.. هەموو ژیانم لەوە دەترسام ببم بە ژنیٚکی وەك دایکم، کەچی ئیٚستا هەست دەکەم بووم.. بووم بە ژنیٚکی وەك ئەو گرینۆك و..".

عەشق و خۆشەویستی پانتاییەکی گەورە لەنیٚو چیرۆکی گرەوەکەی هەلاڵە لەگەڵ باوکیدا داگیر دەکات، ئەو گرەوەی کە بە تیاچوونی برایمۆکی شاعیر و مۆسیقاژەن کۆتایی دیٚت و سەختیش لەسەر ڕۆحی کچە عاشقەکەی حەمە ڕەشید ئاغا دەکەویٚت، بەلاٚم گرەویٚك بوو بە جیا لە هەموو جارەکانی پیٚشوو، چونکە ئەوجارەیان هەلاڵە دەیباتەوە، لەو ڕوانگەیەوە عەشق و خۆشەویستیش هونەرە، خۆ ئەگەر هونەریش نەبیٚ بە مانا تەواوەکەی، ئەوا سەرزەمینیٚکە هەموو هونەریٚکی تیٚدا سەوز دەبیٚ، بۆیە من بردنەوەی ئەو تەنیا جارەی هەلاڵەم وەك ئەو چانسە دیٚتە پیٚش چاو، کە یۆهانز کارلسکی پالەوانی کەمانچە ڕەشەکەی ماکسیٚنس فیٚرمین، دوای سالەها تەمەنیٚك ئەوجا ئۆپیٚرا نموونەییەکەی دەخولقیٚنیٚ و کاتیٚکیش دەگاتە خەونەکەی، هەرگیز کەس نازانیٚ ئەو یەکیٚك بووە لە بلیمەتەکان.. یانژی وەك ئەوەی (برمان)، نیگارکیٚشەکەی (دوا گەلاٚ)ی (ئۆ. هنری) کە عاقیبەت گیانی





خۆی لەسەر شاکارە نەمرەکەی دادەنیٚ. هەلاڵەش ئاوا.. ئەریٚ ڕیٚك ئاوا، سالاٚنیٚك عەشق و خۆشەویستی خۆی لەگەڵ برایمۆکدا لەسەر ئەو گرەوەی دادەنیٚ.. خۆ ئەو دەیباتەوە، ئەو دەیزانی برایمۆك دەگەڕیٚتەوە بۆ لای، بۆیە بردییەوە، بەلاٚم نەیزانی بە جەستەیەکی وشك و ڕەق هەلاٚتووەوە دیٚتەوە، کچە عاشقەکە، هەلاڵە، گرەویٚك دەباتەوە بیٚئەوەی چ کەسیٚك بزانیٚت براوەیە.. گرەویٚك و بردنەوەیەك بوو، سالەهای سالٚ هەستی بە تاوان لە ناخیدا چیٚکرد، تاوانیٚك هەرگیز نەیتوانی لە خۆی ببووریٚ، بەلیٚ تاوانی بەکوشتدانی برایمۆك، ئەو گەنجە عاشقەی ڕادیۆکە، هەربۆیە ئەو هەست بە تاوانبارییە وا دەکات لە ساتیٚکی تری ژیانیدا، بۆ ئەوەی عەزابی ئەو هەستە لە سەر ڕۆحی خۆی کەمکاتەوە، مل بۆ داوایەکی زۆر سەیری باوکی کەچ دەکات، داوا؟ ئەریٚ.. داوای ئەوەی هەلاڵە خۆی لە شیٚرزا مارە بکات (شیٚرزاد ئەو کوڕە گەنجەی کە باوکی دوای مەرگی برایمۆك ڕۆژیٚك لەگەڵ خۆی، لە شاخ، دەیهیٚنیٚتەوە مالیٚ)، بۆ ئەوەی شیٚرزاد لەو نائەمنییەتەی کوردستان (لە زاری حەمەڕەشیدەوە) دەرباز بکات و بیگەیەنیٚتە سویٚد.. ئاخر ئەوە چارەنووسە وادەکات هەلاڵە عەشقی خۆی لە دەستبدا و هەست بە تاوان بکا و شیٚرزادیش بە خەنجەرەکەیەوە بگاتە لای، لەویٚ لە ستۆکهۆلم گەڕەکی فلەمینسبیٚرگ، نهۆمی چوارەمی بالەخانەی ژمارە هەژدە.

## ژیان بەبێ مۆسیقا بێکەڵکترین داهێنانەکانی خودا دەبوو
## خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی
## ( شاری مۆسیقارە سپییەکان )ی بەختیار عەلی

دوور لە هەر شتێك، کە پێیدەوترێ پیاهەڵدان و گەورەکردنی شتێك لە ڕادەبەدەری خۆی، هەوڵدەدەین لێرەدا خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی بکەین، کە بە ڕای من، ئەم ڕۆمانە (وێڕای هەر سەرنج و تێبینییەکمان لەبارەیەوە) یەکێکە لە شاکارە گەورەکانی ئەمدواییەی ئەدەبی کوردی، چونکە ئەوەی لەم تێکستەدا سەرنج دەدرێ، بەتایبەت لە ڕووی تەکنینك و بنیاتەوە، پێشتر لە ڕۆمانی کوردیدا کەم و دەگمەن بووە، یان ئەکرێ بڵێین: پێشتر هەر نەبووە، بۆیە لەڕاستیدا پێویستە هەموو خوێنەرێکی کورد و بەتایبەتیش ئەوانەی سەرقاڵی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیین، خۆیان لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە لانەدەن و بیخوێننەوە.

تیمەی سەرەکی ئەم ڕۆمانە، یەکێکە لەو خاڵانەی سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵێك بابەتە، کە بەشێوازێکی ئەدەبی باڵا، تێهەڵکێشی یەکدی کراون و ئەمەش لە خاڵێکی قوڵ و دوورەوە





دەست پێدەکات و دواجاریش لە یەك ئامانجی دیاریکراودا کۆتایی پێدێ، هەڵبەت چەقی ئەم پێکهاتەیەش بریتییە لە کاریگەری و ڕۆڵی مۆسیقا لە ژیاندنەوەو زیندووڕاگرتنی ڕۆحی ئینسانەکان و دوورخستنەوەی ژیان لە هەنگاوەکانی بەرەو توندوتیژی ڕۆیشتن، کە لەئێستادا کۆی کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێوەی دەناڵێنن.

بەمشێوەیە مۆسیقا ڕۆڵی دەنگ و ڕەنگێکی نەمری هەیە، ڕۆڵی فاکتەرێکی بۆ هەتایە زیندووی نێو ڕۆحی مرۆڤەکان، کە لەسەردەمی هەنووکەدا هەمووان ئەو فاکتەرەمان ونکردووەو بەو ئاسانییەش ڕەنگە پێماننەکرێ و نەتوانین بیدۆزینەوە، بۆیە ڕۆماننووس لە سۆنگەی هۆشیاربوونییەوە بە مەترسییەکانی ئەو کارەساتە، خۆی دەخاتە بەر هەوڵی ئەوەی بەشێك لەو سیحر و هێزی مۆسیقایە بۆ نێو ڕۆح و دنیابینییەکانی کۆمەڵگە بگەڕێنێتەوە، کە لەڕێگەی زیندووکردنەوە و لەخەو ڕاپەڕاندنی مۆسیقارە خەوتووەکانی ناخی هەر تاکێك لە ئێمە کۆتایی بەو هەوڵ و گەڕانە دێت.. ئەو مۆسیقارەی کە زۆربەی مرۆڤەکانی تریش، کاتێك لە کاتەکان و لە شوێنێك لە شوێنە تاریکەکانی ئەم دنیایەدا، دەبێ بە ناچاری وەك جەلادەتی کۆتر دەستی بچێتە لەناوبردنی و بیکوژێ و بەمەش چرایەکی گەشی نێو دەروونی خۆی خامۆش بکا، هەڵبەت هەر لە بەرایی هاتنەبوونی مرۆڤەکانەوە، ئەو چرایە بە هەڵنەکراوی لە دەروونەکاندا، ئەویش دێتە گۆڕێ و بەمەش ئەو کائینە چ مانایەکی نییە، بەدەر لە بوونێکی بۆهەتایی کوژاوەو تاریك، بەڵام کاتێکی پێویستە، کە تێدا تێفکرینەکانی خۆی بۆ ژیان دەست پێبکاتەوەو هەوڵی تەندروست بۆ وەخستنەگەڕی ئەو چرایە بدا، زۆرجاریش سەخت و دژوارە ئەو هەولانەی بە

مەبەستی داگیرساندنەوەی ئەو چرایە، کە بە زمانی بەختیار بەرابەر بە خودی مۆسیقایە، بخرێتەوە گەڕ، بۆیە خراپمان نەکردووە، ئەگەر پێمانوابێ: ژیان بەبێ مۆسیقا بێکەڵکترین داهێنانەکانی خودا دەبوو.
مامەڵەی ڕۆماننووس لەگەڵ کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەیدا سەرکەوتووە، چونکە هەر لە شێوەی دابەشکردن و پێدان ئەرکەوە هەتا هەڵبژاردنی ناوەکانیان، توانیویەتی دەستڕەنگینی بنوێنێ، بڕوانە: (جەلادەتی کۆتر، ئیسحاقی لێوزێڕین، سەرهەنگ قاسم، دکتۆر موسای بابەك، دالیا سیراجەددین، ئوم فەزڵ، مریەمی فەیزی، باسم وەلیدی جەزائیری، جەمیلی پرووشە، عەبدوڵلای تەرزە، عەلی شەرەفیار، جەلیلی باران، سەرمەد تاهیر، شاروخی شاروخ، ڕەوشەنی مستەفا سەقزی، شاناز سەلیم، لەیلا نیلۆفەڕ، حەلیم شێواو، ئەردەڵانی سۆفی و موستەفای شەونم و..)، زۆرتریش لەو ناوە سەیرانەی کە ڕۆماننووس بە کەسایەتییەکانی داوە، کە تەواو وێکدێنەوە لەگەڵ ناوەڕۆك و تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکەیدا، هەروەك بەشێکی لێدانەبڕاویش پێکدەهێنێ لەو سەفەرە بەردەوامەی کە خوێنەر هەر لە خوێندنەوە ناونیشان و دەسپێکی ڕۆمانەکەوە دەستی پێدەکات ڕۆدەچێتە نێو جەنجاڵییەکی جوانەوە تا قوڵترین مانامی خودی جوانی خۆی، ئەمەوێ بڵێم: ئەگەر جەلادەتی کۆتر بە هەمان ئەو کەسایەتییەی هەیەی، ناوێکی تری هەبایە، بێگومان کەلێنێك دەکەوتە نێو سیاقی گشتی پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، هەڵبەت ئەم نمونەیە بۆ کەسایەتییەکانی تریش ئەگونجێ. لەلایەکی ترەوە زمانی بارگاوی بە شیعرییەت، لایەنێکی تری جوانی ناو ئەم ڕۆمانەیە، کە سەرزەمینێکی لە خەیاڵ تا ڕادەی یۆتۆپیبوون خوڵقاندووە، هەر ئەمەش وایکردووە، کە وەسف و گێڕانەوەی ڕووداوەکان





پێویستی بەو جۆرە لە کارەکتەر و کەسایەتی بکات، هەروەك ئەو پێویستبوونەش تەواوی ڕۆمانەکەی بەرەو شوێنگەلی خەیاڵاوی پەلکێش کردووەو دواجاریش ئەمە دەمانگەیەنێتە بەردەم مەسەلەی گەڕاندنەوەی زەمان بۆ نازەمان و بەپێچەوانەشەوە.
بەدەر لەوەی بەختیار عەلی زیرەکانە لەهەوڵیدا بۆ دەسنیشانکردنی پێوەندییەکانی نێوان سروشت و مۆسیقا سەرکەوتووە، هاوکات لە سروشت و مۆسیقاوە هەرچی ڕەنگ و دەنگ هەیە، هێناونەتییە نێو قاوخی ڕۆمانەکەوە، زۆرتریش ڕەنگی سپی و دەنگی فلوتی هەڵبژاردووە: (پرتەقاڵی سپی، فلوتی سپی، باڵندەی سپی، مۆسیقاری سپی، گێلاسی سپی و.. هتد)، بێگومان سەرلەبەری ئەم وێنا جیاوازانەی لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا ئامادەگییان هەیە، شێوەیەکی ئیستاتیکی بەرز دەبەخشنە خوێنەر، کە ناکرێ هەروا بە ئاسانی کەسایەتی و ڕووداوەکانمان بیربچێتەوە.
هەڵبەت ئێمە ناتوانین ئەم ڕۆمانە بڕوتێنینەوە لە کۆی ئەو شارەزایی و کۆی ئەو ئەزموونانەی کە نووسەرەکەی پێیەتی، واتا کاتێك باس لە شێوازی زمان و ئەو سیحرییەت و شیعرییەتە دەکەین، کاتێك باس لەو قوڵبوونەوەو فروانبوونی مانا دەکەین، ئەبێ کاریگەریی ئەو زمانانە بزانین، کە بەختیار عەلی دەیانزانێ و ڕەنگدانەوەیان هەیە لە چڕکردنەوەی بیرکردنەوەکانی ئەو وەك ڕۆماننوسێك، چونکە ئەو زانراوە، کە زانینی زیاد لە زمانێك باشترین کەناڵە بۆ کرانەوەو تەقینەوەی بیر و هزری هەموو نووسەرێك.
دابەشبوونی هێزەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، هەر وەنییە بە ئاسانی بەسەر (باش و خراپ، ڕەش و سپی، جوان و ناشیرین.. هتد)دا دابەش بووبێت، بەڵکو لە

حاڵەتی سەرنجدانی ئەوەشدا، هێزی زمان و تەکنیکی گێڕانەوە و بونیادی ڕووداوەکان ئاراستەیەکی تر بە ململانێی نێوان جوانی و حەقیقەت، چیرۆکبێژ و خاوەن حیکایەت، جەللاد و قوربانی، مێژوو و ئەدەب، شتی ڕووکاری و ئەبەدییەت، جاویدانی و هێزە ئەهریمەنخوازەکان.. ناکۆتا و زەمەنە کورتەکان، دەسەڵات و دەسەڵاتدار و..هتد، زۆری دی لەو ململانێ و شەڕانەی کە ڕۆماننووس لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەیانخاتە ڕوو، جارێك بەشێوازێکی فەلسەفی قوڵ و جارێك وەك بابەتێکی فیکری وشك و جاریکیش چوون گێڕانەوەی حیکایەتێکی بێکۆتایی دێتە پێش چاو.

سەرجەمی ئەو دیالۆگانەی لە سیاقی ئەم ڕۆمانەدا لەسەر زاری کەسایەتییەکانەوە گوێمان لێیاندەبێ، هەر لەوانەوەی کە جارێك عەلی شەرەفیار وەك کەسێك، کە ئەرکی نووسینەوەی جوانییەکی نەمری لە ئەستۆیە و ئەوانەیش کە جەلادەتی کۆتر وەك خاوەن جوانییەکی مەزن و موسافیرێکی ڕێگای نەمریی، پشکدارن لە بونیادی گێڕانەوەی حیکایەتە سەرەکییەکەدا و سەرلەبەریان جۆرێك لە تێپەڕاندنی تخوبە دوورەکانی مانایان سازاندووەو بەمەیش خوێنەر بەسەر دژوارییەکانی نێو ناخی خۆیدا دەگوزەرێ و چێژێکی قوڵ و تائەوپەڕی ناکۆتا وەردەگرێ و لەنێو دڵ و ڕۆحیدا هەزاران هەزار پەلی لێدەبێتەوەو چەکەرە دەکات و قەتارەی ژیانەوەیەکی پڕ ئومێد و کامەرانی پێیە. لەکاتێکدا ئەوەمان بیر نەچێتەوە، کە خودی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە تا ئەوپەڕی مانا کەسێکی تێکشکاو دێتە بەرچاو، بەڵام هەماوەخت کەسێکیشە لێوانلێو لە ئومێد، کە سەرچاوەی ئەو ئومێدەش بریتییە لە مۆسیقایەکی نەمر. هەڵبەت شێوازی دایەلۆگەکان، یەکەیەکی گەورەی ئەو گشتە پێکدەهێنێت، کە دواجار ناوی





گرێچنی لێدەنرێ و وەستایانەش لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوە. لەمبەرو ئەوبەرپێکردنەشدا، کە بەختیار لەڕێگەی وشە و ڕستە و فرێزەکانی نێو ڕۆمانەکەیەوە ئەنجامی داوە، سەرکەوتوو بەسەر دروستکردنی هاوسەنگی لە ڕۆمانەکەیدا.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، پرۆسەی گەڕانەوە زەمەن بۆ نازەمەن و بە پێچەوانەوە بەرکەڵکخراوە، ئەو زەمەن و ڕووبەری ئەم وڵاتەی کردۆتە دەسئاوەردی ڕۆمانەکەی و بەمەش شوێن و کاتەکان بەنێوان زەمەنە خوێناوییەکانی مێژووی ئەم وڵاتەدا ڕەتکردەوە، هەر لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران – عیراق و کارەساتی ئەنفال و شەڕی کەنداو و.. هەتا ڕاپەڕینەکەی خەڵکی باشووری عیراق و دواجاریش ڕاپەڕینەکەی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ و هەتا دەگاتە بە شەڕی نەگریسی نێوان حیزبە کوردییەکان و یەکترکوژی لەنێو شارەکاندا، کە سەرجەم ئەم دیمەنانەش بە تەواوەتی بوونەتە بەشێك لە تابلۆیەکی هونەریی گەورەو بەختیار بە فڵچە و ڕەنگی وشە و هزری خۆی کێشاویەتی.

بەشێك لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنی ئەو ڕۆمانە لەوەدایە، کە دانەبڕاوە لە مێژوو و ڕابردووی کورد، وەك میللەتێك، کە گێرۆدەی چەندنی دەرد و پەتای کوشندە بۆتەوە، گەورەترینیان لە مەسەلەی داگیرکارییەوە دەست پێدەکات تا ئەو دیاردە دزێوانەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەن و ڕۆژانە لێرەو لەوێ کەتنی گەورەیان لێوە دەخولقێن. لە حاڵەتی یەکەمیاندا نووسەر ئاماژە بەو جەلادییەتەی ڕژێمی دیکتاتۆر دەکات، لە حاڵەتی دووەمیشدا کێشەی کوشتنی مۆسیقا لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا وەك تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە دیاری دەکات، کە هەمدیس بۆ ئەمەشیان لە کاریگەریی حاڵەتی

یەکەم بەسەرییەوە کەم ناکاتەوە، واتا ئەو ڕەشەکوژی و کپکردن و کوشتنەی کە ڕژێمی بەعس لە چەند ساڵەی حوکمڕانی خۆیدا بەسەر ئەم گەلەیدا هێناوە، بێگومان وەرگرتنی ئەم حاڵەتانە و تێگەیشتنی تەواوی نووسەر لەبارەیانەوە وایکردووە، کە توانایەکی گەورە ئیزافەی ئەو توانا تایبەتییەی بەختیار بکاتەوە، کە بەسەر و سیمای کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەوە ڕەنگیان داوەتەوە. ئاشکرایە بەیەکجاری خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، خوێنەر ناتوانێ بچێتە ئەودیوی ماناکانییەوە، چونکە ڕۆماننووسی سەلیقەیەکی تەواوی تێدا نواندووە، هەربۆیەش زۆرکەس ئەم حاڵەتە بە تەمومژاوی لێکدەدەنەوە، بەڵام دیارە ئەمە ئەوەندەی شێوازی تایبەتی بەختیارە لە نووسیندا، ئەوەندە شتێکی بە ئەنقسەت نییە، بۆیە هەر خوێندنەوەیەکی ئەم ڕۆمانە، وا لە خوێنەر دەکات، کە بەسەر تێفکرین و هزراندنی جیاوازدا بڕوات، ئەمەش زەمینە ڕەخساندنە بۆ خوێنەران تا بتوانن بەپێی دنیابینی خۆیان وێنای تایبەتیان بۆ فیکری بەرکەڵکخراوی ناو ئەم ڕۆمانە هەبێت. واتا هێندەی ئەو ئەندازەیەی کە لێڵی بەکارهێناوە، ئەوەندەش ڕوونی بە چەشنی بیرکردنەوەکان دەبەخشێ لە چۆنێتی هەڵێنجانی مانا و لێکدانەوەکاندا، بەمەش ئەتوانین بڵێین ئەو شێوازەی کە بەختیار عەلی هانای بۆ بردووە، یەکێکە لە تەکنیکە سەرنجڕاکێشەکانی نووسین، کە ئەگەرچی بۆ بەشێك لە خوێنەران ئاسان نەبێت، بەڵام دواجار وێکدێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە (ستاندال) دەڵێ:"تەنیا بنەمایەك دەزانم، ئەویش نابێ شێواز زۆر ڕوون و ئاشکرابێ، یان زۆر ئاسان بێ".

ئێمە لە شوێنێکی ئەم گوتارەدا، باسمان لە ململانێ و شەڕی نێوان دژەکان کرد، دیارترینی ئەو جۆرە ململانێ و شەڕانەش ئەوەی نێوان جوانی و





ناشیرینییە لەلایەك و نەمریی و کۆتاهاتنە لەلایەکی ترەوە، کە هەردوو ئەوانە بێوچان لە ژیاندا بۆ چۆڕێك لە ئەبەدییەت و مانایەکی تر لە ناکۆتا دەگەڕێن، ئەمەش بووەتە خەسڵەتێکی گشتی شارەکەی بەختیار و هەر لەسەرەتاوە دەست پێدەکات شۆڕدەبێتەوە تا دەگاتە ئەوەی پەیامی خۆی دەگەیەنێتە خوێنەر، پەیامێکی ئەوتۆ، کە ڕەنگە لەودیوی مانا گران و سەنگەکانی تێگەیشتنی هەریەك لە ئێمەوە چاوگەیان بەستیێ، لەو پەیامەدا هاتووە، کە جوانی و حەقیقەت دووانەیەکی ئەزەلیین و لەنێو بوونی هەر تاکێکدا لە خولانەوەی بەردەوامی خۆیاندا بۆ ناکۆتا و بۆ دونیایەکی پڕ لە دەنگی مۆسیقای جاوید و چێژ کاڵەوە نەبوو دەگەڕێت، بۆ ئەو مەبەستەیش پردێکی گەورە بۆ پەڕینەوەی خوێنەر بنیادنراوە، تا ئەوەی بە پرسیارە گرنگ و هەمیشەییەکان بکات، ئەو پرسیارانەی کە سەبارەت بە جاویدانی و مەسەلە ناکۆتاییەکانییەوە بە تەواوەتی ڕەنگیان داوەتەوە لەو بەرهەمەدا، ئەوەشمان بیرنەچێتەوە، کە بەختیار عەلی هەر لەوێندەریشەوە جارێکی تر ڕێگەی سازداوە بۆ چۆنێتی گەڕانەوەی خوێنەر، تا لەنێو وێستگەکانی ڕۆح و تێگەیشتنە جیاوازەکانی خۆیدا، بۆ قەیرێك بتوانێ ڕامێنێ لەو سەرنجانەی کە لە گەڕانی ئەبەدی خۆیدا، دەستیان دەکەوێت و ئەوجایش ئەتوانێ وەڵامی پێویستیان لێوە هەڵهێنجێنێ.

هەڵبەت ئەمەش تەواو پێوەندی بەو شێوازەوە هەیە، کە لە پێشتر ئاماژەم پێدا، واتا جۆرێك لە یاخیبوون لەهەمبەر بەدەستەوەدانی مانایەکی ڕووتێنراو بە خوێنەری تیاد بەدی دەکرێ، ئەمەش هەر لە چەند لاپەڕەی سەرەتای ڕۆمانەکەوە دیارە، بەڵام جارێکی تر بەهۆی سەلیقە و لێهاتوویییەوە، ئەو حاڵەتە لە شکاندنی سنوورەکانی مانای گشتی،

بەهەردوو شێوەکەیەوە (تێگەیشتنی ساکار و حاڵی نەبوون) خۆی دەگەیەنێتەوە بە گیانی خوێنەر و لێیدانابڕێ، لەوەی دەسبەجێ لەگەڵ هەر روودانێکی بچووکدا، لەڕووی شوێن و کات و کەسایەتییەکانەوە، سەرنجی ڕادەکێشێ بۆ نێو حاڵەکاتەکە، بۆ ئەمەش دەبێ خوێنەری جیدی خۆی ئامادە بکا و بزانێ، کە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە، درێژترین سەفەرێکە و هەر دەبێ دەست پێبکات، مادامەکێ بڕیاری خوێندنەوەی داوە.

بایەخدان بە دەروونی ئینسانەکان، جێگەیەکی گەورەی داگیر کردووە لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا، هەر لەو تێڕوانینانەی ئیسحاقی لێوزێڕینەوە بۆ ژیان و داواکارییەکانی بۆ قوتابییەکانی هەتا بچێتە ناخی خۆیانەوەو لە جوانییەکانی ژیان ڕابمێنن و قووڵ تێکەڵ بە مانا ناکۆتاکان بن و هەتا ئەوەی ئەو بایەخدانەی خودی مرۆڤ بە ناخی خۆی، لە کۆتاییەکانی ئەو ڕۆمانەدا دەگاتە ئەوەی کە جەلادەتی کۆتر و سامیری بابلی ڕۆحیان تێکەڵاوی یەکدی بێ و سەفەرێکی گەورە بەناو ناخی یەکتردا دەست پێبکەن، تا ئەو ڕادەیەی کە جەلادەت ئەو فلوتە سپییە بچوکەی خۆی دەدۆزێتەوە، کە مامۆستا سەرمەد تاهیر لە پاش خۆخنکاندنی بۆ ئەوی جێهێشتووەو ئەویش (جەلادەت) لە شەوی ئەنفالکردنیاندا لەگەڵ ئیسحاقی لێوزێڕین و سەرهەنگ قاسمی هاوڕێیدا پاش ئەوەی دەکەونە بۆسەیەکی سەربازەکانی ڕژێمەوە لێیوندەبێ و ئیتر بە درێژایی ڕۆمانەکە تا ئەوێی کە لەگەڵ سامیری بابلیدا، کە پاڵەوانی ئەنفالە، تێکەڵ بە ناخی یەکتر دەبن، جارێك تر دەیدۆزێتەوە، کە ئەمەش دواجار ڕێگایەکی لێدەبێتەوە بۆ پاکبوونەوەو خۆدۆزینەوەی کەسێکی وەك پرتەقاڵی بابلی. هەر ئەم لێکدانەوەیشە، کە وای لە بەختیار کردووە، وەك ڕۆماننووس و هەمیش وەك





یەکەمین خوێنەری بەرهەمەکەی خۆی، کە دواجار بۆ خۆیشی یەکەمین ڕەخنەگرێتی، بڕیاری ئەوە بدات، کە سامیری بابلی خۆی تەسلیمی ئەو دادگایە بکات، کە جەلادەتی کۆتر بە نیازی سەربڵندکردنی عەدالەتەوە بۆ دادگاییکردنی پرتەقاڵی بابیلی دایمەزراندبوو، هەرچەن ئەو قەدەرەی کە دواجار بە کوشتنی بابلی کۆتایی پێدێت، هەر لە سەرەتاوە ڕۆماننووس بڕیاری خۆی لەسەر یەکلاکردووەتەوە، بەڵام هەڵبەت ئەوەی لەو دیمەنەدا بە خوێنەر دەگات، گرنگیدان و بایەخدانە بۆ خۆدۆزینەوەی مرۆڤ، کە لەڕاستیدا مەرگ و سەفەری ڕۆحەکان لەهەمبەریدا چ سەنگاییەکی ئەوتۆی نییە و نابێ.

شەڕی ڕۆماننووس لەگەڵ دیوە ناشیرین و نابووتەکەی دەسەڵاتدا، وەك هەمیشە لەم ڕۆمانەشیدا درێژەی هەیە و تەواوی ڕەنگی داوەتەوە، شەڕێك لەگەڵ ئەو پیاوانەدا، کە هیچ تێنەگەیشتوون لە ژیان و بڕی ئەو جوانییانەی کە ئەکرێ بە ئینسانەکانی بەرامبەری ببەخشنەوەو قومێك لە کامەرانی بە بەری ئەو هەناسە تێکهەڵچڕژاوانەی کەسانی بێئومێدا بکەنەوە، بەدەر لەوەی کە هەتا ماون هەر دەسەڵاتداربن و هەر بە کورسییە نەعلەتییەکانیانەوە بلکێن و لەبەرامبەریشدا قوربانییەکانیان بۆ هەمیشە چاویان لە میتافیزیکا و ئاین و.. هتد بێت بۆ ئەوەی لە ژیانێکی تردا پاداشت و بەشەژیانی ئەوەیان بدرێتەوە، کە لە دونیای ئێستەیان لە کیسیانچووەو چووەتە گەرووی دەسەڵاتدارانەوە، بەمەش بەختیار عەلی بیرکردنەوەی خۆی و خوێنەریش بەنێو دیوێکی تری ژیانکردن و هەڵوێستوەرگرتندا دەبات، لەبەرامبەر یەکدی، بەو شەڕکردنەی لەگەڵ دەسەڵاتدا پەیامێك بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێ، کە تێیدا بانگەوازی جوانیبەخشین و لێبووردەیی و..

ئامادەگی بەرچاویان هەیە. هەڵبەت بێگومانین لەوەی ئەم شەڕەش بەشێکە لەو شەڕ و ململانێ و ناکۆکییانەی دیکەی نێو ئەو شارە، کە جارێک خۆی لە نێوان حەقیقەت و جوانیدا و جارێکیش لەنێوان جاویدانی و ئەبەدییەتدا و جارێکیش تریش.. تد، بەمەش مانای گشتی ڕۆمانەکە و بابەتەکەی پێکدێت و خوێنەری لە درێژەی خوێندنەوەیدا بیری نەمری لێوە فێر دەبێت.

بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا، وەك زۆربەی بەرهەمەکانی تری، دەرفەت و مەودایەکی گەورەی بە ژن بەخشیوە بۆ گوزارشتکردن لەخودی خۆی و تەنانەت ڕێگەی داوە قسەی خۆی بکات لەسەر کۆی دیاردە و پێدراوەکانی ناو کۆمەڵگە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە باری ژیانییەوە هەیە، لەمبارەیەوە بەختیار دەڵێ:"من هەمیشە وا دەبینم ئافرەت بوونەوەرێکی بەهێزترە لە پیاو" ئەمەش لەو گەڕانە بێوچانەی دالیا سیراجەددیندا خۆی دەنوێنێ، ئەو کچەی کە قوربانی دەسەڵاتێکی باوکسالارییە و لە شاخە دوور و عاسییەکانی کوردستانەوە قەدەری بەرەو نێو شاری تەپوتۆزە زەردەکان (شاری سۆزانییەکانی باشوور) ڕەوانە دەکرێ، ئەو کچەی کە بەدوای خۆشەویستەکەیدا سەفەری دوورودرێژی خۆی بەنێو هەموو تەنگوچەڵەمە و ئاستەنگییەکانی ژیاندا دەست پێدەکات و لەو سەفەرەشیدا بەدوای ئەو جوانییەدا دەگەڕێت، کە هەر لە سەردەمی خوێندکارێتییەوە لەنێو ڕۆحی ئەو گەنجە عەرەبەدا لە زانکۆ پێیدەبات و شەیدای دەبێت و بۆ هەمیشە بەڵێنی ڕاستەقینەی ژیانی لەگەڵدا مۆر دەکات، لێرەشدا خوێنەر بە ڕووی هەست بەو هێزە گەورەیەی دالیا سیراجەددین دەکات، وەك مێیەنەیەك، کە دواجار گەڕانی ئەو بە دوای جوانییەکی ونبوودا بە کۆمەڵێك قوربانیدانی گەورەوە دەست پێدەکات و





کۆتایی دێت، واتا هێزی ئافرەتێك بەرامبەر بە جوانییەکی جاویدانی لە نەزەری خوێنەردا تۆمار دەبێت، لەبەرامبەریشدا هەر جوانییەکی جاویدی ترە، ئەو دەمەی جۆرێك لە بێدەسەڵاتی زەندەقێکی وەك پرتەقاڵی بابلی دەر دەخات لەبەرامبەر عەدالەت و یەکسانی دادگا سادەکەی جەلادەتی کۆتردا.

لەکۆتاییدا دەڵێم: وەکچۆن بەختیار عەلی لە سەرەتاوە ڕاماندەکێشێتە نێو (٦٢٥) لاپەڕەی شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە، ئاواش بەو چەشنە لە کۆتاییدا لە بەردەم کۆمەڵێك سەرەتا و دەستپێکی تردا جێماندەهێلێ بۆ ئەوەی سەرلەنوێ سەفەری خۆمان دەست پێبکەینەوە، ئەمەش نهێنییەکی ترە لە شارەکەی ئەودا، کە سەفەرکردن تێدا چوون ژیانی قەقنەس بێکۆتاییە.

## کۆشکی باڵندە غەمگینەکان و
## چەند سەرنجێك

**یەکەم:**

ئەو زمانی دەربڕین و نووسینەی لای بەختیار عەلی دەردەکەوێت و بەرکەڵکی خستووە، شێوازێکە زیاتر لەگەڵ ناوی خۆیدا وێکدێتەوە، بەوپێیەی ئەو بوو توانی سیمایەکی جیاوازتر بە زمانی کوردی ببەخشێ، هەڵبەت مەبەست لە زمانی نووسینە. ئەگەرچی کاریگەریی ئەو شێوازە لە نووسین و دەربڕین بەلای بەختیارەوە، ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە و هەبووە بەسەر کۆی ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی دوایی کایەی ئەدەبیاتی کوردییەوە، بەڵام ئەو ستایڵە، وەك ئەوەی لای بەختیار هەیە، هێشتا نەبووەتە شێوازێکی باوی دوای پرۆسەی بەرهەمهێنان، کە ئەنجامی هەزمکردنی پێشوەختە بێت، بە چەشنێك کە دواجار بتوانین حوکمی ئەوە بدەین، لەوەی شێوازە بەباوبووەکە، ماکی ئەو بەرهەمهێنانەیە، لەکاتێکا دەبێ مەرجی سەرەکی بەرهەمهێنان داهێنان بێت، نەك پەلەکردن لە بڵاوکردنەوە و ناوبانگ پەیاکردن.

**دووەم:**

دواجار کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، دوایین ڕۆمانی بەختیار عەلی، کە





من بۆ خۆم، وەك هەموو جارەکانی تر، بەوپەڕی تاسەوە چاوەڕوانی بڵاوبوونەوەیم کرد، خوێندمەوە. منیش وەك هەر خوێنەرێکی تری ڕۆمانەکانی بەختیار، کاتێك کۆشکی باڵندەکانم خوێندەوە، هەستم بە گۆڕانێکی بەرچاو کرد، بە تایبەت لە ڕووی: کەمی کاراکتەر و کەسایەتییەکان، ڕەوانی لە دەربڕین و گوزراشت، بەردەوامی گێڕانەوە، بە جۆرێك کە خوێنەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووداوەکاندا تێکەڵ ئەبێ و پچڕانێکی ئەوتۆی نایەتە پێش، سەرەڕای ئەوەی هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە، گێڕەرەوەی حیکایەتەکە، خودی نووسەر خۆیەتی، بەمانای کەسی یەکەمە، ئەگەرچی لە هەندێ شوێندا، جێناوەکان (ئێمە)ی سەربەخۆ و (مان)ی لێکاوی بەکارهێناوە، بەڵام بە بەردەوامی گوێمان لە دەنگی تاکە ڕاوییەکە، کە ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لەسەرە، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر وایکردووە خوێنەر ئاسانتر بچێتە نێو ڕووداوەکانەوە لە چاو شاری مۆسیقارە سپییەکان (بە نمونە) کە زیاتر ئیشی لەسەر مەڵتیفۆن کردووە. بەهەرحاڵ ئەوەیان زەوق و سەلیقەی خوێنەران یەکلایی ئەکاتەوە، لەوەی کامیانی پێجوانترە.

**سێیەم:**

تا ئێستا هیچ ڕۆمانێکی بەختیار عەلیم لە دوو جار و سێ جار کەمتر نەخوێندووەتەوە، ئەمجارەیان نەبێ، کە لە ماوەیەکی کەمدا توانیم حیکایەتی باڵندەکانی سەوسەن گوڵدانچی بخوێنمەوە. خۆ من دڵنیام جارێکی تریش ئەبێ بچمەوە نێو ژوورەکانی ئەو کۆشکە، بەڵام بێئەوەی تووشی هیچ مەینەتییەك بم، چونکە هەست ئەکەم نووسەر بە دەست ئەنقەست کلیلی دەرگاکانی کۆشکەکەی لە جێگەی بەرچاودا داناوە، تا بە ئاسانی بتوانین

کۆدەکان بکەینەوە، ئەو کۆشکەی کە ئەگەر مەنگوڕی بابەگەورە نەبایە، ڕەنگە سەوسەن گوڵدانچیی و کامەرانی سەلا شوێنێکی ئەوتۆیان دەست نەکەوتبایە بۆ باڵندەکانیان!

بەدوور لە هەر شتێك، تەنانەت بەدوور لەو قسانەی سەرەڕایش، ئەمەوێ لێرەدا بە کورتی چەند سەرنجێکی خۆم، بخەمە ڕوو، کە پێموایە هەق نییە ئەوانە بەسەر کەسێکی وەك بەختیار عەلیدا تێپەڕیبان، ئەگەرچی بە بڕوای من ئەو جۆرە حاڵەتانە ناکاتە ئەوەی ڕاست و چەپ بەسەر تێکستێکی وەك کۆشکی باڵندەکاندا بێنین و ئەزموونی نووسەرەکەشی بە هیچ و خراپ تێبگەین، ئەم جۆرە بڕوایەشم، لە ڕوانگەی ئەوەوەیە، کە هیچ کەس بێبەریی نییە لە کەموکورتی..

١. کە کامەرانی سەلا چەقۆکەی خۆی ئەوەشێنێ، دواتر مەنسور ئەسرین بە برینداری ئەگەیەنرێتە نەخۆشخانە. نووسەر لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا، دەنووسێ: "دکتۆر و تیمارپێچ و سیستەرەکان بە جۆرێك لەسەری کۆبوونەوە، وەك کۆمەڵێك منداڵ، کە لەسەر کۆترێکی مردوو کۆبووبێتنەوە" دەبوو لە بری تیمارپێچ (برینپێچ) بەکارهاتبا، چونکە (برین)، (تیمار) ئەکرێ، ئەنجا (ئەپێچرێ)، ئەوەشی بەو کارە هەڵدەستێ (برینپێچ)ە نەك تیمارپێچ.. (بڕوانە لاپەڕە ١٧)

٢. ئیبراهیمی ئەسرین کە لە نەخۆشخانە لەچاوەڕوانی مەنسوری کوڕیدا دەبێت، بە هێمنی بە خۆی دەڵێ: "بە دڵنیاییەوە جوبرائیل بەشێك لە ژیانی لێرەدا دەباتە سەر، لەم خەستەخانەیەدا" دواتر نزیکی دەمەو بەیانیش بەدەم وەنەوزادنەوە جارێکی تر دەڵێ:"نا جوبرائیل پیاوێکی بێئیش نییە".. ئەمەو لە چەند شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا جوبرائیل لە بری





(ئیزرائیل/عیزرائیل) بەکارهاتووە، دیارە ئەمەش هەڵەیە، چونکە ئەوەی کە ڕۆح دەکێشێ عیزرائیلە، نەك جوبرائیل. (بڕوانە لاپەڕە ١٩و ٢٨٧)

٣. مەنگوڕی بابەگەورە لە لاپەڕە ٣٥دا دەڵێ: باشترین پیاو ئەوانەن، کە لە دواییدا دەبنە مێردی باش، من ئەوەم لە ژنانی زۆر قەیرە بیستووە".. ئەوەی ئاشکرایە (قەیرە، قەیرەبوون، قەیرەیی) ئەو سیفەتەیە، کە ئەدرێتە پاڵ کچانێك لە تەمەنی ئاسایی خۆیان تێپەڕیان کردووە و هێشتا هەر کچن و شوویان نەکردووە، واتا هێشتا نەبوونەتە (ژن) و هەر بە کچێتی خۆیان ماونەتەوە، بۆیە ناکرێ ئەو سیفەتە بدرێتە پاڵ (ژن).. (تێبینی/ لەبەرانبەر کچی قەیرە، کوڕی ڕەبەن هەیە، واتا ئەو کوڕانەی تەمەنی ئاسایی خۆیان تێپەڕاندووە و هێشتا هاوسەریان نییە).

٤. لە بەیانی ڕۆژی دووەمدا، کە مەنسور بریندار ئەکرێ، خالید ئاموون بۆ دۆزینەوە و ناسینی کامەرانی سەلا، ئەچێتە چایخانەی (پەپولەی ئازاد)ەوە، لەوێدا و لە لاپەڕە (٤٢)دا هاتووە: "خالید ئاموون کە چووە چایخانەکەوە، بۆنی چایەکی زۆر کوڵاو و هاڵاوی ساردیی هەندێك قاڵیی سەهۆڵ، کە یەکێك لەسەر تەختێکی گەورە دەیشکاندن چوو بە ڕوویدا" ئەمە لەلایەك بووەستێ، بەڵام ئەو ڕۆژانەی کە کامەرانی سەلا چەقۆ لە مەنسووری ئەسرین ئەدات، وەك لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆمانەکەوە بەیانکراوە و لە لاپەڕە ٨یشدا جارێکی تر جەخت کراوەتەوە، یەکێك دەبێت لە ئێوارە ساردەکانی زستان.. ئەدی لە زستاندا چایخانە قاڵبە سەهۆڵ بۆ چی بەکار دەهێنێ؟ خۆ ئەگەر مەبەستێك هەیە و ڕوون نییە، دەبوو نووسەر ئاماژەیەکی بدابایە، بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە لای خوێنەر نەبێتە مایەی سەرقاڵی بێسود، لەکاتی خوێندنەوەدا.

٥. لە لاپەڕە ١٣٥دا لە وەسفی نەشمیلی ژنی بەهادینی بوکێدا هاتووە: "نەشمیل ئەسپەژنێکی کەم وێنەبوو، بەڵام وەها سەر بە دەرەوە بوو، هەر مەپرسن". هەرگیز نەبووە ژن بە ئەسپ بچوێنرێ، بۆیە ڕاستەکەی ئەوەیە بڵێین: نەشمیل ماینەژنێکی کەم وێنە بوو.. ئاخر ئەسپ نێر و مایین مێینەیە.

٦. بەعسییە کۆنەکان.. یان کۆنەبەعسی ئەو دەستەواژەیە بوون، کە ڕۆژگارێکی زۆر دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و بە تایبەتیتر لەم ساڵانەی دواتردا کەوتە سەرزاران و زۆرتر دەبیسترا و دەبیسترێ، نەك هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەوە، چونکە ئەسڵەن ئەو دەمە هێشتاکێ هیچ نەببوو تا بەعسی و بەعسییەکان (کۆن) بن! بەڵام لە لاپەڕە ١٥١دا لە گێڕانەوەی ئەو ڕۆژەی کە ئیتر شارەکە ڕاپەڕینی دەگاتێ، هاتووە: "تاڵانییەکان هەموو شتێکی گرتەوە، لە تاڵانکردنی کارگەکان و ماشێن و شتە گرانبەهاکانی ناو دەزگاکانی دەوڵەتەوە بیگرە تا تاڵانکردنی ئاڵتون و پارەی ماڵە بەعسییە کۆنەکان". ڕاستە ڕاوی لە زەمانێکی زۆر دواتری ڕاپەڕینەوە حەکایەتی ئەو ڕۆژەمان بۆ ئەگێڕێتەوە، بەڵام ئەو لەحاڵەتی گێڕانەوەکەدا بەرپرسە لەوەی تەواوی وێنە و حاڵەکاتەکانی ئەو چرکەساتەمان بۆ بگوازێتەوە، چونکە نابێ ئەوەمان لە یاد بچێتەوە، کە بەشی زۆری ڕۆمانەکە و ئەو ڕووداوەش ئەوەندەی پەیوەندی بە مێژووەوە هەیە، ئەوەندە ناتوانرێ وەك پێدراوێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. خۆ ئەگەر ئەوە وانییە، دەبوو لە ٢٢دێر دواتریشدا (قەڵای گەورەی بەعسییەکان) ببوایەتە (قەڵای گەورەی بەعسییە کۆنەکان)!

٧. وێڕای ئەوانە هەندێ حاڵەتی ترمان لە کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا





بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە: لە لاپەڕە ١٦٧دا دەبوو لە بری (کەوتنە گرتنی وێنە)، (کەوتنە وێنەگرتن) بەکارهاتبا، چونکە ئەوەی دواییان چاوگە و بە یاریدەی کرداری (کەوتە)ی یاریدەدەر پێکهاتووە و ئەمەش لە ڕێزماندا گونجاوترە، تا (کەوتنە گرتنی وێنە)، بەدەر لەوەش مۆسیقای ڕستەکەش جوانتر دەبوو. لە لاپەڕە ١٩٦دا و لە وەسفی کورسی و مێز و پەیکەرە کۆنەکانی ماڵی گوڵدانچیدا، وشەی (بە سامانبار) بەکارهاتووە، کە لەڕاستیدا وشەیەکی نەگونجاوە، چونکە (بار) وەك پاشگرێك لە ڕێزمانی کوردیدا ئەوەندەی بۆ دروستکردنی ناوی داڕێژراو بەکاردێت، هێندە بەشداری لە دروستکردنی ئاوەڵناودا ناکا.. مننەتبار، غەمبار، کارەساتبار.. ئەمانە ناوی داڕێژراون و بژۆنیشن، ئەگەریش بە گرێ هاتن، ئەوا ڕاستەوخۆ دەبنە ئاوەڵناو و ئرکیشیان دیارخەری ناوەکەی پێش خۆیەتی.. لەبەرامبەریشدا ساماندار و سامانگە و ساماندان-مان بیستووە، کە دیارە هیچ لەوانەش لەبری (سامانبار) بەکار نایەن.

چوارەم و کۆتایی:

کەواتا کاتێك لەبەرانبەر تێکستێکی بەختیار عەلیدا دەوەستین، (ئێمە لێرەدا باس لە ڕۆمانەکانی دەکەین)، ڕووبەڕووی جۆرێك لە زمان دەبینەوە، کە ڕاستەوخۆ شەرعییەتی ئەوەی بە خۆیداوە تا زۆر سەربەستانە و بێمننەتانە یاری بە وشە و زاراوە و لەوێشەوە بە ڕستەو کۆژەکان بکات و سیمای تایبەتی خۆی جیابکاتەوە لە کۆی ئەو ستایلانەی پێشووتر کە ڕۆمان، چیرۆك و حەکایەتی کوردی پێنووسراوەتەوە، کە پێموایە ئەو سەربەستی و بێمننەتییەش یەکێکە لە نهێنییەکانی سەرکەوتنی ئەزموونی ڕۆمانووسیی بەختیار، بەڵام ئەوەی هەمیشە جێی سەرنجە، ئەوەیە کە نابێ

ئەو شەرعییەت بەخۆدانە، بگاتە ئاستێك لەسەر حیسابی گشتی زمان و ڕێزمانی كوردی جێی خۆی بكاتەوە و خۆی بسەپێنێ (كە دەبێ بیرمان نەچێ، لەوەی زمان و ڕێزمانی كوردیش لەم سەردەمەدا، بۆ خۆی لە نێو كۆمەڵێك قەیراندایە و زۆر باس و بابەتی هەن، تاهەنووكە یەكلایی نەكراونەتەوە)، ئەمەش بەوپێیەی هەموو زمانێك خاوەن جۆرێكە لە خەسڵەتی سروشتی خۆی، خەسڵەتێكی سروشتێكی ئەوتۆ، كە زۆرجار پاراستنی هەروا ئاسان نییە و مامەڵەی بێئاگایانە لەگەڵیدا، ئەنجامی شێواندنی لێدێتە بەرهەم.





## جەمشید خانی مامی بەختیار عەلی
## یان
## گێلە پیاوی عەزیز نەسین

نكۆڵی لەوە ناكەین كە (بەختیار عەلی) یەكێكە لەو نووسەرو ڕوناكبیرە جیدیانەی دنیای ڕۆشنبیری و ئەدەبی كوردی ئەم سەردەمەی ئێمە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بینینی ئەو وەك كەسێك كە هیچ هەڵەوپەڵەیەكی نەبێ، كارێكە پێچەوانەی هەموو لۆژیكێك دەكەوێتەوە. مەبەستمان لەهەبوونی هەڵەوپەڵە، دەقە ئەدەبییەكانیەتی چونكە ژیانی تایبەتی موڵكی تەنیا خۆیەتی. لەنێو دەقە ئەدەبییەكانیشیدا، ڕۆمانەكانی پشكی زۆری ئەو هەڵەوپەڵانەیان بەركەوتووە، كە ناخۆشبەختانە لە دوابەرهەمی خۆیدا (جەمشید خانی مامم كە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)، مۆری لەو مەسەلەیە داوە، بەوپێیەی نەیتوانیوە بەسوود وەرگرتن لەو پێشنیارانەی لە ئەنجامی ڕەخنەگرتنەوە، لە بەرهەمەكانی پێشووی، خۆی لە هەڵەكان بەتایبەت هەڵەی زمان ببوێرێت، كە وایان كردووە خەوشگەلێك لە سیاقی گشتی دەقەیدا بەرهەم بێت، ئەگەرچی ئەو كەموكورتییانەی كە لە زمانی ڕۆمانەكانی بەخیتار عەلیدا، بەگشتی هەن و بەرچاو دەكەون، بەرابەر بەو

سەلیقە و توانایەی ئەو، لە ڕۆماننووسیندا، ئەوەندە نین، تا هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو لایەنەکانی تری ڕۆمانەکانیدا بهێنرێت، چونکە ئاشکرایە، کە ئەو هەندێ تەکنیك شێوازی تازەی بەکارهێناوە، کە پێشتر بەوشێوە لە ڕۆمانی کوردیدا بەرچاو نەبوون.
لەلایەکی ترەوە، ئەزموونی ڕۆماننووسی بەختیار عەلی لەدوای (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ەوە، دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە نەیتوانیوە ئەو جوغزەی خۆی تێپەڕێنی و شتی نوێ بە خوێنەرانی ببەخشێت، چوون ئەوەی لەدوای ئەو بەرهەمەوە کەوتبێتە سەردەمی خۆجوینەوەوە، کە بێگومان ئەمەش بۆ نووسەرێکی وەك ئەو زۆر زووە. ئەوەی لە دوای شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە خوێندمانەوە، لەچاو ئەودا، تەواو لە ئاستێکی نزمدایە. بۆیە هەقی خۆیەتی بپرسین: ئەم پاشەکشێیە لەپای چی؟ ئایا نەدەبوو نووسەرێکی وەك بەختیار عەلی دەقێکی تازەی پێشکەشی خوێنەرەکانی بکردایە؟ هەرهیچ نەبێ، نەدەبوو غەزەلنووس و کۆشیکی باڵندەکانی لەو ئاستەی شاری مۆسیقارەکان نەهاتبایەنە خوارێ؟ ئەی چی بڵێین، ئەو دەمەی لەبەرامبەر دەقێکی تەواو لاوازی وەك (جەمشید خانی مامم..)دا، خۆمان دەبینینەوە؟
دیارە ئەوەی دەیڵێم لەکاتێکدایە، کە ئەزانم دەقی ئەدەبی بە (قەپانی بەقاڵان) ناپێورێت، تا بەو ئاسانییە وەها بڕیارێك بدەین، بەڵام خوێنەری هۆشیار دەزانێ مەبەستمان لە چییە، چونکە ئێمە هەڵکشانی پلەبەپلەی بەختیارمان لە دوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆمانییەوە (مەرگی تاقانەی دووەم) تا شاری مۆسیقارەکان بینی، بۆیە تەواوەن بڕوامۆایە، ئەو پرسیارانە لە جێگەی خۆیاندان و هەقە بەختیار عەلییش بۆخۆی بیریان لێبکاتەوە.





من کە (جەمشیدی مامم) خوێندەوە، هەستم کرد کاراکتەر و کەسایەتی جەمشید خان، وێنەیەکی کتومتی کەسایەتی (گێلەپیاو)ەکەی (عەزیز نەسین)ە، بەڵام هاتۆتە کوردستان دەژی! ئەوەی کە چارەنووسی (گێلەپیاو) بەدەست خۆیەوە نییە و هەرجارەی ژیان بەلایەکدا دەیبات، تەواو لەو چارەنووسە دەچێت، کە جەمشید خانی تێدایە و بەڵام لای بەختیار (با) وەك سیمبۆلێك لەبری (ژیان) بەکارهاتووەو هەمیشە جەمشید لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەم لێکچوونەش حەرام نییە، چونکە لێکچوونی کەسایەتی و ڕووداو و شوێن و تەنانەت بابەتەکانیش لەنێوان دەقی زۆربەی ڕۆمانەکانی دنیادا، بەدی دەکرێت، کە دواجار بەپێی هەر تیۆر و پێوەرێکی ڕەخنەیی بێت ئەکرێ بەجیا، قسەیان لەبارەوە بکرێت، هەروەك ئاراستەی فیکری و فەلسەفی وادەکەن، ئەو لێکچوونانە لەپنتێکی دیاریکراودا، لێکجیاببنەوە، بەڵام کاتێك تۆ وەك خوێنەرێك، ڕۆمانێك دەخوێنیێتەوەو هەست بەوە دەکەیت، کە دەگەڕێیتەوە بۆ نێو دنیای ڕۆمانێکی تر، کە پێشتر نووسراوەو بەرهەمهێنراوە، ئەوا ناتوانی لە فیکر و فەلسەفەی سەرەکی ئەو ڕۆمانەی پێشوو دابڕێیت، ئەمەش ڕێك وەك ئەو حاڵەتەیە، کە من لە خوێندنەوەی ڕۆمانی جەمشید خانی مامما تووشی هاتم و هەستم ئەکرد ئەودەمەیە، کە بۆ یەکەمجار (گێلەپیاو)م، تیاخوێندەوە. لێرەوە گەشتمە ئەوەی بەخۆم بڵێم: بەڕاستی بەختیار عەلی نەیتوانیوە بە قووڵی فیکرێکی دیاریکراو تەوزیف بکات، وەك لە شاری مۆسیقارەکاندا (بۆ نمونە) کردوویەتی، بەڵکو ئەو هاتووە هەندێ سەربوردی جیاجیای داوەتە پاڵ کەسایەتییەك و بەوەش هێڵی گشتی و سەراپاگیری حیکایەت لەنێو دەقەکەدا نادیار و ونە.
لەلایەکی ترەوە، ئێمە دەزانین یەکێك لەو هۆکارانەی کە وائەکات ئاستی

دەقێك بەرزتر لە دەقێكی تر، لە ڕووی بنەما ئیستاتیكییەكانەوە، پیشان بدات، ئەو زمانەیە، كە خاوەن دەق، لەڕێگەیەوە ویستوویەتی پەیامی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت. واتا زمانی دەق مەرجی یەكەمە لە دیاریكردنی ئاستی هەموو دەقێكدا، بەتایبەت ئەگەر ئەو دەقە خۆی لە چوارچێوەی یەكێك لە ژانرە ئەدەبییەكاندا ببینێتەوە، ئەگەر وردترو تایبەتی تریش قسان بكەین، ئەوا دەڵێم: (دەقە گێڕانەوەبەندییەكان)و لەسەرووی هەمووشیانەوە دەقی ڕۆمان، پێویستی بە زمانێكە، كە لەهەموو ڕوویەكەوە، تا ئەوپەڕی سنوورەكانی ئاگایی، لەلایەن ڕۆماننووسەوە مامەڵەی دەگەڵ كرابێ، دەنا بەرلەهەر شتێك ڕۆمانەكە وەك هەر دەقێكی لاواز، دەر دەكەوێت و خۆی نمایندە دەكات، هەروەك ئەو تیمەو مژارەی كە تێیدایە بەهۆی كەموكورتی لە زمانەكەیدا، تیا دەچێت و بەوەش پەیامی دەق ناگاتە خوێنەر.

ئێستا ئێوە سەرنج بدەنە ئەم حاڵەتانەی لای خوارەوە، كە لەڕاستیدا نازانم هۆكارەكەی بەلای (بەختیار عەلی)ەوە، بۆچی دەگەڕێتەوە: تۆ بڵێی بیەوێ ئەم جۆرە زمانە بەزۆر بكاتە زمانی داهێنان و جوانكاری، كە هەرگیز ئەمە بۆ كەس ناچێتە سەرو قابیلی قبوڵیش نییە؟

١. وشەی (گەرداو) وشەیەكی لێكدراوەو لە (گەرد + ئاو= گەرداو) پێكهاتووە، وەك: (گوڵاو، خوێناو، چڵكاو، قوڕاو..)، بەڵام ئەو لە چەندین شوێندا لەگەڵ وشەی (با)دا بەكاری هێناوە، كە هیچ بیانوویەك بۆ بەكارهێنانی نییە. خۆ مادامەكێ باس باسی (با)یە، لەبری (با و گەرداو)، (با و گەردەلوول)بووایە باشتربوو! {بڕوانە:ل٦}

٢. ئەوەی كە هەیەو بیستوومانە (بەدگومان)و (دوودڵ)و (ڕاڕا)یە، ئیتر





تێناگەم مەبەست لە (دووگومان) چییە، كاتێك دەنووسێت: (باپیرم كە پیاوێكی وەسواس و دووگومانە).{بڕوانە:ل٧}

٣. پێڵاو و پۆستاڵ و كەوش و كڵاش، (لێوار)یان هەیە، نەك (لێو)، وەك ئەو دەڵێت: (لێوانی پۆستاڵ) {بڕوانە:ل٢٩}

٤. (ناوچە حەرامەكان) مەبەستی لە (منگقە محرمە) یان (اراچی محرمە)ی سەردەمی ڕژێمی بەعسە، كە هیچ كەس بۆی نەبوو پێ بخاتە ئەو ئەرزانەو بچێتە ئەو ناوچانەوە، چونكە بەپێی بڕیارێكی بەعس ئەو ئەرزو ناوچانە حەرامكرابوون. كەواتا (ناوچە حەرامەكان) هەڵەیە، دەبوو بینووسیبا (ناوچە حەرامكراوەكان)، چونكە ئەمەیان (ئاوەڵناوی كراو)ەو ئەویتریان (گرێیەكی ئاوەڵناوی)یەو جیاوازیشیان ئاسمان و ڕێسمانە. بە بەهەڵە بەكارهێنانیشیان واتای ڕستە سەقەت ئەكەن. {بڕوانە: ل٤٩}

٥. ئەگەر ڕستەی (گرفتەكان چیین و كێشەكان چۆن دەبن. {بڕوانە: ل١٥}) بەمشێوەیە بووایە (گرفتەكان چین و چۆن دەبن) یان (كێشەكان چیین و چۆن دەبن)، كورت و پوخت و باشتر نەدەبوو؟

٦. ڕستەیەكی وەكو (بەچەند مانگێك جارێك شەوێك دەهات بۆ لام..{ل١١٧}) هەم لەڕووی سینتاكسییەوە جوان نییەو هەمیش بۆ خوێندنەوە قورس و ڕەزاگرانە.. ئەی ئەگەر (چەندمانگ جارێ شەوێك دەهات بۆ لام..)ی نووسیبا جوانترێك نەدەبوو؟

٧. لە لاپەڕە (٥٥)دا، هاتووە: (لە بەهاردا جگە لە دەنگی بروسكە كە بێئەندازە جەمشید خانی دەترسان گرفتێكی زۆر گەورەمان نەبوو، زۆر ڕۆژ ئەوم بە باوەش هەڵدەگرت و بەرەو باڵا سەردەكەوتم و لەسەر ترۆپكی چیاكانی دەوروبەر مامم بە خۆمەوە دەبەستەوەو سەیری سروشتمان دەكرد).

بۆ ئەمەش دەڵێن: (بروسکە) دەنگی نییە تا مرۆڤ بە (جەمشید)یشەوە لێی بترسێت، بەڵکو ئەوە (هەورەگرمە)یە، دەنگی زۆر و ترسناکی هەیە. لەلایەکی ترەوە، کە لەسەرەتای ئەو پەرەگرافەدا ناوی (جەمشید خان) هاتووەو دواتریش بە جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاك ئاماژەی پێکراوە، ئیدی چ پێویست ئەکات بنووسرێت: (مامم بە خۆمەوە دەبەستەوە)، کە ئەمە لە هەڵەی ڕێزمانی و سێبارەکردنەوە زیاتر هیچی تری بەرهەم نەهێناوە.

٨. هەرگیز پێموانییە بەکارهێنانی هەندێ وشەی عەرەبی، کە لەنێو زمانی کوردیدا جێگەیان بووەتەوە، ببێتە مایەی لاوازی لایەنی زمان لە دەقدا، بەڵام کە وشەی (دەریا)مان هەیە، گوناح نییە بنووسین (بەحر)! {بڕوانە:ل١٠٦ و هتد..}، کە (هەواڵگر)مان هەیەو جوان و چەسپیوە، چ پێویست دەکات بیکەینە (خەبەرگر) {بڕوانە:ل٤٢}؟ ئەدی حیکمەت لەوەدا چییە (ڕەشەبا) هەڵگێڕینەوەو بیکەنەوە بە (باڕەش)؟

٩. ئەگەر کەسێك (گوێ)ی نەبێت، بێگومان ناشتوانێ گوێ بگرێت، ئیدی چ پێویست دەکات بڵێین: (گوێرەکەیەکی گەورەی گوێنەگری بێگوێ..)؟ {بڕوانە:ل١٢٤} هەرچییەك و هەرچۆنێك بێت، وشەی (بێگوێ) لە سیاقی ئەو ڕستەیەدا زیادەیە.

١٠. لەلاپەڕە (١٢٦)دا هاتووە: (من دڵنیابووم بەشەو دەفڕێت و بۆ سەعاتی درێژ لە ئاسماندا دەمێنێتەوە)، دیارە مەبەست لە (سەعاتی درێژ) (کات یان ماوەی زۆر و درێژە)، بەڵام ئەو بەکارهێنانە زۆر ناڕێکە، چونکە (سەعاتی درێژ) بیرمان بەلای (سەعاتی کورت و سەعاتی بچوك و سەعاتی پان و هی بازنەیی و..هتد)یشدا دەبات.





١١. ئەوە چ پێویستییەکی زمانەوانی یان ئیستاتیکییە وا دەکات، کە ڕۆماننووس (ماچی کچانە و گللەیی ژنانە) لەنێوان دوو کاراکتەری کچدا، کە هێشتا شوویان نەکردووە و نەبوونە بە ژن، بەکاربهێنێ؟ (خەزاڵ لەبەر دوکانەکەدا کۆنە هاوڕێیەکی خۆی دەبینێت کە ناوی سافیناز خانە.. بە دەستووری کچان یەکتری ماچ دەکەن و دوای گلەیی ژنانە لەیەکتر، خەزاڵ پێشنیاری ئەوە بۆ سافیناز دەکات کە بیگەیەنێت بۆ ماڵەوە..) {بڕوانە:ل٦٤} کەوابێ ژنگەلێکیش هەن، بە دەستووری ژنانە یەکتر ماچ بکەن و گللەیی کچانەش لەیەکدی بکەن.. وانییە؟

١٢. (جەمشید لە کردەیەکی چاوەڕوان نەکراو و ڕاستەوخۆی عاشقانەدا دەستی سافیناز دەگرێت و تکای لێدەکات لەم هەفتەیەدا هەر شەوێك با بوو، سەعات یەکی شەو کە خەڵك هەموو دەخەون بچێتە سەربان و چاوەڕوان بکات، چونکە شتێك دەبینێت و دەبیستێت کە پێشتر نەیبینیوە، بەڵام نابێت لێی تێك بچێت). پێشا وادیارە ڕۆماننووس بیری چووە تەواوی بکات و بڵێت: (کە پێشتر نەیبینیوەو نەیبیستووە). خۆ ئەگەر تەواویشی بکردایە، هەر لەو هەڵەیە قورتاری نەدەبوو، چونکە هەڵبەت مەبەستی لەوەی کە سافیناز پێشتر نەیبینیوە (بابردنەکەی جەمشیدخان)ە، ئەوەشی کە دەبێ پێشتر (نەیبیستبێت)، دەنگی جەمشیدخانە، بەڵام بەداخەوە، چونکە دیسانەوە وادیارە ڕۆماننووس بیری چووەتەوە، کە لاپەڕەیەك پێشتر، لەو دەعوەتەدا، کە خەزاڵ خان ڕێکی دەخات، ئەو ڕۆژە جەمشید خان تائێوارە لەگەڵ سافینازدا دەباتەسەر و بەردەوام قسە دەکات و باسی ژیانی خۆی دەکات.. ئایا ئیتر ئەوەی کە ماوەتەوەو سافیناز نەیبیستبێ چییە؟! {بڕوانە:ل ٦٥-٦٦} هیچ، چونکە لەلاپەڕەکانی دواتردا ڕۆماننووس

شتێکی چاوەڕوان نەکراومان بۆ ناگێڕێتەوە.

١٣. دواتر هەر لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا، دەڵێت: (سافیناز لە سەعات یەکدا دەچێتە سەربان و لەسەر بەرزترین ستارەی ماڵی خۆیان دەوەستێت.. {بڕوانە:ل٦٩}) ئەوەی دوو ڕۆژ لەبەردەست وەستایەکی بەننادا ئیشی کردبێت، دەزانێ (ستارە) دەکاتە چ شوێنێکی ماڵەکان (خانووەکان)؟ ئیدی نازانم سافیناز چۆنچۆنی چووەتە سەر بەرزترین ستارەی ماڵەکەی خۆیان؟

١٤. لە وەسفی جەمشید خاندا هاتووە: (.. پێستێکی ناسکە و بەسەر هەندێك ئێسکی باریکدا وشکبۆتەوە. {بڕوانە:ل٧}) پێش هەرشتێك ئەگەر پێستێك (ناسك) بێت، بێگومان (وشك)نییە، خۆ ئەگەر هات و (وشك)بێت، بێگومان (ناسك)یش نابێت.. واتا وشکی و ناسکی دوو بەشی جیاوازی دوو سیفەتی پێچەوانەن، ئیتر تێناگەین چۆن ئەم (پێستە ناسکە) بەسەر ئێسکی جەمشید خاندا (وشك) بۆتەوە؟

هەر لەبارەی وەسفی جەستەی جەمشید خاندا دەنووسێت: (من تەنیا فریای ئەوە کەوتم سەرسام سەیری تەنکی و لاوازییەکەی بکەم. {بڕوانە:ل١٢})، کەواتا جەستەی جەمشید خان (تەنك و لاواز) بووە، کەچی لەهەمان لاپەڕەو دێڕێك یان دووان لە خوار ئەوەوە، خەیاتێکی تایبەت دێت تا بەپێی (گەورەیی و تەنکی) جلی تایبەتی بۆ جەمشیدخان بدروێت (نەك جلی بۆ بکات، وەك ئەوەی ڕۆماننووسی نووسیویەتی)، هاوکات لەلاپەڕە (١٣)شدا دەنووسێت: (جەمشید خۆشحاڵانە لە پێشمانەوە دەڕۆی، پیاوێکی بچوك و تەنك..)، ئێستا ئێمە شایەتومان بەکاملادا هەڵدەین: جەمشیدێکی (گەورەو تەنك) یان (تەنك و لاوازە) یان (بچوك و تەنك)!





١٥. بەختیار دەنووسێت: (جەمشید خۆشحاڵانە لە پێشمانەوە دەڕۆی، پیاوێکی بچوك و تەنك کە هەموو گوندەکە بە گەورەو منداڵییەوە هاتبوونە سەیری. ئەو چەند پیرەی لە دێکەدا دەژیان و لەدایکبوونی باوکی جەمشیدیان لەیاد بوو، هاتن بۆ بەخێرهاتنی و لە نهێنی ئەو پەتەشیان پرسی کە سەرێکی بەردەوام بە دەست من یان سمایلەوە بوو. {بڕوانە:ل١٣} بەوپێیە بێت، هەموو خەڵکی گوند بە گەورەو منداڵییەوە، ئەوەیان زانیوە کە جەمشید پەتی لێبەستراوە، تا با نەیبات، هەروەك خۆیشی (بەلووت بەرزییەوە) بۆ ئەو چەند پیرەی لە دێیەکەدا هەبوون، ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: (ئەو پەتە بۆ ئەوەیە لە کاتی ڕەشەبادا نەفڕم و گەر گێژەڵوکەی گەورە هات بەرێزمان با نەیبات){بڕوانە/ ل١٣} کەچی لە لاپەڕە (١٨)دا، مەسەلەی بابردنەکەی جەمشید (نەك فڕینەکەی جەمشید، وەك ڕۆماننووس لە چەند شوێنێکدا بابردن و فڕینی لێ تێکەڵ بووە)، وەك نهێنییەك باسی لێوە دەکرێت و نابێت کەس پێیانبزانێت، ئەوەتا وەك خۆی دەڵێت: (دەبێتە ئابڕوچوونێکی گەورە بۆ من و بۆ هەموو خانەدانانی تایەفەکەمان گەر ڕۆژێك لە جێگایەکی گشتیدا با بمبات.) {بڕوانە:ل١٨}.

کارەکە هەر بەوەندەوە ناوەستێت، بەڵکو ئەو پەتەی کە خەڵکی گوندەکە بینیان و پرسیاریان لەبارەوە کردو جەمشیدیش وەڵامی دانەوەو بۆی ڕوون کردنەوە لەوەی مەسەلەکە چییە، دەبێتە (کێشەی گەورەی ئەو سەرەتایەمان چۆنێتی و چەشنی گوریسەکان بوو. ئەو گوریسانەی دەبایە لە ڕۆژدا و بۆناو خەڵك بەکاریانبهێنین، گوریسی زۆر کورت بوون کە جەمشیدیان بە ئێمەوە دەنووسان، بەجۆرێك هەندێجار دەبایە وەك سیانەیەکی پێکەوەلکاو بڕۆیشتبایینایە تا خەڵك زۆر سەرنجی پەتەکەی نێوانمان نەدەن و بایەکی

خێراش جەمشید لە دەستمان نەفڕێنێت. {بڕوانە:ل١٨} ئەری ئەمەیان ناوبنێین چی؟

١٦. لەلاپەڕە (٣٣)دا دەنووسێت: (پسپۆرەكانی سوپا هەندێك جلی تایبەتیان بۆ مامم دەستەبەر كرد، كە ڕەنگیان لەگەڵ هەموو تۆنە جیاوازەكانی ڕەنگی ئاسماندا دەگونجا و پەتی وەهایان بۆ هێنایین، ئاویی و ڕوون بوون و لە هەوادا نەدەبینران). ئێمە قبوڵمانە، پەتێك ڕەنگی ئاویی بێت، نابینرێت، بەڵام ئاخر پەتێكی ئاویی كە ڕوون بوو، ئیدی چۆن باوەڕ بە خۆمان بكەین، كە نایبینین؟ كەواتا ئەگەر سیفەتی (ڕوون و ڕوونێتی)مان خستە پاڵ هەر شتێك، با ئەو شتە پەتێكی ئاوییش بێت، ئەوا وەك (ڕۆژی ڕوون) بەرچاومان ئەكەوێت و ئەیبینین.

١٧. هەر لە ناونیشانی ڕۆمانەكەوە، خوێنەر تێدەگات، كە هەمیشە هەر (با) جەمشید دەبات، ئیدی چ پێویست دەكات باسی (هەوا)یش بكەین و بڵێین: "با سرتەی نەدەكرد و هەوا هیچی نەدەبزواند. {بڕوانە:ل٣٢})، بەتایبەتی ئەگەر هات و ئێمە بزانین (با) و (هەوا) دوو شتی تەواو جیاوازن. ڕەنگە ئەو جیاوازییەمان بە عەرەبییەكەی تەواوتر بۆ ڕوون بێتەوە، ئەگەر بزانین (با واتا ریاح). بۆیە (هەوا) كە هی هەڵمژینە، ناتوانێ (جەمشید) لەگەڵ خۆیدا ببات، چما ناوهێنانی لەپای چی؟

١٨. بە وردی ئەم ڕستە لێكدراوە بخوێنەوە: (ئەو لە ئاسمانەوە چەندین شاری وێرانكراوی ئێرانی بینی، لەسەرەوەڕا دەیان هەزار لاشەی تێكەڵاوی سوپاكان كەوتنە بەردەمی.. {بڕوانە:ل٣٤})، لە ڕستەی یەكەمدا تێدەگەین، لەوەی كاتێك جەمشید بەئاسمانەوە بووە، چەندین شاری وێرانكراوی ئێرانی بینیوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، لەڕێگەی بەكارهێنانی ئاوەڵكرداری (لەسەرەوەڕا)، ڕۆماننووس ئەوەمان پێدەڵێت، كە جەمشیدخان لەكاتێكدا بەحەواوە بوو، هەرلەوكاتەشدا (لەسەرێڕا)ی جەمشیدەوە (كە مەگەر هەر كاك بەختیار خۆی بزانێ چەنێك بەرز بووە)، دەیان هەزار لاشەی تێكەڵاوی سوپاكان كەوتوونەتە بەردەمی! وەك ئەوەی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران-عێراق، بەرەیەكی لە ئاسمانیشەوە دامەزرابێ و ئێمە پێمان نەزانییێ!

١٩. لەلاپەڕە (٤٩)دا باس لە (كەمی بژێوی و كورتی زەخیرە) دەكات، بەڵام لەپەڕەی دواتردا (سێ مانگ پتر خەریكی زەخیرەخستن) دەبێت، بێئەوەی خەمێكی (كورتی زەخیرە) بخوات؟ بێگومان (كورتی زەخیرە)ش گرێیەكی تری بێمانایە و هەر نەیخستایەتە ئەو ڕستەیەوە، بۆ هەموومان باشتر دەبوو.

٢٠. ئەو غەزەبەی كە چارەنووس بەسەر جەمشیدخانیدا هێناوە، هەر ئەوە نەبووە، كە (با) بردبێتی و بە ئارەزووی خۆی ئەمسەرو ئەوسەری پێكردبێت، بەڵكو وا دەر ئەكەوێت، كوردگوتەنی، تووكەڕیشی جەمشیدخان، (لەگووا بووبێ)، ئەوەتا ڕۆماننووس دەنووسێت:"ئێوارانیش كە هەڵدەستاین جەمشید هەردەم مەزاجێكی خراپی هەبوو، كەم قسەی دەكرد، زۆر لەبەردەم ئاوێنەی دەستشۆرەكەدا دەوەستا، چەند جارێك ڕیشی دەتاشی...)!!{بڕوانە:ل٩٩}

لەكۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم، بەداخەوە: لەم ڕۆمانەدا، هەرچی پێگە و شوێن و ئاراستەی جوگرافی هەیە، بەشێوەیەكی وا تێكەڵ و پێكەڵ كراون، تەنانەت لەسەر وردترین نەخشەی جوگرافییش بۆمان نادۆزرێنەوە. بەختیار عەلی وەك چۆن لە كۆشكی باڵندە غەمگینەكاندا (عیزرائیل و جوبرائیل)ی

لێتێکچووبوو، لەمەشیاندا بەشێوەیەکی ئەوتۆ سامناك زاراوەکانی (باکور و باشوور و کرمانجی و کوردی باکور و کوردستان و باکوری عیراق و کەرکوك و..هتد)ی شێواندووە، گومانم هەیە لەوەی بتوانین بە کۆمەکی بەرنامەیەکی وەك (گۆگڵ ئێرس)یش بتوانین پێگەی ڕاستەقینەی ئەوانە لێکجیابکەینەوە! بۆ ئەوەش بەدەر لە لاپەڕەکانی (٤٠، ٤٦، ٩٧، ٩٦ و..تد)، بڕوانە ئەمە، کە دەڵێت:"یەکەمین فڕینی لە زیندانێکی تایبەت لە کەرکوکەوە دەست پێدەکات و کاتەکەشی شەوێکی ساردی زستان دەبێت."{ل٤}، ئەنجا لە لاپەڕە (٦)دا، دەڵێت: (بایەك کە جەمشید لە باشورەوە بۆ باکور هەڵدەگرێت..). ماڵوێرانییەکە هەر لەوەدا نییە، کە ئەم برادەرە (کوردستان) بە (باکوری عێراق) ناودەبات، بەڵکو لەوەدایە، (کەرکوك) بە (باشووری عێراق) دەزانێ؟





## مەملەکەتی گورگەکان
## دەقێکی هەمیشە کراوە، سەفەرێکی بەردەوام

**یەکەم:**

ئەگەر (مەملەکەتی گورگەکان)ی شاعیرو نووسەر (حەمەسەعید کەلاری) بخوێنینەوە، کە تازەترین بەرهەمی ناوبراوەو دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا بۆی چاپ و بڵاوکردووەتەوە، ئەوا یەکەم پرسیارێك، کە بەلامانەوە سەرهەڵدەدا، بریتییە لەوەی: ئاخۆ ئەم تێکستە لەچ فۆرمێکی ئەدەبیدا خۆی دەبینێتەوە؟ بەدەر لەوەی خودی نووسەر هیچ ئاماژەیەکی بەبابەتی تێکستەکەی خۆی نەداوە، تا خوێنەر بزانێ سەر بە چ فۆرم یان ژانرێکی نووسینە، بۆیە دیاریکردنی وەڵامێکی بنەڕەتی بۆ ئەو پرسیارە، کارێکی ئاسان نییە، چونکە دواجار دەبینین لەو مەملەکەتەدا تێکەڵاوبوونێکی بەرچاو هەیە لەنێوان فۆرمە جیاوازەکانی چیرۆك و هونەری گێڕانەوەو سەربوردەو ژیاننامەدا، ئەو حاڵەتەش وایکردووە، نەتوانین بەئاسانی، وەکچۆن (بۆنمونە) دوو ڕەگەزی (سالب و موجب) لێکجیا دەکەینەوە، ئاوا بەوشێوەیەش ناتوانین ئەم تێکستە بەبڕیارێکی ڕەهاو کۆتایی لە بۆدەقەی تەنیا یەك فۆرمی گشتی و

دیاریکراودا قەتیس بکەین، ئەگەرچی ڕەنگە لەهەندێ شوێندا بەپێی پێویست و خواستی نووسەر، شێوە فۆرمێك زیاتر بەکارهاتووە تا شێوەیەکی تر..

ئەمەو سەرلەبەری مەملەکەتی گورگەکان (٢٠٠)لاپەڕەیەو سێ بەش یان سێ تەوەرەی سەرەکی پێکیهێناوە. لەلاپەڕە حەوت تا سیوچوار، بەشی یەکەمە، کە لەژێر ناونیشانی (منداڵێك لە مەملەکەتی باوکەکاندا) هاتووەو من لێرەدا بە (دەستپێك) ناوی دەبەم. لەلاپەڕە سیوپێنج تا سەدو بیست و پێنج بەشی دووەمە، کە جارێکی تر لەژێر تایتڵی (منداڵێك لە مەملەکەتی باوکەکاندا)هاتووەو دواتریش و تاکۆتایی تێکستەکە، (مرۆڤێك لە مەملەکەتی گورگەکاندا) دەخوێنرێتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی هەر بەشەو لەکاتی پێویستدا لەڕێگەی هێمای (***)ەوە، لێکجیاکراونەتەوە.

ئەوەی لەو خستنەڕووەدا جێی سەرنجە، ئەمەیە: منداڵێك لە مەملەکەتی باوکەکاندا، کە ئێستا ناونیشانی دەستپێکی مەملەکەتی گورگەکانە، هاوکات بەشی دووەمی هەمان تێکستە، هەروا پێشتر لە دوو تویێی بەرگی کتێبێکی سەربەخۆو بەهەمان ناونیشان لە زنجیرە کتێبی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی بە ژمارە (٣٠) لەسالی (٢٠٠٥)دا، لەلایەن نووسەرەوە چاپکراوەو بڵاوبووەتەوە. بەمەشدا پرسیارێکی تر دێتەکایەوە، لەوەی: ئاخۆ مەبەستی نووسەر لەم تێهەڵکێش و دووبارەکردنەوە ڕاستەوخۆیە چییە؟

وەڵامی ئەم پرسیارەشمان بە ئاسانی چنگ ناکەوێ، چونکە دیسانەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نووسەر بەدی ناکەین، کە لەوبارەیەوە ئاماژەی پێدرابێ، بەڵام ئەوەی بەرچاومان ڕوون دەکاتەوە، ڕەنگە ئەو جۆرە سەرکێشییە بێت،





کە بەلای نووسەرەوە بەدی دەکرێت، بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی.. ئەمەش بیرکردنەوەیەکە، دەمانباتە سەر ئەوەی بڵێین: بشێ ئەم ژیاننامە بێ لەناو ژیاننامەدا؟ وەك چۆن ڕۆمان هەیە لەناو ڕۆماندا؟ ئەی باشتر نییە، ئێمەش لەگەڵ (ئەنتۆنیۆ ئیستهۆپ)دا بڵێین: دەق شوناسێکی بۆ خۆی هەیە، بەڵام ئەم شوناسە هەموو کات ڕێژەییە؟

دووەم:

لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم دێڕی مەملەکەتی گورگەکاندا، خوێنەر هەست بە حاڵەتێك دەکات، مەگەر لە کۆتاییدا بکەوێتەوە یادی، لەوەی دووچاری جۆرێك لە سیحرو جادوو کراوەتەوە لەلایەن نووسەرەوە، چونکە سەلیقەیەکی جوان و تایبەتی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بەرکەڵك خستووە، ئەم حاڵەتەش پەلکێشمان دەکات بۆ نێو دونیایەکی (بەقەولی نووسەر خۆی) پڕ لە (مەینەت و مەحەببەت). ئینجا کە ئێمە بەم ڕێگایەداو بەنێو دونیای ئەو مەملەکەتەدا، گوزەرمان کرد، ئەوکات تێئەگەین: ئەمە ئۆتۆبیۆگرافیای خودی نووسەرەو تێهەڵکێشکردنی منداڵێك لە مەملەکەتی باوکەکانیشدا، هەوڵدانە بۆ تەواوکردنی ئەو سەفەرە، کە لەگەڵ (کانی)دا، گرتوویە بەرو لە هەندێ شوێنیشدا شیزۆییانە مامەڵەی لەگەڵ کردووە، ئەمەش لەئەنجامی دەستبەردار نەبوون لەو عەشقە ڕیالییەی، کە ئێستا لەڕێگەی خەیاڵیشەوە بێت، درێژەی پێدەدا، چونکە دەستهەڵگرتن لەم کانییە، دەکاتە دەستهەڵگرتن لە کانی خودی ژیان و مانەوە، بۆیە نووسەر ویستبێتی یان نا، ئەوا خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا، جۆرێك لە دانپیانانیش دەخوێنێتەوەو بەدی دەکات، کە ئەویش لەڕاستیدا یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی وائەکات مەملەکەتی گورگەکان، بەخێرایی سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕاکێشێ و

تاکۆتایی لەگەڵ خۆیدا بەرێ.

نووسەر لە تەکنیکە سینەمایی و درامی و ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانی تر، سوودی وەرگرتووەو کردوونیەتێ کەرەستە بۆ گێڕانەوەی دوو قۆناغی ژیانی تایبەتی خۆی. لەقۆناغێکیاندا منداڵێکە، یان باشتر بڵێین (منداڵێکی گەورەیە)و باوکەکان دەوریان داوە، لەقۆناغی دووەمیشیاندا مرۆڤێکە (مرۆڤێکی منداڵە)و گورگەکان دەوریان داوە، بەدیوێکی تردا ئەم منداڵەگەورەیەو ئەم مرۆڤە منداڵە، هەر لەیەك مەملەکەتدا ژیاوە، کە ئەویش مەملەکەتی گورگەکانە. ئەو باوکەی ئەم بەچاوی منداڵی دەیبینێ، دواجار هەمان گورگەبۆری جێبە عەسکەرییەکەیە، بەڵام ئەوە دنیابینی نووسەرە، کە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو ئێستا وەك مرۆڤێك حیکایەتخوانی دەکا.

نووسەر منداڵێکی گەورەیە، چونکە ئەوە خواستی باوك و مام و ئامۆزاو خواستی تاکەکانی دەوروبەرو سەرجەم کۆمەڵگەیە، کە دەبێ منداڵەکان زوو گەورە بن و زوو ببنە پیاو، تا وەجاغی خانەوادەو بنەماڵە ڕۆشن بێت، ئەمە دۆخێکە وا لە منداڵ ئەکا بکەوێتە بەر تەوژمی (مەحەببەت)ێکی بێپلان و بێبەرنامەی وشك و بێتامی گەورەکان و هاوکات دەبێ زەبری (مەینەتی)یەکی قورس و ڕەزاتاڵ و ناقۆڵایش قەبوڵ بکات. ئەوجۆرە ژیانەیە، کە منداڵێتی تیا بەهەدەر دەچێ و نەخۆشییەکانی دواتر سەرهەڵدەدەن، ئەو نەخۆشیانەی هەرگیز ناوێرین بیریان لێبکەینەوە، لەکاتێکا خۆمان بووینەتە کارگەی وەبەرهێنانی ڤایرۆسەکەی. بەهەدەرچوونی قۆناغی منداڵێتی هاوتایە لەگەڵ بەفیڕۆچوونی بەشێکی زۆری تەمەنی مرۆڤی نێو مەملەکەتی گورگەکان. منداڵەگەورەو





بیرکەرەوەکەی ئەوجا، هەنووکە خودی نووسەرە، بەڵام دوو هێندەی منداڵێك پێویستی بە دڵنەوایی نازکێشانە، ئەو لەم گورگستانەدا، پێویستی بە دڵێکە، نەبزی ژیانی بداتەوە، با بەقەرزیش بێ. ئەم مرۆڤە منداڵەی ئێستا، پێویستی بە (کانی)یە، تا ژیانی پڕ بکاتەوە لە تەڕی و جوانی.

نووسەر نایەوێ خیانەت لە خۆی لە خوێنەران بکات، بۆیە ئەو بەهەمان "ئەقڵ و مێشکی منداڵێکی ٤-٥ ساڵییەوە لەدونیایەکی بچکۆلەدا، کە سنوورەکەی لە هێزی بینینی چاو تێپەڕ نەکات، (یان وەك لە لاپەڕە ١١٩دا، هاتووە لەمەودای بینینی چاو، کەمێ فراوانتر و گەورەتر بووبێ)، نیشتمانەکەی دێکەی بێت و پایتەختی ئەم وڵاتەشی ماڵێکی بچکۆلانەی لە خشت و قوڕ دروستکراوی ڕووت و باوکیشی دوای خوای گەورە، بەهێزترین کەس و ڕاستگۆترین مەخلوق بێت..(مگ، لا٦٥-٦٦)، ئەو هاتووە، بەو زەینییەتەوە، بەڵام بەهۆشیارییەکی هەنوکەییەوە، ڕووداوەکانی نێو مەملەکەتی باوکانێك دەگێڕێتەوە، کە تۆزێك لە خوا بچوکترن، باوکانێك کە دواترو لە مەملەکەتی گورگەکاندا، نەك هەر بە تۆزێك بچوکتربوون قایل نابن، بەڵکو گەورەتربوونیشیان پێقبوڵ نییە، تا کارئەگاتە ئەوەی، خۆیان لەکاتی ئەشکەنجەو عەزابدانی نێو گرتووخانەکانیاندا، ئیجازەش بە خودا ئەدەن (اللة وین؟ الله بالاجازة!)..

تێگەیشتنی ئەوی منداڵ لە باوك و گێڕانەوەی ئێستای ئەوی مرۆڤ بۆ باوك، لەزۆربەی وێستگەو ڕووداوەکانی ئەم تێکستەدا، سیمبۆلی زەبرو زەنگ و تووڕەبوون و غەزەب و حەرامکردن و تێهەڵدان بووە، کە دەسەڵات و کۆمەڵگە وەك هەمیشە پیادەیان کردووە، بەڵام هەنێجار باوکی ڕیالی یان حەقیقی، جێگەی باوکی مەجازی دەگرێتەوەو بەمەش ناتوانێ باوکی

داخوازییەکانی ئەوی منداڵ بێت. ئاخر خواردنی (لوولە کەباب)ی شار، کاتێك خۆشە، کە من مناڵ بم و خۆم داوای بکەم، نەك پڕ سەرم تەریقبوونەوەو پڕ چاوم تەماشاو لیکی نەوسیش زاری ئالۆش پێکردبم و نەزانم و نەوێرم، یان شەرم بکەم بڵێم: بابە کەباب!

لوولە کەبابەکانی باوك (مەحەببەتێکی بێپلان)، هەرگیز هێندەی ئەو تەماتە گرنجگرنجە خۆش نابن، کە لە بۆیسانێکی گەورەدا، بەرچاوی مناڵەکە ئەکەوێ و کەچی حەرامەی باوك (مەینەتێکی پڕ لە زەبر)، ڕێگەی نادا دەستی بۆ بەرێ. خۆ ئەگەر خاوەن بۆیسانەکە ڕێگەشی بدا، بەڵام مادامەکێ پرسی باوکی تیانەکرابێ، ئەوا لەڕاستیدا (تەماتەو مەینەت خواردن)ی لێدەرەچێ. "لەگەڵ نزیککردنەوەی تەماتەکە بۆ دەمم، نەختێك بەرەو ئاسۆ سەرم هەڵبڕی، لەوەدابوو قەپێکی پیادا بکەم و سووراو بە دەم و لەوسمدا شۆڕبیتەوە، ڕوانیم باوکم بەسەر گردەکەوە تەماشام دەکات، هەروەکو ئەوەی تەزووی کارەبایەکی بەهێز لێیدابێتم، ئاوەها دەستم بە ناسکە تەماتەی لەعنەتییەوە وشك بوو، ئینجا چنگم شل بوو، تەماتەکە بەربووەوە سەر زەوییەکەی بەرپێم، ئیتر لەشوێنەکەی خۆمدا چەقیم و بەبێجوڵە چاوم بە ئاسۆکەوە ڕووەو باوکم ئەبڵەق بوو.."(مگ: لا٤٧).

بۆ ئەوەی لە دیدگای نووسەرەوە لە مەبەستی بەکارهێنانی ڕیالیانەی باوك تێبگەین، دەبێ ئەم کتێبە بەباشی بخوێنینەوە، ئەوەتا خۆیشی لەسەر زاری کانییەوە ئەڵێ:"باوکەکانمان لە دڵسافی و جەهلی خۆیان بەهەڵە پەروەردەیان کردین، هەڵەیەك ئێمە پەی پێدەبەین، بەڵام چونکە بەشیرەوە دەرخواردمان دراوە، بێئەوەی بەخۆمان بزانین لە ئەقڵی ناوەوەماندا، کەڵەکە بووەو دەبێت هەوڵ بدەین خۆمانی لێقورتار بکەین. بۆیە هەقە هەموو





ڕۆشنبیرێك ئەو کتێبە بە وردیی بخوێنێتەوە. (مگ: لا٢٩)

لە مەملەکەتی باوکەکاندا، نووسەر سەردەمی منداڵی لەگەڵ ئەزموونە جۆراوجۆرەکانیدا تێپەڕاندووەو تووشی قەیرانێکی ڕۆحی بووەتەوە (عاشقبوونی بە کانی بارام، گواستنەوەی لە گوندی کانیمارانەوە بۆ شاری کفری، پەروەردەبوونی لەنێو کەشوهەوایەکی خێزانی تاڕادەیەك داخراوی ئاینی و لێوانلێو لە ئەفسانەو حیکایەتەکانی دێوو درنج و کەراماتی شێخ و مەشایەخەکان و..هتد)، ئەمانە هەموو بە قوڵی جێدەستیان دیارە لە ڕەوتی ژیانی ئەم مناڵەدا، بۆیە هەمیشە ترس و شەرم و تەریقبوونەوە بەرۆکیان گرتووە، ئەمەش لەڕێگەی کۆمەڵێك ڕەمزو هێمای ئەدەبییەوە، گوزارشتیان لێکراوە، بۆ نمونە: بەرچاوکەوتنی چەندین جارەی بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش و شین، یان وشەی (خوم، خومدراو)و دەستەواژەگەلی وەك: (ئازاری ڕۆح، چاوی ڕۆح، ڕەنگی ڕۆح، برژانگی چاوی ڕۆح و..هتد) بەکارهاتووەو هاوزەمان ئەکرێ سەرجەم ئەوانە ئاماژەیەکی دیکە بن لەپرۆسەی گێڕانەوەی حیکایەتی عەشقی ناکامی نووسەرو کانی، کە دیسانەوە کانی ڕەمزێکی فرەڕەهەندو مەودافراوانە، هەم ڕەمزە بۆ نزرگەی یەکەمی نووسەر، کە گوندی (کانیماران)ە، بەوپێیەی لێکچوونێکی جوان لەنێوان هەردوو ناوەکەدا هەیە، هەم ڕەمزە بۆ ناوی ئەو کچەی کە نازانین، لەڕاستیدا کەی و چۆن و لەکوێ عاشقی بووە، بەدەر لەوەش خودی وشەکە (کانی) سەرچاوەی ئاوی پاك و زوڵاڵە، ئاویش سەرەتاو چەق و کۆتایی ژیانەو پارێزگاری مانەوەی نەسلی مرۆڤایەتییە.. کەواتا کانی بە هەموو ماناکانییەوە، دالێکە بۆ مەدلولی ژیان و مانەوەو جاویدانەگی بەلای نووسەرەوە. کانی ڕەمزی ئەو ئەتمۆسفێرەیە، کە نووسەر هەموو مەراق و

ئاوات و خولیاکانی خۆی تێدا هەڵگرتووەو پاراستوویەتی.
دواتر نووسەر لە مەملەکەتی گورگەکاندا، گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتن و گەشەسەندنی زەینی و ئینجا لەناسنامەو کەسایەتی و ڕۆڵی خۆی لە ژیانی تایبەتی خۆی و دەوروبەریدا بۆ دەرکەوتووە، ئەمەش ئەوکاتەیە، کە ئیدی منداڵەکە مرۆڤێکەو ئەکرێ کاتی ئەوەبێ قۆناغێکی تری ژیان بۆخۆی بژی، بەڵام نا، ئەم مرۆڤبوونەی ئەو لەنێو گورگەکاندا، ئێجگار زەحمەتە، دەرفەتی نادەن مرۆڤایەتی خۆی بژی، بەوەش شتێکی ئەوتۆی بۆ ناهێڵنەوە، تا شوناسی خۆی بەتەواوی پایەجێگیر بکا، بۆیە پتر لەرێگەی گەڕانەوەی یادەوەرییەکان و سەرلەنوێ کولانەوەی برینەکان، چ دادێکی نییە. ئەگەر ئەوسا بەمناڵی باسی مەرگی بۆ ئەکرا، ئەوا ئێستا خۆی لەچەندین وێستگەی ژیانیدا زۆر نزیك، گەمەی خەتەرناك لەگەڵ مەرگدا ئەنجام ئەدا: (بینینی شەهیدبوونی کەریمی برای بە چاوی خۆی، چەشتنی ئازارەکانی زیندانی بەعس، کۆچی دواییکردنی دایك، ئاوارەبوون و لەجێ خۆ هەڵکەنران بەهۆی شەڕی ناوخۆ و لەکیسچوونی عەشقی کانی و..هتد).

سێیەم:

وەك هەر ئۆتۆبیۆگرافییەکی تر، کە یەکەمین شێوازی لای (ئۆگستین)ی قدیسەوە سەریهەڵداوەو دواتر لە سەدەی هەژدەیەمەوە، ژان ژاك ڕۆسۆ بە (دانپیانانەکان)ی خۆی و ئەلبێرکامۆ بە (داکەوتن) پەرەیان پێداو زیاتر ناساندیان، ئاوا حەمەسعید کەلارییش، لەژێر کاریگەریی ژیانی خۆیدا، ڕووداو و ئەزموونە تایبەتییەکانی ژیانی خۆی هەڵبژاردووە، بۆیە لەم تێکستەدا، وەك هەموو ئۆتۆبیۆگرافییەکانی دیکە، کەسایەتییەك هاتووەتە کایەوە، کە بەرزترە لە خواستی یەکەمی نووسەر خۆی، یان کەسایەتییەك





کە ڕەفتارو بیروڕاو هەست و سۆزی گونجاوی هەیە، هەر ئەم حاڵەتەشە وادەکات، بتوانرێ ئەم تێکستە بە دانپیانان ناوبنێین. ئەگەرچی دەنگی حیکایەتخوان خودی نووسەر خۆیەتی، بەڵام زۆرجار هەوڵیداوە جڵەوی گێڕانەوە بداتە دەستی کەسێکی تر، دیارە قسەمان لەسەر ئەوە نییە، ئاخۆ تاچەند لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووە، بەڵکو قسەی ئێمە ئەوەیە، کە ئەو حاڵەتە وایکردووە جۆرێك لە ڕاشکاوی و بڕێکی زۆریش لە ڕاستگۆیی بخزێتە نێو سیاقی گێڕانەوەکەوە. ئەوەتا هەر لە دەستپێکی مەملەکەتی گورگەکانەوە، باسی تازەترین دیدارو چاوپێکەوتنی نێوان خۆی و کانیمان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە ئەم حاڵەکاتە لە زەینی دوور، یان لە نەستی نووسەردا بووەتە ماکی بەردەوامیدان بە نووسینەوەو گێڕانەوەی وردو درشتی هەندێ لایەنی ژیاننامەی خۆی، لەنێویشیاندا پەیوەندی نێوان خۆی و کانی. بەواتای ئەوەی عەشقی کانییە پاڵی بە نووسەرەوە ناوە، تا جارێکی تر دەست بە گێڕانەوە بکات. بۆیە دوور نییە، لەهەوڵێکی تردا مەملەکەتی گورگەکانیش دەقئاوێزانی تێکستێکی ترو ناونیشانێکی تر بکات. ڕەنگە زەمانەتی ئەم بۆچوونەی من، گریمانەی ڕێکەوتنی ژووانێکی تری نێوان خۆی و کانی بیسەلمێنێ. چووزانم لەکوێ و چووزانم کەی؟ هەشت و دەدەقیقەی بەیانی لە ڕێی فەرمانگە، یان لەوانەیە یەك و نیو بۆ دووی نیوەڕۆ، لەناو پاصداو..هتد.
هەقوایە هەر کەسێك ئەم تێکستەی خوێندەوە، ئاواتی ڕێکەوتنی ئەو ژووانە بۆ نووسەر بخوازێ، بەشکو بیر لە نووسینەوەی (نووسەرێك لە مەملەکەتی حیزبەکاندا) بکاتەوە، کە دڵنیام ئەوکات (مەملەکەتی گورگەکان) ئەبێتە بەشێك لەو هەزاران بەشەی تری ژیاننامەو دانپیانانەکانی دیکەی ئەو، کە

هەرگیز تەواو نابن و بۆ هەمیشە هەر بە کراوەیی دەمێننەوە. پێویستە لە سەرکەوتنی ئەو هەوڵە دڵنیابێ، چونکە ئەو چەند گوێڵە هەنگوینەی کە لەسەر قسەی کانی بە پەنجەی دۆشاومژە لە کلۆری دار بەڕوو دەریهانی، بەشی سەفەرێکی درێژتری دەکات، سەفەری دانپیانان و گێڕانەوەی سەربوردەکانی ژیان.. باگومانی نەبێ لەوە، ئەی مەگەر هەنگوینی سپی لەناو کولەکەی ڕۆحیدا هەڵنەگرت و گەڕایەوەو هەتا ئێستاش هەرچی کاتێك، کە پەڕەی دڵ واڵادەکا تابلۆی حەسرەتی سپی چاوی کانی داچۆڕاو بەسەر کولم و گۆنایدا، تێکەڵ بە ڕۆحی دەبێت و تام و لەززەتی هەنگوین، هەنگوینی سپی دەزێتە زاری! لە وڵاتی قەزاو قەدەردا، ڕێکەوتنی ژووانێك لەنێوان داربەڕوویەکی پیرو ڕوونەکانییەکدا هیچ مەحاڵ نییە، بەڵام بەمەرجێ ئەگەر ئەو لەدوای مەرگی دایکی نەچووبێتە دەرەوەی وڵات "هەتا لەژیاندا مابێت منیش هەروا دەمێنمەوەو خزمەتی دەکەم، کە کۆچی دواییشی کرد ئەوا منیش لەوانەیە بیر لە کۆچ بکەمەوەو سەری خۆم هەڵگرم بۆ دەرەوەی وڵات.."(مگ:ل٣٠).

**چوارەم:**

مەملەکەتی گورگەکان، دەقێکی هەمیشە کراوەیەو داناخرێ، بەوپێیەی هێزی هەمیشە کراوەیی لەخودی واقیعەوە وەرگرتووەو لەگەڵ ئەدەبدا ئاوێزانە، بەو خەسڵەتەشدا، خوێنەری مەملەکەتی گورگەکان، بە دەردی پاڵەوانەکەی چیرۆکی (کتێبی لم)ی خۆرخێ لویس بۆرخێس دەچێ. پاڵەوانەکە پیاوێکە زۆرحەزی بە کۆکردنەوەی کتێبانە. ڕۆژێك کەسێکی نامۆ دێت و کتێبێکی سەیروسەمەرەی پێدەفرۆشێت. کتێبەکە سەرەتای هەیە، بەڵام کۆتایی نییەو ناوی کتێبی لمە. چەندێك لاپەڕەکان هەڵدەداتەوە،





دووچاری شۆك و حەپەسان دەبێت، چونکە کاتێ لاپەڕەیەکی دیاریکراو دەخوێنێتەوە، کە دای دەخاتەوە ئیتر ناتوانێت جارێکی تر، ئەو لاپەڕەیە بدۆزێتەوە! دیارە ئەم حاڵەتە لە مەملەکەتی گورگەکاندا، بەهۆی بەدوایەکدانەهاتنی کات و شوێن و بەردەوام لەسەفەردابوونی (گێڕەوە/نووسەر)لەکاتی نووسینەوەو گێڕانەوەدا، هاتۆتە ئاراوە. ئەوەتا بەدەم هەنگاوەکانی هەر سەفەرێکەوە، دەچینە نێو یەکی دیکەو لەگەڵ گەیشتن بە هەرمەنزڵێك، سەرەتایەکی تر دەست پێدەکاتەوەو لەگەڵ هەر کۆتاییەکیشدا مزگێنی دەستپێکردنەوەیەکی تر لە گۆڕێیە. ئەم پرۆسەیە لەحاڵێکدایە، کە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ورد تێکەڵ یەکدی کراون و لەدواجاردا شێوە چنراوێکی ئاڵۆزی تایبەت هاتووەتە کایەوە، ئەگەرچی جارەجارە گەڕاوەتەوە سەر سادەکردنەوەی زمانی نووسین و ئاسایی مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنیکی گێڕانەوەدا.

بەلای (ئۆمبێرتۆ ئیکۆ)وە، دەقی داخراو دەقێکە، تێدا ئەزموونی خوێندنەوە، ئەزموونێکی بەرتەسك و سنووردارە. لەکاتێکدا دەقی کراوە، دەرەتانی کۆمەڵێك ڕاڤەی جۆراوجۆر دەرەخسێنێ لەبەرامبەر خوێنەردا. ئەمەش تەواو نزیکایەتی هەیە، لەگەڵ ئەو دابەشکردنەی (ڕۆلان بارت)، کە بەلای ئەوەو دەق دوو جۆرە: دەقی خوێنەرانەو دەقی نووسەرانە. بەو مانایەی خوێنەر لە جۆری یەکەمیاندا وەك بەرخۆرێکی نەزۆك وایەو خاوەنی ئەو شتەیە، کە بارت ناوی دەنێ (بەهای نەرێنی پەرچەکردار هەڵگر)، واتا ئەو شتەی دەتوانرێت بخوێندرێتەوە، بەڵام ناتوانرێ بنووسرێت، بەپێچەوانەی ئەو حاڵەتەشەوە، دەقی نووسەرانە ڕێگە نادا خوێنەر ببێتە ئەو بەرخۆرە نەزۆکە، بەڵکو دەیکاتە بەرهەمهێنەرو خولقێنەری دەق. واتا خوێنەر دەبێتە

خوێنەرێکی هەڵسووڕاو و ئەوەی ڕاستی بێت دەبێتە نووسەری دەقیش.

ئێستا ئێمە لەبەردەم سەربوردەی ژیانی مرۆڤێکداین، کە هاتووەو دەیەوێ لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆك و حیکایەت و ڕووداوەکانی ژیانی خۆیەوە، پەیامێك بەئێمە خوێنەر بگەیەنێ، پەیامی پڕ لە هاواری ناکامی و تەقەلای مرۆڤەکان، یانژی دەیەوێ ئێمەی خوێنەریش وەك خۆی لەم پرۆسەی گێڕانەوەو نووسینەوەیەدا پشکدار بکات، بەوپێیەی ئۆتۆبیۆگرافیا وەکو فۆرمێکی نووسین، تەلیسمێکی سەرسامکەری بۆ نووسەرو خوێنەرەکەشی تێدایە، جگە لەو تایبەتمەندییە، زۆربەی کات سەربەست و ئازادو ڕاشکاوە، بڕێکی باش وردەکاری گەرم و هەندێجاریش سووتێنەری تیایە. بۆیە ئەکرێ جارێکی تر جەخت بکەینەوە، لەسەر ئەوەی ئەم هەوڵەی حەمەسەعید کەلاری بە ئەدەبی (دانپێدانان)یش لەقەڵەم بدەین، چونکە لەزۆر شوێندا بێباکانەو ڕاشکاوانە هەندێ ڕووداوی تایبەتی ئەگێڕێتەوە، کە ڕەنگە هەموو کەسێك نەتوانێ هەتا خۆی لەژیاندایە، هەمان جەسارەت بنوێنێ. بەدەر لەوەش ئەوەی وائەکات ئێمە چێژ لەم تێکستە وەربگرین، ئەوەیە کە بەکارامەیی و لێهاتووییەوە دەستڕەنگینی لە تەکنیك و مامەڵەکردنیدا لەگەڵ زمان و گێڕانەوەو تەوزیفکردنی کەسایەتییەکان و.. هتددا، کردووەو هەروا توانیویەتی سوود لە چەندین ڕەگەز و بنەمای جیاجیای هونەری ڕۆمان و چیرۆك و تەنانەت شیعریش وەربگرێ، هەر بۆنمونە، بەکارهێنانی شەپۆلی هۆش Stream Of Consciousness، کە وایکردووە ڕووداوەکان بەشێوەی پچڕپچڕو لە سیاقێکی ئاوێتەدا بخرێنە ڕوو. هەڵبەت بەو تایبەتمەندییەش تەکنیکی شەپۆلی هۆش دەناسرێتەوە. ئەمەو لەزۆر شوێنی تریشدا دیالۆگ و مەنەلۆگەکان، بەزمانێکی بارگاوی بە





شیعرییەت، بەڕێوە دەچێ و..هتد، بەدەر لەوەی بەکارهێنانی ئەفسانەو حیکایەتە میللییەکان و بیروبۆچوونە ئاینییە کۆنەکان لە دەقەکەیدا بەرکەڵك خستووە. هاوکات نووسەر لە زۆرشوێنی تریشدا بەمەبەستی تەشویقکردن، هەندێ بەسەرهات و ڕووداوی بە زمانێکی گەپ ئامێز گێڕاوەتەوەو ئەمەش ڕێك وێستگەی بچوکن و نووسەر لەم ڕێگەی سەفەرە دووروودرێژەدا دایناون، تا خوێنەر تێیاندا، ماندوێتی خۆی پێ بڕەوێنێتەوە.

ئەو حاڵەتی گێڕانەوەو دانپیانانەی لە مەملەکەتی گورگەکاندا هەیە، پرۆسەی گەڕاندنەوەی ژیانێکە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەهەموو خۆشی و ناخۆشی و شکست و برین و زامەکانییەوە هەبووە، بۆیە لەکۆی گشتیداو زۆرجاریش ڕەنگە دەقاودەق، لەگەڵ ژیانی گەلێك کەسدا لەهەندێ جێگەدا، یەك دەگرنەوە، ئەمەش ئەرخەیەکی باشە بۆ ئەوەی خاوەنی دەق و وەرگری دەق (نووسەر/خوێنەر)، ئەگەری ئەوەیان هەبێت شوێنەکانی خۆیان بگۆڕنەوە، بەشێوەیەك خوێنەر هەست بەوە دەکا خۆی پاڵەوانی ئەو ڕووداوانەیەو ئەوەتا بەنێویاندا دەگوزەرێ، هاوکات پێدەچێ ئەو هەستەی خوێنەر بچێتە ئاستێکی بەرزترەوەو هەست بە شتی زیاتریش بکات، لەئانوساتێکدا، کە ژیانی خۆی یان چارەنووسی خۆی بە ژیان و چارەنووسی کەسێکی دیکە بەراورد بکات.

خوێنەر لە مەملەکەتی گورگەکاندا، مەرایی (فزوڵییەت) ئەیگرێ، تا ڕادەی ئەوەی حەز بە دەخالەتکردن ئەکاو شەیدای زانینی زیاترو مەراقی کەشفکردنی نهێنی ڕووداوەکان دەبێ. بەتایبەتی ژیانی ئەوانەی ناوی بیستوون یان دەیانناسێ. بۆنمونە ئەگەر تۆ بزانی (بارام)ناوێك لە کانیمارانداژیاوە، ئەوا یەکسەر حەزەکەی بزانی ئاخۆ (کانی) ناوی

خوازراوی کام لە کچەکانی ئەو بارامەیە؟ ئاخر کەسایەتی و پاڵەوانەکانی نێو ئەم تێکستە، بەدەر لەهەندێ حاڵەت، کە ڕەنگە (کانی و شەم) یەکێك بن لەوانە، ئیدی سەرجەمیان، چ ئەوانەی سەردەمی مەملەکەتی باوکەکان و بەوانەشەوە کە لە مەملەکەتی گورگەکاندا بەرچاومان دەکەون، کەسایەتیگەل و ناوی ڕاستەقینەی خودی پاڵەوانەکانە، بۆیە نووسەر بێهیچ دەستکارییەك لە ڕەوشت و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەو کەسایەتییانە، وەك ئەمانەتێك هاتووە ئەوانەی گواستووەتەوە، بەڵام بێگومان ئەو گواستنەوەیە بەپێی ئەو زانین و زانیارییانەیە، کە نوسەر لەبارەی کەسایەتییەکانەوە پەیدای کردووەو کۆی کردوونەتەوە، ئیتر بە بینین یان بە بیستن بووبێ، گرنگ ئەوەیە، توانیویەتی لەخزمەتی تێکستەکەی خۆیدا تەوزیفیان بکات.

**پێنجەم:**

یەکێکی تر لەو خاڵانەی وادەکات ئەم تێکستە گرنگی تایبەتی خۆی هەبێ، بریتییە لە بایەخی ئەو (منداڵ/مرۆڤ)ەی، کە لەو مەملەکەتەدا ژیاوە. هەڵبەت بایەخیش بە ڕۆڵی سیاسی یان فیکری پێوانە ناکرێ، بەڵکو بەپێی چەندێتی و چۆنێتی عەزاب و مەینەتی و ئەندێشەی جۆری ژیانەکەیە، واتا تاچەند ئەو ڕۆژگارەی ئەوی تیا ژیاوە ناخۆشی و بەرەنگاریی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیابووەو چۆن و بەچ شێوەیەك بەسەر نەهامەتییەکاندا زاڵ بووەو سەرکەوتووە.

نووسەری ئۆتۆبیۆگرافیا شاهیدی قۆناغێکی دیاریکراوە لە مێژووی مرۆڤایەتی، بەهەموو شیرینی و تاڵییەکانییەوە. بۆیە تاکە مەرجی ئەم فۆرمەی نووسین بریتییە لە ڕاستگۆیی و وردبوونەوە. چەندێك ڕاستگۆیی لە گێڕانەوەکەدا هەبێ، ئەوەندە پەیامی دەق دەگاتە شوێنی ئاراستەکراوی





خۆی. هاوزەمان پەیوەندی لەنێوان نووسەرو خوێنەردا دروست دەبێت، بێئەوەی پێویست بەوە بکات، ئایا ژیانی خاوەن دەق، تاچ ئاستێك بەکەڵکە. هەروەك (کۆلریدج) دەڵێ: "ژیانی هەر مرۆڤێك چەندە هیچیش بێ، ئەگەر بەڕاستگۆیی بگێڕدرێتەوە خۆشە".

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەئاستی گێڕانەوەی ناوەکی دەقدا، خودی نووسەر حیکایەتخوان و گێڕەوەی یەکەم و سەرەکی چیرۆکەکانەو بۆ (کانی) نووسیوەتەوەو بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە، بەڵام کانی لەڕێگەی خوێندنەوەو گوێ گرتنەوە ئاگای لێدەبێ "بەیانیانێك شاری نیوەمردووم بەجێهێشت و ڕووم کردە بناری شیعر، لەوێ، لەسێبەری قەسیدەیەکی پرچ شۆڕدا، کانییەکی کەس نەدیتەی پڕ ئازارم لەخەیاڵدا تەقییەوە، هەموو جارێ کە هەوری ڕەشی بێزاری بەسەر سەرمەوە دیگرماند، دەڕۆیشتم، لەو بنارە داخی دڵم بۆ هەڵدەڕشت، ئەویش چاوی تێدەبڕیم، گوێی هەڵدەخست، بۆم دەگریا، بۆخۆی فرمێسکی هەڵدەڕشت..کانییەك پڕ لە هەنگوینی وشەی سپی، پەلوپۆ و لقی داربەڕوویەکی بەساڵاچووی پڕ ماریفەت کەپرێکی بۆ ساز کردبوو."(مگ:لا١٥) دیارە لە ئاستی دووەمی گێڕانەوەشدا (گێڕانەوە دەرەکی) دیسانەوە هەر خودی نووسەر هەمان ڕۆڵ دەگێڕێ، بەڵام ئەمجارەیان کانی لە ئێمەی خوێنەر کاراترە، هەم لە پرۆسەی خوێندنەوەو گوێگرتن و هەمیش ڕۆڵگێڕان لە ڕووداوەکاندا .جیاوازی نێوان ئێمەو کانی، ئەوەیە: خوێنەرەو هەم پاڵەوان، گوێگرەو هەمیش حیکایەتخوان. بۆیە دەبینین لەشێوەی هێڵێکی کاڵ لەئاستی ناوەکی و دەرەکی گێڕانەوەدا، هاوکاری نووسەر دەکاو دەستی لە ئاراستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکانیشدا هەیە. بۆیە کانی بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی هەردەم ئامادە لە کۆی گشتی

تێکستەکەداو جێگەی (چارەنووس)ی گرتووەتەوە دوور نییە، لەکاتی دیارنەمانیدا لەتێکستەکەدا، لەهەر کات و شوێنێکدا بێ، لەپڕ دەرکەوێتەوە، بەڵام لەنێوان بەردەوامبوونی و دیارنەمانیدا، بۆی هەیە هەزار و یەك گوڵمەزی بۆ نووسەر لێبکەوێتەوە، چونکە دیارنەمانی کانی، پچڕانی تاڵەئاوریشمی خەیاڵی نووسەری لێدەکەوێتەوە، کەچی ئەو کچی باشە، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا، نووسەر بە میوان دەزانێ و پێیدەڵێ:"تۆ میوانیت.. کێ دەڵێت من و تۆ هاوڕێین؟)، لەکاتێکدا ماڵەکەی کانی، خودی ئەم تێکستەکەیە، کە حەمەسەعید کەلاریی بۆ کانی، چێیکردووە.

**شەشەم:**

لەم تێکستەدا، مامەڵەیەکی زۆر تایبەتی لەگەڵ ڕەگەزی شوێن و کاتدا کراوە، بەجۆرێکی وا، چەمکی شوێنکات (زمکان) پانتاییەکی گەورەی لە تێکستەکەدا داگیرکردووە. بەکارهێنانی وشەی (ئەمشەو) لە یەکەم ڕستەی دەسپێکردندا، لەگەڵ ئەو ئاشکراییەی ناونیشانە گشتییەکە (مەملەکەتی گورگەکان) پێی بارگاوییە، ڕێگەیەکی تایبەتی نووسەرە لە گێڕانەوەکەیدا، بۆیە ئەوکاتەی هەوڵ دەدەین ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان، کە دەقێکی ئەدەبی لە چ بارودۆخ و کەشوهەوایەکدا بەرهەم هاتووە، واتە ئەوکاتەی هەوڵ دەدەین لە زەمینەو بەستێنی نووسینی دەق یان لەزەمینەو قۆناغەکانی دواتری ڕاڤەی دەق تێبگەین، ئەوا ئەو هەوڵانەی ئێمەش ڕاستەوخۆی دەبنە فۆرمگەلێك بۆ دەرخستنی پرۆسەی خوێندنەوە. ئەو کاتەی دەقێك دەخوێنینەوە، ئاگایانە یان نائاگایانە، ئەو دەقە دەخەینە نێو چوارچێوەیەك لە تەونی زمان و مەعریفە، کە کاملتر لە چوارچێوەکانی تەرخانکراو بۆ نووسەرێك، قۆناغێك یان پێوەرێکی ئەدەبی تایبەتە.





بەمانایەك دەتوانین بڵێین: دەق دەخەینە ژێر سەیوانی کۆمەڵێك گوتاری جۆراوجۆرو هەمەچەشنی وەرگیراو لە کولتوری خۆمان و ئەزموونێك، کە بەپێی شوێن و کات و خوێنەرەکەی جیاواز دەبێت.

شێوەی یەکەمی کات، کاتی دەستپێکردنی گێڕانەوەو نووسینەوەیە. دووەمیشیان کاتی ڕوودانی سەربوردو بەسەرهاتەکانە. ئەمەی دواییان بریتییە لەشێوە کاتێکی بگۆڕی تێکدراو، کە سوودوەرگرتنێکی زیرەکانەیە، لەو شێوازەی بەکارهێنانی کات، کە لە ژانری دژەڕۆمان (Anti Novel)دا، باوەو بەکاردەهێنرێت. ئەمەو مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ شوێنیشدا ئامادەگی هەیە. بۆیە ئەکرێ بڵێین دیاریکردن و دەستنیشانکردنی شوێنکاتی سەرەکی و بنجی تێکستێك، کە بەم دێڕە دەستی پێکردبێ: "ئەمشەو چاوەکانم چاوی پشکنەرێك بوون بەوردیی منداڵێك لە مەملەکەتی باوکەکاندام، پێخوێندەوە" ماندووبوونی ئەوێ، چونکە بەکارهێنانی (ئەمشەو) لە سیاقی ئەو ڕستەیەداو لەو شوێنەدا، بزوێنەرێکەو دەرگای گێڕانەوەی نووسەرو خوێندنەوەی خوێنەری بەکراوەیی جێهێشتووەو فاکتەرێکە بۆ فرە ڕەهەندکردنی تێکستەکەو تواندنەوەی زۆرترین بیرو خەیاڵ لەو بەستێنەدا، لەپاڵ ئەمەشدا نووسەر لەو وشەیەوە (ئەمشەو)، جۆرێك لە دەیمومییەتی کات و شوێنی پێکەوە خوڵقاندووە، بەجۆرێکی وا ئەتوانم بڵێم: توانیویەتی ڕەهەندی سێیەم بە شوێنکات ببەخشێ.

ئێمە ئەتوانین و بۆمان هەیە لە دێڕی سەرەتای مەملەکەتی گورگەکانەوە، کۆمەڵێك گریمان بکەین، بۆ دۆزینەوەی دووانەی شوێن و کات، واتا: ئەکرێ شوێن ژووری تایبەتی نووسەربێ لە ماڵەکەی خۆیدا، یان لەوانەیە ژووری

یەکێ لە ئۆتێلەکانی شاری هەولێر بێ، هەروەك دەکرێ شوێن ئەو ماڵە بێ، کە بەڕیکەوت نووسەر بۆ شەوێ تیا مابێتەوە.. دوریش نییە کات: (سێی پاش نیوە مەرگی شەو بێ بە سوتانی عەشق)و شوێنیش (کانییەکی دوورە دەس لە خەیاڵی داربەڕوویەکی زڕخەو)! (مگ:لا٣١)

ئێستا تۆ بڵێی لەو شوێن و کاتەدا بووبێ، کە نووسەر دوای ئەوەی "نووسینەکەی دەپێچێتە فایلێکی نوێوە، لە ژوور سەرییەوە دایدەنێ، سەری دەخاتە سەر سەرینەکەی و پێ ڕادەکێشێ، ئیدی ئاسوودەییەکی بە لەززەت وەك پارچە ئاوریشمێکی نەرمونۆڵ و تەنکی بەهار ڕەنگ، خۆی دەکێشێ بەسەر ڕۆحیداو ئەسپی خەیاڵ دەیهاوێتە سەر پشتی خۆی و بەهەورازو نشێوی ڕۆژگارێکی پڕ مەینەت و مەحەببەتدا دەیباتەوە" مەملەکەتی گورگەکانی بۆ کانی گێڕابێتەوە؟

یان تۆ بڵێی: ئەوەی ئێمە دەیخوێنینەوە، بریتی بێ لە گێڕانەوەی خەونی تەنیا شەوێکی هەولێر، کە لەڕێگەیەوە بەرەو ڕۆژگارەکانی ڕابردوو پەلکێشی نێو دنیایەکی پڕ لە: یەکەمجار (مەینەت)و دووەمجاریش (مەحەببەت)مان دەکات؟ چونکە ئەوەتا "تاوێکی تر تیشکی ڕۆژ خۆی دەکاتە کون و قوشبنی پیرە قەڵای شارداو لووتی بەرزی کۆشك و تەلارو باڵەخانەکان دەسمێت. (مگ: لا٢٠).. لەکاتێکدا چوار لاپەڕە، پێش هەڵهاتنی خۆر، "دنیا تەواو ڕۆشن بووەتەوەو نووسەر ڕووەو قەڵا لەبەر هەیوانەکەدا ڕاوەستاوە."(مگ: لا١٦)!!

کەواتا هەروەك چۆن لەپرۆسەی گێڕانەوەدا، تەکنیکی ناوەکی و دەرەکی بەکارهێناوە، هەرئاواش لەئاستی ڕووکەش و ئاشکرادا، سەرنج دەدەین مەملەکەتی گورگەکان، بۆخۆی ناونیشانێکی بارگاوییە بە چەمکی شوێن و





سەرنجێکی تایبەتی داوە بە ناوچەیەکی دیاریکراو، کە ئەویش ناوچەی گەرمیانە، بە شاری کفری و گوندی کانیمارانیشەوە. ئەم شێوازە لە تەوزیفکردنی شوێن، هەوڵێکە بۆ بەوردی خستنەڕووی دابونەریت و شێوەی قسەکردن و ڕەفتارو هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و مێژوو و کەلتورو بیروباوەڕی خەڵکی ئەو ناوچەیە. نووسەر ویستوویەتی لەڕێگەی خستنەڕووی واقیعی ئەم ناوچەیەوە، ئەوە نیشان بدات، کە چۆن ئەوانە کار دەکاتە سەر ژیانی خەڵکەکەی، کە هەڵبەت خۆی یەکێکە لەوان و کوڕی ئەوێندەرە. دیارە لەمەشیاندا سوودی لە تێکەڵاوییەك لە گوندو شار وەرگرتووە. هەروەك چۆن کات بە بەردەوامی دەگۆڕێ، ئاوا شوێنەکانیش لە گۆڕاندان و پێبەپێی نووسەر، خوێنەریش شارەزای شوێنە جیاوازەکان دەبێ، ئەو شوێنانەی کە نووسەر تێیاندا ژیاوەو ڕووداوەکانی تێدا ئەزموەوە.

وەك ئەوەی ڕۆحی نووسەر لە جێگۆڕکێ و سەفەردا باشتر دیاردەکانی بۆ لێکجیابکرێنەوەو بیانناسێتەوە، ئاوا شانبەشانی گۆڕانی کات و شوێنەکان، لەگەڵ خۆیاندا ماناگەلی دیکە بە بیرکردنەوەکانی دەبەخشن و ئەوەتا لە تێکستەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە. کاتێك لە(کەلار)ەوە، لەتەنها ژوورێکدا لەگەڵ سەرخێزانەکەی خۆیدایە، لەنێو کپی و بێدەنگییەکی قورسدا، بەگرمەیەك و لەگەڵیدا لەرینەوەی ژوورەکە، سەفەری دورودرێژی ئەو دەست پێدەکا "دەچمە سەربانی ئەو تاکە ژوورە، کە لەناو حەوشەیەکی گەورەی تێلبەندکراودا قوت کراوەتەوە..(مگ: لا٨)"

ئەم شوێنگۆڕکێیە، کە پڕە لە عەزاب، زەبری ژیانی لەپشتەوەیە، نەك ئەنجامی ئارەزوو و کەیفخۆشی خودی مرۆڤەکان خۆیان. تەنیا باشەیەکی ئەم هەڵکەندران و عەزابە لەوەدایە، کە شتێك لە دیمەن و وێناو ئیماژی

دیاردەو ڕووداوەکان دەگۆڕێ، بۆنمونە: سەربانی تاکە ژوورەکەی کەلار، دەبێتە ڕاوەستان لەهەیوانی ماڵێك ڕووەو قەڵای هەولێرو جریوەوجووکەی چۆلەکەو گمەی کۆترەباریکە هەڵنیشتووەکانی سەر تێلەکانیش، جێی گرمەوزرمەیان گرتووەتەوە. ئیتر ئەمە (وڵاتی قەزاو قەدەر)و چارەنووسەو زۆر ئاساییە مرۆڤ تاماوە، تێنەگا لەوەی حیکمەتی ئەوە چییە، تۆ لەشوێنی خۆت هەڵکەنرێی و لەشوێنێکی تر بچەسپێی، بێئەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان بیرت لێکردبێتەوە، یان پلانت بۆ داڕشتبێ؟! بەڵام چونکە ڕۆحی ئەم (نووسەر) موسافیرێکی وێلگەردەو داربەڕوویەکی سەرسەختی بەرگەگرو چاونەترسە، بۆیە وەك چۆن هەست بەوە دەکات شتێك لەشێوەی قەزاوقەدەر دەستی لەم شوێنگۆڕکێیەی خۆیدا هەبووبێ، ئاواش چۆلەکەو کۆترەباریکەکان و سەمونفرۆشەکەیش ئەداتە دەست چارەنووسی خۆیانەوەو لە مەنەلۆگێکدا ئەلێ:"دەی کێ دەزانێ ئەو چۆلەکەیە، کە هەموو بەیانییەك لەیەك کاتی دیاریکراودا لەخەو هەڵدەستێت و بەو جۆشوخرۆشەوە دەجریوێنی، تاوێکی تر بەو هەموو وریایی و لاسارییەی خۆیەوە، بەرلەوەی هاوەڵەکەی لە چینە بگەڕێتەوە، بەردی بەردەلاستیکی منداڵێکی چەتوون نایپێکێ و بەسەر چلێکی بەرزی ئەو دارشاتووەوە بەسینگی خوێناوییەوە بەرنابێتەوە سەرزەوی و کۆتایی بە ژیانی نایەت؟ هیچ دوور نییە سەمونفرۆشەکەش بەدەم ژماردنی قازانجی ئەمڕۆیەوە مەرگی مجافات نەکات! یان دووسبەی (لۆتۆ)ی بۆ دەرنەچێت و ڕێڕەوی ژیانی نەگۆڕێ! ئەی کۆترە باریکەکە، نەختێك بەرلە ئێستا بەدەم پشیلەیەکی ڕەشەوە بینیم، بەڵام چاوە زیتوڕەشەکانی هێشتا هەر گەش بوون و دەیانڕوانی. (مگ: ل١٨)





بەپێی ڕوانینی من، نووسەر وەك جۆرێك لەگەمەکردن لەگەڵ چارەنووسدا، لەمەغزای سەفەر تێگەشتووە. چارەنووسیش عەینەن (یانصیب)وایە، کە زۆرجاران ئاراستەو ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤەکان بەرەو ئاقارێکی تر دەبات. چۆنە ئەگەر بەناردنی بیست و حەوت (SMS) ببیتە خاوەنی هەمەرێکی لێمۆزین؟ خراپ نییە ها؟ ئەی چۆنە ئەگەر هەر بەڕاستی سەدوپەنجا ملیۆن دینارەکەی بەرنامەی ملیۆنێری کەناڵ چار بەریتەوە؟ بەڵام بەرلەوەی بیرکەیتەوە لە چیدا خەرجی کەی، لەناکاو هەست بە ئازارێکی ڕۆح پڕوکێنەری مەعیدەو دڵەکزێ بکەی؟ هەڵبەت ئەمە ئەوپەڕیماڵوێرانییە، بەڵام خۆشیشە ئەگەر لەو کەینوبەینی دەوڵەمەندبوون و ئازارەدا، داپەڕی و بەخۆت بڵێی: ئۆخەی خوا، ئەوە خەون بوو من دەمبینی!

ئێستا فەرموو، تۆ بزان لە درێژەی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەدا، بەخەیاڵ چ سەفەرێکی دوورودرێژت کردووە، بێئەوەی بەخۆت بزانی؟ تێبگە چۆن چارەنووس یاریمان پێ ئەکا؟ بڕوانە چ بەزمێکە دونیا؟

حەمەسەعیدیش گیرۆدەی هەمان سیحرە، ئەو بەدوای چارەنووسی خۆیدا ئەگەڕێ، بەڵام نایەوێ لەو گەڕانەدا بەتەنیا بێ، بۆیە لەوانەیە (یانصیب)ەکەی نووسەر، هەمان ئەو عەشقە بێت، کە لەمنداڵییەوەو لە(کانیماران)ەوە، لەگەڵ (کانی بارام)دا دەستی پێکردووە، ئەم سەفەرە، کە لەڕاستیدا سەفەری دوورودرێژی عەشق و عومرە، فێری دەکات، چۆن بەنێو عەزابدا تێپەڕێ و بتوانێ لە هەنگوینی عەشق بەشی خۆی هەڵگرێ، "پەنجەی دۆشاومژەم لە هەنگوینی کلۆری داربەڕوو وەرئەدەم. کانی دەڵێت: دە لەو گشت شانەی هەنگوینە بەشی خۆتی لێببڕە، ڕێگایەکی دوورت لە پێشە. جا منی غەریبەو نامۆ چووزانم لە سەفەرێکی ئاوا دوورو درێژو

سەختدا شانەی هەنگوینم دێتە ڕێ"(مگ:لا١٦)

**حەوتەم:**

یەکەمین سەفەرو شوێنگۆڕکێی نووسەر، بە تراژیدیا دەستی پێکردووە، ئەوکاتەی مامی دەچێت لە کانیمارانەوە دەیهێنێتە کفری. ئەم شوێنگۆڕکێیە، دابڕانە لە عەشقی کانی، هەروەك چۆن دابڕانیشە لە زێدی یەکەم، بۆیە کاتێك قسە بێتە سەر عەشق، ئیدی سەفەرو کۆچ، مانایەکی تر بە نووسەرە دەبەخشن "مارانگەستە لەپەتی بازو و ڕەش ئەترسێ"، چونکە ئەوە کۆچی مەعشوقە، هەمیشە دەبێتە مایەی ماڵوێرانی و خانەخەرابی عاشقان. ڕێك وەك مەرگ، کە دەبێتە بڕیاردەر لەو نێوەندەدا. مەرگ خۆی سەفەری ئازیزانە بەرەو نادیار، کەچی لەهەمانکاتا بڕیاردەریشە بۆ ئەوەی ئەوانەی بەجێیان دێڵین، لەنێو تاوسانی فیراقدا ڕۆحیان هێدی هێدی بەدەم ئازاری هەڵکڕووزانەوە بسووتێ. ئەگەر دایکی کانی، کە پیرەژنێکەو تۆزێك ئەولاتری مەرگ ڕاوەستاوە، بمرێ، ئەوا کانی بیر لە کۆچ ئەکاتەوە. سەفەرکردنی دایك بەرەو نادیار، سەفەری کانیشی بەدوادا دێ، ئەمەش دەکاتە ئەو ئاگردانەی، کە حەمەسەعیدی تیا ئەسووتێ، بۆیە دەڵێ:"هیوادارم دایە گەورە تەمەنی هەر درێژ بێت، بەشکو ئەمە خوایە تۆش کۆچ نەکەیت، ئاخر تەنیا بیرکردنەوە لە کۆچ پردی پەیوەندی ڕۆحم بە ڕۆحێکی زامدارەوە دەهەرۆژێنێ" (مگ:لا٣١) ئەوەتا ئەگەر ڕۆحەکان زامدار نەبوونایە، بێگومان سەفەریش مانای خۆی دەبەخشی و نەدەبووە مۆتەکەیەکی وا تا لێیبترسین!

ئێمەی کورد بەگشتی، ئەوەندەی لەگەڵ سەفەردا ماڵوێرانیمان بەسەردا هاتووە، ئەوەندە سەفەرمان وەك ڕێگەیەکی ناچارانە بۆ ڕاکردن لە واقیع و ژیانی خۆمان بەکارهێناوە، هەرگیز نیو ئەوەندە نەمانتوانیوەو





نەیانهێشتووە، سەفەر بۆ گەڕان و پشکنین و فێربوون ئەنجام بدەین. سەفەری کوردەکان، هەمیش سەفەرە بۆ خۆدەربازکردن لە کارەسات، بەڵام دواجار هەنگاونانیشە بەرەو نێو خودی کارەساتەکان. باروبنەی ئێمە لەسەفەردا، هەمیشە پڕە لە خەرابات، بۆیە گەڕانەوەشمان بۆ جێگەی یەکەم، گەڕانەوەیە بۆ نێو سەرزەمینی یادەوەرییە تاڵەکان و هەڵقرچانە بەسوێیەکان.

سەفەری نووسەر بەردەوامەو سەرەتاکەی لەکاتێکدایە، کە منداڵەو لەوپەڕی زەخم و عەزابدایە، هەم بەهۆی کەم ئەزمونی خۆی لە ژیان و هەمیش بەهۆی نالەباری بارودۆخی ئەوکاتەیەوە، بەدەر لەوەش لەدرێژەی ئەم سەفەرەدا، کە لە دوو کات و زەمانی جیاوازدایە بەڕێوە دەچێ، زەمەنێك بۆ گەڕان و ئەویدی بۆ گێڕانەوە، کە "بەقەد دووریی ڕێگای باپیران بۆ حەج دوورە لەسنووری ئارامییەوەو.. بروسکەی خەیاڵیش خۆی بە تاشەبەردەکانی سورێنا دەکێشێ و شریخە لەبناری عەقڵ هەڵدەستێ. (مگ: لا١٠)"

بەر لەوەی ڕۆحی بریندار بێ، ئەگەرچی لە(دەڤەرێکی نامۆ)دایە، بەڵام کاتێ دووچاری عەشقی کانی دەبێتەوە، دەیەوێ جوانییەکان ببینێ و دەستیان لێوەبدا، چێژیان لێوەرگرێ و سوود لە بەهاکانی سەفەر وەرگرێ "منێکی نابەڵەد، بەرلەهەر هەنگاونانێك لەو دەڤەرە نامۆیەدا، دەبووایە ئەو ژینگە نوێیە بپشکنم.. (مگ: لا١١)، بەڵام ئەو ناتوانێ بە ئاسانیی لەگەڵ جێگۆڕکێدا خۆی بگونجێنێ، چونکە ئەوەتا جۆرێك لە تەمی گومان و دوودڵی بیری دائەپۆشێ و ڕائەمێنێ و ئەڵێ: "ڕاستە گەیشتوومەتە قۆناغێك ئیتر گەڕانەوەم بۆ سەرەتا نەك هەر ئاسایی نییە، بەڵکو مەحاڵیشە، بەڵام چۆن بزانم ئەم پشوودانی جەستەیە بە ئازارێکی قورسی ڕۆحەوە چەند دەخایەنێت؟ (مگ: ١٤) ئیتر ئەوە گەمەی ژیان و چارەنووسەو وامان لێدەکات، زۆرجاران لە هەنگاوەکانی سەرەتامان پەشیمان بینەوە،

پەشیمانییەکی ئەوتۆ، مەگەر (داربەڕووەکان) بەرگەی بگرن، چونکە لێرە "تەنها داربەڕوو بەرگەی ئەو هەموو ڕەشەبا و سووتان و داپاچینی دەستە خۆماڵیانە دەگرێت" (مگ: ل١٣٧). ئەدی بۆ نا، مەگەر پەشیمانی دەستێك نییە لەنێو خودی خۆماندا!

لەلایەکی ترەوە، پەشیمانی جۆرێکە لە دانپیانان، بەڵام تێگەیشتنی ئێمە وەك مرۆڤ، لەئاست پەشیمانیدا، ئێجگار هەژارو دەستکورتە، هەروەکچۆن لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەیان چەمکی تردا، بەلاڕێدا دەڕۆین ڕۆشتووین (کە سەفەرکردن یەکێکە لەوانە)، ئاواش ناتوانین لە پەشیمانی تێبگەین و لێکیبدەینەوە. ئەوە پەشیمانییە کە ئادەم و حەوا فێر ئەکا، دوای سەرکێشیکردن چۆن بژین، چۆن بەرگەی تاڵاوی ئەو سزایە بگرن؟ ئەوە پەشیمانییە وا ئەکات ئێمە لە ڕووداو و بەسەرهات و هەڵوێستەکانی دەوروبەرمان تێبگەین و بیانگێڕینەوەو بیانکەینە پەندو وانە بۆ دەوروبەر. پەشیمانی وامانلێدەکات هەست بە ڕووی نادیارو داپۆشراوی ژیان بکەین و ڕۆچینە نێو خوێنییەوە "ئەم هەوڵدانەم سەرەتایەك بوو، ئەزموونێك بوو فێری کردم، چۆن بە شوێنە سەختەکاندا هەڵبزنێم، چۆن ڕێگا دوورو ترسناکەکان قەدبڕ بکەم.. (مگ: ل١٣٧).

ئەگەر مرۆڤ پەشیمان نەبێتەوە، فێریش نابێ. ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ بیر لە شکستی خۆی بکاتەوە، هەرگیز ناشتوانێ بەرەو دەرگا کراوەکانی ڕۆشنی هەنگاو بنێ. ئەوانەی کە لەنێو ڕۆشناییدان، بێئەوەی بە ڕێگەی پەشیمانیدا ڕۆشتبن، ناتوانن بەرگەی ئەو تاریکییە بگرن، کە دواجار ڕۆژێك لە ڕۆژان، مەرگ لەگەڵ خۆیدا بۆ هەریەك لە ئێمەی ئەیهێنێ. پێویستە لە هەنگاوی یەکەمان، لە عەشقی یەکەمان، لە نەفەسی یەکەمی دوای لەدایکبوونمان پەشیمان بینەوە، تا دواجار بتوانین بە ئاسوودەیی و دڵفراوانی و





بەشکۆیەکی زۆر زۆری خواهانەوە، بخزێینە نێو باوەشی پڕ لە ئۆقرەی مەرگەوە. هەتا پەشیمان نەبینەوە، ناتوانین دان بنێین بە بوون و بە حەقیقەتی خۆمانداو نازانین لەکوێوە ئەزموونی ژیان بکەین. ئێمە مەخلوقگەلێکی نەفامین، ئەو حەلەی نامانەوێ بیر لە ڕابردووی پڕ لە کەسەری خۆمان بکەینەوە. پاشەڵی ڕابردوومان پیسە بە لەککەو پەڵە، ئەو لەککەو پەڵانەی کە هیچ نەبێ بەزۆری زۆرداری دووچاریان کردووین، هەموومان تا منداڵین، لەنێو مەملەکەتی باوکەکاندا ئەژین، کە تۆزێك چاومان ئەکرێتەوە، یەکسەڵەف خۆمان لەنێو مەعشەری گورگەکاندا دەبینین و کاتێك نییە بۆ ژیانکردن، بۆ سەفەرو بۆ پەشیمانبوونەوە. بۆیە وادەرەکەوێ ئەم دانپیانانەی حەمەسەعید کەلاریی، لە ئەنجامی حەزێکی زۆری نووسەر لە مەسەلە تیۆری و مەعنەوی و هزرییەکاندا لەیەکێك لە بوارەکانی ئایین، سیاسەت، یاخود هونەر، هاتووەتە ئاراوەو هۆی پشکوتن و سەرکەوتنیشی هەر ئەوەیە، کە زەینی نووسەر لەحاڵەتێك یان بابەتێکدا هێندە پێگەیشتووەو بەکەماڵ گەیشتووە، کە هەست دەکات ژیانەکەی هێندە گرنگ و بەنرخە، کە شتێك لەبارەیەوە بنووسێت. گرنگی ئەم تێکستە بەلای نووسەرەوە، بە بارتەقای خودی کەسایەتی خۆی سەنگین و گران و بەبایەخە، تەنانەت تاڕادەی ئەوەی خۆی مەسخ دەکاتەوەو گۆشت و خوێنی جەستەی مرۆیی خۆی، لە بۆدەقەی تێکستی سەر کاغەزدا دەتوێنێتەوەو خۆی لێدەبێتە منالێك و منالەکەش ئەمەتا ئەم تێکستەیە، کە بۆ کانی نووسیوەو ئەویش دەیخوێنێتەوە.. "ئێستا ئەم منداڵە، کە بە دەستمەوەیە، خۆمم و خۆمیش باوکم. پەلیم گرتووەو دەیبەم بۆلای مەلای گوندیی و داوای لێدەکەم بۆم بخاتە بەر خوێندن. قورعانی پێخەتم بکات و چەند کتێبێکی عیلم و شەریعەتی فێر بکات. بەشکو لەسەرە مەرگدا

یاسینم بخوێنێت و هەر ئەویش بەسەر قەبرەکەمەوە تەلْقینم دابدات" (مگ: ل٢٢)

وەکچۆن مەملەکەتی گورگەکان کۆتایی نییە، بۆیە تەمای تەواوکردنی ئەم خوێندنەوەی منیش بێکۆتاییە، بۆیە لەکۆتاییدا (تۆنی بێنێت) تیۆردارِێژی ئیتالْیی ئەخەمەوە یادتان، کە دەڵێ: "سنوورەکانی کتێبێك هیچ کات بە تەواوی دیاری ناکرێن." کەواتا دیاریکردنی سنوورێك بۆ مەملەکەتی گورگەکان، یان دیاریکردنی یەك تەوەرەی تایبەت بەتەنیا، کە پێمانوابێ لەژێر کاریگەریی هیچ تەوەرەیەکی تردا نییە، جۆرێکە لە کەمکردنەوە لەبەهای تێکستەکە. بەواتایەکی تر، خوێنەر، رەخنەگر یان هەرکێ، ناتوانێ قسە لەسەر تەوەرەی عەشقی کانی و حەمەسەعید بکات، بێئەوەی ئاور نەداتەوە لە چەمکی سەفەرو دەلالەتەکانی بەلای نووسەرەوە. هەروەك ناکرێ قسە لەسەر باوك و چەمکی باوك بکرێ، بێئەوەی قسە لە ترادیسیۆنەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیی بکرێ و..تد، چونکە ئەم تێکستە تێکەڵێەکە لە ژانرگەلی ئەدەبی و هونەری و نووسەر بەتاقەت و کارامەییەوە دەسترەنگینی خۆی تیا نواندووە. بەوەشدا مەملەکەتی گورگەکان بەهەموو جوانی و ناشرینییەکانییەوە، بەهەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییە باش و خراپ و دیارو نادیارەکانییەوە، دەچێتە خانەی ئەو هەزاران هەزار تێکستی گێڕانەوەیەوە، کە لەراستیدا بێ ئەژمارن و (بارت) گوتەنی:"گێڕانەوە رێك وەك ژیان وایە، هەمیشە هەیە".





**سەرچاوەکان:**


١. حەمەسەعید کەلاری: منداڵێك لە مەملەکەتی باوکەکاندا،چ١، هەولێر، ٢٠٠٥

٢. حەمەسەعید کەلاری: مەملەکەتی گورگەکان،چ١،هەولێر، ٢٠٠٩

٣. جەواد مستەفا: رۆمان چییە؟ وەرگێڕان لە فارسییەوە، چ١،هەولێر، ٢٠٠٨

٤. عەبدولرەحمان مونیف: تیشکێك بۆ سەر رۆمان، لەعەرەبییەوە: شیرین.ك، چ١،سلێمانی، ٢٠٠٦

٥. راجێر وێبستێر: توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، لە ئینگلیزییەوە:عەبدولخالق یەعقوبی، چ١،هەولێر،٢٠٠٦

٦. هاشم سەراج: نوستالیژیای منداڵێك لە مەملەکەتی باوکەکاندا، گۆڤاری کاروان، ژ(١٩٧)، ئاب ٢٠٠٥

## گەڕانەوەی یادەوەری
## لە شیعری (بۆ ئەبو سەباح)ی فەرهاد پیربالّ-دا

ئەوەی لە ئەزموونی شیعری دکتۆر فەرهاد پیربالّدا دەبینرێ، ئەو هەوڵە بەردەوامەیە بۆ تێکشکاندنی سنوورە باوەکانی زمانی شیعری، کە هەوڵێکە پتر تاکایەتییە و هەر لەمەشەوە هێزی خۆی وەرگرتووە، ڕەنگە ئەو پرۆسەی سنووربەزاندن و تێکشاندنە، بەلای هەندێکەوە بریتی بێت لە تێپەڕاندنی مانا خۆکردەییەکانی وشە، ئینجا ئەمە وایش بێ، ئەوا دیسانەوە هەوڵەکە چڕتر دەبێتە لەپێناو گواستنەوەی ماناکان بۆ ئەودیوی کۆژ و دێڕە شیعرییەکان، چونکە لە دواجاردا ئەمە گواستنەوەی هێزی و ئەفسونی وشەیە بۆ سەر کاغەز و لێرەشەوە پەیامی شاعیر بە ڕووی خوێنەردا کراوە دەبێت و ئاشکرا تر خۆی مانیفێست ئەکا، بەلام هەمیشە لەپاڵ ئەم خۆبەیانکردنەدا، دیدگایەکی قوڵ و بەرینتر ئامادەگی هەیە، بۆیە خوێندنەوەی هەر تێکستە شیعرێکی دکتۆر فەرهاد، دواجار هەڵگری چەندین دەلالەت و مەغزای جیاوازی ترە، کە یەکیان بۆ ئەویدیان پشت ئەستوری لە مانادا بەرهەم دێنێ. ئەگەر خودی بەرهەمهێن یەکەمین خوێنەری تێکستەکەی خۆی بێت، ئەوا هەمان کات یەکەمین ڕەخنەگریشە،





کە ئەتوانێ دەست بخاتە سەر شوێنگە دوور و نزیکەکانی نێو دەقەکەی خۆی و هەروەك ئەشتوانێ ڕەهەندی جیاجیاکانی دیاری بکات، بۆیە هەوڵدان بۆ گەڕان و خوێندنەوەی تێکستەکان بەشێکە لە ڕەخنەلێگرتن و پیاچوونەوە بەو دیوە نادیارانەی تریدا، کە دواجار خزمەت بە زیندوو هێشتنەوەی دەکات. ئێمە لەم خوێندنەوە کورتەدا، هەوڵ ئەدەین، ڕۆچینە نێو دونیای یەکێك لەو تێکستە شیعریانەی فەرهاد پیربالّ، کە زمانی شیعری ئەو، هاوڕێ لەگەڵ دنیابینی تایبەتی و ئامادەیی یادەوەرییەکانیدا، جۆرێك لە ئیماژی گەڕانەوە لە زەینی خوێنەردا دروست دەکات. با پێکەوە سەرجەمی تێکستەکە بخوێنینەوە:

**بۆ ئەبو سەباح**
**(چونکە پێشتر وێنەیەکی دلاوەر قەرەداغی شاعیری گرتبوو)**
**وێنەیەکم بگرە، ئەبو سەباح**
**دەستم لەژێر چەنەم دانابێ**
**جگەرەیەك بە لا لێومەوە و**
**پێکەنیبم،**
**بەلام وریابە:**
**هەموو ئینجێکی ڕۆحم**
**بۆ زەمانی منداڵیی خۆم خرۆشابێ!**
**وێنەیەکم بگرە ئەبو سەباح**
**دەستم لەژێر چەنەم دانابێ**
**جگەرەیەك بە لالێومەوە و**
**پێکەنیبم،**

**بەڵام تکایە:**
**هەموو هۆش و دڵ و هەستم**
**لەناو کەزییەکانی عەشقێك جێمابێ!**
**هەمووم.. سەرتا پام..**
**هۆن هۆن گریابێ!**

ئەگەر تێبگەین لە حاڵەتی ئەوەیدا شاعیر ببێتە بەخشندە و خوێنەریش وەرگری ڕاستەوخۆی شیعریەکانی، ئەوا تەواو دەتوانین هەست بە ڕەنگدانەوەی ئەو شرۆڤەیە بکەین لە کۆی شیعرەکانی دیوانی (بۆ ڕۆدانی کورم)دا، هەڵبەت ئەمەش جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ سەلیقەی خودی شاعیر، کە زاڵبووە بەسەر ئەوەیدا، لە ڕێگەی زمانێکی ئاسانەوە، زۆرترین شیعرییەت بگەیەنێتە وەرگر، لە هەمانکاتیشدا شیعرەکانی هەڵگری بەشێکی گەورەی ئیستاتیکییەت و هارمۆنییەتی شیعری تایبەت بە خۆیان بن. کەواتا یەکێك لەو پارچە شیعرانەی کە حاڵەتێکی سەیری (گەڕانەوە)ی تێدا بەدی دەکرێ، لەڕێگەی توانامەندی زمانەوە، تێکستە شیعری (بۆ ئەبو سەباح)ە، کە تێدا شاعیر زیرەکانە کاری لەسەر چەندین حاڵەتی جیاوازی گەڕانەوە کردووە، کە سەرجەمیان لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیانەی بەردەوام و بێپچڕاندان لەگەڵ ڕۆح و زیهنییەتی شاعیردا و لەوێشەوە کار بۆ گواستنەوەیان دەکات بۆ (وەرگر/ خوێنەر).

گەڕانەوە بۆ سەردەمی منالّی، گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجێتی، گەڕانەوە بۆ تەمەنێك، کە لە ئێستادا بەردەوامە، گەڕانەوە بۆ نێو ژیانێك کە ڕەنگە نەتوانرێ لە زەمانێك و شوێنێکی وەك ئێستادا تیا بژین، گەڕانەوەیەکی تریش، کە لەسەر ئاستی گشتی خەیاڵدانی خۆی بریتییە لە چەشنێکی تری





یاخیبوونە بەردەوامەکانی پیربالّ، ئەو کاتەی دەیەوێ جارێکیتر لە نێو هەمان جەنجاڵی تەمەنی هەنووکەیی خۆیدا بۆ هەنگاوەکانی دادێ بچێتە پێشێ.. با پێکەوە لەم کۆپلەیە بڕوانین:

**وێنەیەکم بگرە ئەبو سەباح**
**دەستم لەژێر چەنەم دانابێ**
**جگەرەیەك بە لای لێومەوەو**
**پێکەنیبم**

ئەم داواکارییەی شاعیر، ئەوەندەی پێوەندی بە خودی خۆیەوە هەیە لە ڕووە ماتریاڵییەکەیەوە، واتە تواناى جەستەیی خۆی لە وەستانێکی وەك ئەوەی خۆی تەعبیری لێکردووەو هەریەك لە ئێمە چۆن بمانەوێ لەبەردەم فلاشی کامیرایەکدا دانیشین دوادجار هەروا وێنەکەی خۆمان دەبینینەوە، ئەمەش هیچ خەمێك بۆ وێنەگر ناخولّقێنی ئەوەندی بەدەر، کە پێویستە لەسەری (وێنەیەکی جوانی موشتەرییەکەی بگرێ) وەك چۆن ئەو دەخوازێ، بەمەش (ئەبو سەباح)ەکای گشت دونیا بە ئازادییەکی خوڕسکی کارەکەی خۆیان تەواو کەیفدارن، بەڵام تەمەنای گەورەی گەڕانەوەی شاعیر بۆ لای تەمەنێکی بەسەرچوو، وا دەکات ئەو ئازادییەی وێنەگرەکانی گشت دونیا، لە ڕێگەی داوایەکەی خۆیەوە لە ئەبو سەباح زەوتبکات، ئەو دەمەی دەڵێ:

**بەڵام وریابە،**
**هەموو ئینجێکی ڕۆحم**
**بۆ زەمانی منداڵیی خۆم خرۆشابێ..**

ئەم مەرجدانەی پیربالّ لەبەردەم ئەبو سەباحی وێنەگردا، جۆرێکە لە وڕکگرتن، و کە وێناکردنی ئەو تەبیعەتە منالآنەو ئەو بیرکردنەوە

یاخیگەرانەیە بەلای پیربالّەوە کە هەمیشە لە قسەکردن و نووسین و ئەوەتا لە شیعرەکانیشیدا دەردەکەون..

مەرجی خرۆشاندنی ئینج بە ئینجی رۆحی فەرهاد پیربالّ، داوایەکە، ئاستەنگە هیچ وێنەگرێك بتوانیٚ بیهێنێتە دی، بۆیە جارێکی تر شاعیر پەنا دەباتەوە بەر دووبارەکردنەوەی داواکارییەکەی و بە هەمان زمان و بە هەمان ژمارە، کە ژمارەیش یەشێکی تری گەورەیە لە کۆی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانەدا..

**وێنەیەکم بگرە ئەبو سەباح**

**دەستم لەژێر چەنەم دانابیٚ**

**جگەرەیەك بەلا لێومەوە**

**پێکەنیبم**

لەبەر ئەوەی پیربالّ لە کۆپلەی یەکەمدا سەرناکەویٚ لەبەردەم بێقودرەتی وێنەگرەکەدا بۆ هێنانە کایەوەی ئەو داواکارییە مەرجدارەی هەیەتی، ناچار لە کۆپلەی دووەمی شیعرەکەیدا (مەرج)ەکەی دەگۆڕیٚ بۆ (تکا)و دەلّیٚ:

**بەلاّم تکایە وریابە،**

**هەموو هۆش و دلّ و هەستم،**

**لەناو کەزییەکانی عەشقێك جێمابیٚ!**

**هەمووم**

**سەرتا پام**

**هۆن هۆن گریابیٚ!**

کە ئەمەش داوایەکی گەنجانەیە بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەو وێنەیەی ئەبو سەباحەوە بگەڕێتەوە بۆ زەمانی لاوێتی خۆی و نەك هەر هێندە بەلّکو





بتوانیٚ لە نێو عەشقی هۆیدا بۆ دلّدارەکەی جێبمێنیٚ و نەگەڕێتەوە، ئەم نەگەڕانەوەیە، واتە یاخیبوونە لەو تەمەنەی کە ئێستە تێدایەتی و ناچاریشە چاوەڕوانی هەنگاوەکانی تری بێت، بۆیە هەر زوو تەسلیمبوونی ڕادەگەیەنیٚ بەرامبەر ئەو پیربوونەی دەبیٚ هەموومان پێیدا گوزەر بکەین و داوادەکا، لەو گەنجبوونەوەیەیدا لە میانی وێنەگرتنەکەدا هەمووی (واتە: هەموو ئینجێکی جەستە/ هۆش/ دلّ/ هەست)ی بگری لە ئاست ئەو سەرنەگرتنەدا، کە لە بەرامبەر یادەوریی کۆنی خۆیداو زالّنەبوونی وێنەگرەکە (ئەبو سەباح، کە ڕەنگە وێنەگری سەردەمانێك بێت کە پیربالّ تەواو بۆی تامەزرۆیەو ناتوانیٚ بە ئاسانیی لە ڕۆحی خۆیدا دەریبکات)، دووچاری بۆتەوە. بێگومان ئەم یاریکردنە بە ئاستە جیاکانی زمان، لە نێو ئەو پارچە هۆنراوەیەدا دەتوانیٚ لە یەککاتدا بەسەر چندین تەوەری تری خوێندنەوەو کرانەوەی خەیالّدا بمانبات و بێئاگایانە سەفەری ویستراوی شاعیرمان پێبگەیەنێتە سەر.

## وێستگەی سێیەم:
## ژیان و ئەزموون

### کافکا و ژن
### هەموو شتێك سەخت و پڕوپووچە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە

لەیادی مەرگی جەستەیی هەشتا و سێ ساڵەی فرانز کافکادا، ئاخۆ دەکرێ بە چ شێوەیەك دەربارەی وی بدوێین؟ تا هەنووکە نووسەران لە نهێنی و ئەفسانە سەیر و واقیعییەکانی کافکا دەگەڕێن. بەمدواییانەش هەندێ کەس حەماسەت گرتنی و کافکایان وەرگێڕایە سەر زمانی عارەبی، هەروەك حەماسەتێکی گەنجانەش بۆ خوێندنەوەی هاتە ئاراوە. ئەمڕۆ وشەی (کافکایی) بۆتە باو، هەروەك وشەکانی (شکسپیریی و دانتەیی)، ئەوەتا (کافکالۆژییەکان)یش لە نووسیندا پەیدابوونە، هەر لە صادق هیدایەتەوە بۆ کۆندێراو بۆ ئیمێری کیرتش و ئەوانیتریش.. بە مانایەکی دیکە کافکا بۆتە سیمبۆلێك و سیمبۆلەکەش ئەوەتا بۆتە دەستەواژەیەك، کە دەبێ بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. تەنانەت منیش نازانم دەبێ چ شتێك





وەك سیمبۆل تەماشا بکرێ؟
لەمبارەیەوە بیریار و ڕۆماننووسی ئیتاڵیایی (ئیمبرتۆ ئیکۆ) دەڵێ:"کافکا سیمبۆلە لەهەموو شتێکدا، لە شێوازی پێوەندیدا بە شاری (براگ)ەوە، لە تێڕوانینەکانیدا بۆ نووسین، لە بنەچە جولەکەیەکەیەوە و دەسەڵاتی باوکی و ڕەمزییەتی شێواندن (مسخ)ەکەی و تا دەگاتە پێوەندییەکانی لەگەڵ کچان و مومیسەکان و پێوەندییەکانی بە مەسەلە سێکسییەکانەوە". لەو باوەڕەشدانیم ئەدیبێك هەبێتن، وەك کافکا ئەو هەموو دژیەکە لە وەسفیدا کۆبووبێتنەوە. لەکاتێکدا هەندێك بە مەزنترین نووسەرەکانی واقیعییەتی دەزانن، گروهێکیتر بە هەنگاوی نوێی دادایزمی بونگەرایی ناویانبردووە و تاقمێکی دیکەش بە دامەزرێنەری بنەما سەرەکییەکانی سوریالیزمیان زانیوە، هەروەك بە گەورە نووسەرانی سیمبۆلێتیکیش ناسراوە، بەمەش کەسایەتیەکانی کافکا لێکترازاو و وێکنەچوون: ئەو سۆسیالیستە، مولحیدە، ئیمانداره، ڕەشبینە، گەشبینە، جولەکەیە، هیومانیستە، گاڵتەجاڕە، گەڕۆکیشە بەدووی حەقیەقەتدا..!!
ماوەیەك لەمەوبەر کتێبێك لە فەرەنسا دەرچوو، بە ناونیشانی (کافکاو کچەکان)ەوە، لە نووسینی توێژەری فەرەنسی (دانیال دایمارکیت) لە میسریش کتێبی (دادگاییکردنی کافکای دیکە)ی (ئەلیاس کانیتی) پەرچڤە کرا، کە باس لە پێوەندی کافکا دەکات لەگەڵ دڵدارەکەیدا (فیلیس پاوەر). لەنێوان ئەو دوو کتێبە و کتێبەکانی تریشدا سەرنجی کابووسییەتی (مۆتەکە) تاڵی کافکا دەدەین لەهەمبەر خۆشەویستی و پێوەندییە سۆزداری و دڵدارییەکانی. ئەو بەپێی شێوازی خۆی خەون بە دڵدارییەوە دەبینێ، هەروەك چۆن خەونیش بە ژیانەوە دەبینێ. ئەو داوای

شتگەلی نەبوو (مستحیلات) دەکات لە کچان، هەروەك ئەوەی داوا لە ئەدەب و نووسین دەکات. لەدوورەوە دڵی لە کچێك دەچێ، کاتێك لێینزیك دەبێتەوە جارێکی تر بیر لەوە دەکاتەوە چۆن لێیدوور بکەوێتەوە، کاتێکیش ئەو لێیڕادەکات، کافکا هەوڵی گەڕاندنەوە دەدات!! مارەی کچەکە دەبڕێت، کەچی زەندەقی دەچێ لە بیرۆکەی زەواج..!

کافکا خەونبینێکی ئەبەدی و کابوسییەکی ئەبەدیشە، بێدارنابێتەوە لەو خەونانەی کە کچانی ڕاگوزەر لە ژیانیدا بۆی جێدەهێڵن. ئەو چاوەنواری سێبەری ژنێك دەکات و پێکگەیشتنی جەستەیی بۆ هەتاهەتایە دوادەخات. ژنی بەشێوەیەك لێکردووە، کە مەگەر لە ڕێگەی نامەکانییەوە هەستی پێبکرێ. ژن چ نییە بەدەر لە کائینێك بۆ نووسین، کافکا لە پێوەندی بەستندا، ژن وەك داڕێژەری ڕاستەقینەی تێکستێکی ئەدەبی (ڕۆمان و چیرۆك) دەیبینێتەوە، ئەگەر هەر نەگۆڕێکی سەرەکی لە سروشتی کافکادا بەدیکرا، ئەوا دژیەکییەکان لە پێویستی مەئیوسانەیاندا بەخۆیەوە وەڕسبوونە لە درووسکردنی پێوەندی لەوە زیاتر. ئەو وەڕسبوونەوەی کە هەرگیز ئامادە نییە بیدۆڕێنێ، هەندێجاریش کەمدەکا و دەگۆڕێ بۆ:"ئارەزووکردن بە تەنیایی نائاگیانە -کافکا-" یان:"ترس لە پێوەندی، بۆ چوونەپاڵ دیوەکەی دیکە. هەرگیز بەتەنیا ناگەڕێمەوە" لەم دژیەکییەشدا دەبینین چۆن هەستی لێترازانێکی بەردەوام دروست دەبێ.

ئەو کچانەی کە بە دڵی کافکا بوون هەرگیز خواستەکانی لێوە دەسەبەر نەکردوون، ئەو کارامەیی خۆی لەگەڵ خزمەکاران و نازفرۆشاندا دەنووسێتەوە. ئەو نازفرۆشانەی کە شەوێکی لەگەڵ بردوونەتە سەر و هیچ شتێکیش لە بارەی ڕووتبوونەوە و بەریەککەوتن و ماچەکانی بیر





ناکەوێتەوە، کافکا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە سێکس شەرم و شوورەییە یان هاوتای کاژ و پیسی و ترسە، ئەم ترسەش لە یەکێك لە نامەکانیدا بە زەقی دەردەکەوێت، کە بۆ فیلیس-ی ناردووە، تێدا دەنووسێ:"ڕۆحی خەڵەتێنەری هاوسەرێتی لە ماڵ و لە نێو پێخەفە گەرم و جلە ڕاخراوەکانی نووستندا، جۆرێك لە جیاوازیم تێدا دروست دەکەن، بە شێوەیەك وەختە بڕشێمەوە".

کافکا بۆ هەرکوێیەك چوویێت، ڕەنگدانەوی ماڵە سۆزانییەکان هەمیشە لەگەڵیدا بوونە، ئەوەتا لە یادگاریی ڕۆژانەیدا دەنووسێ:"ئارەزووی سێکسی شەو و ڕۆژ بێتاقەتم دەکات و ئازارم دەدا، بۆ تێرکردنیشی پێویستە خۆم دەرباز بکەم لە ترس و شەرم و هەروا و دڵتەنگییەکانم". بەڵام ئەمانە ڕێگریی نەکەن لە قۆستنەوەی یەکەمین هەلێك کە بۆی هەڵدەکەوێت، کەچی هەر زوو هەست دەکات، کە ئارەزووی سێکسی خاکەسار، قەرزارباری دەکات بۆیە پێیوایە، ئەو تەنها بۆ بێکەڵکەکان گونجاوە، ئەمەش هەوێنی بەرهەمهێنانی ئەو بیرۆکەیە بوو، کە دووساڵ پێش مردنی پێوەندی لەگەڵ پیرەژنێکی نەناسراودا دەبەستێ، پیرەژنێك کە قاچەکانی شەپۆشۆڕبوونەتەوە و بە چرکەیەك هەموو پارە و تۆواوەکەی ڕادەکێشێ و ئەنجا پەلە دەکا بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەکەی تر، چونکە کڕیارێکی دیکە چاوەڕوانیەتی.

کافکا گرەو دەکا لەسەر کچە عاشقەکان و لێیاندوور دەکەوێتەوە. یەکەمین کەسێك بەر گرەوەکانی دەکەوێت فیلیس-ە، ئەو کچەی کە لە سەردانێکیدا بۆ لای (ماکس برۆد)ی هاوڕێی لە ١٣ی ئابی ١٩١٢دا لەماڵەکەیدا چاوی پێدەکەوێت. بەهیچ شێوەیەك بیری بۆ ئەوە نەچووبوو لەو شەوەدا فیلیس لە ماڵی هاوڕێکەیدا ببینێ، لە تەماشاکردنی یەکەمدا وایزانی ئەوە

کارەکەرەکەیەتی، بەڵام دوای ئەوەی تەوقەی لەگەڵ کرد، دەستی کردە چاودێریکردنی. هەر لەیەکەم دیدارییەوە هیچ وردەکارییەکی ڕووخساری لەبیر نەکرد، دوای مانگێك کافکا بڕیاریدا بۆی بنووسێت، وایلێهات نامەکان یەك لە دوای یەك زیادیان دەکرد، تا ئەوەی هەموو شتێکی دەربارەی فیلیس دەزانی: ژەمە خواردنەکانی، کاتی کارکردنی، پۆشاکەکانی، هاوڕێکانی و..هتد.
کافکا، لە ١٦حوزەیرانی ١٩١٣ بڕیاریدا پێشنیاری زەواجی لەگەڵ بکا. کاتێکیش بە کورتی وەڵامی (بەڵێ)ی لە فیلیسەوە پێگەیشت، لەناخی خۆیدا هەستی بەجۆرێك لە یاخیبوون کرد، بۆیە نامەیەکی بۆ دەنووسێ و تێدا دەڵێ:"داوای زەواجم لێکردی، بەڵام هەست بە لاوازییەکی سەخت ئەکەم، بەڕادەیەکی وا کاتێك وشەی -بەڵێ- لە پۆستکارتەکەتدا دەخوێنمەوە، ئەژنۆکانم دەلەرزێن!!".
نامە گۆڕینەوەکانی کافکا لەگەڵ فیلیسدا، کە گەواهیدەرن لەسەر بارودۆخی ئازارچەشەی کافکا، (ئەلیاس کانیتی) لە دوو توێیی کتێبێکدا بە ناونیشانی (دادگاییکردنی کافکای دیکە) لە هەوڵی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی شتی زیاتردا بڵاویکردۆتەوە. پێدەچێ کانیتی ئەو ناونیشانەی لە ڕوانگەی پێوەندی فەرمی کافکا بە فیلیسەوە هەڵبژاردبێ، کە تێدا کافکا دوودڵ و نیگەران بووە لە نێوان ئەوەی کە خۆشەویستەکەی سەنتەری ژیانی داگیر بکات و دووری بخاتەوە لە جیهانی نووسین و ئەو تەنیاییەی کە لەیەك کاتدا هەم بێزی لێهاتۆتەوە و هەمیش خۆشیویستووە.
پێوەندی نێوان کافکا و فیلیس لە یەکەم دیداریانەوە لە ١٣ی ئابی ١٩١٢ەوە دەست پێدەکات، لە ڕۆژی دواییدا نامەیەك بۆ هاوڕێکەی





دەنووسێت و دەڵێ:"کاتێك سەرقاڵی ڕێکخستنی تێکستەکان بووین، من لەژێر کاریگەریی ئەو کچەدا بووم". ئیتر ڕۆژانە کافکا نامە دەنووسێت و فیلیسیش بە شێوەیەکی خێرا وەڵامیان دەداتەوە.
پێوەندی نێوان کافکا و فیلیس پەرەی سەند و ڕێچکەیەکی جیاواز تری گرتەبەر. بۆیە فیلیس هەوڵی دەدا پێوەندی فەرمی لەگەڵ کافکادا ببەستێ، بەڵام کافکا لای خۆیەوە هەمیشە هەوڵی خۆدزینەوەی ئەدا و لەو هەوڵانەشیدا هەموو تواناکانی خۆی دەخستەگەڕ، جارێك لە نووسینەکانیدا هەوڵی ئەدا قەناعەتی پێبکات، کە ئەو کەسێکە تەنها بۆ نووسین خولقێنراوە و هیچی تر، جارێکی دیکە گرفتارییەکانی خۆی بەدەست نەخۆشی و جەستە لاوازەکەیەوە دەکردە بابەتێك بۆ بەزەیی پێدا هاتنەوە لە ژیاندا.. ئەوەتا بۆی دەنووسێت:"شێوازی ژیانم تەنها بەرەو نووسین ئاراستەکراوە".
بە نیسبەت کافکاوە، فیلیس سەرچاوەی ئاسایش و هێز بوو، بەئەندازەیەك لێیدوور دەکەوتەوە کە ئاڵۆشییەکانی تیوار ببنەوە و نەبنە مایەی وەڕزبوونی. بەلای کافکاوە ئەو ژنێکە هەمیشە لێرە ئامادەیە، ژنێك زیاد لە وشەکانی چی تری لێچاوەڕوان نەدەکرد، بەجۆرێك کە زۆربلێیی دەکرد لە قسەکانیدا دەربارەی خودی خۆی و نووسین و بێزارییەکانی و بوونی خۆی، تا ڕادەی ئەوەی هەرچۆنێك بووایە، سکاڵاکانی لەلا باس دەکر، وەك ئەوەی ناچار بێت هیچ شتێك لای خۆی وەك نهێنی نەپارێزێ و پێویستە بە ئەوی ڕابگەیەنێ. پێدەچێ هەر ئەو شتەش لەکاتی نووسیندا دووچاری جۆرێك لە داڕووخانی کردبێتەوە!
دوای چوار ساڵ و پێش هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی مارەبڕینەکەی لەگەڵ

فیلیس پاوەردا، کافکا بۆی دەنووسێت:"دەزانی دوو کەسی جیاواز لە ناخمدا شەڕیانە! ئەنجامی شەڕی ئەوان بوو بۆ ماوەی پێنج ساڵ، قسە و بێدەنگی و تێکەڵەیەك لە هەردووکیان هاتە ئاراوە".
لە نێوان ساڵانی ١٩١٥و ١٩١٦و لە نووسینەوەی یادگاریی ڕۆژانە و نامەکانیدا بۆ فیلیس دووفاقەیی کەسایەتی کافکا بەئاشکرا دەردەکەوێت، لەو نامە و یادەوەرییانەدا، سروشتێکی دوفاقەیی (من-وی) پێشکەشە دەکات.
شتێکی سەیر نییە کە گللەیی لە بارودۆخی جەستە گرنگترین ئەو باسانە بێت کە لە نامەکانی کافکا بۆ فیلیس ڕەچاو دەکرێت. هەموو شتێك پێوەندی بەو جەستەیەوە هەیە، کە هەرگیز ناحەسێتەوە، بەودیوی تریشدا ئەوەی ئەو کچەی جیا دەکردەوە، کە کافکا خۆشیدەویست، ئەوە بوو کچێکی سادە و ئاسایی، بەڵام بەهەڵپە بوو بۆ ڕۆشنبیری. ئەو لایەنەش تێدا سەرنجی کافکای بۆ لای خۆی کێشکردبوو، بەتایبەت ئەو کاتەی ناوی کۆمەڵێك کتێبی خستە ڕوو، کە سەرسام بوو پێیان و پێویستی پێیان بوو، وەك پاڵپشتێك لە کارەکەیدا. کافکا هەموو هێرشەکانی ئیرەیی (غیرە) پێبردنی خستە کار بە مەبەستی گۆڕینی فیلیس.
فیلیس شەرمۆك بوو و هیچ نیگایەکی خراپی پێوە دیار نەبوو. ددانەکانی بە قرقۆشم پڕکرابوونەوە، زۆرجاریش کافکا بێزاری خۆی لەو ددانانەی دەردەبڕی، بەڵام لەهەمانکاتدا وەك کچێکی بچوك وێنای دەکرد، کە سیحری لێکردبێ و لەگەڵ پەڕاوەکانیدا هەڵیدەگرێ و هەرکاتێ بیەوێ تێر تەماشای دەکات و پێڵووی چاوەکانی نوقم دەبن لە فرمێسکدا. ئەو هەمیشە بەزەیی بەو کچە بچوکەدا ئەهاتەوە، کە هەرگیز هیچ کەسێك





ئازاری نەدابوو، بەڵام فیلیسی ژن، ئەوا جۆرێك لە موحافەزەتکاری دەرهەق دەنواند.. "هەست ئەکەم لە کچە بچکۆلەکە نزیکترم و ئەتوانم هەموو شتێکی پێبڵێم، بەڵام خانمەکە -ژنەکە- هەستکردن بە ڕێزی زیاترم پێدەبەخشێ" کافکا زیاتر دەنووسێ:"ئەگەر سەرپشك بکرێم کامیان لە ژیاندا هەڵبژێرم، ئەوا ئەتوانم بڵێم: کچە بچکۆلەکەیە بەرەو خانمە گەورەکەم دەبات". ئەو هەموو وێنە بچوکەی فیلیس زیاتر لە ژنە گەنجەکە نزیکیان دەخستەوە.
شەڕی کافکا لەگەڵ فیلیسدا وجودی بوو. کاتێك لەساڵی ١٩١٤ هاوسەرگیرییەکەیان ڕاگەیاند، ترسی کافکا لە زەواج زیادی کرد، چونکە زیاتر لە هەر کاتێك ئەگەری ڕوودانی زەواجکردن نزیك ببووەوە "پێویستم بە شوققە نییە، نەخێر.. دەمترسێنێ" هەموو پرۆژەکانی فیلیس دەیانترساند، هەروەك چۆن هەموو ئەو شتانەی تر، کە پێوەندییان بە زەواجەوە هەبوو دەیانترساند. دوای شەش هەفتە لەو ڕاگەیاندنە، کافکا لە یادەوەری ڕۆژانەیدا دەربارەی خۆی دەنووسێ:"لەگەڵ هەموو بێتاوانییەکمدا، من شەیتانیم.." کافکا پێیوایە (تاوان لەنێو نەبوون و پێنەگەیشتن و دوودڵی پێش لەدایکبوون و سستی پێوەندی بە ژیانەوە، خۆی حەشارداوە).
ئەو لاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ سستی پێوەندی بە سەرجەم مرۆڤایەتییەوە، بەتایبەت پێوەندی بە فیلیس پاوەرەوە، چونکە لەڕاستیدا کافکا هەر لە سەرەتاوە دەیزانی، کە بێزارە لە پێوەندی.
لە نامەیەکدا بۆ فیلیس کافکا قەیرانەکانی خۆی دەستنیشان دەکات: "هیچ بایەخێکی ئەدەبیم نییە، بەڵکو من لە ئەدەب خولقێنراوم، من هیچ شتێکی تر نیم و ناشمەوێ هیچ شتێکی دیکە بم" لە نامەیەکی تریشدا

کافکا ڕایدەگەیەنێ کە نووسین واتا: "ڕازاندنەوەی جەستە بە ڕۆژناییەکان" و هەروەها "کارێکی کوشندەیە". سەرەڕای ئەوەش کافکا هەست بەوە دەکات، کە کەسی سەڵت (باشتر نییە لە مێروویەك). دواتر و بۆ جارێکی تر لە تەممووزی ١٩١٧ خۆی و فیلیس بڕیاری ژیانی هاوسەرێتی ئەدەن، بەڵام ئەوەش ناگاتە هیچ ئەنجامێك. دواجار زەواج بەلای کافکاوە وەك لەسێدارەدان دێتە پێش چاو، چونکە ئەو ئارەزووەی لێزەوت دەکات، کە سەلیقەی تێدا پەیدا کردبوو و تا ڕادەی بەپیرۆزکردن ڕێزی دەگرت. بۆ پاراستنی ئەو بەپیرۆزکردنەش هەموو ئاستەنگییەکانی ژیانی کۆدەکردەوە و بەڕووی فیلیسدا دەدایەوە. هەمیشە لەهەمبەر ژیانی پێکەوەیی و هاوسەرێتی، ترسی خۆی دەردەبڕی لە ئایندەی خۆیان و لەو قێزەوەنییەی کە میزاجی بۆی دروست دەکەن. بگرە زیاتریش:"من هەر لە بنەمادا مرۆڤێکی ساردم، خۆپەرست و دڵڕەقم، سەرەڕای هەموو لاوازییەکم" بۆیە دەبینین کافکا هۆکارگەلی تری کۆدەکردەوە، بۆ پووچەڵکردنەوەی ئارەزووی فیلیس بە زەواجکردن لەگەڵی، بەڵکو بەدیوێکی تردا بۆ قوتارکردنی خودی خۆی لەو زەواجە، کە بە (موسیبەتی تۆیە فیلیس) وەسفی دەکات!!

**کرمی زەوی:**

کافکا ئاڵۆشییەکی گەورەی هەبوو دەرهەق بە جەستەی خۆی. هەر لە منالییەوە سەرنجی ئەوەی دابوو، بۆیە هەمیشە چاودێر بوو بەسەر جەستەی خۆیەوە، کە تەرازووی هەموو ژیانی بوو و هۆکاری هەڵاتنی بوو لەهەموو ئەوانەی دەکەوتنە دەرەوەی ئەو جەستەیە. بۆیە دەبینین هەمیشە خۆی لە ژاوەژاو دەپاراست و ژوورەکەی بە پەناگە، بەڵکو بە جەستەی دەرەکی خۆی دەزانی، هەورەها تاقەتی میوانانی نەبوو، تەنانەت ژیانیشی لەگەڵ





خێزانەکەیدا بە سەرچاوەی ئازارەکانی دەزانی و دەیگوت:"بەشێوەیەکی ڕەها ڕقم لە هەموو خزمەکانم دەبێتەوە، چونکە کەسانێکن لە نزیکیانەوە ئەژیم".. دواجار هەموو هەوڵەکانی کافکا، لەگەڵ فیلیسدا، بۆ ئەوەی ساردی بکاتەوە لە زەواج، هاتنەبەرهەم، دوای ئەوەی پێیدەڵێت:"ناتوانی تەنانەت دوو ڕۆژ لەگەڵمدا بژیت، چونکە تۆ کچێکیت حەزت لە پیاوە، نەك کرمێکی شلوشاوی ژێر زەوی".

دوای شکستهێنانی هاوسەرگیری نێوانیان، فیلیس هاوکاری لە (گریت بلۆخ)ی هاوڕێی داوا کرد، بۆ ئەوەی بکەوێتە نێوانیانەوە و قەناعەت بە کافکا بکات تا پێوەندی فەرمی لەگەڵدا ببەستێ، کەچی کافکا سۆز و بایەخ پێدانەکانی بەرەو لای هاوڕێکەی شکاندەوە و دەستی کرد بە نامە بۆ ناردن و تێدا باسی ئەو هۆکارانەی بۆ دەکردن، کە وادەکات نەتوانێ درێژە بەو جۆرە پێوەندییە بدات. بێگومان یەکێك لەو هۆکارانەش تاوانبارکردنی فیلیس بوو، سەرەڕای پێوەندی نێوان فیلیس و گریت، کەچی پێوەندی کافکا بە بلۆخەوە هەر بە نهێنی مایەوە، بۆیە گریت بلۆخ هیچی بۆ نەمایەوە بەدەر لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوانەدا (فیلیس و کافکا)، خۆشبەختانە ئەوەشی بۆ هاتەدی.

ئەوەتا لە ڕۆمانی (داوەری)دا گریت داوەرە ڕاستەقینەکەیە، کافکا تەنانەت بە وشەیەکیش چییە، بەرگریی لە خۆی ناکا. بۆیە لە بەشی یەکەمیدا ڕۆمانەکە هەر وەك جۆرێك لە دەسبەسەرکردن وایە و لە دوا بەشیشدا چوون لەسێدارەدانە. فیلیس وازیلێناهێنی هەتا ئەوەی کافکا ڕۆمانەکەی تەواو دەکات، بەڵام دواجار نامەکان دەبێتە ڕێگر لەبەردەم کارەکانیدا و هۆکاری شێواندنی سەرنجەکانی کافکا..

جارێکی تر کافکا پێوەندی لەگەڵ فیلیسدا دەبەستێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە ناخەوە دەیبڕێتەوە، چونکە هیچ پاڵنەرێك بۆ ئەو پێوەندییە لە ئارادا نەبوو، هەروەك نامەکانیشی وەك جاران دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان بەدواوە نەبوو، هێدی هێدی ژمارەی نامەکانی کافکا کەمیان دەکرد، فیلیسیش گللەیی دەکرد لەوەی کافکا وەك جاران بۆی نانووسێ، تا ئەوەی قسەی پێشکۆتایی کافکای پێدەگات، ئەو قسەیەی کە هەڵگری دوا ناکۆکییەکانی پێوەندی نێوانیان بوو و (کانیتی)یش پێیوایە خراپترین قسەکانی کافکایە بۆ فیلیس:"من مەخلوقێکی درۆزنم، ئەمەش تەنیا ئامرازە بۆ پاراستنی هاوسەنگی خۆم، پاپۆڕەکەم فشەڵە"..

لە پڕێکا لە شەوی ٩ لەسەر ١٠ی ئابی ١٩١٧ کافکا دووچاری کۆخینێکی بەردەوام دەبێت، دواجار لە مانگی ئەیلولدا بۆی دەردەکەوێت، کە دووچاری نەخۆشی (سیل) بووەتەوە. لێرەوە کاروانی کافکا لەگەڵ نەخۆشیدا دەست پێدەکات، ئەو نەخۆشییەی کە خۆی پێیوایە دەرەنجامی ناکۆکییەکی دەروونییە:"هەقی ئەوەم هەیە کە بڵێم: من خۆمم فەوتاند". ئەوە بەتەنیا ڕۆحی کافکا نییە کە دووچاری ئەو پەتایە دەبێتەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا جەستەشیەتی. لە چرکەساتی دوامالئاواییدا لە فیلیس، لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، فیلیس نەگریا بەڵکو کۆتایی هاتنی نامەکان گریاندیان.

دوای ماڵئاواییکردن کافکا لە یادەوەرییەکانیدا دەنووسێ:"هەموو شتێك سەخت و پڕوپووچە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە". کافکا نەخۆشییەکەی وەك دواچەکی بەرگریی بەرووی فیلیسدا بەکارهێنا و هەموو ڕێگایەکی سازشکردنی لێداخست. ئەو چیتر بایەخی بە هیچ شتێك نەدەدا، بەدەر لە





بێوەیی دەروونی خۆی.

**میلینای کڵۆڵ:** ئەگەرچی تا ئەوکات فەرمانبەرێکی ئاسایی بوو لە نووسینگەیەکی مسۆگەرایەتیدان (تأمینات)دا، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢ەوە ژیانی کافکا لە بنەچەوە گۆڕانی بەسەرداهات. ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەیەکدا ژیانی بەسەربرد و لەوێ دڵی لە ژنێکی چیکی دەچێت و بەشێوەیەکی قووڵ خۆشیدەوێت. ئەو ژنەش (میلینا چیرنسکا) بوو، کە دواتر چەند کارێکی کافکای وەرگێڕایە سەر زمانی چیکی، هەر ئەوەش بووە هۆکاری دروستبوونی پێوەندی نێوانیان، کە پێدەچێ لە باشترین ئەزموونەکانی بێت، چونکە ئەو ژنە ژیانێکی گەدایانەی لەگەڵ مێردەکەیدا دەبردە سەر و نەشیدەویت بەجێیبهێڵێ، بەجۆرێك کە خۆی و کافکا چەند جارێکی لێبەدەر ئەوەندە پێکنەدەگەیشتن، بەڵام هەردووکیان هەستیان بە سۆزێکی لەڕادە بەدەر دەکرد و بۆ کەسێکی وەك میلیناش ئەوە بارودۆخێکی نمونەیی بوو. میلینا ژنێك بوو دەیتوانی کافکای خۆشبوێت، بەڵام نەیدەتوانی زەواجی لەگەڵ بکات. کافکاش دەیویست ڕۆحی میلینا بۆخۆی بەرێت و جەستەشی بۆ مێردەکەی جێبهێڵێ، بۆیە بە تەواوی وەك (کچەکە) تەماشای دەکرد:"بەلای منەوە ئەو ژن نییە، بەڵکو کچێکی گەنجە، تا ئێستا لە ژیانمدا خۆشەویستی هیچ کچێکم نەبینیوە ئەوەندە سەخت قووڵ بێ".

میلینا خوێندنی زانکۆی تەواو نەکردبوو، لەبری ئەوە زیاتر دەچووە چایخانەی (ئارکۆ) کە نووسەران و ئەدیبانی لێکۆدەبوونەوە، ئارەزوومەندێکی سەیری ئەدەبیات بوو و سەرسامیش بوو بە کافکا، کە داوەتیشی کرد بۆ ڤییەننا کافکا داوەتەکەی قەبوڵ کرد و لە ٢٩ی

حوزەیرانی ١٩٢٠ گەیشتە جێ و لە هۆتێلی (ڕیڤا) دابەزی. پێکەوەبوونیان لە چوارشەممەوە تا شەممەی خایاند:"ڕۆژی یەکەم ڕۆژی گومان بوو، دووەم دڵنیایی و سێیەم پەشیمانی و چوارەمیش پەشیمانییەکی باشتر..". میلینا توانی لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ژیانی کافکا بگۆڕێت، ترسەکەی ڕەواندەوە و لە چارەسەرکردنیدا هاوکاری کرد، بۆیە دوای ئەوەی گەڕایەوە بۆ (براگ) دەستی کردە نووسین و نامە ناردن بۆی. تاسەی عاشقبوون میلینای داگرتەوە، بەڵام لەگەڵ کافکادا، نە عیشق عیشقە و نە پێوەندیش پێوەندییە، هەموو شتێك بەلای کافکاوە مۆتەکە و تێکشکانی ڕۆژانەیە و میزاجییانەیە.

میلینا دڵنیا بوو لەوەی کافکا ناتوانێ بەردەوام بێت لەسەر چارەسەرکردنی خۆی، چونکە هەرکاتێك لە نامەکانیدا بیگوتایە، کە نیازی وایە بێتە براگ، هەمیشە کافکا هەوڵی ئەدا پەژیوانی بکاتەوە. ئەو لە هەموو شتێك زیاتر ئارەزووی دەکات، بەڵام نایەوێ بۆ هەتایە سەری بخاتە سەرووی هەموو ئەبەدییەتەوە.

**دۆرا.. خۆشەویستییە شوومەکە..**

لە ساڵی ١٩٩٩ ڕۆژنامەی (زەگاردیان)ی بەریتانی وتارێکی دوورودرێژی لەژێر ناونیشانی (خۆشەویستی شوومی کافکا)دا بڵاوکردەوە، کە (یەهودا کۆرین) نووسیبووی و یەکێك لە ڕۆژنامەکانیش کورتەیەکی لێپەرچڤەکردبوو. تێدا کۆمەڵێك وردەکاری دەربارەی ژیانی (دۆرا دیامان)، دوا خۆشەویستی کافکای ئاشکرا کردبوو. ئەمەش بەبۆنەی ئەوەی خزمەکانی دۆرا لە ئیسرائیل، لە گۆڕستانێکی لەندەندا گۆڕەکەیان دۆزیبۆوە، دوای ئەوەی لە پەنجاکاندا کۆچی دوایی کردبوو.





دۆرای کچە یەهودی، لەدایکبووی پۆڵەندا، خەیاتی دەکرد و لەهەمان کاتیشدا زمانی عیبری دەخوێند، دوا کچی نێو ژیانی خاوەنی شێواندن ( مسخ)بووە. دۆرا.. بوونەوەرێکی ناوازە، تێکەڵەیەك لە جوانی و شەیدایی، کافکا لە ١٩٢٣ لە کەناری بەڵتیك، لەکاتی چارەسەرکردنی سیلەکەیدا، کە بە یەکجاری شکستی بۆ هێنابوو، چاوی پێدەکەوێت، کاتێك دۆرا دێتە نێو ژیانی کافکاوە، ئەو ماوەیە دەبێتە پرشنگدارترین ساتەکانی ژیانی کافکا، لەکاتێکدا کە ئەو هەمیشە لەنێو گێژەنی مۆتەکەیەکی بەردەوامدا خنکابوو، بۆیە پێوەندی بە دۆراوە دەبێتە سەقامگیرترین پێوەندییەکانی. ئەوەی جێگەی سەرنجدانە ئەوەیە: شێوازی پێوەندی دۆرا و کافکا هەریەك لەگەڵ باوکیاندا، چوونیەك وایە (مۆتەکەیەکی سەمەرەی دەسەڵاتخوازانە). بۆیە دوای ئەوەی دایکی دۆرا کۆچی دوایی دەکات و باوکی ژنێکی تر دێنێت، دۆرا لە ماڵ هەڵدێ، بەڵام باوکی دوای دەکەوێ و دەیگێڕێتەوە ماڵێ، کەچی بۆ جاری دووەم دۆرا لەماڵ هەڵدێتەوە بێئەوەی ئەمجارەیان باوکی ناچاربێت دوای بکەوێت و لێدەگەڕێ و بە ئازایی خۆی دەیسپێرێ. بە پێچەوانەی باوکی کافکاوە کە بە گیانێکی سەرکوتکەرانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد، تا ئەوەی کافکا ناچار دەبێت و بۆی دەنووسێ:"تۆ لە پشتی هەموو دەردەسەرییەکانمەوەی" و لە دیدی ئەودا باوکی وەك:"وێنەیەکی بچووککراوەی کۆمەڵگەی خۆسەپێنە، کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بەرەو نامۆبوون و کەسایەتی مرۆڤەکان دەخنکێنێ".

لە (داوەری)دا، کوڕێك باوکی لە خوازبێنی بۆ کچێك ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام باوکی داوای لێدەکات خۆی بکوژێ، ئەویش بە هەموو گوێڕایەڵییەکەوە داواکەی بەجێدێنێ. ئەکرێ هەموو چیرۆکەکانی کافکا لە

هەولّی هەلّهاتن لە باوكیدا كورت بكرێنەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەو هەلّنەهات، چونكە لێبوردنەكەی شێوەی (نامەیەك بۆ باوك) دەگرێتەخۆ. ژیان بە بێ ئەو ئەستەم بوو، بەلّام بەبوونیشیەوە ئەستەمترە، بەمشێوەیە دەیویست بۆ هەتایە، پێوەندییەكانی لەگەلّ باوكیدا كۆتایی پێبێنێت. پێككگەیشتنی بە دۆرا یارمەتیدا بە دووركەوتنەوە لە كەسوكارەكەی، بەلّام بێئەوەی پێوەندییەكانی لەگەلّ برا خۆشەویستەكەیدا بپچڕێنێ.

كافكا گواستییەوە بۆ بەرلین تا لەگەلّ دۆرادا بژێت، چونكە دۆرا خستییە خۆشی و شادییەوە و توانی لە دوودلّییە دەمارەییەكانی تێبگات. لە زستانی ١٩٢٤دا كافكا پلەی گەرمای جەستەی بەرز بۆوە، دۆرا ئەوپەڕی هەولّیدا بۆ ئەوەی چارەسەری بكات، بەلّام دووچاری دلّتەنگییەكی گەورە بوویەوە، ئەودەمەی لەهەمبەر حالّەتەكەیدا بێدەسەلّات بوو و ناچار بۆ خێزانەكەی بەجێیهێشت و خۆی گەڕایەوە بۆ بڕاگ. ڕۆژانە كافكا نامەی بۆ دەنووسی. باوكیشی ڕێی نەدا كوڕەكەی ببینێ، تا ئەوكاتەی گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانە لە ڤییەنا.

لەكاتی سەرەمەرگدا دۆرا لە كافكاوە دوور دەبێت، چونكە بۆ كارێكی تایبەت دەچێتە ناوەندی پۆستە. سستەرەكە دەنێرێتە شوێنیدا. دۆرا بە چەپكێ گولّ و هەناسەسوارییەوە و شەیداییەوە بەرەو لای خۆشەویستەكەی دەگەڕێتەوە. سسترەكە دەلّێ: ئەگەرچی ئەو مرۆڤێك بوو لەودیوی دونیاوە، بەلّام كاتێك دۆرا هات، لە جێگەكەی هەستا و گولّەكانی بۆنكرد".

پزیشكەكەیش لە نامەیەكدا بۆ خێزانەكەی، دوا ساتەكانی ژیانی كافكا بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:"كێ دۆرا دەناسێت؟ تەنیا ئەو دەتوانێ، بزانێت خۆشەویستی مانای چییە؟!".





**پێخەف:** پێخەف شوێنی لەدایكبوون و خەوتن و پیربوون و نەخۆشییە، شوێنی كێی و حەوانەوەیە، شوێنی خۆشەوستی و سێكسە، شوێنی وەچەخستنەوەیە، شوێنی خوێندنەوە و شوێنی مردنە..

ئەگەر پێخەف لە تێكستەكانی كافكادا، سەنتەری ئاسایش و خەوتن بێت، ئەوا پێوەندییە سێكسییەكان لەو شوێنەدا لە ڕووداوە هەرە باوەكان نین، بگرە پێدەچێ چ بوونێكیشیان نەبێ. پێخەف لە ژیان و ئەدەبی كافكادا ئامادەبوونێكی تایبەتی هەیە، چونكە بەلای ئەوەوە جۆرێكە لە قەلّای قایم، تێدا دەسەلّات خۆی دەپارێزێ، لەلایەكی تریشەوە پێخەف نەخۆشییە. بەم دەربڕینەش مانای لاوازی دەسەلّات دەردەكەوێت.

پێخەف شوێنێكە بۆ سێكس و مردن پێكەوە. هەروەكچۆن كافكا ژنی دەویست و لە دەستیشیان هەلّدەهات، ئەوا ئەو جۆرە ژنە لە ئەدەبی ویدا ئەو بوونەوەرەیە كە دەمێنێتەوە، بەلّام پاش ئەوەی دەگۆڕێتە سەر كردەی نووسین. هەرجارێك كافكا پێوەندی لەگەلّ كچێكی نوێدا دەبەست، ئەوا لە پێوەندییەكەیاندا، هەمیشە بەسەركەوتنی نووسین، بەسەر چێژ و خۆشی ژیاندا كۆتایی دەهات.

★ سەرچاوە: پاشكۆی (النهار) ★ نووسینی: فەرەح جەبر

## شاعیر و ئەشکەنجە
## یەکێك لە دوانامەکانی (ڕامبۆ)ی شاعیر

"ڕامبۆ، شاعیری فەرەنسی ئەم نامەیەی بۆ (ئیزابێل)ی خوشکی نووسیوە، لەو کاتەیدا کە لە لە ١٥ی ئۆلیۆی ١٨٩١ لەسەر جێگەی یەکێك لە نەخۆشخانەکانی مەرسیلیا بێناز کەوتبوو. تێدا باس لە نەخۆشییە کوشندەکەی دەکات، کە دواتر بەهۆیەوە ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، لەوەی چۆن دووچاری بۆتەوە و پەرەی سەندووە، هەروەك باس لە دۆخی کار و گەڕانەکانی دەکات بە نێو وڵاتی حەبەشەدا، ئەو کاتەی لەوێ نیشتەجێبووە. "

ئازیزم ئیزابێل..
من ڕۆژان و شەوانم بەسەردا تێدەپەڕێ و هەر خۆم ئەشکەنجە ئەدەم، هەوڵدەدەم و بیردەکەمەوە لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ قورتاربوون لەم ئێسکەنەرمەی تووشی بوومە و پەکی خستووم، من ئەمەوێ لەم جێگەیە دەربچم، بەڵام ئەمە ئەستەمە، هیچ نەبێ بۆ چەند مانگێك، ئەگەر بۆ هەمیشە نەبێ.





هەموو ئەوەی کە ئێستە ئەتوانم بیری لێبکەمەوە، تەنها ئەم دوو گۆپاڵە نەفرینکراوەیە، بەبێ ئەو دووانە ناتوانم یەك هەنگاو بچمە پێشێ، هەروەك ناتوانم دەربچم، بە ماندووبوونەوە نەبێ ناتوانم جلوبەرگەکانم لەبەرکەم، ڕاستە من ئێستا ئەتوانم بەم دووانەوە ڕێ بکەم، بەڵام ناتوانم بەسەر قاڵدرمەکەدا سەر بکەوم و دابەزم. ئەگەر بێت و ئەرزەکە تەخت نەبێ ئەوا چوونم لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر زۆر ئاستەمە و شەکەتم ئەکا، من تا هەنووکە باسك و شانی لای ڕاستم ئازاری هەیە، بنهەنگڵم بە بۆنەی ئەو دوو گۆپاڵەوە وەختە شەق بەرن، قاچی چەپیشم ئازارێکی سەختی بۆ هێناوم. لە هەموو ئەوانەش سەختتر ئەوەیە، کە دەبێ من بەدرێژایی ڕۆژ وەك یاریزانی سێرك، بجوڵێم، تا مومارەسەی شتێك لە بوونی خۆم بکەم.
خوشکی ئازیزم..
من بیرم دەکردەوە لەو هۆکارانەی کە بە تەواوەتی بوونە مایەی تووشبوونم بەم نەخۆشییە. کەشوهەوا لە (هرر)، لە نۆڤەمبەرەوە هەتا مارس ئێجگار ساردە. منیش ڕانەهاتووم بەوەی جلوبەرگی زۆر لەبەر بکەم، تەنها پانتۆڵێك لە کوتاڵی (کەنەب) و کراسێکی پەموو نەبێ. هەروەك من ڕاهاتم، کە ڕۆژانە ١٥بۆ ٤٠کیلۆمەتر بەنێو ڕێگاگەلێکی سەرشێتانەی ناوچەیەکی شاخاوی سەختدا ڕێ بکەم، پێموایە لە دەرئەنجامی کۆششی زۆر و گەرما و سەرماوە، دووچاری شتێك بوومەتەوە وەك هەوکردنی جومگەکان.
ئازارەکان بە جۆرێك لەگەڵم دەستیان پێکرد، وەك ئەوەی زەبری لێدانی چەکوش بووبێت ئاوا، دەبوو لە ژێر کڵاوەی ئەژنۆمدا هەست بە ئازارێکی لەو جۆرە بکەم، ئەژنۆم لە زۆربەی کاتەکاندا وشك بوو، ڕانیشم

بەهەمانشێوە وشك و کرژ، دواتر هەڵاوسانێك لە خوێنهێنەرەکانمدا سەری هەڵدا، کە وایلێکردم هەست بکەم (دەوالی)م تووشبووە، بەڵام من هەر بەردەوام بووم لەسەر ئەوەی بارەی لێیڕاهاتبووم و لە پێشوو زیاتریش درێژەم بە ڕێکردن و کارکردنی دا، وامدەزانی گرفتەکە هیچ نییە، بەدەر لەو سەرمایەی چەشتبووم.. ئیتر مەسەلەکە هەر لە ئەژنۆدا نەمایەوە، بەڵکو ئازارەکە زیاتری کرد. لە هەر هەنگاوێکدا کە دەینێم، هەستەکەم بزمارێکە و لە گەردنم ئەکوترێ، کەچی وێڕای ئەوەش من هەر لە ڕێکردن نەگەڕام، بەڵام ئەمجارەیان ئەستەمتر بوو لە جاران، ئەنجا پەنام بردە بە سواربوون، کەچی تەماشا ئەکەم، هەر کە لە ئۆتۆمبێلەکەم دائەبەزم، وەڕزم و توانای ڕێکردنم نییە، وردە وردە نێوەندی ئەژنۆم هەوی کرد و سابوونە و سەرەتای قاچیشم هەڵئاوسان، سوری خوێن لەو کۆئەندامانەی جەستەمدا تەواو نەبوون، هەستم ئەکرد دەمارێك لە پاژنەمەوە بۆ پشتم پل ئەدا، بۆیە ئیتر ئەگەر شەلینێکی باش بۆی نەشەلم ئەوا ناتوانم ڕێ بکەم. ئەم حاڵەتەش جاربەجارێك خراپتر ئەبوو.

سەرەڕای ئەوەش چەندین کارم لە پێشدا بوو، کە دەبوو ئەنجامیان بدەم. سەر لەبەر قاچم بە لەفافێك پێچایەوە، هاوکات دەستم کرد  بە شێلان و گەرمکردنی بە ئاو، بەڵام ئەمەش چ سودێکی ئەوتۆی نەبوو، ئارەزووی خواردنیشم زۆر کەم بووەوە و تووشی کەمخوییەکی کوشندە بوومەوە، هەموو توانا جەستەییەکانم داڕمان و زۆرێك لە کێشم دابەزی و کێشم بە تەواوی کەم بوویەوە، لە دەوروبەری ١٥ی مارتدا بڕیارمدا لەسەر جێگەی تەنیشت خوانەکە، لەپاڵ پەنجەرەی ژوورەکەم ئۆقرە بگرم، بەمەش ئەمتوانی





لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە چاودێری کارەکانم بکەم. خەڵکانێکم بە کرێ گرت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانم، لەکاتێکا من کەوتەی سەر جێگە بووم و قاچەکانم لێدرێژکردون، لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژدا، ئاوسانی ئەژنۆکانیشم هێدی هێدی زیادی دەکرد، تا ئەوەی بە قەد قەبارەی تۆپەڵێکی گەورەی لێهات، سەرنجم ئەدا، سەرووی ئێسکی قاچێکم، گەورەتری لە هی قاچەکەی دیکەم، سابوونەی ئەژنۆم وەستا و وشك بوویەوە، هیچ جوڵەی نەما، تا لە ڕژێنەی ئاوسانەکەیدا چەسپی، کە دواتر و پاش چەند ڕۆژێك هەر وەك ئێسك ڕەق بوویەوە، ئەوەش ئێجگار ترساندمی، چونکە پاش هەفتەیەك لەوە، سەرجەم تەواوی قاچم وشك بوویەوە، بە چەشنێك نەمدەتوانی بینوشتێنمەوە، ئەمەش وا ناچاری کردم، ئەگەر بچوومایەتە سەراو، دەبوو لاشەم بەسەر ئەرزەکەدا کێشبکەم و بە خشکە بچم.

هەر لەو کاتەشدا بوو، کە قەبارەی ڕان و ئێسکە قاچم بچووك بوونەوە، کەچی ئاوسانی ئەژنۆم، هێندەی تر گەورە بوویەوە و وشکتریش بوو، وەك ئەوەی بە یەکجاری بووبێتە ئێسك ئاوا، لەگەڵ ئەوەشدا باری دەروونی و جەستەییم بەرەو خراپتر ئەچوو، بۆیە لە کۆتایی مانگی مارتدا بڕیارمدا وڵات بە جێبێڵم. هەرچییەکم هەبوون، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا فرۆشتمن، چونکە قاچیشم ڕێی پێنەدەدام، کە سواری وشتر یان هێسترێك بم، بۆیە ناچار چوومە نێو کەپرینە کەژاوەیك و بۆ ئەوەش شانزە کەسم بە کرێ گرت تا بەوشێوەیە بمگەیەننە (زیلەع) و پاش دوو ڕۆژ گەیشتینێ. لە ڕۆژی دووەمی ئەو سەفەرەدا، هێند ڕێمان کرد، کاروانەکەمان تێپەڕاند و لە نێوەڕاستی بیاباندا، ئاسمان بە شەستەباران دایگرتینەوە، لەوێشدا شانزە

سەعات لە ژێر باراندا مامەوە، بێئەوەی شتێك بدۆزمەوە لە هوروژمەکەی (غائلە) بمپارێزێ، بۆیە لە توندیدا نەمتوانی درێژە بە ڕێکردن بدەم و زۆرێك لە نەگبەتی و شەکەتیم بەسەرا هات، بەجۆرێك نەمدەتوانی کەژاوەکەم جێبهێڵم. کاتێکیش دائەبەزیمە ئەرز، بەکرێگیراوەکانم چادرێکی بچوکیان بەسەر کەژاوەکەوە بۆ هەڵئەدام. بە دەستەکانم چاڵۆکەیەکم هەڵئەکەند و خۆم ئەخشاند تا دەست بگەیەنمە ئاو، ئەنجا بانم ئەدایەوە.. بۆ دەمەو بەیانی چادرەکەیان لەسەر لائەدام بۆ ئەوەی دەست بە ڕێکردن بکەینەوە، ئیتر بەمشێوەیە تا گەیشتمە جێمەبەست: شارۆچکەی زیلەع. لەوێ جەستە شەکەت، جوڵەی ئیفلیج، بۆ ماوەی چوار سەعات مامەوە، تا پێش ئەوەی سەرکەومە پاپۆڕێك بەرەو (عەدەن)، لەکاتی سەرکەوتنمدا بۆ پاپۆڕەکە، بەستمیانەوە بە جێگەکەمەوە و ئەنجا بە کەژاوەکەمەوە بەرزیان کردمەوە بۆ سەر پاپۆڕەکە، دواتر ناچار بووم لەو دەریایەدا سێ ڕۆژ بەبێئەوەی هیچ بخۆم ئۆقرە بگرم. لە عەدەنیش بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی حیساباتەکانم چەند ڕۆژێك لەگەڵ بەڕێز (تیان)دا مامەوە، دوای ئەوە چوومە نخۆشخانە، لەوێ پاش دوو هەفتە دکتۆرە ئینگلیزەکە ئامۆژگاریکردم بەوەی لەو ناوچەیە دەرچم و بگەڕێمەوە بەرەو ئەوروپا.

من تا ئەوپەڕی متمانە، باوەڕم هەیە، ئەگەر ئەو ئازارەی ئەژنۆم هەر لە سەرەتاوە چارەسەر کرابا، چما دەگەشتە ئەم بارە نالەبارە، ئەوجایش ئێستە دەمێك بوو چاك ببوومەوە، کەچی لەو کاتەدا مەترسییەکەیم پەی پێنەدەبرد، هەروەك خۆم باری خۆمم لارتر کردەوە بە سووربوونم لەسەر





ڕێکردن و کارکردنی پڕوکێنەر، ئەوە بۆچی لە قوتابخانە شتێکیان فێرنەکردووین لەسەر پزیشکی؟!.. خۆ هیچ نەبێ بۆ ئەوەی خۆمان لەو هەڵە گەمژانەیە بپارێزین، کە هیچ حیسابێکمان بۆ نەکردوون، ئەگەر کەسێك بە هەمانشێوەی نەخۆشی خۆمەوە بێتە لام و سەبارەت بە حاڵەتەکەی ڕاوێژم لەگەڵ بکا، ئەوا پێیئەڵێم: سەرەڕای ئەم بارە نالەبارەی تەندروستیت، بەهیچ شێوەیەك نەهێڵی قاچت ببڕنەوە، چونکە بمریت لەوە زۆر باشترە بە یەك قاچەوە بژیت!

خەڵکانی تووشبوو بەم نەخۆشییە زۆرجار بڕینەوە ڕەت دەکەنەوە، ئەگەر ئەو پێشنیارەش بۆ خۆم بکەن، بێگومان بەوپەڕی دڵنیاییەوە ڕەتی ئەکەمەوە. من ئامادەم سەختترین ئازار بچێژم، تا ئەوەی قاچێکم ببڕنەوە و بە یەك قاچەوە بمهێڵنەوە. وێڕای ئەوە دان بەخۆداگرتنەش، کەچی ئەوان هەر قاچیان بڕیمەوە، ئەمەش دەرئەنجامەکەیەتی: بە درێژایی ڕۆژگار من لە ژوورەکەمدا دانیشتووم، ئەگەر بمەوێ بڕۆم، ئەوا بە هاوکاری گۆپاڵەکانم چەند مەترێك ئەچمە پێشێ، بەچەشنێك کە زیاتر لە قونەکردن ئەچێ، نەك ڕێکردن، ئەنجا دائەنیشمەوە.

دەستەکانم توانای گرتنیان نەماوە، ئەو کاتانەیش ڕێ دەکەم چاوەکانم بەدەر لە شوێ پێ و کۆتایی کۆپاڵەکان، چیتر بڕ ناکەن بۆ تەماشاکردن، هەروەك سەر و شانەکانم هێند بەرەو پێشەوە دەکێشن هەر ئەڵێی کووڕ بوومەتەوە، واملێهاتووە لە خەڵکی و شمەکەکانی دەوروبەرم دەسڵەمێمەوە، ئەترسم خۆم بکێشم بە یەکێکیاندا و بکەوم و ئەنجا ئەو قاچەکەی تریشم بشکێ، خەڵکی کە دەمبینن بەو گۆپالانەوە قونە ئەکەم، لە پشتەوەڕا پێمپێدەکەنن.

ئەوکاتەش لەو جۆرە ڕێکردنە ئەبمەوە، هەست دەکەم تەواو ماندوو بوونە و بنهەنگلێشم لە ئێشی گۆپاڵەکاندا زامار بوونە، ڕوخسارم هەموو ئاماژە و دەربڕینەکانی لەدەست داوە. من ئێستا بێئومێد ئەژیم، لێرەد دانیشتووم، لە ڕووی جوڵەوە بە تەواوەتی ئیفلیجم، زۆر بە گللەییم لە هەموو شتێك،چاوەنواڕی شەوم دابێ، ئەوەشی وەك هەمیشە دووچاری بوومەتەوە بێخەوییەکی ناکۆتایە، تا بەرەبەیانی ڕۆژی دادێ، کە پڕ پڕە لە ڕەشبینی و ئازار و شەکەتی.

جارێکی تر و بەم زووانە بۆت دەنووسمەوە.. لەگەڵ بێگەردترین ئاواتەکانی دڵمدا.

★ **سەرچاوە: ماڵپەڕی (ئەل-ئیمپراتۆر).**





## خۆرخێ لویس بۆرخێس
## پیاوێك لە ئەزموون و گەڕان

*** سەرەتای ژیانی:**

نووسەری بە ڕەگەز ئەرژەنتینی، خۆرخێ لویس بۆرخێس (ناوەکەی بە ئیسپانی:Jorge Luis Borge ) لە نێوان ٢٤ی ئەغۆستۆسی١٨٩٩ تا ١٤ی یۆنیۆی ١٩٨٦ ژیاوە، بە یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەرەکانی سەدەی بیستەم دێتە ئەژمار، سەرەڕای ئەوەی وەك نووسەرێك ناوبانگی دەرکردووە هەروا شاعیر و ڕەخنەگریش بووە و چەند نامەیەکیشی هەیە. بۆرخێس لە (بیۆنس ئایرس) لە دایکبووە، (خۆرخی غۆیلەرمۆ بۆرخێس)ی باوکی پارێزەر و مامۆستای دەروونزانی بووە، هەروەك سەرچاوەیەکی باشی ئلیهامی ئەدەبیش بووە، وەك ئەوەی بۆرخێس لە بارەیەوە وتویێتی:" باوکم هەوڵی ئەوەیدا ببێتە نووسەر، بەڵام هەوڵدانەکەی سەری نەرگرت"، هەروا دەڵێ: "پارچە شیعرگەلێکی زۆر جوانی نووسیوە.." دایکشی (لیۆنۆر ئەسفیدۆ سواریز) لە مێردەکەیەوە فێری ئینگلیزی دەبێت و وەك وەرگێڕ لەگەڵیدا کار دەکات. خانەوادەی باوکی بنەچەیەکی ئیسپانی و پرتوگالی و

بەریتانیان هەبووە، خانەوادەی دایکیشی ئیپسانی بوونە، یان پێدەچێ پورتوگالی بووبێتن.. لە ماڵەوە هەر بە ئیسپانی یان ئینگلیزی قسەیان کردووە، بۆیە بۆرخێس توانای هەبووە بە هەردوو زمانەکە قسان بکات، پێگەیشتنی بۆرخێس لە گەڕەکێکی (ڕمۆ) بووە، لە ماڵێکدا کە کتێبخانەیەکی گەورەی تێدا بووە. ناوی تەواوی (خۆرخێ فرانسیسکۆ ئیسدۆرۆ لویس بۆرخێس ئەسفیدۆ)یە، بەڵام بەپێی نەریتی باوی ئەرژەنتین، هەرگیز بە ناوی تەواوی خۆیەوە بانگ نەکراوە. باوکی بۆرخێس بەهۆی لەدەستدانی چاوەکانییەوە، لە تەمەنێکی پێشوەختدا خانەنشین دەکرێ، هەمان ئەو حاڵەتەی کە لە دواتردا کوڕەکەشی دووچاری دەبێتەوە، بۆیە بە مەبەستی چارەسەر خێزانەکەیان بەرەو ژنێف دەکەوێتە ڕێ، ئەو سەردەمەش هێشتا خۆرخێ و (نورا)ی خوشکی –کە لە ١٩٠٢لەدایکبووە- لە قوتابخانە دەیانخوێند.

لە ژنێف خۆرخێ فێری زمانی فەرەنسیش دەبێت، کە پێشا هەندێك نارەحەتی ڕووبەڕووی بوویەوە، هەروەك خۆی بە خۆی فێری زمانی ئەڵمانیش بووە و لە ١٩١٨یش بەسەرکەوتوویی خوێندنی زانکۆی لە ژنێڤ تەواوکرد. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، خێزانەکەی بۆرخێس ماوەی سێ ساڵیان لە (لۆگانۆ، بەرشەلۆنە، مایۆرکا، ئیشبیلیە و مەدرید) بەسەر برد. لەوێیش لە ئیسپانیا بۆرخێس دەبێتە یەکێك لەئەندامانی بزووتنەوەی پاسەوانانی توندڕەوی ڕێبازی (پێشەکی ئەدەبی). یەکەمین شیعری بۆرخێس بەناوی (لاواندنەوەی دەریا)وە، کە لەسەر شێوازی (واڵت وایتمەن)





نووسیویەتی، لە گۆڤاری (گریسیا)ی ئیسپانیدا بڵاوبۆتەوە.

*** سەرەتای ئەدەبیی بۆرخێس:**

لە ساڵی ١٩٢١ بۆرخێس لەگەڵ خێزانەکەیدا گەڕایەوە (بیونس ئایرس) هەڵگر بە بیرکردنەوە توندڕەوە ئەدەبییەکان. سەرەتای ئەدەبییشی وەك نووسەرێك بە بڵاوکردنەوەی قەسیدە و وتارەکانی لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا دەست پێکرد. یەکەمین کۆمەڵەی بۆرخێس بەناوی (پەرۆشییەك لە بیونس ئایرسەوە) لە ١٩٢٣دا بوو، بۆرخێس لە دەرچوواندی گۆڤاری (مارتین فیرۆ)ی بزووتنەوەی (پاسەوانانی پێشەکی) ڕۆڵی بینیوە، کە کاریان لەسەر شێوازی (هونەر بۆ هونەر) دەکرد، بە پێچەوانەی کۆمەڵەی (بیدۆ) کە زیاتر کاریگەر بوون بە ئامانجە سیاسییەکانەوە. هەروەها ڕۆڵی بینیوە لە دامەزراندنی گۆڤارەکانی: -بریسما: ١٩٢١-١٩٢٢ کە بریتی بوو لە بڵاوکراوەیەك لەسەر کاغەزی گەورە و لەسەر شێوەی پۆستەر لەسەر دیوارەکانی بیونس ئایرسەوە بڵاودەکرایەوە. –بروا: ١٩٢٢-١٩٢٦ و هەروەها گۆڤاری "سوور" لە ١٩٣١ کە (ڤیکتۆریا ئۆکامبۆ) دایمەزراند، کە دواتر بووە یەکێك لە گرنگترین گۆڤارەکانی ئەرژەنتین. لە ساڵی ١٩٣٣ بۆرخێس وەك سەرنووسەری پاشکۆی ڕۆشنبیری ڕۆژنامەی (کریتیکا) دامەزرێنرا، کە چەند پارچەیەکی لە (مێژووی شوورەیی جیهان) بڵاوکردەوە. ئەو پارچانەش لە نێوان جۆرێك لە خەیاڵ و واقیعییەتدا هاتەبەرهەم، کە شێوازی نووسینی خەیاڵکردنی لە گێڕانەوەی ڕووداوە ڕاستەقینەکاندا گرتەبەر لە داڕشتنەوەیاندا، کە دواتر گوترا ئەو کارە دزی

ئەدەبییەو لەو کارە ئەدەبییانەوە هەڵیهێنجاوە، کە کەمتر دەخوێنرانەوە. لە ساڵانی دواتردا بۆرخێس وەك ڕاوێژکاری ئەدەبی خانەی بڵاوکردنەوەی (ئیمیسی ئیدترز) کاری کرد و ستوونێکی هەفتانەشی لە (ئەل هۆگار)دا دەنووسی، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦ و ١٩٣٩دا بڵاودەکرایەوە. لە ساڵی ١٩٣٧ بۆرخێس وەك یاریدەدەری یەکەم لە لقی (نیگۆل)ی سەر بە کتێبخانەی بیونس ئایرس کاریکردووە و بەدەر لە ئیشوکاری کتێبخانەکە، ئیتر زۆبەی کاتەکانی بە نووسینی شیعر و چیرۆك و ئامادەکردنی وتار و بابەتە هەمەجۆرەکانەوە بەسەر دەبرد. کاتێك خوان بیرۆن لە ساڵی ١٩٤٦ دەسەڵاتی گرتە دەست، بۆرخێس لە کارەکەی دەرکرا و وەك چاوێر لە (دەواجن)ی شارەوانی بیونس ئایرس دامەزرێنرا، بەڵام یەکسەر دەستی لەو کارە کێشایەوە و لە نامەیەکیشدا کە ئاراستەی کۆمەڵەی نامەبەری ئەرژەنتینی کردووە، بە شێوازە تایبەتییەکەی خۆی دەنووسێ: "دیکتاتۆرییەت، زۆرداری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. دیکتاتۆرییەت، بەندایەتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. دیکتاتۆرییەت، ئەشکەنجە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، لە هەموویشی ناشیرینتر ئەوەیە، (کەرێتی)یش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ".

باوکی بۆرخێس لە ساڵی ١٩٣٨ کۆچیی دوایی کرد، ئەو ڕووداوەش بارگرانییەکی تر بوو بۆی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا (١٩٣٧-١٩٣٨) لە شەوی جەژنی لەدایکبوونیدا بۆرخێس لە ڕووداوێکدا دووچاری سەرشکانێکی سەخت دەبێتەوە، کە تا ڕادەی مردن مەترسی کەوتە سەر،





دواتر لەساڵی ١٩٤٤ کورتە چیرۆکی (باشوور)ی لەسەر ئەو بنەمایە نووسیوە. دوای چاکبوونەوەی لەو دووچاربوونە، دەستی بە شێوەیەك نووسین کرد، کە لە پێشتر پێی بەناوبانگ بوو، ئەو کاتانەش بوو، کە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی (باخچەی ڕێڕەوە قەرەباڵغەکان)ەوە لە ١٩٤١ بڵاوکردەوە. ئەو کۆمەڵەیە چیرۆکی (ئال سور) لەخۆدەگرێ، کە هەندێك لەپارچەکانی پێکهاتەی ژیانی تایبەتی خۆی تێدا بەرچاو دەکەوێ، بەو ڕووداوەشەوە کە لە ژەوی جەژنی لە دایکبوونیدا دووچاری دەبێتەوە، بۆیە ئەو چیرۆکە بەلای خودی بۆرخێس خۆیشییەوە باشترین چیرۆکە، سەرەڕای ئەوەی بەلای خوێنەرانیشەوە زۆر دڵگیر بوو، بەڵام ئەو چیرۆکە نەبووە مایەی ئەوەی کە خەلاتەکانی بۆ بەدەستبهێنێت، وەك زۆربەی خەڵکی چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرد. ئەمەو (کامبوا) ژمارەی مانگی یۆلیۆی ١٩٤١ی گۆڤاری (سوور)ی تەرخانکرد بۆ قسەکردن لەبارەی نووسین و بەرهەمەکانی بۆرخێسەوە، کە تێدا چەندین ڕەخنەگر و نووسەری ئەرژەنتینی بەشداریان کرد.

*** پێگەیشتنی ئەدەبیی بۆرخێس:**

لەگەڵ ئەوەی کارەکە لە کتێبخانە لەدەستدا، وردەوردە چاویشی بەرەو کزی دەچوون، بۆیە بۆرخێس نەیدەتوانی وەك نووسەرێك خۆی بەرێوە ببات، ناچار دەستی دایە وانەوتنەوە وەك موحازر. سەرەڕای سەرکوتکردنی سیاسی، بەڵام بۆرخێس توانی سەرکەوتنی خۆی بپارێزێ و بگرە زیاتریش ناوبانگی دەرکرد تا ئەوەی وەك سەرۆکی (کۆمەڵەی کتێبی ئەرژەنتینی)

دەمەزرێنرا (١٩٥٠-١٩٥٣)و هەروەها وەك مامۆستای ئینگلیزی و ئەدەبی ئەمریکی لە (کۆمەڵەی ئەرژەنتینی بۆ ڕۆشنبیری ئینگلیزی) کاری کرد (١٩٥٠-١٩٥٥).

لە ساڵی ١٩٥٤یشدا چیرۆکی (ڕۆژانی تورەبوون)ی وەك فیلم بەرهەمهێنرا، کە لە دەرهێنانی (لیۆلۆلد و تۆری نیلسۆن)ی ئەرژەنتینی بوو، هەر لەو ماوەیەشدا بۆرخێس دەستی کردە نووسینە شانۆییەکانی. لە ساڵی ١٩٥٥ دوای پێشنیارێکی ئۆکامبوا، بۆرخێس لەلایەن حکومەتی سەربازییەوە وەك سەرۆکی کتێبخانەی گشتی دانرا، ئەو کاتانەش بوو کە بۆرخێس بە تەواوی چاوەکانی لەدەستدابوو. لە ساڵی دوادیدا بۆرخێس خەڵاتی ئەدەبی نیشتمانی پێبەخشرا، هەروەك یەکەمین دکتۆرای فەخری پێبەخشرا لە زانکۆی (کویۆ) لە ساڵانی ١٩٥٦و ١٩٧٠ بۆرخێس کۆمەڵێك پلەی مامۆستای ئەدەبی پێبەخشرا لە زانکۆی بیۆنس ئایرس و هەروەها پلەی (مامۆستای کاتی) لە زانکۆکانی دیکەی ئەرژەنتیندا وەرگرتووە.

*** ناوبانگی بۆرخێس، لەسەر ئاستی جیهان:**

ناوبانگی نێودەوڵەتی بۆرخێس لەگەڵ ساڵی ١٩٦٠دا دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٩٦١ خەڵاتی (فۆرمنتەر)ی پێبەخشرا لەگەڵ صامۆئێل بێکتدا، ئینجا بەهۆی ئەوەی کە بێکیت نووسەرێکی بەناوبانگ و خاوەن ئەزموون بوو، بۆرخێسیش هێشتا ناوبانگی لەنێو ئینگلیزەکاندا نەبوو و کارەکانیشی تا ئەو کاتە وەرنەگێڕدرابوونە سەر ئەو زمانە، بۆیە کە بەشداری وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی کرد لەگەڵ بێکتدا، بووە جێسەرنجی





خەڵکی و هەر لەو کاتانەشدا حکومەتی ئیتاڵیش وەك ڕێزلێنانێك نازناوی (سەرۆك)ی پێبەخشی و زانکۆی تەکساسیش لە ئۆستن بۆ ماوەی ساڵێك داوەتی کرد. ئەو داوەتەش هۆکارێکی باش بوو بۆ ئەوەی بۆرخێس جەولەیەکی فراوانی سەردانەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەرپا بکات و لە زۆر شوێنیشدا وانەی تێدا بڵێتەوە.

یەکەمین بەرهەمی لە ساڵی ١٩٦٢ وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی، دوای ئەوەش کۆمەڵێك سەردانی تری بۆ ناوچەکانی (ئەندیز) لە باشووری ئەمریکا کرد و لە ١٩٦٥یشدا. (ئەلیزابێسی دووەم) شای بەریتانیا ویسامی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی پێبەخشی. دوای ئەوەش بۆرخێس دەیان ویسامی دیکەی پێبەخشرا، بۆ نمونە ویسامی جۆقەی شەرەفی فەرەنسی و خەڵاتی (کیرڤانتس).

لە ساڵی ١٩٦٧ بۆرخێس لەگەڵ وەرگێڕی ئەمریکی (نۆرمان تۆماس داجیوڤانی) دەستی بەکارکرد، کە ئەوەش ڕێگەخۆشکەرێکی گەورەی ناوبانگ دەرکردنی ئەو بوو لەنێو ئینگلیزی زانەکاندا. هەروەك بەردەوامبوو لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانیدا (کتێبی سەرەتا خەیاڵییەکان) لە ساڵی ١٩٦٧، کە بە بەشداری (مارگریتا گیوریرۆ) نووسی، هەروەها کتێبی (ڕاپۆرتی دکتۆر برۆدی) لە ساڵی ١٩٧٠ و کتێبی (لم) ١٩٧٥. جگە لەوەش زۆربەی موحازەراتەکانی لە چەند بەرگێکی گەورەدا لەچاپدا وەك: (حەوت شەو) و (نۆ تاقیکردنەوەی دانتییانە). کاتێك (بارۆن) لە تاراوگە گەڕایەوە لە ساڵی ١٩٧٣ جارێکی تر وەك سەرۆکی وڵات هەڵبژێردرایەوە،

بۆرخێس دەستی لەکاری بەڕێوەبەری کتێبخانەی نیشتمانی کێشایەوە. لەساڵی ١٩٧٥ دوای کۆچیی دوایی دایکی، بۆرخێس دەستی کردەوە بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك سەفەر بە وڵاتانی دونیادا و هەتا کۆچی دوایی هەر سەرقاڵی ئەو سەفەرانەی خۆی بوو.

*** ژیانی تایبەتی بۆرخێس:**

بۆرخێس دووجار ژیانی هاوسەرێتی پێکەوەناوە. لەساڵی ١٩٦٧ دایکی کە ئەوکات تەمەنی لە دەوروبەری نەوەد ساڵیدا بوو، بەدوای کچێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی دوای مەرگی خۆی کوڕەکەی بەخێو بکات، بۆیە دایکی و (نورا)ی خوشکی هەستان بە ڕێکخستنی پرۆسەی زەواجی بۆرخێس لەگەڵ تازە بێوەژنکەوتەیەك بەناوی (ئیلیسا ئەستیتی میلان)، بەڵام بۆرخێس نەچووە کەژاوەی بوك و زاوایەتییەوە لەگەڵی، لەو بارەیەشەوە وتی:"ئاوێنە و جوتبوونەکان دوو فەرمانی براوەن، کە هەردووکیان ژمارەی پیاوان زیاد دەکەن". هەردوو هاوسەرەکە لە ژێر سایەی یەك بنمیچدا ژیانیان دەگوزەراند، بەڵام هەریەك لە ژوورێکی جیاواز و پێوەندیشیان وەك ئەوە بووە کە لە چیرۆکی (ئەلف)دا باسی لێوەکردووە، ئەم هاوسەرگیرییەش بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو، دوای ئەو ماوەیە بۆرخێس داوای یارمەتی لە کۆمەڵێك هاوڕێی خۆی کرد بۆ ئەوەی باسی مەسەلەی جیابوونەوە (تەڵاق) بکەن لای (ئیلیسیا)ی هاوسەری، چونکە بۆرخێس نەیدەوێرا توخنی بکەوێ، ئەو هاوڕێیانەش کە داوای هاوکاری لێکردن، بریتی بوون لە (ئەدۆلفۆ بیۆی کاسارس و نۆرمان دا جیۆڤانی و هۆگۆ سانتیگۆ). دوای





جیابوونەوە بۆرخێس گەڕایەوە لای دایکی، کە دواتر لە تەمەنی ٩٩ ساڵەدا کۆچی دوایی کرد.

لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا بۆرخێس بە تەنیا دەژیا، لە شوقەیەکی بچوکدا، کە پێشتر لەگەڵ دایکیدا پێکەوە تیا دەژیان، لە ساڵەی ١٩٥٨ سەردانە چەند وڵاتێکە ئەوروپە کرد، کە ئەویدەم تووشە شێرپەنجە جەرگ ببۆوە، بەڵام لەو سەردانەیەوە ئیتر نەگەڕایەوە و لە ژنێف لە ١٤ی یۆنیۆی ١٩٨٦ کۆچیی دوایی کرد و لە (گۆڕستانی پادشاکان) بەخاك سپێردرا. بە چەند هەفتەیەك پێش کۆچی دوایی بۆرخێس، هەموو لایەك دووچاری سەرسوڕمان بوونەوە، لەو هەواڵەی کە بۆرخێس زەواجی لەگەڵ هاوکارەکەی خۆی خاتوو (کۆداما)دا کردووە، لە پاراگوای، ئەو وڵاتەی کە ئەو کات قاندرابوو لە گەندەڵیدا، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی (سترۆنسەر).

*** هەندێك لە کارەکانی:**

سەرەڕای کورتە چیرۆکەکانی کە بوونە هۆی ناوبانگ دەرکردنی، بۆرخێس شیعر و وتاریشی نووسیوە، جگە لە کۆمەڵێك شانۆگەریی و ژمارەیەکی زۆری ڕەخنەی ئەدەبی و بەدواداچوون و خوێندنەوەی کتێبەکان و هەڵبژاردە ئەدەبییەکان. هەروەها وەرگێڕێکی بەسەلیقەش بووە لە پەرچڤەکردنی زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی بۆ سەر زمانی ئیسپانی، بەدەر لەوەش توانایەکی بەرچاوی هەبووە لە هەردوو زمانی ئینگلیزی دێرین و ئەسکەندەنافیشدا.

لەبەر ئەوەی بۆرخێس ساڵانی تەمەنی لە سەدەی بیستەمدا بووە، بۆیە لە

قۆناغی نوێخواز و نوێگەرەکانی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا ژیانی بەسەر بردووە، بەتایبەت لە سەردەمی سیمبۆلیزمەکاندا.

زۆربەی چیرۆکە بەناوبانگەکانی سروشتێکی کاتی بێکۆتاییان وەرگرتووە، کە تێدا بابەتگەلی وەهمی خراونەتە ڕوو، وەك: ئەو کتێبخانەیەی کە هەرچی کتێبی تێدایە ژمارەی لاپەڕەکانی ٤١٠ لاپەڕەیە، ئەو پیاوەی کە هیچ شتێکی لە ژیاندا بیرناچێتەوە، ئەو ئامێرەی کە هەرکەسێك بەکاریبهێنێ، ئەتوانێ لەڕێگەیەوە هەموو گەردوون ببینێت یان سالێك لە زەمەن کە بەلای پیاوێکەوە بەهیچ شێوەیەك تێناپەڕێت و بەرامبەر یەك تیپ سەربازیش وەستاوە تەقەی لێدەکەن. ئەمەو بۆرخێس کۆمەڵێك چیرۆکی گێڕاوەتەوە، کە هەمووی لە واقیعی ژیانی ئەمریکای باشوورەوە وەریگرتوون، هەروەها ژیانی پاڵەوانە میللییەکان و مانگاوان و کەسایەتییە مێژووییەکان، ئەمەو لە نووسینەکانیدا خەیاڵ و واقیعی بەشێوەیەك تێکەڵ بە وەهم کردووە، کە جۆرێکی تایبەت لە چێژی خوێندنەوە بەلای خوێنەرەوە دروست دەکات، ئەو شێوازی نووسینەش لە سەرەتای کارکردنییەوە لەسەری بەردەوام بووە. خەیاڵ و واقیع بەلای بۆرخێسەوە ئاوێتە دەبن و شێوەیەك لە مراوەغەی ئەدەبی پێکدەهێنن، کە ئەکرێ بگوترێ ستایلێکی تایبەتی بۆرخێسە لە نووسیندا.

بۆرخێس کۆمەڵێکی زۆر کاری واقیعی پێشکەش کردووە، کە تێیاندا خوێندنەوەی بۆ کتێب و فیلمەکان کردووە، هەروەها نووسینەوەی یادەوەرییەکان، سەرەڕای ڕامانە فەلسەفییەکان کە لە بابەتگەلی





گفتوگۆئامێزدا خستوونییە ڕوو، زمان، فیکر و پێوەندی نێوان ئەو بابەتانە. هەروەك کارە واقیعییەکانی ئەم نووسەرە ئەو بابەتانەشی لەخۆگرتووە کە لە چیرۆکەکانیدا بەرچاو دەکەون. بۆ نمونە وتاری (مێژووی تانگۆ) و ئەوەی دەربارە شاعیری مەلحەمی (مارتین فیرۆرۆ) بەشێوەیەکی تایبەتی بەرچاو دەکەوێ، شێوەی بابەتی ناسنامەی ئەرژەنتینی و ڕۆشنبیرییە لاوەکییەکانی ئەو وڵاتەی پێوە دیارە.

بایەخدانی بۆرخێس بە فەنتازیا و فەلسەفە و هونەری وەرگێڕان لە وتارەکانیدا دەردەکەوێت، وەك وەرگێڕەکانی چیرۆکی (هەزار و یەك شەوە) و کتێبی (مەخلوقە خەیاڵییەکان)، کە تێدا بەشێوەیەکی قووڵ دەربارەی ئەو ئاژەڵانە دەدوێ، کە هێمان بۆ گیانلەبەری خەیاڵی، هەروەك لە پێشەکییەکەشیدا نووسیویەتی:"جۆرێك لە چێژوەرگرتنی تەمبەڵانە لەئارادایە لەهەمبەر زانینە بێپەروا و تەقلیدییەکان" ئەمەو بۆرخێس لەڕووی گرنگیدانییەوە بۆ خەیاڵ بەشداربووە لەگەڵ (ئەدۆلف بیۆی کاسارس) کە پێکەوە کۆمەڵە چیرۆکێکیان لەنێوان ساڵانی ١٩٤٢و١٩٦٧دا نووسیوە و بەناوی خوازراوی وەك (هزبوستوس دۆمیك)ەوە بڵاویانکردۆتەوە.

سەرەڕای پەخشانەکانی، بۆرخێس بەدرێژایی ژیانی هەمیشە شیعریشی نووسیوە، لەگەڵ لەدەستدانی چاویدا، زیاتر خووی بە شیعر نووسینەوە گرت، چونکە توانای وردبوونەوەی لەسەر کاری دوورودرێژ و گەورە نەما، بەڵام نابێ بەو قسەیە ئەوە لە بیر خۆمان بەرینەوە، کە شیعرەکانیشی

هەمان ئەو بابەتانەیان لەخۆگرتووە کە کارە خەیاڵییەکانی پێشووتری پێوەناسراوبوونە و هەروەك هەمان بایەخیشیان دراوەتیٚ، بەدەر لە کارە ڕەخنەییەکان و پەرچڤە و ڕامانە کەسێتییەکانی خۆی، کە هیچیان لێکترکەم نییە لە ڕووی گرنگییەوە. بۆ نمونەش، بایەخە فەلسەفییەکانی بە بابەتی نمونەگەرایی کە بەسەر کەسایەتی چیرۆکێکیدا دەشکێتەوە، هەروەها لە وتاری (فەنابوونە تازەکان) و لە چیرۆکی (شتەکان)یشدا، بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنجی هەمان حاڵەت دەدریٚ.

ئەمەو وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، بۆرخێس وەك وەرگێڕێکی بەسەلیقەی ئیسپانیش ناسراو بووە، ئەو کاتەی لە دە ساڵاندا بوو، چیرۆکی (ئۆسکار وایەڵد-پاشا دڵخۆش)ەکەی وەرگێڕایە سەر ئیسپانی، لە دوادوایی تەمەنیشیدا بۆرخێس کۆمەڵە پەخشانێکی ناوێزەی بە زمانی ئیسپانی بڵاوکردەوە، هەروەها کاری گەڵێك نووسەری دیکەی وەك (ئێدگار ئالان بو، فرانك کافکا، هێرمان هیسە)و.. هتدی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیسپانی.

ئەمەو لە چەند وتارێکیشدا لەبارەی گرنگی کاری وەرگێڕانەوە دواوە و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە پێویستە کاری وەرگێڕان لەسەر بنەمای بەرهەمە ئۆرگیناڵەکە بکرێت، هەروها وایدەبینیٚ، کە وەرگێڕانی (حەرفی) بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە دەربڕی کارە ئۆرگیناڵەکە نییە.

⋆ سەرچاوە: ماڵپەڕی (ویکیپیدیا).





## ڕۆبرت گریفز..
## شەڕ ئاراستەی بیر و بۆچوونەکانمی سەبارەت بە ژیان گۆڕی

لەسەرخۆ و لەهەمان ئەو جێگەیەی کە بە تاراوگە و نیشتمانیش هەڵیبژاردبوو، یەکێك لە کەڵە شاعیرانی ئینگلیز لە تەمەنی (٩٠) ساڵیدا ماڵئاوایی لە شیعر و ژیان کرد. (لە شاری لەندەن ساڵی ١٨٩٥ لەدایکبووە).

ڕۆبرت گریفز هەر شاعیرێکی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو شانبەشانی ئەوە لێکۆڵەرێکی کلاسیك و ئەدیبێکی هەر گەورەش بوو، بەڵام بە شیعر دەستی پێکرد و هەر بە شیعریش کۆتایی پێهێنا. هەرچی کتێبی و نووسراوێکی تری هەیە، سەرەڕای ئەوەی تا ئەوپەڕی جیدییەتی نواندووە، بەڵام ئەو بە ڕێگەیەکی ئەوتۆ دایناون و نووسیونی، کە بتوانیٚ لە پاڵ ئەوانەشدا شیعرەکانی بهۆنێتەوە. باشترین باشترین بابەتەکان بەلای گریفزەوە، کە زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر دارشتووە، بابەتە مێژووییەکانی یۆنانە، هەروا ڕۆمای ئیمراتۆریی و ئینگلتەرا لە سەردەمی

کرۆمۆیل و شۆڕشی ئەمریکی و تد.. هاوکات کۆمەڵێك کاری وەرگێڕانیشی لە لاتینی و فەرەنسی و ئیسپانی و ئەڵمانییەوە هەیە. لە لێکۆڵینەوەکانیدا هاتووە، مەسیح پاش لەخاچدانی بۆ ماوەیەکی زۆر ژیاوەو کلادیۆس پیاوێکی ئیداری باش بووە، نەك دیکتاتۆرێکی زاڵم، هەروا دەڵێ: گومانم هەیە لەوەی کە (هومێر) خاوەنی ئۆدیسا بێت.

گریفز لە زۆربەی بوارەکاندا بەرهەمی هەیە و زیاد لە نیو سەدە بە بەردەوامی نووسیویەتی، هەربۆیە کار و بەرهەمەکانی بوونەتە سەرچاوەیەکی زیندووی زۆربەی خوێنەوار و لێکۆڵەران.

نووسین هەڵبژاردەی گریفز نەبوو، بەڵکو خودی ئەو ژیانە بوو، کە لەڕێگەیەوە هەناسەی ئەدا، ئەو لە هیچ شوێنێکدا خۆی نەئەدۆزییەوە، تەنها لە پرۆسەی نووسیندا نەبێت، هەربۆیە ژیانی لە گوندێکی بچوکدا پێ پەسەند بوو، لە کۆمەڵگەیەکدا، کە ئازادی پێدەبەخشێ، لەبەرامبەردا ئەمیش (١٣٠) کتێبی لە بوارەکانی ڕەخنە و ڕۆمان و شیعر و.. هتددا پێشکەش بە سەرانسەر مرۆڤایەتی کرد، جگە لە چەندین بابەت و وتار و لێکۆڵینەوەی تری هەمەلایەن، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

ڕۆبرت گریفز لە شاری لەندەن و لە (٢٤/٧/١٨٩٥) لەدایکبووە، باوکی کەسایەتییەکی ڕۆمانسی بەناوبانگی ئیرلەندی بووە، کە ناوی (ئەلفرد بیرسیگال)ە، ئەوکاتەی کە جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، ئەو وەکو ئەفسەرێك لە هێزە چەکدارەکانی ئیرلەندەدا بەشداری کردووە، لەوکاتەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە، لەماوەی دەستپێکردن تا کۆتاییهاتنی





جەنگ، ئەو سێ دیوانە شیعری بڵاوکردووەتەوە.

لە ساڵی (١٩١٦)دا گریفز بە سەختی بریندار دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە بەرەکانی جەنگ دوور بخرێتەوە، بەڵام بۆ هەمیشە یادەوەرییەکانی لەوێندەر دەمێنێتەوە، هەربۆیە وەك خۆی دەڵێ: شەڕ ئاراستەی بیروبۆچوونەکانمی سەبارەت بە جیهان گۆڕی.

لە (ئۆکسفۆرد) خوێندوویەتی و لە ساڵی (١٩٢٦) بڕوانامەی لەبواری ئەدەبدا پێبەخشراوەو وەك مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی قاهیرە، کە ئەوکات تازە دامەزرابوو، وانەی بەخوێندکاران وتووەتەوە، بەڵام دواتر سوێند دەخوات، کە چیدی لەهیچ لایەك وانە نەڵێتەوە..!

گریفز ڕۆژانە بۆ ماوەی هەژدە سەعات کاری دەکرد، نووسینەوەی کتێبی (لۆرەنس و عەرەب)یش ماوەی دوو مانگی خایاند، بەڵام قازانجێکی زۆری تیا بەدەست کەوت، کە وێڕای پەسن و پیاهەڵدانی زۆری ڕەخنەگران، لەهیچ دیوانێکی تریدا، قازانجی گەورەی وای دەست نەکەوتووە. لە ساڵی (١٩٢٩)دا، یادەوەرییەکانی خۆی لە ڕۆژانی جەنگی جیهانیدا بە کتێبێك لەژێر ناونیشانی (ماڵئاوا بۆ گشت ئەوانە) بڵاوکردەوەو ئەمەش بووە مایەی بەناوبانگییەکی زۆر و لەڕووی دەسکەوتی داراییشەوە سوودێکی گەورەی هەبوو بۆی، لە هەمان ساڵدا گریفز ڕووی کردە (مایۆرکا) بۆ ئەوەی ژیانێکی هێمن و شیاو بە کارکردن، بۆخۆی بژی.

گریفز بەردەوامبوو لە شیعر و بەخشاننووسیندا، تا ئەوەی لە ساڵی (١٩٣٤) ڕۆمانی (من و کلادیۆس)ی بڵاوکردەوەو خەڵاتی (هاوتۆرندن)ی پێبەخشرا، دواتر ڕۆمانی (کلاودیۆس و خواوەند)ی بڵاوکردەوەو ئەمیشیان

خەڵاتی (جیمس تیتی)ی لەسەر وەرگرت، هەر بەبۆنەی ئەو کارەیشیەوە بە ڕۆمانسییەکی گەورە ناوبانگی دەرکرد. بەڵێ.. لەلایەکی ترەوەو لە ساڵی (١٩٣٩)دا، ڕۆمانی (کونت بیلیساریس)یش خەڵاتی (فیمینا هیۆریۆس)ی پێبەخشرا. لە ساڵی (١٩٤٧)یشدا لە ڕۆمانی (مەسیحی پادشا)دا کۆمەڵێك بیربۆچوونی بوێرانە و تازەی تێدا نیشاندا و لە ساڵی دواتریشدا گریفز بە کتێبی (خواوەندی سپی) سەرنجی زۆرینەی بۆلای خۆی ڕاکێشا. لە ساڵی (١٩٦٠) گریفز وەکو یەکەمین شاعیری ئینگلیز، لەلایەن کۆمەڵەی شیعری ئەمریکییەوە، میدالیای ئاڵتونی پێبەخشرا.

ماوەتەوە بڵێین: گریفز خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، لە چۆنێتی دارشتنی شیعرەکانیدا، بە چەشنێکی وا، کە مەحاڵە بتوانرێ لاسایی بکرێتەوە، هەروەها گریفز خاوەنی کەسایەتییەکی کراوەو هەمووناس بووە، هەربۆیە جێگای تایبەتی خۆی لەنێو کۆمەڵ و دەوروبەردا دیار بووە.

★ سەرچاوە: ماڵپەڕی (وێکپیدیا).





## ئارسەر میلەر
## ئێمە وڵاتێکی هەژارین لە ڕووی ڕۆشنبیری شانۆییەوە

یانزەی شوباتی هەموو ساڵێك یادی کۆچی دوایی شانۆنووسی ئەمریکی بەناوبانگ (ئارسەر میلەر)ە، کە لە (١١/٢/٢٠٠٥)دا، پاش ململانێیەکی درێژخایەن لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە و هەوکردنی سییەکان و هەندێ کێشەی تر لە دڵدا، لە تەمەنی (٨٩)ساڵیدا بەیەکجاری ماڵئاوایی لە دنیای نووسین کرد. ماوەیەك لەمەوبەر لەنێو کۆمەڵێك پارچە کاغەز و دەستنووس و ئەرشیفی تایبەتی خۆم، لەپڕێکدا چاوم بەو دیدارە کەوت، کە لەگەڵ (ئارسەر ملیەر)دا سازکراوەو لە ماڵپەڕی (ئیلاف)ەوە دەستم کەوتووە، ئیتر خۆمم پێڕانەگیراو هەستم کرد، ئەگەر وەری نەگێڕمە سەر کوردی، کارێکی باش ناکەم.. ئیدی ئەمەتا کردم..

* ئارسەر میلەر کێیە؟

ئارسەر میلەر بە یەکێك لە نووسەرە نوێخوازە گەورەکانی شانۆی ئەمریکی دەدرێتە قەڵەم، هەروەك لە یادەوەرییشدا دەمێنێتەوە، لەوەی مێردی ژنە هونەرمەندی بەناوبانگ (مارلین مۆنرۆ)یە. میلەر کەسێکە لەوانەی کە لە ژیانی ڕۆژانی ماکارتییەتی ئەمریکادا، دووچاری شوێنکەوتن و ڕاوەدوونان

بوویەوە، میلەر کەسێکی داکۆکیکار بوو لە ئازادی و ڕەتکەرەوە هەموو شێوازەکانی سەرکوتکردن بوو، ئەم پیاوە لە (١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩١٥) لە نیویۆرك لەدایکبووە، باوکی یەکێك بووە لە هەژارانی سەردەمی بیٚ بازاڕییەکەی ئەمریکا، میلەر لە زانکۆی (میشگان) خوێندوویەتی، هەروەك لەوێشەوە دەستی کردووە بە نووسینی شانۆگەرییەکانی. ئەو پێشتر لە کارگەدا کاری کردووە، بەڵام زۆری پێنەچوو، کە توانی بژێوی خۆی لەڕێگەی نووسینەکانییەوە وەدەست بهێنێت، بەتایبەت نووسینی سیناریۆیەکانی بۆ ئێزگەکان، یەکەمین کارێکی کە لەسەر تەختەی شانۆ نمایش کراوە (ئەو پیاوەی کە هەموو بەخت یاوەری بوو)، لە ساڵی (١٩٤٤)دا بووە، پاشان بە شانۆگەری (هەموویان کوڕی خۆمن) خەڵاتی (دراما گریتیکس سێرکلٚ)ی بردەوە، لە ساڵی (١٩٤٩)یشدا، هەردوو خەڵاتی (بولتیز) و (دراما دراما گریتیکس ئاوارد)ی لەسەر بەناوبانگترین کارەکانی (مەرگی فرۆشیارێکی گەڕۆك) پێبەخشرا. لە ڕۆژانی ماکارسییەتدا، لە پەنجاکان، بەشیوعییەت تۆمەتبار کرا، لە بەرپەرچدانەوەی ئەویشدا شانۆگەری (تەنگانە)ی نووسی، کە ئەمیشیان ناوبانگێکی باشی دەرکرد. میلەر هەمیشە دەیگوت: هونەری نووسینی شانۆگەری بەشێوەیەکی کاکڵەیی پەنهانە لە سروشتی مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا، دەبیٚ هەموو شتێك چڕ ببێتەوە. ئارسەر میلەر لە (١٩٥٦)دا هونەرمەند (مارلی مۆنرۆ)ی خواست، پاش جیابوونەوەی لە (مارلی مۆنرۆ) لە ساڵی (١٩٦٢) وێنەگری نەمساوی (ئینگبۆرگ مۆراتی) خواست، کە لە (٢٠٠٢)دا لە نیویۆرك کۆچی دوایی کرد. لە ژنی یەکەمی دوو کوڕی هەیە و لە ژنی دووەمیش بەهەمانشێوە دوو کوڕی تر.





نووسینەکانی تایبەتمەندن بە خستنەڕووی پرسیارە زەقەکان، کە تاتوێی کێشەکانی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات، بەتایبەت مرۆڤی ئەمریکی. میلەر بە شانۆگەری (هەموویان کوڕی خۆمن ١٩٤٧) ناوبانگی دەر کرد, بەڵام سەرکەوتنی گەورەتر، کە ناوبانگی گەیاندە ئاستی جیهانی، دواتر پۆلێنکردنی لە ڕیزی گرینگترین شانۆنووسانی سەدەی بیستەمدا، بەهۆی شانۆگەری (مەرگی فرۆشیارێکی گەڕۆك)ەوە (١٩٤٩) بوو، کە لە دووتوێیدا تێڕوانینگەلێکی ڕەخنەئامێزانە لەخۆ دەگرێت، لەهەمبەر خەونی ئەمریکایی، هەروەك تێیدا باس لە خاڵەکانی بەریەککەوتن لە سروشتی پێوەندییەکانی نێوان ئەوانەی کە کۆمەڵایەتین لەگەڵ ئەوانەی کە گۆشەگیرن. پاڵەوانەکەی (ویلی لوماس) گەڕۆکە ئەمریکییە ئاساییەکە، کە کاکڵەی کۆستەکەی نواند، وەك ئاماژەیەك بۆ ملیۆنان ئەمریکی کە خواوەندی سەردەم، ناسراوە بە (سەرکەوتن) دەپەرستن، میلەر زۆرجار جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو کەسایەتییانەی کە پەراوێزکەوتە و ونبوو و دۆڕاون، لەنێو کۆمەڵگەی ئەمریکیدا، هەر ئەمەش وایکردووە، کە هاوبەشییەك لە زۆرینەی کارەکانیدا بەدی بکرێت، لەوانەش (مێیە تەلیسمبازەکان ١٩٥٢/ پانۆرامایەك بە ئاراستەی پردەکە ١٩٥٥/ ئاژەڵێکی یاخی ١٩٦٠/ شپرزەکان ١٩٦١، ئەوەی کە دەرهێنەر جۆن هیوستن فیلمێکی لەبارەوە دەرکرد، کە پاڵەوانەکەی مرلین مۆنرۆ بوو/ دوای کەوتن ١٩٦٤، نرخ ١٩٦٨/ داهێنانی جیهان و بازرگانییەکانی تر ١٩٨٠/ خولانەوەکان بەدەوری زەمەندا ١٩٨٧)، پێش ماوەیەك لەمەوبەر ڕۆژنامەی (بایس)ی ئیسپانی چاوی کەوت بە ئارسەر میلەری نووسەر، لە جێنشینگەکەی خۆی (نیویۆرك) هەردوو ڕۆژنامەنووس (لوتریاك و میتشایڵسن) بۆ نهۆمی

حەوتەمی تەلارێکی نێوەڕاستی شارەکە سەرکەوتن، کە دەکاتە باڵەخانە بچوکەکەی میلەر، کە زۆربەی کاتەکانی تێدا بەسەر دەبرد، بە دانیشتن لەپشتەوەی مێزێکی داپۆشراو بە کتێب و پەڕە، کە خۆی دروستی کردووە، وەك مۆم دەتوێتەوەو لە تەمەنی نەوەدساڵی نزیك دەبێتەوە، بەڵام هەروەك سروشتی خۆی بەردەوامە لە ڕەخنەگرتن لە باری ناهەمواری کۆمەڵگەی ئەمریکی و هەرگیز سازشی لەسەر ناکات، ئەو کاری زۆرە تا ئەنجامیان بدات، بە تایبەت ئامادەبوون لە کردنەوەی کارەکانیدا لە جێگەگەلێکی جیاجیا، کە نمایشی شانۆگەری (مستەر پیتەر)ی دەکرا، کە یەکێك بوو لە دواتێکستەکانی، هەر بەو بۆنەیەشەوە ئەم گفتوگۆیە سازدراوە.

* جەنابت یەکێکی لە گرنگترین شانۆنووسانی سەدەی بیستەم، ئایا بە زۆری سەردانی شانۆ دەکەی؟

میلەر: ڕەنگە ساڵانە بگاتە سێ چوار جارێك، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بۆ ئێوارەخوانێك داوەتنامەیەکم لە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (نیۆرکتایمز)ەوە پێگەیشت، لەوێ ئامادەبووان باسی زیندوێتی و چالاکی و داهێنانی شاری (برودوای)یان دەکرد، ڕەنگە پێیانوابووبێ، کە من باش نابیستم، شانۆگەریی (نرخ) کە سی و دووساڵ لەمەوبەر نووسیوەمە، تا هەنووکە لە (برودوای) نمایش نەکراوە، بەڕاست ئەوە تاکە شانۆگەریی دیالۆگییە، ئیتر ئەوانیدی کە لێر نمایش دەکرێن، ئەو کارە نواندنە گۆرانییە سادانەن، بەڕاستی ئەمە کۆستە، ئەو شارە بە دوانزە ملیۆن کەس ئاوەدانە، کەچی بەدەگمەن شانۆگەری تێدا نمایش دەکرێت، ئێمە لە وڵاتێکداین، کە هەژارە بە ڕۆشنبیری شانۆیی.

* تێکستەکانت لە لەندەن زێدەتر نمایش دەکرێن، هەتا شارەکەی خۆت





(نیۆرك)، ئاخۆ بۆچی ڕۆژنامەکانی لێرە بەسەرت ناکەنەوە؟

میلەر: لەم شارەدا تاکە پیاوێك هەیە، کە بە مەرگ یان ژیان داد بەسەر شانۆگەریدا دەدا، ئەویش ئەو کاتەی ڕەخنەگرەکەی ڕۆژنامە (توانامەندەکە!) نیۆرکتایمز لێئەبێتەوە، لە نمایشکردنی مەراسیمی کردنەوەکە و پەنجە گەورەکەی ڕووەو خوارە، ئیتر هەر هەوڵێکی تازە لەگۆڕێدا بێت بۆ وەبەرهێنانی ئەو کارە ئەوا لەماوەیەکی کورتدا شکست دێنێ و دەمرێ، هەندێجار بیر دەکەمەوە، کە ئەم قۆرخکردنەی ڕۆشنبیرییە، لەلایەن ئەو ڕۆژنامەیەوە، ئەو قۆرخکردنەی تێپەڕاندووە، کە مۆسکۆ پێشتر پێیهەڵساوە.

* ئەگەر لە ئامڕۆدا شانۆگەرییە کلاسیکییەکە (مەرگی فرۆشیارێکی گەڕۆك)ت، بنووسیبایە، ئایا شانۆیەك پەی دەبەیت، ئەو تراژیدیا کۆمەڵایەتییە نمایش بکا؟

میلەر: نەخێر.. بەلانی کەمەوە لە (برودوای) لێرە بۆ نمایشکردنی ئەو شانۆیە تێچووەکەی دەگاتە دوو ملیۆن دۆلار، لە ڕۆژی ئەمڕۆشماندا بەرهەمهێنێك نییە مەترسی بەوەها تێچوویەك بکا، ئەوکاتەی بۆ یەکەمینجار تێکستەکە نمایشکرا، لە ساڵی (١٩٤٩) تەنها بڕی (٢٨)هەزار دۆلاری تێچوو، ئەوکاتانەش دەکرا داوای یارمەتی بکرێت لە هاوڕێ دەوڵەمەندەکان و پرسی پێنج هەزار دۆلارێکیان پێبکرێت، بۆیە مادامەکێ مەسەلەکە پەیوەندی بە دوو میلۆن دۆلارەوە هەیە، ئەوا هەر لەبیری خۆتی بەرەوە. تازە ئەو زەمەنە بەسەرچوو، کە تێیدا (برودوای) فیکر و شێوازە نوێیەکانی پێشکەش بکا. ئەو لە ئەمڕۆدا هیچ ناکا، بەدەر لەوەی ئەو شانۆیە، پڕ دەکا لەو هەموو سڕکەوان و قۆشمەچییاتە، بۆیە نووسەرێکی

شانۆیی و ڕەخنەگرێکی جیدی هیچی لەبەردەمدا نامێنێتەوە، بەدەر لە چاوەڕوانیکردنی بەشداربوونی کچە ئەستێرەیەکی هۆلیودی لەکارێکدا تا بەهۆی ناوییەوە، بەرهەمهێنەرێکی دەست بکەوێ.

* چی وا دەکا، کە (برودوای) هێندە گرانبەها و زۆرتێچوو بێ، بەو ئەندازەیە؟

میلەر: پێدەچێ مەسەلەکە جێی باوەڕکردن نەبێ، لە شانۆ ناتایبەتمەندییەکاندا، بە بازرگانی و کارکردن باشتر و خێراترە، بەپشتبەستن بە سەندیکاکان، کە سێ کەسی لێیە بۆ هەر کارێك مووچەیەکیان دەوێ، گرفتەکەی تر ئەوەیە، کە نرخی نێوەندی بلیتی چوونە ژوورەوە دەگاتە حەفتاو پێنج دۆلار ئەم نرخانەش کەم نین، ئەمەش وایکردووە، کە تەنها گەشتیارەکان و دەوڵەمەندەکان بچنە سەیرکردنی شانۆ، بەڵام ئەوکاتەی کە من یەکەمین کارەکانی خۆمم نووسییەوە، لە هۆڵەکاندا تەنانەت پیاوانی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوەش ئامادە دەبوون، ئێستا تەنانەت مامۆستایانیش ناتوانن بچنە ژوور، بە نیسبەت ئێمەوە شانۆ لە ئێستەدا ڕووبەری هەمەچەشنی هونەری دیموکراسییانە نییە، کەسێکیش شك نابەم، کە پێشنیازێکی هەبێ بۆ چارەکردنی ئەم گرفتە و دەرچوون لەم بارەی ئێمەی تێداین.

* لە ئەورووپادا شانۆییەکان لەلایەن حکومەتەوە، پاڵپشتییەکی ماددی دەکرێن، پێتچۆنە گەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیشدا شتێکی وەها بکرێ؟

میلەر: ئەتۆ گاڵتە دەکەی..؟ پشتگیریکردن لەم وڵاتەدا هەروەك ڕەفتارێکی سۆشیالیزمانە تێیدەڕوانرێت، گرنگترین و باڵاترین ڕێباز لێرە دەڵێ: تەنها ئەوەی بەرهەمهێنە بۆی هەیە بوونی هەبێ، واتا ئەگەر شتێك پارە بەرهەم





نەهێنێت، تەنانەت جەماوەریش ئامادە نین، بچینە تەماشاکردنی.

* لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تەبەنی ئۆپێرا و بالییە و میوزیکی کلاسیکی دەکرێت، ئەی بۆ شانۆ نا؟

میلەر: پەنجا ساڵ پێش ئێستا وەڵامی گەمژانەی سیاسییەکانم بۆ ئەم پرسیارە وەرگرت، کە تا ئێستاش هەر دووبارەی دەکەنەوەو دەڵێن: بەرهەمهێنەکانی پێیانوتوین، میلۆنان دۆلارمان لە کارێکی شانۆییدا دەستکەوتووە، ئیتر بۆچی ئێمە تەبەنی شانۆکان بکەین، کە من پێموتن ئەو جۆرە کارانە لەو کارانە نین، کە من دەیاننووسم، ئەمەم لێبیستن: کەواتا دەبێ هەرچی زووە دەسکەیتە ئەو جۆرە نووسینانە، بێئەوەی یەك چرکە بە زایە بدەی..!

* لە کارە تازەکەتدا (مستەر پیتەر) کەسایەتی سەرەکی تێیدا پیرەمێردێکە، کە هەست بە تێکشکان دەکات، لەوەی کە تێناگا لە وڵاتەکەی، ئایا لەمەدا وێنەی کەسێتی نووسەر دەرکەوتووە؟

میلەر: مستەر پیتەر وەك کەسێك هەست دەکات، کە بەلەمەکەی بە یەدەی تێنیس لێدەخورێ، هەندێجاریش ناتوانێ لەم هەستکردنە قورتار بێت، بارودۆخی مستەر پیتەرم بەلاوە زانراوە، تا هەنووکە نەمتوانیوە تەنها دێڕێك لە کەسێتییەکدا بنووسمەوە بێئەوەی خۆم هاوبەش نەبم لە هەستەکانیدا.

* ڕەخنەی ئەمریکی کارەکانتی بە (خەمۆك و ڕەشبین و کاری پیرانە) پۆلێن کردووە؟

میلەر: ڕەشبین دەچێتە نێو دۆڕاندنەکانییەوە، بەپێی جیهانبینییەکانی خۆی، بێگومان مستەر پیتەر دژ بە ژیانی خۆی شۆڕش دەکات، چونکە

تێدەگا، کە هیچ نییە مەهزەلەیەکە چ مانایەکی نییە، ئەوکاتەش بەدوای ڕاستی و قورتاربووندا دەگەڕێت، ئەوا بوونی بەردەوامێتی دەداتێ لە هیوا، بە نیسبەت ئەوەوە، لەکاتی نووسینی کارەکانمدا، هەمیشە پێداگریم کردووە لەوەی کە هەر ئەبێ جۆرێك لە سەرکەوتن لە تراژیدیاکاندا هەبێت.

* مستەر پیتەر پێیوایە، کە بە ئیرەیی و ڕووکەشی و دارمانی ڕەوشت دەورە دراوە، ئیدی چاوەڕوانی چی دەکا؟

میلەر: زۆربەی ئەمریکییەکان لە هەستێکدا دەژین، کەوا دەزانن هیچ شتێك ئاسایی نییە لە ژیاندا، کەچی سەرەڕای ئەوەش هەموو سبەینانێ هەڵدەستن و لەسەر ئەو بڕوایەن، کە ئەمڕۆ ئامانجەکانیان دەپێکن، بەهەر شێوەیەك بێت، یەکێك لە سەرگە ئەخلاقییەکان لەم وڵاتەدا بریتییە لە داوێنگیری بەهیوا و ئاواتەکان، ئیتر هەرچەنێکیش بچوك بن، ئەزانم لە ئەورووپا خراپتر هەست بە خەمۆکی و گومان دەکەن، مرۆڤ وا هەست دەکات، کە لەنێو کاتادرائیەتێکی کۆندایە، پێیوایە مرۆڤ بەسەر چووە، ئەمریکی بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، ئەو پێیوایە دەکرێ هەموو شتێك گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت، واتا ئەم خانووەت بە دڵ نییە.. باشە، بیڕوخێنە و خانوویەکی تر دروست بکە.

* خەڵکی لە وڵاتەیەکگرتووەکاندا لە هەموو کاتێك زیاتر دەوڵەمەندن، لەگەڵ ئەوەشدا (فرۆشیارە گەڕۆکە)کەت تا هەنووکە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت؟

میلەر: چونکە خەڵکی ترسیان لەوەیە جارێکی تر بازاڕ دابشکێتەوە، وا هەست دەکەن، کە ئەرز لەژێر پێیاندا دەلەرزێتەوە، بۆیە چارەنووسی لۆماسی فرۆشیار، ئەکرێ چارەنووسی هەریەکێك بێ لەوانە، بڕوانە پەتای





هاوپەیمانی و تەکەتولبازییە ئابوورییەکان، کە ئەم وڵاتەیان وەك تاعون تەنیوە، پێشتر خاوەنکارەکان هەستیان بە لێپرسراوێتی دەکرد، بەرانبەر بە کارەکانیان، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوەیە، بەڕێوەبەری کۆمپانیا گەورەکان تەنها بۆ جارێك چییە چاویان بە کرێکارەکانیان نەکەوتووە، بۆیە ئەوان بەهۆی هەر فاکتەرێکەوە، کە پەیوەندی بە دەسکەوتێکی زیاترەوە هەبێ، ئامادەن چواریەکی کرێکارەکانیان دەر بکەن، بێئەوەی هەست بە هیچ جۆرە خەمێك بکەن، سەبارەت بە چارەنووسی کرێکارەکان، بە نیسبەت ئەوانەوە پارە هەموو شتێکە.

* بێگومان ئابوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆتە نمونەی چاولێکەری بەلای وڵاتانی تری جیهانەوە؟

میلەر: پاش مەرگی سۆشیالیزم، سەرمایەداریی ئەمریکی خۆی بە تەنها مایەوە، بۆیە وەك تاکە نمونەی چاولێکەری و ڕازیبوونی لێهات، بەڵام ئاخۆ چی بەسەر سیستمێکدا دێت، کە دژ و بەرهەڵستکاری نەبێ...؟ بێگومان بەشێوەیەکی ترسناك قەڵەو دەبێ و بەز دەگرێ و دەستدەکا بە هەڵەکردنی ئابرووبەرانە، چونکە هیچ مونافیسێکی نییە، تا لێی بترسێ. هەتا ساڵانی هەشتاکانیش جیهان بەسەر کورسییەکی سێ لاقییەوە دانیشتبوو، کە بریتیبوو لە (ئەمریکا، ڕوسیا و چین)، بەڵام ئێستا جیهان هابەسەر کورسییەکی یەك لاقەوە، کە ئەویش تەنها ئەمریکایە، ئاخۆ کەسێك هەتا کەی ئەتوانێ بەسەر کورسییەکی یەك لاقییەوە دابنیشێ؟

* هەر بە یادی ئەوەوە، ڕاستە باوکت هەموو سامانەکەی لە داشکانی بۆرسەی ١٩٢٩دا لەکیسچووە، ئەوکاتەی کە جەنابتان تەمەنت ١٤ ساڵ بووە؟

میلەر: باوکم هەندێ زانیاری ئەکادیمی دەزانی، ئەو پێش جەنگی جیهانی یەکەم لە پۆلۆنیاوە بەرەو ئەمریکا کۆچی کردووە، بۆ ماوەی چەند ساڵێك بووە خاوەنی کارگەیەکی جلوبەرگی ژنان، کارگەکە بەشێوەیەکی نایاب کاری دەکرد و بەرهەمی هەبوو، لە ساڵی ١٩٢٧ باوکم سەرمایەکەی خستە بۆرسەوە، بەوەش چەن قاتی ئەوەی دەست کەوت، کە خەریکی دروستکردنی خاولی بێت، کەچی لە داشکانی بۆرسەی ١٩٢٩دا هەموو پارەو سامانەکەی لەکیسچوو، بەڵام هەر بە خاوەنی کارگەکە مایەوە، هەرچەن کرێی کرێکارانی لەسەر گران بوو. کەسەکان زۆر ناگۆڕێن، زۆرجاران هەر هەمان حیکایەتیان هەیە، منیش لەمە تێدەگەم، تەفرەدانە کە تۆ دەوڵەمەند بیت بەبێ ئەوەی ناچاری کارکردن بیت، بەڕاستی شتێکی تەفرەدەرە.. بەڵکو هەر زۆریش تەفرەدەرە.

* ئەی لەدایکت توڕە نەبووی، کە بەبێ خزمەتکار و بێ شۆفێر مایتەوە؟

میلەر: نەخێر، ئەو شێواندنە گشتییەی کە دووچاری خێزانەکەمان بویەوە فێری کردم، کە هیچ شتێك لەم جیهانەدا بە نەگۆڕی نامێنێتەوەو ناسەقامگیریش تەنها ڕێبازی ڕاستە، ئێستا تێدەگەم ئەگەر ئەو دۆڕاندنەی باوکم نەبایە، هەرگیز من بۆم نەدەکرا ئەوها شانۆنووس بم، چارەنووسی باوکم لە هەر بەرهەمێ لە بەرهەمەکانمدا ئامادەگی هەیە.

* لە دوا شانۆنامەتدا مستەر پیتەر جۆرێك لە توڕەبوون و ڕەخنەگرتنی توندی هەیە، بۆ زۆرێك لە ئەخلاقیاتی کۆمەڵگەی هەنوکەی ئەمریکی، لەوێشەوە ئاماژەیەکت داوە بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، ئایا جەنابت تائێستا ئەوا نزیکەی هەشتا و چوار ساڵی تەمەنت تێپەڕاندووە، شۆڕشگێڕێکی ئەخلاقیت، هەروەك جاران؟





میلەر: هەست ناکەم هێندەی پێویست بکا، منیش بێگەرد بم، تا ئەو ڕادەیەی لەخۆم ببوورم، بەجنێودان بە کەسانی تر، بەهەرحاڵ مرۆڤ هەتا گەورە بێت، لەگەڵ خۆیدا پێدەکەنێ، بە هەموو شتێك گاڵتە دەکات، بۆیە ئەمانە پەیوەندییان بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵام سەبارەت بە پاڵێوراوەکان، ئەمەش جارێکی تر بازرگانیکردنە، چونکە هیچ پاڵێوراوێك نییە، کە گرفتە ڕاستەقینەکان و ئەوانەی پەیوەندیی کردەییان بە واقیعی مرۆڤەوە هەیە، بخاتە ڕوو، یان گفتوگۆیان لەسەر بکات. سەرنجی ئەم دیمەنە هیستریاییانە بدە، سەبارەت بە لەباربردن، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە هەرکەس گوێ لە سیاسەتمەدارەکانمان بگرێ کاتێ قسە دەکەن، وا دەزانێ، کە گرفتی کاکڵەیی هاوڵاتی ئەمریکی ئاسایی مەسەلەی لەباربردنە، بە نەفرەت بێ، ئەو نمونە سیاسەتمەدارانە بەدەر لە بازرگانیکردن بە هاوڵاتییانەوە، هیچی دیکەیان مەبەست نییە، بۆچی حاڵەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە هەزاران منداڵی ئەمریکی لە خوارووی ئاستی هەژارییەوە بژین، ئاخۆ ئەمە ویژدانی سیاسەتمەدارانی جیهان ناجوڵێنێ؟ چاودێرانی لێناگەڕێن لە ئەفسوسخوازی و گلەییکردن سەبارەت بەم وڵاتەی کە پێویستی بە گەڕاندنەوەو قورتارکردنی بەها ئەخلاقییەکانییەتی، بەڵام گاڵتەجارییەکە لەوەدایە، کە ئەو چاودێرانە خۆیان جێگەیان گرتووە لەو فەزایەدا، کە ڕۆژبەڕۆژ بەهاکانمان وێران دەکات.

## یەلماز گۆنای
## بەندیخانە ئەو نیشتمانەیە کە بە خاڵی سەر سنوورەکان و دەریاکان تەوندراوە..

یەلماز گۆنای لە گوندی (قنجە)ی سەر بە قەزای (ئەدەنە)لە ١٩٣٨/٤/١ لە دایکبووە، باوکی جوتیارێکی هەژار بووە بەناوی (حەمید بۆتۆن) دایکیشی (گوللو)ی ناوە. یەلماز هەرگیز ئەو چاو کرانەوەیەی بیرنەچۆتەوە، کە جگە لە دەردەسەری و هەژاری و نەداری و دەسەڵاتی ئاغاوات و چەپاندن و بێبەشبوون.. چیتری پێنەدیوە، ئاخر منالآنی کوردستان هیچ لە ژیانی منالێتی خۆیان نەگەیشتوون، چونکە ئەوان سەرەڕای گچکەییان، بەڵام هەمیشە لە وێنای پیاوگەلێکی سەرسەختدا لە بەرامبەر دژوارییەکاندا وەستاونەتەوە. یەلماز هەرگیز ئەوەی بیر نەچۆتەوە، کە چۆن لە برسانا (سلۆ)ی هاوڕێی گیانی سپاردووە، ئەو (سلۆ)یەی کە هەژاریی نەیتوانی بیبەخشێتەوە بە ژیان.. لە کاتێکدا منالآنی ئاغاو دەرەبەگەکان لە جلوبەرگە ئاڵوواڵەکانیاندا دەگەشانەوەو یاریان دەکرد.. یەلماز زیاد لە پیشەو کارێکی ئەنجامداوە، بۆ پێناوی ئەوەی پارەیەکی چنگ بکەوێ تا درێژە بە





خوێندن و ژیانی خۆی بدات، خوێندنی ئامادەیی تەواو کردو لە زانکۆی ئەستەنبۆڵ لە کۆلێژی ئابوری وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی بەندیکردنییەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندنی زانکۆ بدات، لە ئەستەنبۆلدا یەلماز گۆنای شۆڕشگێڕ و هونەرمەندی داهێنەر، کانیاوەکانی شۆڕشگێڕێتی بەلایەوە تەقین و لەگەڵ سروشتی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا یەکیانگرتەوە.. تەنانەت ناوەکەی واتای (دژوار-قاسی) دەگەیەنێ.. هەروەك نازناوی (گۆنای) هەڵبژاردووە بۆ خۆی کە واتاکەی (هەژار) دەگەیەنێ.. ئەو ئیرادە بەهێزەی گۆنای وایکرد کە داهێنانێکی گەورەی بەلاەوە دەربکەوێ و پەنجە بۆ ناوچاوانی دوژمنەکانی درێژ بکات بێئەوەی سڵ لە هیچ بکاتەوە، ئەمەش وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ ئازارەکانی گەلەکەی، بۆیە جەماوەر هەمیشە خۆشیان ویستووە، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە زۆرترین ژمارە لە وێنە گەورەکراوەکانی گۆنای لە شەقام و ماڵە هەژار و یانە و هۆڵەکانی سینەمادا هەڵبواسرێ و زیاتر دەربکەوێ.. هەر لە ئەستەنبۆڵیش دوو گۆڤاری بە ناوەکانی (یوران-دوروك)ەوە لە ساڵی ١٩٥٨ دەرکرد و لە دەرچوواندنی بڵاوۆکەی دیواریی زانکۆشدا ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە. یەکەم چیرۆکی خۆی لە ساڵی ١٩٦١ بەناوی (گەردنە لێکئاڵاوەکان)ەوە نووسیوەو ئەو چیرۆکەش بووە هۆی ئەوەی کە بیخەنە یەکێك لە بەندیخانەکانەوە بە تۆمەتی (ڕۆشنبیری سوور)ەوەو یەکێکی تر لە شاکارە ئەدەبییە هەرە دیارەکانیشی چیرۆکی (سالبا ١٩٦١)یە کە لە بەندیخانەدا نووسییەوەو زیاد لە حەوت جاریش لەناوەوەی تورکیا چاپکراوەتەوە و بۆ چەند زمانێکی غەیرە تورکیش پەرچڤەکراوە، لە سوریاش دوو جار چاپکراوەتەوە، هەروەها

ڕۆمانی (هاوکۆڵکە لەگەڵ سێ نامۆدا) هەروەها سەدان قەسیدەو وتار و سیناریۆی تر.. یەلماز دەستی دایە کاری سینەمایی بۆ ئەوەی تێچووی خوێندنی پەیدا بکات، بەڵام بۆ هەتایە تێدا مایەوەو دەستی دایە کار لەگەڵ دەرهێنەری بەناوبانگی (عاتف یەلماز) و ئیتر لەوێشەوە دەستی کرد بە نووسین و کاری دەرهێنان تا ئەوەی کە لە یەکەمین کاری هونەریدا لە ١٩٥٨ دەرکەوت لە فیلمی (ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە). گۆنای هەمیشە لە ژێر فشار و چاودێری دەسەڵاتی فاشیستی تورکیدا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاد لە ١٠٠ فیلمی بازرگانی بەرهەمهێناوە کە خۆی تێدا پاڵەوانی یەکەم بووە، لە فیلمەکانی ئەو ماوەیەشدا: (ڕووباری سوور، بەرخە ڕەشەکە، بکوژە قوربانییە، شای شاکان). ساڵی ١٩٦١ وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە ژیانی یەلماز گۆنایدا، کە قۆناغێکی تازەی بۆ دانانی بنەماو پرەنسیپی سینەمای تورکی دامەزراند و هەر ئەوەش بووە ڕەهەندێکی جیهانی بۆی، هەر لەو قۆناغەشدا فیلمی (سەید خان، گورگە برسییەکان، پیاوێگە نابووت، ڕانەکە)و ئەمانەش بوونە هۆی کردنەوەی دەروازەیەك بۆ بەشداریکردنی گۆنای لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا و کە تێیاندا ١٧ خەڵاتی جیاجیای وەرگرتووە. هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە وتە بەناوبانگەکەی تۆمارکرد (من سینەما دروست ناکەم، بەڵکو ئیکتیفا دەکەم بەوەی ژیانی واقیعی ئینسانەکان بخەمە ڕوو.. بێگومان ئەبێ ئەو چەپاندنەی کە چینەکەی من دووچاری بۆتەوە پەردەی لەسەر هەڵماڵرێ و بیشزانین بۆبەرژەوەندیی کێیە). سەرەڕای ناو ناوبانگ بەڵام گۆنای هەر بە دڵسۆزی مایەوە بۆ جەماوەر و هەمیشە لە هەوڵی ڕەواندنەوەی خەم و کەمکردنەوەی





ئازارەکانیاندا بوو، بێگومان بۆ ئەمەش پێویستی بە فیکرێك هەبوو، ئەو فیکرەش کە ئەو کاری لەسەر کردووە، مارکسییەت بوو، تا ئەوەی ئەڵێ:"من پشت بە مارکسییەت دەبەستم وەك بنەماو پرۆگرامێکی ستاتیکی و فیکری، پابەندم پێیەوەو لەسەری دەڕۆم.." بۆیە لە ساڵی ١٩٧٢ دەستیکرد بە کاری دەرهێنانی فیلم گەلێکی بەهێزتر، لە نمونەی:"ژانە بینراوەکان، سبەینێ دوا ڕۆژە، باوك.." بەمەش سەرلەنوێ گەڕاندیانەوە بۆ نێو بەندیخانە، بەڵام کۆڵی نەدا، بەڵکو (ڕان)ەکەی بەرهەمهانی و تێدا مەینەتییەکانی میللەتەکەی خستە ڕوو، هەروەك لە فیلمی (ڕێگا)دا یەلماز دەیەوێ بڵێ:"بەندیخانەی تایبەتی ئەو بەندیخانەیە نییە کە دەوری دراوە بە پاسەوان و چەك و تێلە دڕکبەندەکان، بەڵکو بەندیخانە ئەو نیشتمانەیە کە بە خاڵی سەر سنوورەکان و دەریاکان تەوندراوە.. وەك تورکیا" ئەوە بوو لەسەر ئەو فیلمەی خەڵاتی فیستفاڵی (کان)ی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٨٢ پێدرا. لە دوا سەردەمی بەندیخانەکەیدا یەلماز گۆنای ڕۆمانی (چیرۆك گەلێك بۆ کچەکەم، گەرمکەرەوەیەك و شووشە بۆ پەنجەرەکەمان و دوو نانمان دەوێ) هەروەك کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەیشی نووسی گرنگترینیان (توێژە سیاسییەکان) کە بە هۆیەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵ و نیو بڕیاری لەسەر درایەوە.. دوایین کتێبی کە لە بەندیخانەدا نووسییەوە بریتی بوو لە (دەربارەی فاشییەت). کۆی ئەو حوکمانەی بەسەریدا دران تا ساڵی ١٩٨٣ گەیشتە ١٠١ ساڵ.. لە ساڵی ١٩٨٤ لە چاوپێکەوتنێکدا کە پێش کۆچی دوایی لەگەڵی سازدرابوو، یەلماز گۆنا دەڵێ:"داواکارییەکانم لە ئاستی خوارەوەیە، بەڵام زۆر گرنگن،

ئەویش ئەشكەنجەدانە، بڕیاردانی لێبووردنێكی گشتییە لە هەمبەر سیاسییەكان.. مافی زیاتر بە سەندیكاكان بدرێ و چاودێری بەسەر ڕۆشنبیرانی وڵاتەوە كەمبكرێتەوە، ڕۆشنبیرانی توركیا پێویستییەكی گەورەیان بە هاوكارییەكی جیهانی هەیە.. ئەوان هەموو هێزێكیان پلیشێنراوەتەوە".

لە دوا ڕۆژەكانی ژیانیدا، گۆنای وەسییەتنامەیەكی نووسی و جەستەی خۆی سپاردە (كۆمەڵەی كوردی)ی لە پاریس بۆ ئەوەی ئەوان تەسەروفی پێوە بكەن. لە پرسیارێكدا سەبارەت كوردستانی گەورە وتی:"ئەوە ڕوودەدا ئەگەر كوردەكان لەسەر نیەت پاكی پێكەوە كاربكەن". گۆنای لە ڕۆژی یەكشەممە ٩/٩/١٩٨٤ كۆچی دواییكرد، لە یەكێ لە نەخۆشخانەكانی جیهاندا، لە مەراسیمی بەخاك سپاردنەكەیشیدا زۆرێك لە ڕۆشنبیران و ئەدیبانی شارەكانی فەرەنسا و وڵاتە ئەوروپییەكانی تر ئامادە بوون، كە لە ١٣/٩ی هەمان ساڵ بەڕێوەچوو و لە گۆڕستانی (بیر لاشنز) بە خاك سپێردرا. بەهۆی ناوبانگ و ناسراوییەوە وێنەی یەلماز گۆنای لە مۆزەخانەی سینەمای جیهانیدا هەڵواسراوەو لە زۆربەی هۆڵە جیهانییەكانی سینەمادا وێنەكەی هەڵواسراوە. لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێكدا، لەوەی: (بۆچی كوردبوونی خۆت ڕاگەیاند، لە كاتێكدا دەزانی ئەو حاڵەتە زیانبەخشە بۆت؟) گۆنای وتی:"ئەوە دەزانم.. بەڵام ئەگەر كوردیش نەبوومایە هەر بەرگریم لەو میللەتەی زوڵم لێكراوە دەكرد". كۆی فیلمەكانی یەلماز گۆنای دەگاتە ١١٩ فیلم.. بە دەرهێنان و سیناریۆ و نواندنیشەوە.. بەڵام خەڵات و دیارییەكان كە وەریگرتووە، ئەمانەن:-





(خەڵاتی ئۆرهان كەمال لەسەر ڕۆمانی گەردنە لێكئالاوەكان ١٩٧٢/ خەڵاتی لۆكار نۆی جیهانی لەسەر فیلمی ڕانەكە/ خەلاتگەلێك لە ڤێستیفاڵەكانی بەرلین، بەریتانیا، بەلجیكا، سویسرا، ئیسپانیای نێودەوڵەتی/ خەڵاتی ویساقی سینەمایی بەلجیكی/ خەڵاتی یەكەمی ڤێستیفاڵی كان-ی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٨٢ لەسەر فیلمی ڕێگا/ پاڵێوراوی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بووە لە ساڵانی حەفتاكاندا).

★ سەرچاوە: ماڵپەڕی (وێكیپیدیا).

## نەجیب مەحفوز
## دەردی ڕاستەقینە ترسە لە ژیان، نەك لە مردن

نەجیب مەحفوز لە (١١ی دیسەمبەری ١٩١١) لە قاهیرەی پایتەختی ولاتی میسر لەدایکبووە. سەردەمی منداڵی لە (حي الجمالية) بەسەر بردووە، کە هەر لەوێش لەدایکبووە، دواتر چووەتە (عەباسییە و حوسەین و غۆریە)، کە ئەوانەش لە گەڕەکە کۆنەکانی قاهیرەن و کاریگەریی زۆری بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی و ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەبووە. لە ساڵی (١٩٣٤) مۆڵەتی خوێندنی فەلسەفەی پێبەخشراوە، بەڵام لەکاتی ئامادەکردنی نامەی ماستەرەکەیدا، کەوتە ململانێ لەنێوان دوو هەڵبژاردندا: درێژەدان بە خوێندنی فەلسەفە و مەیلی بەرەو ئەدەب، کە ئەمەی دواییان، لەو ساڵانەدا بە تەواوەتی ڕووەو گەشەکردن بوو بەلایەوە، بەتایبەتی لە دوای خوێندنەوەی (تەها حوسێن و عەققاد)ەوە.
لە ساڵی (١٩٥٠) هەتا خانەنشینبوونی چەندین پلەی وەرگرتووە، لەوانەش (بەڕێوەبەری چاودێری بەرهەمە هونەرییەکان، بەڕێوەبەری دەزگای هاندانی سینەما، سەرۆکی دەزگای سینەما، ڕاوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیری بۆ کاروباری سینەما). ل ساڵی (١٩٣٦) دەستی کردووە بە نووسینی





کورتەچیرۆك، پاش وەرگرتنی کاری وەزیفی بە یەکجاری دەستی دایە کاری ئەدەبی. وەك ئاماژەمان پێدا مەحفوز لە کۆمەڵێك وەزیفەی فەرمیدا کاری کردووە، یەکەمین ڕۆمانەکانی لەسەر مێژووی فیرعەونەکان بڵاوکردووەتەوە، بەڵام بەهرەکەی زیاتر لە سێکوچکە بەناوبانگەکەیدا (بين القصرين، قصر الشوق، السكرية) دەر کەوت، کە لە ١٩٥٢دا لەنووسینەوەیان بووەوە، بەڵام هەتا ساڵی (١٩٥٦) هەلی لەچاپدانی ڕێکنەکەوت بۆی، دیارە ئەمەش بەهۆی گەورەیی قەبارە و زۆری ژمارەی لاپەڕەکانییەوە بووە. ئەو هەمیشە لە بەرهەمەکانیدا، ژیانی چینی ناوەڕاست، لە گەڕەکەکانی قاهیرەدا خستووەتە ڕوو، خەم و ئازارەکانی دەربڕیون و دەربارەی پرسە چارەنووسسازەکانیان دواوەو کاریگەری پێوەندییەکانیانی لەسەر کۆی کایەکانی کۆمەڵگە ڕوون کردووەتەوەو قسەی لەسەر کردوون. ئەم کارانەی مەحفوز ستایلێکی واقیعییانەیان بەخۆوە گرتووەو چەشنێکی ڕەمزییان پێوە دیارە، هەروەك لە ڕۆمانەکانی (اولاد حارتنا، الحرافيش، رحلة ابن بطوطه)دا دەر دەکەوێت.
لەنێوان ساڵانی (١٩٥٢ و ١٩٥٩)دا، کۆمەڵێك سیناریۆی بۆ چەند کارێکی سینەمایی نووسیوە، دواتر چەندین بەرهەمی ئەدەبی وەك: (بداية و نهاية، الثلاثية، ثرثرة فوق النيل، اللص والكلاب، الطريق)ی کراون بە کاری سینەمایی. نزیکەی پەنجا بەرهەم، هەر لە ڕۆمان و کۆمەڵەچیرۆك و.. هتدەوە، بە چاپ گەیاندووە، هەروەك کارەکانی بۆ زیاد لە (٣٣) زمانی جیهانی وەرگێڕدراون.
پاش ئەوەی لە نیوەڕاستی مانگی یۆلیۆی ٢٠٠٦دا، بەهۆی کەوتن و ئازار گەیشتن بە سەری، دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی (الشرطة)و لە (٣٠

ئەگۆستۆسی هەمان ساڵدا) کۆچی دوای کرد و لە (٢٠٠٦/٨/٣١) لەڕێوەرەسمێکی سەربازیی شایستەدا بەخاك سپێردرا. شایەنی باسە بەکۆچی دوایی نەجیب مەحفوز، گەورەنووسەر و ئەدیبی عەرەب و جیهان، (جۆرج دەبلیو بۆش)ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئەوکات، پرسەنامەیەکی ئاراستەی بنەماڵەی مەحفوز و سەرجەم گەلی میسر کرد و جەختی کردەوە، کەوا "نووسینەکانی مەحفوز ڕێپیشاندەری گەلی میسر دەبن بۆ پێشکەوتن".

ماوەتەوە بڵێین: ئەم کەڵە ئەدیب و نووسەرە، لە ساڵی (١٩٨٨)دا خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشراوەو هەتا لەژیانیشدا بوو، هەر لە خانووە ئاساییەکەی خۆیدا لە گەڕەکێکی دوورەدەستی قاهیرەدا ژیانی دەگوزەراند، لە (١٩٩٤)یشدا لە هەوڵێکی تیرۆرکردن ڕزگاری بوو، کە پێشتر لەلایەن تاقمێکی ئیسلامیی توندڕەوەوە، بەهۆی ڕۆمانی (اولاد حارتنا)، فەتوای کوشتنی دەرا. لە ئێستاشدا زانکۆی قاهیرە ساڵانە خەڵاتێك بەناوی (مەحفوز)ەوە دەبەخشێ و هەروەها ناوی (مەحفوز)یش لە یەکێ لە شەقامەکانی قاهیرە نراوە.

★ **سەرچاوە: ماڵپەڕ (وێکیپیدیا).**





**«سوپاس و پێزانین»**

**لەدڵەوە سوپاس بۆ برای بەڕێز کاك (سالار مەحمود)،**

**کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ، نمونەی زۆر بێ.**

♦ بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١. کورد لە سایەی دەسەڵاتی داگیرکارانی نیشتمانەکەیدا، (ناملیکە)، وەرگێڕان و ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی (ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان/ سەنتەری کفری)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

٢. پابەندبوون لە ئەدەب و هونەردا لە نێوان سارتەر و مارکسیزمدا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣. لە دەروونزانی منالڵدا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤. شارەکەم، پیرە قەحبەیەکی ڕەوزنە (حیکایەتەکانی مەرگ و شێتبوون)، کۆچیرۆک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.